# دیوان

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە
ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

ژمارە (٥) تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ زایینی - گەلاڕێزانی ٢٧٢١ی کوردی

**سەرپەرشتیاری گشتی**
**بێکەس حەمە قادر**

**سەرنووسەر**
**سمکۆ عەبدولکەریم**



**کاری هونەرمەند: کاروان قادر کابان**

هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری
نزیک کۆلێژی دەرمانساز

govaridiwan@gmail.com

**دیزاین: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد**
٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠٤٤٨٣٨٦٣

لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری (دیوان)وە هێندەی چاوەکان لەسەر ڕێنووس و خاڵبەندی و دیزاین و فۆرمی گۆڤارەکەن، هێندە سەرنجەکان لەسەر ناوەڕۆک و خودی بابەتە بڵاوکراوەکانی نێو گۆڤاری (دیوان) نین.
وەنەبێ ئەوە بەلای ئێمەوە گرنگ نەبێ، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگتر و جێگەی بایەخە، ئامانج و پەیامە ڕۆشنبیریی و مەعریفییەکەیە، کە خۆی لە ناوەڕۆکی گۆڤارەکەدا دەبینێتەوە، ئەگەرچی دڵنیاین بەبێ لەبەرچاوگرتنی زمان پاراویی و بنەماکانی ڕێنووس و خاڵبەندی، ناتوانین ئامانجی ڕاستەقینە بپێکین و پەیامە ڕۆشنبیریی و مەعریفییەکە وەک خۆی بگەیێنین.
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە خاوەنی زمانێکی ستاندارد نینە، کەوتووینەتە بەردەم کۆمەڵێک ڕاوبۆچوون و لێکدانەوە و ئارەزوو و خواستی تاکە کەسی، کە هەر یەکە و بە ویستی خۆی لە بارەی ڕێنووس و خاڵبەندییەوە قسە دەکات، ئەگەرچی بەشی زۆری تێبینی و ڕا و سەرنجەکان جێگەی ڕێز و پێزانینن، بەڵام بە پێچەوانەشەوە، بەشێک لەو ڕا و سەرنجانە خۆیان جێگەی سەرنج و هەڵوەستە لەسەرکردنن، ناکرێ ڕێگە بدرێ هەروا بە سانای بسەپێنرێن.
هیچ دانیشتن و گفتوگۆیەکم نەبینیوە ئەگەر قسە لەسەر (ڕ)ی سەرەتا بووبێ، هەمووان کۆک بووبن لەسەر ئەوەی ئایا پێویستە بە (ر) بنووسرێ، یان بە (ڕ) ئەگەرچی ئێمە وەک ستافی گۆڤاری (دیوان) پێڕەوی لە (ڕ) دەکەین، نەک (ر) ئەمە جگە لەوەی زۆرینەش لەگەڵ (ڕ)ئن.
هەروە بێتەوە، تا ئێستاش گرفتی دوو (وو) و یەک (و) و دوو(یی) و یەک(ی) یەکلایی نەبۆتەوە و گرفتێکی بەردەوامی نووسەرانە، وەک تێبینیشم کردوە ئەوەشی هاتۆتە سەر، هەندێ کەس (وانەیەک) دەنووسن (وانەیێک) کە ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ ساڵانی چلەکان. بۆ نمونە ڕۆژنامەی ڕزگاری ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد لە ژمارە (١)ی نووسیویەتی سالی (ییکەم).
ئیدی ئێمەش هەوڵدەدین، لە هەر ژمارەیەکی گۆڤارەکەماندا و هەر لەم شوێنەوە، هەندێ قسەوباس لەمەڕ ڕێنووس و خاڵبەندییەوە بێنینەگۆڕێ، بەمەبەستی ئەوەی بەهەمووانی ڕابگەیێنین کە لەبەردەم چ بینەوبەردەیەک داین و چۆن بتوانین خۆمان بەلایەکدا بێخین و پێڕەوی لە شێوازێکی گونجاوی ڕێنووس و خاڵبەندی بکەین، کە زۆرینە، لەسەر بنەمایەکی کوردیانە لەسەری کۆکین.
بەو ئامانجەی هەموو ئەوانەش بابەتمان بۆ دەنێرن، ڕەچاوی ئەو دەستوورە پێڕەوکراوەی زمانی کوردی بکەن.

**سەرنووسەر**

# لەم ژمارەیەدا


*** دۆسییە:**
١. دوای٥٠ ساڵ پێکەوە ژیان، هاوسەرەکەی، باسی ژیانی تایبەتی کاکە مەم بۆتانی دەکات / محەمەد گۆران ....... ل٤
٢. کاکەمەم بۆتانی / بێکەس حەمە قادر ........ ل٧
٣. کاکە مەم ئەستێرە گەشەی ڕۆشنگەری و کوردایەتی/ ئیسماعیل خۆشناو ........ ل٨
٤. کاکەمەم بۆتانی ـ کوردایەتییەکی بێگەرد/ جەمشید حەیدەری ........ ل١٣
٥. کاکەمەم بۆتانی ... ناسین و بیرەوەرییەک/ سەباح ڕەنجدەر ........ ل١٨
٦. کاکەمەم بۆتانی نوێکاری چیرۆکی کوردی/ سابیر ڕەشید ........ ل٢٠
٧. عەلی خالید حەمید... کێیە؟ / نەوزاد عەلی ئەحمەد ........ ل٢٨

*** مێژوویی:**
١. چواردە خاڵەکەی سەرۆک ویدرۆ ویلسن / شەفیقی حاجی خدر ........ ل٣٠
٢. میساقی میللی و پەیماننامەی لۆزان هەڵەی کورد بوون، یان خیانەت؟ / خالید هەرکی ........ ل٣٦
٣. لۆزان لە ساڵی (٢٠٢٣)دا ..... / مەسعود عەبدولخالق ........ ل٣٨
٤. پەیماننامەی لۆزان دوای ١٠٠ ساڵ / شاناز هیرانی ........ ل٤٤
٥. هەرێنامەی لۆزان یان تاوانێکی گەورەی سەدەی بیست / کاوە نادر قادر ........ ل٤٨
٦. بزووتنەوەی سمکۆ و پرسی نەتەوەیی کورد / ن: ڕزگار بەرفروخت – و: ڕێباز مستەفا ........ ل٥١

*** ڕەخنە و لێکۆڵینەوە:**
١. شیعر و دایک و میهرەبانی .... / ناڵە حەسەن ........ ل٦٠
٢. ڕۆمانی خەیاڵی و ڕۆمانی واقیعی / د.نەجم ئەڵوەنی ........ ل٦٤
٣. مەجهولی شیعریی... مەجهولێکی خوڵقێندراو، یان دروستکراو؟ / سدیق سەعید ڕواندزی ........ ل٦٦
٤. کاریگەری کەلتوری خۆرهەڵاتی و ئیسلامی لەسەر (کۆمیدیای ئیلاهی) / و: هاوکار هادی ........ ل٧٠

*** دەق:**
١. نامەی نەنووسراو / ئازاد ئەرگوشی ........ ل٧٤
٢. زەردک ٢ / ئەحمەدی مەلا ........ ل٨٢
٣. شەتەحات / ئیسماعیل بەرزنجی ........ ل٨٤
٤. پەڕینەوە لە تۆزوبا / ن: یەڵماز گۆنەی – و کەریم سۆفی ........ ل٨٧

*** ڕۆشنبیریی گشتی:**
١. خێزان و منداڵەکانی شێخ مەحموودی حەفید / وشیار عەبدوڵڵا ........ ل٩٠
٢. کافکا، ئەو ئەدیبەی دوای مردنی ژیا! / ئا: یوسف مەنتک ........ ل٩٢
٣. ئانا فرانک یەکێ لە بەناوبانگترین قوربانیانی تاوانی کومەڵکوژی هۆڵۆکۆست / ئا: فواد عوسمان ........ ل٩٤

*** دیدار:**
١– لەگەڵ (سەباح عەبدولڕەحمان)دا / دیداری نازم دڵبەند ........ ل٩٨

*** هونەری:**
١. دراما / حەمەکەریم هەورامی ........ ل١١٦
٢. توانستی ئەکتەر لە نواندنی مۆنۆدرامادا.. هەوار فارس بەنموونە / کامەران حاجی ئەلیاس ........ ل١١٩

*** خوێندنەوەی کتێب:**
١. (میوانی ئازیز ) ی د. وریا عومەر ئەمین لە ئەدەبی منداڵاندا / حەمەساڵح فەرهادی ........ ل١٢٢
٢. هەردووکیان لە کۆتاییدا دەمرن / لە ئینگلیزییەوە: ئیلیانە باهۆز مستەفا ........ ل١٢٣

*** لەبری بیرەوەری:**
١.ڕابیعە مەلا عەبدوڵڵا (موفتی پێنجوێنی) / محەمەد گۆران ........ ل١٢٦

*** وێستگەی دیوان:**
١. ڕۆژنامەی (النور) .. چۆن دەرچوو، چۆن داخرا؟ / ستارمەحەمەدئەمین ........ ل١٣٢
٢. شەماڵ عەبدوڵڵا / ئا: سەباح شوکر ........ ل١٣٦
٣. دەریاچەی مامەشێخ (دالامپەر) / فەرهاد جەمیل ........ ل١٣٧
٤. ناسنامەی (پشدەری) بۆ؟ / غەریب پشدەری ........ ل١٣٨

*** باخچەی دیوان:**
١–ساڵۆنی لاپەڕە نۆ ........ ل١٤٠
٢. ئەردەلان بەکر (ئەردۆ) لە یادەوەری ئازیزانیدا / ئا: ڕەوەست نەوزاد ........ ل١٤١

*** لاپەڕە ١٤٤:**
١– کوشتنی ئینتیما / سمکۆ عەبدولکەریم ........ ل١٤٤

## دۆسیە

# کاکەمەم بۆتانی

## ١٩٣٧/١/١٠ – ٢٠٢٠/١٠/٢٥

کاکەمەم بۆتانی، سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد، دەرچووی پەیمانگای دارستان بوو لە ئەبوغرێب! باپیرە گەورەی کاکەمەم خەڵکی باکووری کوردستان بوون و لەسەردەمی عوسمانییەکانەوە لەجزیرێ بۆتان هاتوونەتە هەولێر و بارگە و بنەیان داکوتاوە و نەگەڕاونەتەوە! کاکەمەم لەسەردەمی لاوێتیدا دڵی بەکچە ئامۆزاکەی خۆیەوە بووە و پاش ئەوەی دۆتمامەکەی شووی پێناکات، کاریگەرییەکی زۆر لەسەر ژیانی جێدەهێڵێ و دواتر لەگەڵ کچی خاڵی هاوسەرگیری دەکات! ئەم زانیارییانە و چەندین وردەکاری دیکە لەژیانی تایبەتی و هەڵوێستە ئەدەبی و سیاسییەکانی (کاکەمەم)دا هەم لەزاری هاوسەرەکەیەوە، هەم لەزاری هاوڕێ دێرین و تازەکانییەوە.

ئەمە جگە لە هەڵسەنگاندنێکی وردی چیرۆکەکانی و ئاشناکردنتان بە ناوە خوزارەکانی ئەدەبی قۆناغی نهێنی شاخ، هەمووی لەم دۆسییەدا بە تێروتەسەلی شەنوکەو کراوە.

## دوای پەنجا ساڵ پێکەوە ژیان..



# هاوسەرەکەی، باسی ژیانی تایبەتی کاکە مەم بۆتانی دەکات

**محەمەد گۆران**

لەدوای پەنجا ساڵی ڕەبەق لەپێکەوە ژیانیان، هاوسەرەکەی بەشێک لە لاپەڕەکانی ژیانی کاکەمەم بۆتانی بۆ گۆڤاری (دیوان) هەڵدەداتەوە.

باپیرەی کاکەمەم بۆتانی، خەڵکی شاری جزیرێ بۆتان بووە لەباکووری کوردستان، مزگەوتی (سەید سلێمان) لەو شارە هی ئەوان بووە، لەسەردەمی عوسمانییەکاندا فەرمانبەری میری (پۆستەچی) بووە و دواتر بەفەرمانێک لەشاری جزیرێ دەگوازرێتەوە شاری هەولێر و لەوێشەوە دەچێتە کۆیە، باوکی و (کاکەمەم) لەشاری کۆیە لەدایکبوونە.

کاکەمەم لەتەمەنێکی بچووکدا باوکی کۆچی دوایی دەکات و خاڵی دەیانباتە لای خۆی، خۆی و براکەی هەر لای خاڵی دەمێننەوە و گەورە دەبن (نازەنین تاهیر مستەفا) هاوسەری کاکەمەم بۆتانی کە پەنجا ساڵی ڕەبەق، تەواوی ساردی و گەرمی، هەوراز و نشێوییەکانی ژیانیان پێکەوە بەسەر بردووە، لەماڵەکەی خۆیدا لەشاری هەولێر، باس لەتایبەتمەندییەکانی ژیانی و خوو و خەسڵەتەکانی کاکەمەم دەکات: (پورزام بوو، لەیەک ماڵدا پێکەوە دەژیاین. باوکیان نەمابوو، باوکم ئەو و شەهید سلێمانی برای بەخێوکرد. کاکەمەم هەشت ساڵ لەخۆم گەورەتربوو و وەک برایەکی گەورە سەیرم دەکرد. سەرەتا کچی مامی کە ناوی (زین) بوو، ئەوی بۆ دانرابوو بیهێنێ، بەڵام دواتر زین درا بەکوڕی پووری، بۆیە ئەم بەسەرهاتە زۆر کاریکردە سەر کاکەمەم).

> **سەرەتا کچی مامی کە ناوی (زین) بوو، ئەوی بۆ دانرابوو بیهێنێ، بەڵام دواتر زین درایە کوڕی پووری**

ساڵی ١٩٥٤ (تاهیر سلێمان)ی خاڵی کاکەمەم کە فەرمانبەری میری بوو ڕاژەکەی لەسلێمانییەوە گواستەوە کەرکووک (کاکەمەم)یش چونکە لەماڵی خاڵی و لەگەڵ ئەواندا ژیاوە، دەچێتە ئەو شارە و قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی لەکەرکووک تەواو دەکات. هەر لەو ماوەیەشدا بەهۆی کاریگەربوون و خۆشەویستی بۆ خاڵی (عومەر دەبابە) تێکەڵ بەکاری سیاسی و ڕێکخراوەیی دەبێت.

لەیەکێتی قوتابییاندا لەگەڵ عەلی عەسکەری و جیهان سدیق شاوەیس و مستەفا کرێکار و جەلال قەرەداغی و چەندین کادیری دیکەی ڕێکخراوەکە دەستبەکار دەبێت. بەدیاریکراوی و هەر لەم قۆناغەشدا ساڵی ١٩٥٦ یەکەم چیرۆکی بەناوونیشانی (بەسەرهاتی کنێر) بڵاوکردەوە.

کاکەمەم دەرچووی پەیمانگای دارستانی ئەبوغرێب بوو لەبەغدا، جگە لەکارە ئەدەبییەکانی چەندین توێژینەوەی لەسەر نەوت و دارستان نووسیوە و (دارستانی ڕانیە و کێوەڕەش لەکار و بیرۆکەکانی ئەو بووە) پاش ئەوەی (نازەنین تاهیر)ی کچە خاڵی لەشاری بەغدا کۆلێژی ماف تەواو دەکات، وەک فەرمانبەر دەگوازرێتەوە سلێمانی (کاکەمەم)یش لەبەغدا ماڵی خاڵی جێدێڵێ و دەگەڕێتەوە سلێمانی.

دوای ئەوەی دۆتمامەکەی بۆنابێت، خاڵی، کچەکەی خۆی دەداتێ و بەمجۆرە کاکەمەم بۆتانی و نازەنین تاهیر ساڵی ١٩٧٠ هاوسەرگیری دەکەن و لەماوەی ژیانیاندا دوو کچ و کوڕێک (سکاڵا و ئاڵا و باڵا)یان دەبێ.

هاوسەرەکەی کاکەمەم دەڵێ: (بەدرێژایی ئەو پەنجا ساڵەی پێکەوەبووین بیرم نایەت بۆ یەکجاریش دڵی هێشاندبم، کاکەمەم زۆر پابەندی خێزان و منداڵ نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کوڕی پوورم بوو، شارەزایی یەکتربووین و لەسەرەتایی پێکەوەبوونمان دایکیشی لەگەڵمان دەژیا. ئەو کێشەکانی ئێمەی داپۆشیبوو، هەرچەندە زۆربەی کاتەکانی ژیانمان لە



دۆخێکی ماددی خراپدا بووین، بەڵام هەمیشە هاوکاری یەکتری بووین و زۆر ئاسوودەبووم لەگەڵی، ڕێز و خۆشەویستی لەنێوانماندا هەبوو).

**کاکەمەم لە سەرەتاکانی ژیانیدا عیلاقەی غەرامی هەبوو، بەڵام دوای زەواج هەرگیز خیانەتی نەکرد**

بەزەردەخەنەیەکەوە گوتیشی: (تورەبوونی ئێمە هەمیشە لەسەر ئەوەبوو کاتەک ڕۆژنامە و گۆڤارێک، وشەی یەکتربری تێدابوایە، دەبووە ناخۆشیمان و هەر یەکەمان دەیگوت: من پڕی دەکەمەوە!)

هاوسەرەکەی کاکەمەم، بەشریتی ژیانی ڕابردوویاندا چۆوە و ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی: (کاکەمەم بەتێپەڕبوونی کات زۆرباشبوو، هەمیشە هاندەرم بوو، لەگەڵ منداڵەکان زۆر میهرەبان بوو، هاوڕێ بوو لەگەڵیاندا، فشاری بۆ نەدەهێنان، باوکێکی زۆرباشبوو. لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆر متمانەی پێم هەبوو، کە خانەنیشین بووم ئەو گوتی لەماڵ دامەنیشە و کاری پارێزەری بکە، بەڵام بەهۆی دۆخی خێزانی و کۆمەڵایەتی و سیاسییمان، هێندە نەگبەت بووین، هەمیشە نەخۆشێکمان لەماڵ هەبوو، بۆیە دەرفەتمان بۆ کارکردن کەمتربوو).


کاکەمەم و نازەنین تاهیری هاوسەری

ڕاشکاوانە ئەوەشی هێنایە گۆڕێ و گوتی: (کاکەمەم لەسەرەتاکانی ژیانیدا عیلاقەی غەرامی هەبوو، بەڵام دوای زەواج هەرگیز خیانەتی نەکرد).

هاوسەرەکەی دیوێکی دیکەی کەسێتی کاکەمەم باس دەکات و دەڵێ: (کاکەمەم کەسێکی مەند و کاتم بوو، لەکاری وەزیفی زۆر جددی بوو، لەگەڵ میوان زۆر ڕووخۆشبوو، لەدەربڕینی هەستەکاندا تایبەت بوو، دەری نەدەبڕی بەچ شتەک سەخڵەت دەبێ و ڕقی لەچ جۆرە ئەتوار و کەسێکە. لەزۆربەی شتەکانی ژیانیدا هەتا نووسینەکانیشی پرسی پێدەکردم، بەڵام کەمتر بەگوێی دەکردم، لەخوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار و سەیرکردنی تەلەفزیۆنەکان، بەهی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنیشەوە، ئاگاداری هەموویان بوو، پێیوابوو بەبێ جیاوازی دەبێ ئاگاداری هەمووان بێ، دوای ئەوە، شتێکی لێ هەڵدەهێنجا، بەڵام هەر بۆ خۆی بوو و لای کەس باسی نەدەکرد).

**پورزام بوو، لە یەک ماڵدا پێکەوە دەژیاین، هەشت ساڵ لە خۆم گەورەتر بوو و وەک برایەکی گەورە سەیرم دەکرد**





کاکەمەم لە سوێد

هاوسەرەکەی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: کە کاکەم بۆتانی، خواردن و جلوبەرگی بەلاوە شتەکی زۆر گرنگ نەبووە، هەموو جلێک تەنها خاوێن بووایە لەبەری کردووە و هەر خواردنەکیش هاتبێتە پێشی خواردوویەتی، هاوسەرەکەی ئەم خەسلەتەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە و دەڵێ: (کاکەمەم لەژیانیدا زۆری نەداری و بێ پارەیی بینیوە، بۆیە خاکەڕایی و سادەبوون بەناخیدا ڕۆچووبوو و لەتەواوی ژیانیدا ڕەنگی دابۆوە). بۆ دەستگرتن بەپارە و دەستبڵاویش (نازەنین تاهیر) دەڵێ: (ئێمە کیسەمان جیا نەکردبۆوە، ماڵێکی بەمیوان و مەسرەفیش بووین، کاکەمەم لەسەرەتاوە تا کۆتاییەکانی ژیانیشی باکی نەبووە و دەستی بەپارەوە نەگرتووە، بەڵام پاش گەڕانەوەی لەسوێد، دەیویست لەدوای خۆی، جگە لەناوەکەی، شتێکیش بۆ منداڵەکانی جێبێڵێ).

لەکۆتایی نەوەتەکاندا، کاکەمەم بەداوەتێکی فەرمی بانگهێشتی چالاکییەکی ئەدەبی دەکرێ لەندەن، پاش تەواوبوونی کۆنفرانسەکە، لەڕێگای دانیمارکەوە دەچێتە سوێد و داوای مافی پەنابەری دەکات، لەدوای ماوەک سوێد مافی مانەوەی پێ دەدا. دواتر داوا لەهاوسەر و منداڵەکانی دەکات، بچنە دیمەشق و خۆیشی لەسوێدەوە دێتە شام و ماوەی بیست ڕۆژ بەیەکەوە دەبن، لەدوای چاوپێکەوتن لەسەفارەتی سوێد لەشام، حکوومەتی سوێد مافی نیشتەجێبوون و مانەوە بەهاوسەرەکەشی دەبەخشێ، بەڵام بەهۆی تێپەڕکردنی یاسای (تەمەن) داواکاری هەرسێ منداڵەکەی ڕەت دەکرێتەوە، بەوهۆیەشەوە خۆی و هەرسێ منداڵەکەی دەگەڕێنەوە هەولێر، پاش ماوەیەک (کاکەمەم)یش بە یەکجاری دەگەڕێتەوە هەولێر.

وەک هاوسەرەکەی ئاماژەی بۆ دەکات: (کاکەمەم لەم کۆتاییانەی ژیانیدا هەر سێ ژەمەکە لەکاتی دیاریکراودا نانی دەخوارد، بەیانیان زۆر زوو لەخەو هەڵدەستا و هەرچی هەبووایە دەیخوارد، شەوانیش کاتژمێر (١٠) ئەگەر میوانیش هەبایە، رووخسەتی دەخواست و دەنووست، بەڵام لەهیچ باروودۆخێکدا ئەو لەخوێندنەوە و نووسینی خۆی نەکەوت، کتێب زۆر خۆشەویستبوو لەلای، ژووری تایبەتی هەبوو و زۆربەی کات خەریکی نووسین بوو، ئەو کاتانەی کە دەینووسی نەمدەهێشت منداڵەکان قسە بکەن).

پارساڵ لەم کاتانەدا، کاکەمەم زۆر بەقوورسی تووشی کۆرۆنا دەبێ و ماوەی هەژدە ڕۆژ دەکەوێتە سەرجێ، هاوسەرەکەی بەدەم فرمێسک ڕشتن و گریانەوە دەڵێ: پێکەوە کەوتین، لەسەر ئەو حاڵەی خۆی، هێشتا خەمی منی بوو، بەردەوام لێیدەپرسیم، دواتر نەخۆشییەکە تینی بۆ دەهێنێ و دەیگوازنەوە نەخۆشخانە و دوای شەش ڕۆژ مانەوە، وەفات دەکات و ڕۆژی پاشتر ٢٠٢٠/١٠/٢٥ بەئامادەبوونی بەشێکی زۆر لەکەسوکار و هاوڕێ نزیکەکانی بەخاک سپێردرا.

**کاکەمەم، لە سەرەتاوە تا کۆتاییەکانی ژیانیشی باکی نەبووە و دەستی بەپارەوە نەگرتووە، بەڵام پاش گەڕانەوەی لە سوێد، دەیویست لەدوای خۆی، جگە لە ناوەکەی، شتێکیش بۆ منداڵەکانی جێبێڵێ**

# کاکەمەم بۆتانی

## تا کۆچی دواییشی وەک سەرۆک ماوە و داکۆکیکەرێکی سەرسەختی نووسەران بوو



بێکەس حەمە قادر

له سالوگەری کۆچی دوایی کاکەمەم بۆتانی، کۆمەڵێک یاد و یادگاری جوان و خۆش و ناخۆشی هەیە و بەشێک لە هاوڕێیانی کاتێ باسی کاکەمەم بۆتانی دەکەن مرۆڤ هەڵوەستە دەکات، کە ئەم مرۆڤە وا بە پاکی و خاکەڕایی خۆی بمێنێتەوە و بەم شێوەیە لە زەین و زاکیرەی هاوڕێیانی بە زیندوویی بمێنێتەوە. کاکەمەم بۆتانی وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکێتی نووسەرانی کورد کە لەوان سەردەمان بۆ کورد و ئەدیب و نووسەران دەستکەوتێکی گەورەی گەلی کوردستان بووە کە لەو قۆناغیدا نووسەران و بیرمەندان بیر لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بە نووسەر و ئەدیبان بکرێتەوە، دواتر لە سەروبەندی بەیاننامەی ڕوانگە لە سەردەمێک هات کە چەمکی مۆدێرنە هاتە نێو ئەدەبیاتی کوردی، ئەو ڕەوتە ئەدەبییە کاریگەری لەسەر زۆربەی نووسەران دانا و بە قۆناغی درەوشانەوەی ئەدەبی کوردی دادەنرێ، کاکەمەم بۆتانی یەکێک بوو کارەکتەرە ئاکتیڤەکانی نێو ئەو گرووپە نوێخوازە. دیارە دەور و کاریگەری کاکەمەم دیار و بەرچاو بووەو تا کۆچی دوایی کە وەک سەرۆک ماوە و داکۆکیکەرێکی سەرسەختی نووسەران بوو ، کاتێکیش بودجە و مینحەی یەکێتی نووسەرانی کورد بڕا و کەم یان زۆر دەستەی گشتی و بەشێک لە کارمەند و بەڕێوەبەرانی نووسەران لەبەر کۆمەڵێک هۆکار نەیان دەتوانی دەوام بکەن، کەچی کاکەمەم بۆتانی وەک سەرۆک و کەسێکی ئاسایی لە دەوامی ڕۆژانەی بەردەوام بوو و لەم دەرگا و لەو دەرگای حکومەتی دەدا کە نابێ و ناکرێت دەرگای یەکێتی نووسەران دابخرێت. کاکەمەم وەک دامەزرێنەر و سەرۆکی نووسەران خەمخۆر و دڵسۆزی نووسەر و ئەدیبان بوو.. لەپێشتریش وەک چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و قەڵەمێکی دیار و بە بڕشت لە سەردەمی خۆیدا ناوێکی دیار بوو، ئێستاش کە باس لە ئەدەب و داهێنان دەکرێت کاکەمەم بۆتانی وەک یەکێ لە پێشەنگ و ئەدیبە دیارەکان ناوی دێ. ئەوەی ئاشنای نووسینەکانی بێت دەزانێ ئەم پیاوە چۆن لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی تەعبیری لە دەردەسەری و کێشە و گرفتەکانی میللەتی خۆی کردووە و لەگەڵ ئازار و مەینەتییەکانی ژیاوە و وەک کەسێکی سیاسی و ئەدیبێک بە بێ لایەنی و لەپێناو یەکڕیزی و دۆزی ڕەوای کوردستان بۆ چرکەساتێکیش ساردنەبۆتەوە و هەمیشە هەڵوێستی دیاری هەبووە . ئەوەی کاکەمەمی لە نزیکەوە نەناسیبێ و ئاشنای نەبووبێ نازانێ ئەو پیاوە گەورە و پڕ شەهامەتە چەند لە خەمی نەتەوەکەی و پرسی نیشتمانیی کوردستاندا بووە.

ئێمە کە ئەمڕۆ یادی ئەم کەڵە پیاوە خۆنەویستە دەکەینەوە، هەڵوێستە دیار و بەرچاو و پڕ داهێنانەکانی شایەدی ئەوە دەدەن لە خۆنەویستی و دڵسۆزی و یەکێک لە شتە جوانەکانی کاکەمەم بۆتانی ئازادیخوازی بوو، دوای سست کردنی مەلبەندی گشتی یەکێتی نووسەرانی کورد داوای کرد بۆ مانەوەی شەرعیەتی ڕێکخراوەکە دەبێت کۆنگرە ببەسترێت، بۆ ئەم مەبەستەش هاوکارییەکی لە حکومەتی کوردستان وەرگرت، لەوەش جوانتر هاوکارییە ماددییەکەی لە بانک دانا بۆ ئەوەی پارێزراوبێت . بەداخەوە لە سەروبەندی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە کاکەمەم



کاکەمەم لەگەڵ بێکەس حەمە قادر

بۆتانی زۆر خۆپارێزی دەکردو هەمیشە دەخەمی هاوڕێکانی دابوو و هەمیشە لە پرسینی تەندروستی ئەوانی دی دابوو، خەمی گەورەی مانەوە و پەرەپێدان و ئەکتیڤکردنی یەکێتی نووسەرانی کورد و چۆنیەتی بەزیندوو هێشتنەوەی ئەم چەترەی نووسەران و یەکێتی نووسەرانی کورد بوو. سڵاو لە ڕوحی کاکەمەم بۆتانی پیاوە شەهم و بە ویقارەکەی کوردستان یادو یادەوەرییەکانت هەمیشە زیندوو دەمێننەوە.



## کاکە مەم ...

# ئەستێرە گەشەی ڕۆشنگەری و کوردایەتی



ئیسماعیل خۆشناو

ساڵی (١٩٥٩) گەل و نیشتمان لەدۆخێکی شۆڕشگێرانەدا دەکوڵا، لاوان بێپسانەوە لەکۆڕ و کۆبوونەوەدا بوون، تینووی مەعریفەت و زانینی ڕەوتی شۆڕش، بەتایبەت لاوانی کوردی تازە وەرگیراو لە زانکۆ کە هەمیشە لە دەمەتەقێدا بوون، ئایا شۆڕش چی بۆ کورد پێیە؟ بۆ چینە هەژارەکانی عێراق چ دەرگایەک دەکاتەوە؟

دڵ گەرمی لە موناقەشەکردندا دەگەیشتە ڕادەی هەڵچوون. لەم بارودۆخەدا دەستەیەک لەخوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە لەسووچێکی بەشی ڕاگرایەتی کۆڕمان گەرم بوو، لە نێوماندا لاوێکی دەم بە خەندە، جوان ئەندازە، قامکێکی لولی قژی سپی شۆڕ بوەوە بەسەر هەنیەیدا، بە گفتولفتی شیرین دەهاتەگۆ، بە خەندەکەی قسەکانی شیرینتر دەبوون و یەکسەر دەچووە دڵان. لەو دەمەدا زانیم کاکە مەم کوڕە خوشکەزای تێکۆشەری کورد پەروەر (عومەر دەبابە)یە بەدەراو و کووچە و کۆڵانەکانی سیاسەت، لەئێمە مانان زیاتر ئاشنایە.

هەر لەدیداری ئەوێ ڕۆژێدا ناسیاویمان پەیداکرد و پێوەندیمان بۆ ماوەی (٦٠) شەست ساڵ نەپچڕا، دووری و دابڕانی تێدەکەوت بەڵام متووبوون و سۆزداریمان هەمیشە گەرموگوڕتر دەبوو.

ڕۆژگار وایهێنا ئەو دەستبەرداری کۆلێژی پەروەردە بێت و بچێتە پەیمانگەی دارستان.

کودەتا شوومەکەی (٨)ی شوباتی (١٩٦٣)ی بەسەر داهات، هەر یەکەمان خێرا خۆمان گەیاندەوە کوردستان و پێوەنیدیمان بە پێشمەرگەوە کرد. زەمانە درێخی پێنەکردین، سەرودەراوی پێشمەرگایەتی، بێ دەرامەتی، بەندیخانە کاروانی ئەو سەردەمانەمان بوو، تاکو ساڵی (١٩٧٠) کە گەڕاینەوە کوردستان لەڕێگەی هاوڕێی هەردوولامان نەمر (محیەدین زەنگەنە) دەمنادەم یەکترمان دەدی و برایەتیمان قووڵتر دەبوو.

هەرچەندە بیر و باوەڕمان لەدوو گۆشە نیگادا بوو، ئەو (کوردێکی سۆشیالیست) و منیش (سۆشیالیستێکی کورد) (بە پۆلێنکردنی ئەو سەردەم).

پەروەردە و باری کۆمەڵایەتیمان لەیەک نزیک بوو، دەرئەنجامی لێکدانەوەکانمان بە یەکگەیشتن و هاوڕا بوون بوو.

ساڵانی دوایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو شوێن دوکانەکەی شەهیدی وشە، نەمر عبدالخالق مەعرووف بوو بە شوێنی ڕاگۆڕینەوە و شەن و کەوکردنی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە و مشتومڕی ڕوانگە و شیعر و دەقی شانۆیی و بارودۆخی سیاسی و هەواڵی شۆڕش و چالاکییەکانی پێشمەرگە و تاوانەکانی دەسەڵات.

ناوەناوە و شەوانەش کۆڕ و کۆبوونەوەکان دەکەوتە ماڵەکانمان و هەندێ جاریش بەبۆنەی سەری ساڵ لەسەرێ ڕەش دەبەسترا.

ئێمە وابەستەی دۆزی گەل و نیشتمان بە هەمەڕەنگ و بیروڕا، مولتەزیم و سەربەخۆ

**دوکانەکەی شەهیدی وشە، نەمر عبدالخالق مەعرووف بوو بە شوێنی ڕاگۆڕینەوە و شەن و کەوکردنی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە و مشتومڕی ڕوانگە و شیعر و دەقی شانۆیی و بارودۆخی سیاسی**





لەهەموو شارەکانی کوردستان کۆڕەکانمان گەرم دەبوون، نەمران عەبدولخالق مەعرووف و محیەدین زەنگەنە، شێرکۆ بێکەس، کاکەمەم بۆتانی، جەودەت ئەحمەد ناجی، نوری نانەکەلی، جاسم محمد الطالع، بەڕێزان حوسێن عارف، ڕەئوف بێگەرد، وێڕای سوێی زامی گەلە ستەمدیدەکەمان بەقسەی خۆش و گاڵتەوگەپ خوێنێکی تازەمان بە جەستەدا دەگەڕا و گروتینێکی گڵپە سەندووی لەدڵدا جۆش ئەدا، هاوسۆزی بە کۆمەڵ و یەک ئامانجی، ئەبوو بەهێزێکی لەبن نەهاتوو، ئامادەساز بۆ خۆبەختکردن و قوربانیدان، حوکمڕانی و فاشیەتی بەعس لەبەرچاو سووک ڕیسوا وێنا دەکرد.

نەمر عەبدولخالق مەعرووف بە (دەمیە)ی تاریک پەرستان و دەستی ڕژێم شەهید کرا، کۆڕ و کۆبوونەوەکان بەرتەسککران، ئەفراندنی کاکەمەم دانەمرکا، رق ئەستوورتر لەجاران بەچیرۆکەکانی، بڵاوکراوەکانی لەئەدەبیات و چاپەمەنی شاخدا گڵپەی دەسەند و سۆزی بۆ کوردستانی نیشتمان هەمیشە لە هەڵگشاندابوو.

بە هەڵوێستە ئەدەبی و سیاسیەکانی هەرگیزاو هەرگیز دەستبەرداری دۆزە ڕەواکەی نەبوو، بە ئاکارە بەرزەکەی بەقەڵەمە بەبرشتەکەی کاریگەری دەخستە دڵی هاوڕێیان.

بەڵێ لەو ڕۆژانەی تەنگانەدا، هاوڕێتی بەکۆمەڵ و بڕوا بەخۆبوون و متمانە لە دڵ و دەروونی دڵسۆزان دەچۆڕایەوە.

ئاخۆ ئەو شۆڕە سوارە چ ڕێچکە و کون و کەلەبەری گرتبێت تارۆژگار بەدیاری بیداتە باوەشی گەلە بەشخوراوەکەی.

بە ئاوردانەوە لە وێستگە و هەڵوێستەکانی نشونمای کەسێتی ئەو لە هەوراز و نشێوەکاندا دەردەکەوێت.

**“ بیر و باوەڕمان لەدوو گۆشە نیگادا بوو، ئەو (کوردێکی سۆشیالیست) و منیش (سۆشیالیستێکی کورد) ”**



کاکەمەم لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی



زوو لەدەستپێکی ژیانی منداڵی کۆستی بێ باوکی زامێکی بەسوێی دەخاتە دڵ و هەرگیز لە سارێژبوون نایێت، بەڵام لەسایەی دایکە میهرەبانەکەی و خاڵوانی نیشتمانپەروەر و خەباتگێڕی کوردایەتی، خەمی نیشتمان ئاسۆیەکی لەبەردەم دەکاتەوە و دەبێتە بناغەی کەسێتی و چارەنووسی ئەو.

**"فەراژووبوونی لەناو جغزێکی سیاسی تایبەتدا دەبێتە هۆی ئەوەی قەڵەمەکەی کەم بەلای هێزە نیشتمانییەکانی دیدا بشکێتەوە"**

ژیانی بنەماڵەکەیان بەپێی پێداویستی ژیان و فەرمانبەرێتی و کاری سیاسی هەمیشە لە گواستنەوە و تێکنانی بنەوبارگە بووە لەنێوان هەرتەل و کۆیە و سلێمانی و شارەزوور و کەرکوک.

لەسەروبەندی ئەم گەشتەیدا چاوی بە جوانی سروشتی کوردستان و دۆڵ و کێوەکانی و رووبار و کانیاوەکانی و گیاوگوڵی پێدەشتەکانی هەڵێناوە.

کشتوکاڵ و توتنەوانی خاڵی لەشارەزوور بەژیانی جوتیار و وەرزێران و باری کۆمەڵایەتی لادێیەکانی ئاشنا دەکات و ئازایەتی و چاونەترسی لە دایکی هەڵدەگرێتەوە کە دەڵێ:



کاکەمەم، سمکۆ، ئازاد سادق

(دایکم فێری بەکارهێنانی تفەنگ و دەمانچە کرابوو بۆ پاسەوانی و کاتی پێویست).

لە سلێمانی شاری بەهرە و قوربانی لە نزیکەوە کەڵە شاعیر و ئەدیب و سیاسەتمەدارانی وەکو پیرەمێرد و برایم ئەحمەد و فایق بێکەس دەناسێ و خۆشەویستی نیشتمان لە دڵیدا دەچەسپێ و چەکەرە دەکات هەر لەو شارەش خولیای هونەر و ئەدەب و جوانی و خەت نووسین دەبێت و دەڵێ: (چێژم لە هەڵبەستەکانی بێکەس و حاجی قادری کۆیی و زێوەر و ئەحمەد بەگی جاف و قانع وەردەگرت و هەستیان دەبزواندم، زۆرم حەز لە خەت و نووسین بوو).

مەراقی ئەدەب دۆستی و سیاسەت لەلایدا پەرەی سەندوە و ژیان خێرا بەو دەراوەی دابردووە و لە بۆتەی خەبات و تێکۆشاندا کوڵاوە.

بەبێ ئاگایی تێکەڵی کاروباری نهێنی حیزبایەتی دەبێت، ئەوەتا خاڵی (تاپۆی حزبی بەکوڵدا دەدات و لەدەستی دەسەڵات دەربازی دەکات).

لەو کاروانەیدا هەرزوو رووناکی لەودیو تونێڵەوە دەبینێ و شارەزای ئاڵۆزی تەون و پێچ و پەنای ئەدەب و سیاسەت دەبێت و دەزانێ چ باجێکی گەورەی پێویستە. لەقۆناغێکی زۆر هەستیار و چارەنووسساز لە مێژووی عێراق و گەلی کورددا، کە خۆی هەر لە منداڵیەوە شایەد حاڵی بووە، هەڵچوون و راپوونی جەماوەری بینیووە لە راپەڕینی (١٩٥٢) هەستانەوەیەکی جەماوەری بەرفراوان شارەکانی عێراقی گرتووتەوە (سلێمانی)شی لێ بەدەر نەبووە، ئەوتا دەڵێ:

(هەتا منی هەرزەکاریش فێری دەمامککردن و بڕوخێ و بژی بووم).

وەدەرنانی شای ئێران و پێکهێنانی حکومەتی موسەدەق جموجۆڵ دەخاتە ناو سیاسەتمەدار و ڕۆشبیران، باری دەروونی ئەوی هەرزەکاریش دەجوڵێنێ دەڵێ:

(وشەی شێخ مەحموود و قازی محەمەد و ئیحسان نووری پاشا، شێخ ئەحمەدی بارزان، مەلا مستەفا دەیانهەژاندم، شەوانە بەخەیاڵی هەرزەکارانەوە شا و دەست و پێوەندەکانیم تەفروتونا دەکرد و لەسەر کەلاوەکانیدا دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردستانم دادەمەزراند).

ئاخیش هەڵدەکێشێ و دەڵێ:

(وا منیش پیربووم و ڕیشم بووە بە گۆڕەوی خەون و خەیاڵم هەر نەهاتەدی).

ژیانی ناو کۆمەڵانی دێهات و زەحمەتی چەوساوەکانی ناوشار بەرو بیری چەپ دەیبات و دەڵێ:

(تادەهات بیری نەتەوەیی و چینایەتیم پەرەی دەسەند بێ ئەوەی کتێبی مارکس و لینینم خوێندبێتەوە بەڵام بەیان و بڵاوکراوەکان و ڕۆژنامەی ڕزگاریم سەیر دەکرد).

لە (کەرکوک)یش بە تێکەڵبوون لەکاری حزبی شارەزای کاری نهێنی دەبێ و کەسایەتییە کاریگەرەکانی سیاسەت دەناسێ و ناکۆکی و پێکەوەژیانی فرە نەتەوە و فرە حزبی دەبێتە پەندێکی دی لەژیانی ئەودا کە دەڵێ:

(سیاسەت و ئەدەب و کەرکوک لێک جیاناکرێنەوە).

لە دوایی وەک لاوێکی ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕ قۆناغەکانی شۆڕشی (١٤)ی تەمموز و



کودەتای (٨)ی شوبات و ڕووداوەکانی پێشمەرگایەتی و خەباتی چەکداری و گیان فیدایی و برسێتی و کوڵەمەرگی و هەڵدێر و تاوێرەکانی کوردستان، بەفری زستان، گەرمای گەرمەسێر تێدەپەڕێنێ و بەجوانی کوردستان و خۆشەویستی گەلەکەی مەست دەبێت و ژیانی مەردایەتی و کوردایەتی گیانی تەژی دەکەن بە وەفاداری و خۆشەویستی و جوانی، تا کاروانی ئەبەدی دەبێتە سیا و خەسڵەتی ئەو لەنێوان هەموو دۆست و خۆشەویستانی.

وێڕای کۆسپ و ئاستەنگەکان، هەمیشە پشودرێژ و لەکۆششدا بووە بۆ بەکردارکردنی بیرۆکە و پڕۆژەکانی.

ڕۆڵی هەبووە لە دامەزراندنی یەکێتی ئەدیبانی کورد، لەگەڵ هاوەڵانی بانگەوازی ڕوانگە جاڕ دەدەن.

بوێر و بەجەرگ بووە لە هەڵوێستەکانی ئەوەتا لەدەورەی ئیحتیاتدا لەڕیز دەردەچێ بەڕووی ئامێردا دەچێت و کەف و کولی هەڵدەڕێژێت، یان قسەوگفتی لەگەڵ ئەفسەری لێکۆڵەر تایبەت بە (عائدون) دوای هەرەسی شۆڕش و گەڕانەوەیان، پێی دەڵێت:

– تۆشیان بەزۆر بردبووە ناو یاخیبووان؟

– نەخێر بەخواستی خۆم بوو.

–ئەدی بۆ گەڕایەوە؟

–چونکە ژیانم لەوڵاتی خۆمدا پێ خۆشترە لەهەر وڵاتێکی دی.

لێکدانەوە و هەڵسوکەوتەکانی، کەسێتی و بەهێزیی و هێمنی و لەسەرخۆیی و چاونەترسی ئەو دەردەخەن.

لە پێشمەرگایەتی کە شەڕ و پێکدادان لە لوتکەی دەست لێکوەشاندنە، خانەوادەکەی هەراسان دەبن بۆ ئەو (زێر)ەی دایکی، تەنها یادەوەری باوکە کۆچکردووەکەیەتی کە بەڕەهن لەبانکی کەرکوک دانراوە و کاتی بەسەر دەچێت و هەراج دەکرێت، ئەگەر فریای ڕاکێشانی نەکەون.

ئەو لەڕۆژێکی بەفر و زریاندا دەگەڵ مەفرەزەیەکی پێشمەرگەدا بەرێ دەکەوێت و ڕێگا بزر دەکەن، بە ڕێککەوت لەمردن ڕزگاریان دەبێت و پۆشاکی مەلایان دەپۆشی و خۆی بەناو شاری هەولێردا دەکات و بە ئۆتۆمبێل بە بازگەکاندا بەرەو کەرکوک دەڕوات و لەدواییشدا بەدەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە و پێی دەڵێن: زێڕ فرۆشراوە.

وێڕای سەرقاڵی بەکاری ئەدەبی و سیاسی، وەک فەرمانبەرێکیش لەبواری دارستان و کشتوکاڵ چالاک بووە، لێکۆڵینەوە و پڕۆژەی سوود بەخشی بەئەنجام گەیاندووە، لەوانە ئامادەکردنی پڕۆژەی دارستانی دەستکردی ڕانیە (لە کلکەی کۆلێنەوە تا دەربەند) و باسێکی ئابووری لەبابەت (دارەبەن و بەرهەمی) لەکۆڕێکی کشتوکاڵی بۆ ئەندازیارانی کشتوکاڵ دەخوێنێتەوە، دواتریش دەکرێتە عەرەبی و چەند دانەیەکی لێدەنێردرێتە زانکۆی موسڵ و سلێمانی و فەرمانگە پەیوەندیدارەکان.

سەفەری ژیانی پڕ ئێش و ئازار بووە، دڵێکی بەهێزی گەرەک بووە بەرگەی زەحمەتی خەبات و ستەمی دەسەڵات بگرێ دەروەستی ئەو هەموو نەهامەتی و نامردایە بێت، خەمی دایک و برا تاقانەکەشی سەربارو بنبار؟

کە شۆڕش هەرەس دێنێ ئەو لەخەبات و خۆڕاگری بە




شێوازێکی دیکە بەردەوام دەبێ، هەمیشە لەباسوخواسی ئەدەبی و ڕامیاری و ڕووداوەکان ئاگاداربووە، خۆی لە دامودەزگاکانی بڵاوکردنەوەی میری بەدوور دەگرێت، بەجۆرە

**لێکۆڵینەوە و پڕۆژەی سوود بەخشی بەئەنجام گەیاندووە، لەوانە ئامادەکردنی پڕۆژەی دارستانی دەستکردی ڕانیە (لە کلکەی کۆلێنەوە تا دەربەند)**



شێوازێکی خۆپاراستنی زانیوە، ئەو دابڕانە بۆ بەهرە و ناوبانگی ئەدەبی بەزبان دەشکایەوە، لەلایەکی دیکەدا ڕەنگدانەوەی خۆڕاگری و وورە بەرزی ئەو بووە.

بەسەرهاتەکانی کوردستانی باشوور تا ڕادەیەکی زۆر بەووردی وێنا دەکات و کەرت و لەتبوونی سیاسی حزبەکان دەخاتەروو بەپێی توانا لە نووسینەکانیدا بابەتیانە دیتەگۆ.

فەراژووبوونی لەناو جغزێکی سیاسی تایبەتدا دەبێتە هۆی ئەوەی قەڵەمەکەی کەم بەلای هێزە نیشتمانییەکانی دیدا بشکێتەوە، ئەوەش خەوشێک نییە لەدڵسۆزی و بێ لایەنی، ئەو لەم کاتەوە ئەوهای دیوە و بۆیان گێڕاوەتەوە، خۆشی ناوە ناوە ئەم خاڵەی بەگوێدا دەدایەنەوە.

کاریگەری ڕووداوەکان لەنووسینەکانیدا زەق و دیارن، ناخ دەهەژێنن، هەر جارە و لەبەرهەمێکی ئەدەبیدا دەتەقێنەوە. دوای هەرەس، لەکۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئەدیبانی خۆڕاگر و ورەبەرز دانابڕێ و چیڕۆکی (کاروانچی بەدەستی بەتاڵ ناگەڕێتەوە) دەنووسێ.

لە ڕاپەڕینی چەکداری زۆنگاوەکانی خوارووی عێراقدا، چیڕۆکی (ئاهەنگی ڕاوی هەڵۆی ناو زۆنگاوەکان) دەنووسێ.

بەهۆی کۆچی دوایی (مام) یەوە چیڕۆکی (ئەو سوارەی لەبیاباندا ونبوو) بڵاودەکاتەوە.

(٣٣) کورتە چیڕۆکی بروسکە ئاسا زادەی تەنها چوار ڕۆژی تلانەوە بەئازار و ژان و بۆن سووتی کیمیابارانی هەڵەبجەیە.

لەنووسینەکانیشیدا هەردەم پشتی بەژمارە و ئامار و ڕووداوی بەڵگە نەویست بەستووە.

ڕژێم لەگۆڕنرا و ڕاپەڕین دابیسا، حەز و ئومێد و ئاوات باڵای هەمووانی هەڵکشاندە بەری ئاسمان، داخەکەم هورەی زەمانە و بەرژەوەندی خوازان ڕێگەیان نەدا حەزەکانمان بەربگرێ و ئۆخەی شادی بەر هەمووان بکەوێ.

نەهامەتییەکان تێدەپەڕن، هەندێکی دی سەر دەردێنن، خۆشەویستانمان یەکە یەکە هەڵدەوەرن و ئێمەمانان دەبوا زیندووان بەسەرکەینەوە و نەمران یادکەینەوە.

ماڵئاوایی لە محیەدین زەنگەنە و حەمەی مەلا کەریم و د.عزەدین مستەفا و مستەفا ساڵح کەریم بکەین و شەهید ئەحمەد مەحموود حەلاق یادکەینەوە و حوسێن عارف بەسەر بکەینەوە.

خەم و پەژارەی ئەوان و ئەوەی خۆمان بەکۆڵدا دادا، لە ساڵانی دواییدا سەرمان پێکەوە دەنا لەگەڵ برایانی بەڕێز د.موحسین محەمەد حوسێن و د.جەمشید حەیدەری ڕۆژانی شەممە لە مۆزەخانەی پەروەردە، لای نووسەری ڕوح سووک و قسە خۆش ئیسماعیل بەرزنجی هەندێ، جاریش لە پانەیەکی شاردا خۆشی و ناخۆشیمان دابەش دەکرد و بارگرانی یەکترمان سووک دەکرد.

داخەکەم پەتای نەگریسی کۆڕۆنا لەباوەشی خانەوادە بەڕێزەکەی و خۆشەویستانی دەرهێنا، بەڵام زیندووە لەدڵ و دەروونی ئێمە و نەوەکانی داهاتوودا بەکردار و ڕەوشتی جوان و گفتاری شیرینی، بەنووسین و چیڕۆکەکانی، هەمیشە وێردی سەرزمان دەبێت، ڕۆحی شاد، خوایە وەتەن ئاواکەی.



ڕەئووف بێگەرد، کاکەمەم، دڵشاد عەبدوڵڵا، ؟، ڕۆستەم باجەلان، شێرکۆ بێکەس



# کاکەمەم بۆتانی..
# کوردایەتییەکی بێگەرد

د. جەمشید حەیدەری

دیاره نووسین لەسەر هاوڕێیەکی تەمەن، کارێکی ئاسان نییە، بەڵام لەیادی کۆچی دوایی (کاکەمەم)دا ناکرێ هیچ نەنووسی، بەڵکو بەپێی توانا پێویستە تیشک بخەیتە سەر ئەو دۆستایەتییە، کە دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە (٦٠) ساڵ، واتە یەکەم ناسیاویم لەگەڵیدا، لەکۆتایی مانگی تەمموز، یان سەرەتای ئابی ساڵی (١٩٥٨) بوو، دوای شۆڕشی (١٤)ی تەمموز و یەکەم کۆبوونەوەی ئاشکرای یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە (ڕێست هاوس)ی وێستگەی شەمەندەفەری هەولێر بوو.

کاکەمەم لەژێر کاریگەری خاڵۆی (عومەر مستەفا دەبابە) لە تەمەنێکی زوو هاتۆتە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی، دیارە منیش وەک ئەو زوو هاتومەتە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەژێر کاریگەری براکانم.

هەردووکمان بەر لە شۆڕشی (١٤)ی تەممووزی (١٩٥٨) ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوین، من لە هەولێر، ئەویش لە کەرکوک، هەر بۆیەش دوای شۆڕش، لەیەکەم کۆبوونەوەی ئاشکرای یەکێتی قوتابیان یەکترمان ناسی، شاندی شاری کەرکوک بۆ ئەو کۆبوونەوەیە لە سێ کەس پێکهاتبوو: کاکەمەم بۆتانی، عەلی عەسکەری، جیهان شاویس.

ساڵی (١٩٥٩) لێکدابڕاین، ئەو لەڕیزی پارتی بوو، منیش چوومە ڕیزی حزبی شیوعی، هەر چەندە کەوتینە دوو بەری جیا، بەڵام خاڵی هاوبەشمان هەبوو و هەردووکمان بۆ یەک ئامانج تێدەکۆشاین، ئەویش لەپێناو کورد و کوردستان، ئەو خاڵەش لە ماوەی (٦٠) ساڵی هاوڕێیەتیمان پێوەی پابەند بووین. خاڵێکی دیش کە کۆی دەکردینەوە، ڕێبازی چەپایەتی بوو، هەروەک کاکەمەم بۆخۆی دەڵێ: (کوردایەتیەکی شیوعیانەمان دەکرد. بەم جۆرە لێکدانەوەی من و خاڵە عومەر بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی جیابوو) دیارە ئەو بۆچوونەی کاکەمەم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٥٧) کە ئەو کات ژمارەیەک لەکادیرانی حزبی شیوعی عێراق چوونە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان. کەمال فوئاد، صالح



الطلب المقدم لتأسيس اتحاد الادباء الاكراد
السيد وزير الداخلية المحترم

بعد التحية ،

لقد مر شعبنا الكردي بظروف قاسية عبر سنوات كفاحه الطويل ، وأثر ذلك تأثيرا بالغا على نتاج الادباء الاكراد من حيث العطاء والنشر . وعمل الادباء الاكراد برغم العراقيل على تطوير لغتهم القومية وأدبهم واحياء تراثهم الفكري الاصيل ، وكان عدم وجود اتحاد يلم شملهم ويدعم مساعيهم النبيلة هذه ، عقبة أمام أهدافهم .

واليوم وبعد أن أقر مجلس قيادة الثورة الموقر في قراره المرقم ٤٨٤ والمؤرخ في ٩/١٠/١٩٦٩ حق الادباء الاكراد المشروع في تكوين اتحادهم المنشود ، فاننا الموقعين أدناه ، نتقدم اليكم بطلب تكوين اتحاد الادباء الاكراد ( یەکێتیی نووسەرانی کورد ) ليقوم بدوره التأريخي في تطوير أدبنا واحياء تراثنا القومي ودعم الفكر التقدمي . وليكون أداة قويمة في مجرى كفاح شعبنا الكردي والنضال العربي الكردي المشترك ضد الرجعية والامبريالية والصهيونية .

وبطيه المنهاج والنظام الداخلي لاتحاد الادباء الاكراد ( یەکێتیی نووسەرانی کورد ) راجين التفضل بمنحنا الاجازة المطلوبة وفق أحكام القانون .

هذا وتقبلوا وافر الشكر والتقدير

١٨/١١/١٩٦٩

داواکاری پێشکەش کراو بۆ دامەزراندنی یەکێتیی ئەدیبانی کورد، بۆ وەزیری ناوەخۆ

**"ساڵی (١٩٧٤) لە لایەن (کاکەمەم بۆتانی)یەوە یەکەم نامە و دیاریم لە ئێرانەوە پێگەیشت"**



حەیدەری، خەسرۆ تۆفیق، نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و حەمید عوسمان، لەم بارەیەوە كاكەمەم دەڵێ:

(زۆربەی جەماوەرەكەی (پارتی) لەگەڵ كوردایەتی و خەباتی نەتەوەییدا بوون شتە فیكرییەكانی تریان مەبەست نەبوو. سەركردە و ڕووناكبیرە شۆڕشگێڕەكانیش تیۆرە زانستییە پێشكەوتوەكان و ڕێبازی (ماركسی ـ لینینی) یان مەبەست بوو... من وەك ئەندامێكی پارتی، لە خەتی (ماركسی ـ لینینی) یەوە نزیكتر بووم... ئەم ماركسیەتەشم لە كاك حەمید عوسمان بۆ مابۆوە، چونكە لە كەركوك چەند مانگێ قوتابی شانەكانی بووم) ل(١٨٠) بەرگی یەكەمی بیرەوەرییەكانی.

**"كاكەمەم لەژێر كاریگەری خاڵۆی (عومەر مستەفا دەبابە) لە تەمەنێكی زوو هاتۆتە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و كۆمەڵایەتی"**



كاكەمەم و هێمن و سەعدوڵڵا پەرۆش

وەك دەزانرێ، دوای كودەتای شومی (٨)ی شوباتی (١٩٦٣) گفتوگۆ لەنێوان پارتی و حكومەتی بەعس دەستی پێكرد، گفتوگۆكە بێ ئەنجام بوو، لە (١٩٦٣/٦/١٠) شەڕ لەكوردستان دەستی پێكردەوە، خوێندكارانی پارتی لەزانكۆی بەغدا، هەندێكیان، ڕوویان لە شاخ كرد و بوونە پێشمەرگە، لەنێوانیاندا كاكەمەم بۆتانی، كە چووە ڕیزی پێشمەرگەی كوردستان، بەڵام دوای كودەتای عبدالسلام عارف لە (١٩٦٣/١١/١٨) دژی حزبی بەعس و لە شوباتی (١٩٦٤) ڕێككەوتنێك لەنێوان سەركردایەتی شۆڕش و حكومەتی عبدالسلام عارف و تاهیر یەحیا لە (١٩٦٤/٢/١٠) بڵاوكرایەوە، ئەویش دەرفەتێك بوو بۆ خوێندكارانی پارتی بگەڕێنەوە بەر خوێندن بەڕەزامەندی سەرۆكی پارتی، بەڵام ئەو ڕێككەوتنە بووە هۆی ناكۆكی لەنێوان سەرۆك و مەكتەبی سیاسی پارتی.

كاكەمەم دوای گەڕانەوەی بۆ بەرخوێندن، ناكۆكی نێوان سەرۆك و سكرتێری پارتی، بارودۆخێكی خەراپی سازكرد، بەتایبەتی دوای كۆنفرانسی (١٩٦٤/٤/٤) لە ماوەت. كاكەمەم دەربارەی ئەو كۆنفرانسە دەنووسێ:

(كۆنفرانس گیرا و بڕیارە هەڵچووەكانی تێدا درا) لێرەوە



الهيئة المؤسسة لاتحاد الادباء الاكراد

| الاسم | صفته الادبية |
| --- | --- |
| كاكەمم فخري سامي بوتاني | قاص |
| الدكتور احسان عبدالكريم فؤاد | شاعر وناقد |
| جمال عبدالقادر بابان | قاص |
| الدكتور معروف عبدالقادر خزنەدار | كاتب وناقد |
| حسين عارف عبدالرحمن | قاص |
| الدكتور عزالدين مصطفى رسول | كاتب وناقد |
| خالد عبدالواحد احمد دلير | شاعر |
| الدكتورة نسرين محمد فخري عبدالعزيز | لغوية وشاعرة |
| نوري علي أمين | لغوي |
| الدكتور كيكاوس نوري قفطان | قاص ومؤرخ |
| محمد الملا عبدالكريم محمد المدرس | كاتب |

دەستەی دامەزرێنەرانی یەكێتیی ئەدیبانی كورد



# ڕێگەدان بە یەکێتی نووسەرانی کورد، دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە ڕێککەوتنی (١١)ی ئاداری (١٩٧٠)ی نێوان شۆڕش و حکومەتی عێراق

کاکەمەم ڕاستەوخۆ ڕەخنە لە کۆنفرانس دەگرێ.

کاکەمەم دوای گەڕانەوەی بۆ بەرخوێندن، هەردوو باڵ داوایان لێدەکرد بگەڕێتەوە نێو ڕێکخستن و کاریان لەگەڵدا بکات، ئەویش ئامادە نەبوو، هەر چەندە لە بارودۆخێکی ئابووری خەراپیشدا دەژیا، بەڵام چونکە ئەو لەگەڵ لێکترازان نەبوو، دەنووسی:

(کوردایەتیم یەکگرتووی مەبەست بوو)

ڕەخنە لە هەڵوێستی هەردولا دەگرێ و دەنووسێ:

(هەردوو لایان نەک لەیەک بەگومان و فێڵ بوون، بەڵکو چاوەڕێی هەلی گونجاویان دەکرد، زرووفەکە بۆ بەرژەوەندییان یەکلاکەنەوە) لەوکاتەوە هەڵوێستی کاکەمەم نەگۆڕ بووە و نەگەڕایەوە ڕێزی حزبایەتی، بەڵکو توانا و داهێنانی خۆی تەرخان کرد لەپێناو کوردایەتییەکی بێگەرد.

کاکەمەم و من هەردووکمان لە ساڵی (١٩٦٤) گەڕاینەوە بەغدا، ئەو بۆ تەواوکردنی خوێندن و منیش بۆ کاری حزب، دوای ماوەیەک دیسان لێکدابڕاین، چونکە لە ساڵی (١٩٦٦) ڕوومکردە مۆسکۆ، بەڵام لە کۆتایی (١٩٦٨) جارێکی دی گەڕامەوە بەغدا، لە ساڵی (١٩٦٩) دوای دەرچوونم لە زیندانی بەعس، لە بەغدا پێکگەیشتین.

وەک دەزانرێ ساڵی (١٩٦٩) حکومەتی بەعس چەند بڕیارێکی دەرکرد پەیوەندی بەمافی کولتوری کوردەوە هەبوو، وەک دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی و کۆڕی زانیاری کورد. چەند نووسەرێکی کوردی جێنشین لە بەغدا، لەسەر پێشنیازی کاکەمەم، بیریان لەوە کردەوە (یەکێتی نووسەرانی کورد) دامەزرێنن و ئەو خەونەی حەمەساڵح دیلان و هەڤاڵانی لە پەنجاکانەوە خوازیار بوون و هەوڵیان بۆدا بەدی بێنن، بەڵام بەداخەوە دوای شۆڕشی (١٤)ی تەممووزیش نەهاتەدی. ئەو جارەیان، کاکەمەم و هەڤاڵانی ئەو دەرفەتەیان قۆستەوە، داوایان پێشکەشی وەزارەتی نێوخۆیی عێراق کرد، وەزارەتیش لە (١٩٧٠/٢/١٠) ڕەزامەند بوو. واتە ڕێگادان بە یەکێتی نووسەرانی کورد، دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە ڕێککەوتنی (١١)ی ئاداری (١٩٧٠)ی نێوان شۆڕش و حکومەتی عێراق.

بەڵام دوای ڕێککەوتنی (١١)ی ئادار، هەندێ لە نووسەرانی سەر بە پارتی (باڵی سەرۆک) مەبەستیان بوو، ئەو دەستکەوتە بەناوی ئەوان



مديرية الداخلية العامة
وزارة الداخلية

الشعبة/الجمعيات
الرقم م ج/٤٠٥
التاريخ ١٩٧٠/٢/٩

الى/
طالبي تأسيس اتحاد الادباء الاكراد في بغداد
السيد كاكەمم فخري بوتاني ورفاقه

م/اجازة تأسيس الاتحاد

بالاشارة الى طلبكم المسجل لدينا بتاريخ ١٩٦٩/١١/١٨ وجوابكم على طلب التصحيح المسجل لدينا في ١٩٧٠/١/١٠

بالنظر لتوفر الشروط القانونية في نظام الاتحاد المراد تأسيسه بشكله المصحح، فانه يعتبر مؤسسا بانقضاء المدة القانونية المنصوص عليها في المادة الخامسة من قانون الجمعيات رقم (١) لسنة ١٩٦٠ التي تصادف في ١٩٧٠/٢/١٠

فنرجو مراعاة حكم القانون المذكور ونظام الاتحاد .

وزير الداخلية

مۆڵەتی دامەزراندنی یەکێتیی ئەدیبانی کورد لە بەغداد لەلایەن کاکە مەم و هاوڕێکانیەوە



بێت و پێداگیریان کرد لەسەر ئەوەی دەستەی دامەزرێنەر هەڵوەشێتەوە، چونکە کاکەمەم بۆتانی سەرۆکی بوو، هەر لەبەر ئەوەی کاکەمەم خوارزای خوالێخۆشبوو (عومەر مستەفا دەبابە) بوو، ئەو نووسەرانەی پارتی کە پێداگیریان دەکرد (هەژاری موکریانی و سەعید ناکام) بوون. چوار کەسیان لەدەستەی دامەزرێنەر لابرد (کاکەمەم بۆتانی، خالید دلێر، حوسێن عارف و جەمال بابان).




کاکەمەم لەڕوانگەی ئەزموونی خۆیەوە، ڕەتکردنەوەی حزبایەتی تەسک دەنووسی:

(ڕووناکبیرە سەربەخۆ و بێلایەنەکان کە ژیان و مانیان لە یەکڕیزی نەتەوەکەیان و بەختەوەری و خۆشگوزەرانی چینە چەوساوەکان دەبینن، دەرس لە ئەزموونی نەوەی پێشوو وەرگرن. هیوامە نەوەی نوێ، پێ لە (ئاو)ی ئێمە نەخشێنێ و ببێتە خاوەن هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەیی).




دوای ڕێککەوتنی (١١)ی ئاداری (١٩٧٠) من جارێکی دی عێراقم بەجێ هێشت، بەڵام دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ساڵی (١٩٧٤) لە لایەن (کاکەمەم بۆتانی)یەوە یەکەم نامە و دیاریم لە ئێرانەوە پێگەیشت، ساڵنامەی شۆڕش و ژمارەیەک پۆست، لە ساڵی (١٩٧٥) دوای ڕێککەوتنی ئەلجەزایری نێوان شای ئێران و سەدام حوسێن و شکستی خەباتی چەکداری کورد، لەکۆتایی کانوونی یەکەمی (١٩٧٥) من جارێکی دی گەڕامەوە بەغدا، بەڵام لەبەر ئەوەی مەترسی گرتنم هەبوو، پێموایە یەک جار لە بەغدا چاوم بە کاکەمەم و حوسێن عارف

کەوت، لە شوباتی (١٩٧٦) گەڕامەوە سۆڤیەت، بەڵام نووسین و بەرهەمە ئەدەبییەکانی (کاکەمەم)م لە ڕێگای مامۆستا محەمەدی مەلا کەریمەوە پێم دەگەیشت.

لەساڵی (١٩٧٧) بۆ ماوەی دوو مانگ گەڕامەوە بەغدا و کوردستان بۆ کۆکردنەوەی کەرەستەی تێزی دکتۆراکەم، لە هاوینی (١٩٧٧) لە هەولێر پێکگەیشتین و لە کۆڕەکەی یەکێتی نووسەرانی کورد کە لە باخچەی نووسەران بۆ کاکەمەم سازکرابوو ئامادەبووم، کۆڕەکەی کاکەمەم لەسەر چیرۆکی (لە زیندە بەچاڵکردنی نەزۆکێکدا) بوو. کە لە بارودۆخی دوای شکستی شۆڕش نووسرابوو، چیرۆکەکانی کاکەمەم و هەڵوێست و بیروبۆچوونەکانی، کوردایەتی ڕاستەقینە بوون.

کاکەمەم دەربارەی چیرۆکەکانی دەنووسی:

(ئاوێنەیەکی ڕاستی بیروبۆچوونی خۆم بوو، بەڵام خەوشی ناوەڕۆکی، خۆڵادان بوو لە کارە دزێوەکانی کوردایەتی) لێرەوە کاکەمەم ڕەخنە لەخۆی دەگری کە فەرامۆشی هەندێ ڕاستی ڕووداوەکانی نێو کوردایەتی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بگوترێ هەندێ لە نووسەرانی کورد دوای شکستی (١٩٧٥) قەڵەمەکانیان دەوری (کلاشینکۆف)یان دەگێڕا.

لەبەرگی سێیەمی بیرەوەرییەکانیدا کاکەمەم چەند دێڕێکی لەسەر هەولێر نووسیوە، بەم شێوەیە:

(هەولێری دێرین چەند ڕەگی لەمێژوودا چووبووە خوارەوە، ئەوەندەش گیانی بەرگری هەندێکیان بە قووڵایی چوو بوو، چاو نەترسانە ڕایان دەردەبڕی.

من لە ساڵی (١٩٩٣) واتە دوای ڕاپەڕین گەڕامەوە کوردستان، بەڵام بەداخەوە لە ساڵی (١٩٩٥) دوای هەڵگیرسانی شەڕی خۆکوژی کورد، من گەڕامەوە سوید، پاش ماوەیەک (کاکەمەم)یش ڕووی لە سوید کرد، جارێکی دی یەکتریمان گرتەوە، بەڵام کاکەمەم زوو گەڕایەوە کوردستان، منیش لە (٢٠٠١)

**هەر چواریشمان لەو باوەڕەدا بووین کە بەبێ یەکڕیزی و تەبایی و دیموکراسییەت و ئازادی ڕادەربڕین کورد ناگاتە ئامانج**



گەڕامەوە.

لەماوەی ئەو بیست ساڵەی دواییدا، دۆستایەتی و برایەتیمان قووڵتر بووەوە، پتر شارەزای یەکتر بووین، هاوهەڵوێست و هاوبۆچوون بووین، ئێمە چوار هاوڕێ بووین، هەر چوارمان لە ڕابردوودا حزبایەتیمان کردبوو، بەڵام هەر چوارمان وازمان لە حزبایەتی هێنابوو، نەک لە سیاسەت، ئەو چوار هاوڕێیە (کاکەمەم، ئیسماعیل خۆشناو، دکتۆر موحسین محمد و من)بووین، مانگانە بە چوار قۆڵی دادەنیشتین، شەنوکەوی بارودۆخی سیاسی کوردستان و جۆری ئیدارەدانی حکومەت و دەست تێوەردانی دەرەکیمان دەکرد، هەندێجار هەموو بۆچوونمان و لێکدانەوەمان بۆ ڕووداوەکان جیاواز بوو، بەڵام هەر چوارمان لەچەند خاڵێکدا هاوبیر بووین، مەسەلەی دواڕۆژی کوردستان، خەونی کورد بۆ سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان، هەر چواریشمان لەو باوەڕەدا بووین کە بێ یەکڕیزی و تەبایی و دیموکراسیەت و ئازادی ڕادەربڕین کورد ناگاتە ئامانج.

لەدوای دوو هەزارەوە تا دەگاتە چەند ساڵێک بەر لەئێستا چاوپێکەوتنی مانگانەمان درێژەی هەبوو، بەڵام دوای کردنەوەی مۆزەخانەی پەروەردە (قوتابخانەی ئەربیلی ئولا)و بە پێشنیازی کاک ئیسماعیل بەرزنجی کە سەرپەرشتیاری مۆزەخانەکە بوو، بەتایبەتی لەدوای ساڵی (٢٠١٤)ەوە دیدارەکەمان بووە هەفتانە، واتە هەموو ڕۆژانی شەممە دەهاتینە مۆزەخانە و لەوێ چاومان بە دۆست و هاوڕێ و میوانان دەکەوت و گفتوگۆمان گەرم دەبوو، دەربارەی پەروەردە، خوێندن، مێژووی هەولێر، ڕووداوی ڕۆژمان دەخستە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوە، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، کە زەربەیەکی قورسی وەشاند و چەندان نووسەر و هونەرمەند و کەسایەتی و هاووڵاتیانی کوردە قۆچی قوربانی، لێکدابڕاین، بەڵام پەیوەندی تەلەفۆنیمان هەرهەبوو، لەگەڵ



جەمشید حەیدەری و کاکە مەم بۆتانی

ئەو بارودۆخەدا، لە ساڵی (٢٠٢٠) لە یادی هەشتا ساڵەم، لەگەڵ ئیسماعیل و کاکەمەم، ئەو یادەمان پێکەوە کردەوە.

هەرسێکمان (کاکەمەم، ئیسماعیل و من) تووشی ئەو پەتایە هاتین، بەڵام زۆر بەداخەوە هاوڕێمان و برای خۆشەویستمان (کاکەمەم) مان لەدەستدا، کاکەمەم لە ڕۆژی (٢٠٢٠/١٠/٢٥) ماڵئاوایی یەکجارەکی لێکردین، بێگومان کۆچی کاکەمەم، بەڕاستی کۆستێکی گەورە بوو بۆ هەمووومان، چونکە مرۆڤێکی خاکی، لەسەرخۆ، بێ فیز، ڕاستگۆ، نووسەرێکی لێهاتوو و تێکۆشەرێکی ڕاستەقینەی کوردایەتی و پەرۆشی دواڕۆژی کورد بوو.

ماڵئاوایی کاکەمەم، نەک هەر خەسارەتێکی گەورە بوو، بۆ بنەماڵەکەی، بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەش کە بۆ یەک جار ئەو پیاوەیان بینی بوو.

خەسارەتێکی گەورە بوو بۆ ئەدەبیاتی کورد و خەباتی کوردایەتی ڕەسەن.

کاکەمەم نموونەی کوردایەتی بێگەرد بوو لەمێژووی گەلەکەماندا، درود بۆ گیانی و یادی بەخێرو ڕوحی شاد.

## کاکەمەم بۆتانی..

# ناسین و بیرەوەرییەک



سەباح ڕەنجدەر

هیچ چیرۆک و ڕۆمانێکی: (کاکەمەم بۆتانی: ١٩٣٧/١/١٠ کۆیە - ٢٠٢٠/١٠/٢٥ هەولێر) کارکردی لەسەر چێژ و خولیای من نەبووە و سەرنجێکیشیان نەکردووم. خودانەخواستە نەک ئاگاداریان نەبووبم، نەء. لە هەر کتێبێکیدا چەند لاپەڕەیەکیانم خوێندوونەتەوە، وەکوتر سیسەڕۆ بوویمە و نەمتوانیوە تەواویان بکەم. ناوەندی بینینیان بۆ نەرەخساندم، واتە: زەمەنی کەسایەتی خۆم، کەسایەتی خوێنەر، تا تاسەم بۆی هەبێت. واتە: وەکو ئەدەب دڵخوازی چێژ و خولیای من نەبووە. وەکوتریش هاوتەمەن و برادەرم نەبووە، بەڵام کە بە پشتگیری و پەسندکردنی حزبی دەستنیشان کرا بۆ سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد، زۆرم بە شایەستە زانی و بە دامەزراندنیەوە ماندوو ببوو، ئەدیبی داهێنەر دەستنیشانکردن ڕەت دەکاتەوە و بە هەڵبژاردن و دەنگەوە دێتە سەر سەکۆ.

> **«هەموو مرۆڤە میهرەبانەکان پێویستە بە چەندین شێوە یادیان بکەینەوە و هەستەکان بورووژێنین و ڕێوڕەسمەکانیان شکۆدار بکەین»**

بە هەرحاڵ و ئەم حاڵ و بارە، کەوانەیەکی سیاسییە، هیی ئەوە نییە من قسەی تێدا بکەم. پەیوەندی بە بەرپرسیاریەتی نووسەربوون و نووسینەوە هەیە.

یەکێتی نووسەران خزمەتێکی زۆری نووسەرانیان کردووە، چ ئەندام و غەیرە ئەندام، کتێبیان بۆ زۆرینەیان چاپ کردووە، منیش لەم خزمەتکردنەدا سوودمەند بوویمە، کتێب بۆ چاپکردن ڕێزلێنانێکی گەورەیە.

لە ٢٠١٢/٩/١٦ تەلەفۆنێکم بۆ هات، بە دەنگێکی هۆگر وەک برادەرێکی نزیک و خۆیی دواندمی و گوتی: (شاعیری شێوە بیرکردنەوە قووڵ و بەدیهێنەری شیعر، سەرێکم لێ نادەی، کارێکم پێت دەبێت.) منیش نە ژمارە و نە دەنگەکەم نەناسی. بە شەرمەوە گوتم: (بێئەدەبی نابێت گەر بتوانم بەڕێزت بناسم.) خۆی ناساند و گوتی هەموو ڕۆژان، جگە لە ڕۆژانی پشوو لە کاتژمێر چوار تا نزیکەی حەوت لە بارەگای یەکێتی نووسەرانی کورد دەبم، چاوەڕوانتم. )دکتۆر هیمداد حوسێن(ی برادەریشت حەز دەکات بتبینێ. منیش لە کاتی خۆیدا، بە دوای داواکەی چوومە خزمەتی و لە پشت مێزەکەی، کتێبخانەیەکی بچووک هەبوو. گوتی: (ئەم کتێبانە کتێبی دڵخوازی خۆمن. دوای ڕاهیکردنی ئیشوکاری ئێوەمانان دەیانخوێنمەوە. خودا لەم تەمەنە دەرفەتێکی باشی بۆ ڕەخساندم تا بتوانم لێرە بە شێنەیی پرۆژەکانم تەواو بکەم.)

بۆ مەبەستی بانگکردنەکەی، هەر دەیویست پێش گوتنی مەبەستەکەی دڵم ڕابگرێت و شێوەی باری دەروونیم بزانێ. گوتی: (میوانی یەکەم جار بۆت هەیە چەند کتێبێک بۆ خۆت هەڵبژێری.) کە گوتی: (کتێبی دڵخوازی خۆمن) دڵم نەهات دەست بۆ هیچێکیان ببەم، بەڵام زۆر لە ڕۆمانێکی: (سەلیم بەرەکات) بە وەرگێڕانی: (جەوهەر کرمانج) ورد بوومەوە.

ئەمەی لەناو کتێبەکاندا دەرهێنا، گەورەیی نواند و لە پێشی دانام، گوتی: (قاوە دەخۆیتەوە، یان چا.) هەر خۆشی وەڵامی دایەوە شاعیران ئالوودەی قاوەن، با قاوە بێت.

بە دانیشتن و میوانداری و یەکترناسینەکە زۆر دڵخۆش بووم و گلەییم لە خۆم کرد بۆ زووتر بۆنەیەکم بۆ هەڵنەکەوتووە ئەو پیاوە میهرەبانە بناسم، کە هێمنییەکی بەهێز لە مامەڵەکردن و ڕوخساریدا هەیە. هەستیشم کرد زیاتر هێزی سیاسەتی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە، نەک هێزی داهێنانی ئەدەبی.

دیاربوو دووربەدوور دەیزانی من چیرۆکەکانی: (عەبدوڵڵا سەڕاج) م لا داهێنان و نوێبەخشین، چاوەڕوانییەک دروست دەکا و خوێنەر تووشی خەیاڵشکان ناکات، کارەکتەری ناپێویستیش بە کار ناهێنێ. باسوخواسی زۆری نێوان خۆی و ئەوی گێڕایەوە و دەیویست لابەلا تاقیم بکاتەوە و دەمارم بگرێ، وەک دەروونناسێک شێوەی بیرکردنەوەم بناسێت، لە ئاستی ناسینەکەدا بابەتەکەی خۆیم لەگەڵ بکاتەوە و مامەڵەم لەگەڵدا بکات. گوتی: (چیرۆکەکانی عەبدوڵڵا سەڕاج زۆر خراپن) کە زانی لە مەبەستەکەی گەیشتم، گوتی نا نا لە هەموومان چروپڕهەستتر دەنووسێت. شێواز و فۆرمێکی زۆر نوێی لە چیرۆکی کوردیدا زاڵ کرد، لێزیادبوونێکم بۆ بۆچوونەکەی هەبوو، گوتم: (دنیا و کۆمەڵگای کوردی بە ڕوانگەیەکی هاوچەرخانە خوێندووەتەوە، هەروەها زمانێکی هێمایی قووڵیشی بە کار هێناوە و بنیادی دەستەواژە و دەربڕینی گۆڕی، ئەزموونگەرە.



هەستم کرد لەگەڵ (دکتۆر هیمداد حوسێن)یش ڕێک کەوتبوون، کە من هاتم ئەویش بێت و بەخێرهاتنم بکات و لە دانیشتنەکەدا بەشداری بکات.

پێش ئەوەی قسە لە بابەتە مەبەستدارەکەی بکات، گوتی: (ڕەنجدەر بیستوومە کوڕێکی خۆپارێز و هێمن و لەسەرخۆ و بەسەبر و پشوودرێژی. کتێبێکمان بۆ چاپ بۆ هاتووە، کە نامەی ماجستێری کوڕی یەک لە شەهیدە گەورە و لەسێدارەدراوەکانی کوردستانە، بە ناونیشانی: (ملامح سريالية في شعر أدونيس و صباح رنجدر - دراسه مقارنة - سەروەر حەسەن محەمەد.) لێژنەی چاپکردنی کتێبیش کتێبەکەیان بە باش زانیوە و ڕێوشوێنە هونەرییەکانمان تەواو کردووە، نەخشەسازی و بەرگیشی بۆ کراوە، تەنانەت چووەتە ڕیزی چاپخانەش. یەک لە برادەرانمان ناڕازییە و دەڵێت: (سەباح ڕەنجدەر سڵاوم لێ ناکات، ئەم کتێبەش لەبارەی ئەوە، ببڕای ببڕ تا من لێرە بم نابێت لێرە چاپ بکرێت. ئەگەر چاپ بکرێت خۆم دەزانم چی و چی دەکەم,) هەڕەشەی شەڕی کردووە. بۆ ئەوەی گرژی نەکەوێتە ناومان، داوای لێبووردن دەکەین. هۆکاری چاپنەکردنی ئەمەیە و بەس.) بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناوی ناڕازییەکەی نەهێنا، بۆ منیش گرینگ نەبوو بپرسم کێیە. جەختی لەوە دەکردەوە، کە زۆری بە لاوە گرینگە دڵی هەموو لایەنەکان ڕابگرێ و بارەکە یەکئاست بکات. منیش بزەیەکی ڕەزامەندیم نواند و زۆر بە ڕەزامەندییەوە گوتم: (هەموو کتێبی کوردی بە هیی خۆم دەزانم. هەر کتێبێک چاپ بکرێ ئەوە ئەو کتێبەیە، کە بەڕێزت بۆ ئەو مەبەستە بانگت کردووم.)

دوای ئەوەی زۆر بە وردی بیرم کردەوە، لە بەشێک لە برایانم، برایانی ناوەندی ڕۆشنبیری دوور کەوتمەوە، بێ ئەوەی بچووکترین کاردانەوەم بەرانبەر هیچێکیان بووبێت و هەبێ و ببێت.

(دکتۆر هیمداد حوسێن) لە یەکێتی نووسەراندا بەرپرسی ڕۆشنبیری و چاپکردنی کتێب بوو، کە برادەری لەمێژینەمە و هەمیشە میهرەبانی بەرانبەرم نواندووە. دیارە هەستی بە ڕێگرتن و لاسەنگییەک کردبوو، بۆیە بێ داوا و




ئاگاداریی من، بە ئاگادارکردنەوەی نووسەرەکەی، کتێبەکەی بردبوو بۆ (ئەکادیمیای کوردی.) ئەمانیش لە چاپێکی شایان و شایستەدا چاپیان کرد، لە ئەنجامبینینی ئەم کارانە دەبێ بڵێین دنیا هێشتان خێری پێوە ماوە و دەتوانین بۆی بژین.

کتێب و مرۆڤ کلتوورن، ئەوەی دەست لە کتێب هەڵبێنێتەوە، مرۆڤ و کلتوور لەناو دەبات.

دوای دانیشتنەکە تا دەرگای حەوشە بە پێکەنین و (بە خێر بێیت) میوانی ڕەزاسووک بە ڕێی کردم، کە ئۆتۆمبێلەکەی دیتم و ئۆتۆمبێلێکی زۆر ئاسایی بوو، گوتی: (داوابکەم ئۆتۆمبێلێکی لە هیی خۆم باشترت بۆ بکڕن.) بۆم نەچووە سەر یەک تانە و تیرێک بوو، یان... بە هەرحاڵ، منیش بە خاکەڕاییەوە گوتم: (بە داوا نا، خودا یارم دەبێت بە خۆم دەیکڕم.) شێوەی دووانەکەی گۆڕا.

کە لە دایک بووم جۆرێک یاخیبوون لەگەڵم لە دایک بوو. خاڵە دژبەیەک و هاوبەشەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری کوردیم ناسی. هەڵۆی چاودووراو نییم، دەزانم گومبەزی ئەدەبی کوردی چ چاک و پیرێکی تێدایە و چەند بەردی سارد و گەرمیان خستووەتە بەرپێی داهێنەرانی. چەندیشیان لەناو بازنەی سووری مەترسیدا لەژێر هەڕەشەدان.

لەگەڵ شیعر سەرلەپێناو و ڕاستگۆ و خۆشخوێنم. شیعریش ئەو دەستەی لە سینگم داوە نەبمە (کۆسە – موهەڕیج) بە دەستی دەسەڵاتی داپڵۆسێنەرەوە.

هەموو مرۆڤە میهرەبانەکان یادیان بەخێر. پێویستە بە چەندین شێوە یادیان بکەینەوە و هەستەکان بورووژێنین و ڕێوڕەسمەکانیان شکۆدار بکەین. ماڵی ئێمەمانانیان شکۆدار کردووە و بۆ گەیشتن بە ئاسوودەیی هەمیشەیی، کتێبیان تێدا جێ هێشتووە.

خودایە داخوازییەکی گەورەم هەیە: نەمکەیت بە بەرپرسی بەردێکی سەر ڕێگاش، نەک ببمە بیرەوەرییەکی خراپ لە دڵی ڕێبوارێک، تەنانەت ڕێبوارێکی زۆر تیژتێپەڕیش.

**"**

**زۆر دڵخۆش بووم و گلەییم لە خۆم کرد بۆ زووتر بۆنەیەکم بۆ هەڵنەکەوتووە ئەو پیاوە میهرەبانە بناسم، کە هێمنییەکی بەهێز لە مامەڵەکردن و ڕوخساریدا هەیە**

**"**



# کاکەمەم بۆتانی نوێکاری چیرۆکی کوردی



سابیر ڕەشید

**پێشەکی:**

(کاکەمەم بۆتانی) یەکێکە لەو چیرۆکنووسە نوێکارانەی کە پانتاییەکی فراوانی لەکاروانی چیرۆکی نوێی کوردیدا هەیە و توانیویەتی پێش زۆر لە چیرۆکنووسانی دەیەی حەفتاکاندا تۆماری خۆی بکات.

لەکۆتایی ساڵی (١٩٦٩)دا دوای (سەدرەدین عارف) دێت کە ساڵی (١٩٦٧) تۆماری خۆی کردووە و لەساڵی (١٩٦٨-١٩٦٩)شدا لەگەڵ (کاکەمەم بۆتانی) دەبن بە دوو چیرۆکنووسی پێش دەیەی حەفتا کە وازیان لە گێڕانەوەی ئاسایی جاران هێنا و بەشێوەی نوێ چیرۆکیان نووسی.

(کاکەمەم بۆتانی) لە سەرەتادا بەشێوەی گێڕانەوەی ئاسایی چیرۆکی نووسیوە، هەر لەیەکەم چیرۆکی (بەسەرهاتی کنێر) کە لە ساڵی (١٩٥٦)دا نووسیویەتی و بڵاویکردۆتەوە.

لەسەرەتاوە تاکو ساڵی (١٩٦٩) چیرۆکەکانی ئاسایین، بەڵام لەدوایدا چیرۆکەکانی شێوەی گێڕانەوەی ئاسایی جێدەهێڵن و ئیدی وەک چیرۆکنووسێکی شێوە نووسینی نوێ دەردەکەوێ، بۆیەش لەتۆماری کاروانی نوێکاری چیرۆکی کوردیدا لەگەڵ (سەدرەدین عارف) دەبن بە دوو نوێکەرەوەی پێش دەیەی حەفتاکان، دوای ئەوەش لەگەڵ چیرۆکنووسانی دەیەی حەفتا و بەدواوە تەواو بە نوێکاری چیرۆکی کوردی دەناسرێن.

> “(کاکەمەم بۆتانی) لە بەکارهێنانی هێمادا زۆر زیرەک و بەتوانا بووە”

لەم لێکۆڵینەوەیەمدا هەوڵمداوە چەند چیرۆکێکی گرنگ و کاریگەر لەسەرجەم چیرۆکەکانیدا هەڵبژێرم و بیانکەم بەنموونە لەکۆی چیرۆکەکانی، بەتایبەتی پێداگریم لەسەر چەند چیرۆکێکی دەیەی حەفتاکانی چیرۆکنووس کردۆتەوە، چونکە چیرۆکەکانی زۆر بوون و نەمتوانی یەکە یەکە لەهەموویان بکۆڵمەوە.

کورد گوتەنی: ئەمانە مشتێکن لەخەروارێک، بەڵام خەروارێکی دەوڵەمەند و پڕ، هیوادارم توانیبێتم وەک نوێکارێکی گرنگ لەکاروانی چیرۆکی نوێی کوردیدا بە خوێنەران و ئاشقانی چیرۆکی کوردی بناسێنم و ئەم نووسینەم ببێتە بناغەیەک بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زیاتر لەبارەی ئەو نووسەرە پڕ بەخشش و داهێنەرەمان.

### باسی یەکەم: نوێکاری ناوونیشان لە چیرۆکەکانی (کاکەمەم بۆتانی)دا

ناوونیشانی وێستگەی یەکەمی هەموو دەقێکی ئەدەبییە، لەوێوە نیگای خوێنەر دەکەوێتە سەر جەستەی دەق و دەتوانرێ هەر لەسەرەتای ئەم وێستگەیەدا خوێنەر پەلکێشی خوێندنەوە بکات و لەمێشک و هزری خوێنەریشدا سەرەتایەکی پەسندی و ناپەسندی دەقەکە ببینرێ، چونکە هەر لەسەرەوە (ناوونیشانی دەق ڕۆشناییەکە، لەوێوە هەندێ لەتیشکەکانی خۆی بەسەر ئەملا و ئەولای ڕووبەری دەقەکەدا بڵاو دەکاتەوە) (ئەسوەد، ٢٠٠١، ٣٠).

بێگومان هەڵبژاردنی ناوونیشان لەهەموو دەقێکدا زۆر گرنگە و بێ بوونی ناوونیشانێکی بەهێز و جوان ناتوانرێ دەقێکی جوان و بە سەلیقە بە خوێنەر ببەخشرێت، لەبەر ئەوەی (ناوونیشان وەکو ڕێ نیشاندەرێکە بۆ چوونە ناو بەرهەمەکەوە، جا چ بۆ تەنیا چیرۆکێک بێت، یان بۆ کۆمەڵە چیرۆکێک. هەڵبژاردنی ناوێک بۆ بەرهەمی ئەدەبی بیرکردنەوەی دەوێت، چونکە پێویستە نووسەر گونجانێک لەنێوان ناوەڕۆک و ناوونیشاندا بنیات بنێت) (محەمەد، ١٩٩٧، ٢٠٨).

ناوونیشان ڕێنیشاندەری دەقە لەهزری خوێنەردا و ئیحاکانی دەقەکە دەگەیەنێت، هەر بۆیەشە بایەخی دەق دیاری دەکات، چونکە ناوونیشان (وەک سەری جەستەیەک وایە کە پێکەوە گونجانی گشتێتی دەقەکە ڕێک دەخا و هەندێک لە لوغزەکان دەکاتەوە.. ناوونیشانی دەق وەک (گۆڵدمان) دەڵێ: چراخانی دەقەکەیە) (ئەسوەد، ٢٠٠١، ١٠).

ئەگەر تەماشای کاروانی چیرۆکی کوردی بکەین دەبینین



هەڵبژاردنی ناوونیشانیش تادەیەی حەفتاکان هەر لەشێوەی ئاسایی جاران بووە، بەڵام چەند هەوڵێکی کۆتا ساڵانی شەستەکان بەتایبەتی لای (سەدرەدین عارف) و (کاکەمەم بۆتانی) جیاوازییەک لە هەڵبژاردنی ناوونیشان بەدی دەکەین، نامەئلوفییەتێکیان تیادا دەبینرێت و هەست بە شیعرییەتی و جوانکاریەک و جیاوازییەک دەکەین، دوای ئەوانیش لەدەیەی حەفتاکان بەدواوە چیرۆکنووسانی نەوەی پێشتر و هی نوێش خۆیان لەقۆناغەکانی پێشتر جیاکردەوە (چیرۆکنووسانی دەیەی حەفتا لەم ڕووەوە گەلێک هەوڵیان داوە، بۆیە کۆمەڵەیەکی گەورە و ناوونیشانی جۆراوجۆر دەبینرێن و هونەر و کارامەیی و ئەزموون و جوانکارییان لە دانان و هەڵبژاردنی ناوونیشانی کۆمەڵە چیرۆک و چیرۆکە تاکەکانیاندا دەرخستووە) (محەمەد، ١٩٩٧، ٢٠٨).

لە کۆمەڵە چیرۆکی (بوومەلەرزە لە گۆمی مەندا) کە ساڵی ١٩٦٩ چاپ کراوە، تەماشا دەکەین ناوونیشانی کۆمەڵە چیرۆکەکە لەچاو ساڵانی پێشتر زۆر نوێ و شیعرییە، لەهەمان کاتیشدا پڕ مانا و ئیحا بەخشە و لەکاتی خوێندنەوەیدا هارمۆنیایەک بە خوێنەر دەبەخشێ و خۆی لەناوونیشانی ئاسایی جاران جیاکردۆتەوە و سەرنج ڕاکێشە.

ناوونیشانی چیرۆکەکانی ناو ئەم کۆمەڵە چیرۆکەش هێمادار و شیعریی و سەرنج ڕاکێش و نوێن وەک ناوونیشانی چیرۆکەکانی: (خۆر وەدەست دێنین، نەگوڵ .. نە هاوڕێ .. نە فرمێسک، شاری خامۆش، توونێڵی دەربەندەکە) بەڵام هەردوو ناوونیشانی چیرۆکی (ڕاستی ڕووت، کەژاوە) هەر ناوونیشانی ئاسایی جارانن.

(کاکەمەم بۆتانی) لەکۆمەڵە چیرۆکەکانی تریدا کە دەکەونە دوای ساڵانی حەفتا، دەبینین بایەخی زیاتری بە شیعرییەتی ناوونیشان داوەو نامەئلوفییەتێک بە زۆربەی ناوونیشانی ئەم چیرۆکانە دراوە و هارمۆنیایەک و زمانی ئیحا و هێماداری و مەبەستی شاراوەی ئەودیوی دەق لەم ناوونیشانانەدا هەست پێدەکەین، کە ئەمەش هەم بۆ مەبەستی مانا شاردراوەکە، هەمیش وەک مۆدیلێکی نوێی ناوونیشان و جوانکارییەک دەبینرێ، شانبەشانی دەقی چیرۆکەکان کە هاوئاست و گونجاون و پڕن لەنوێبەخشی لەجوانی ناوونیشان لەچیرۆکی کوردیدا، لەم ناوونیشانانەدا تاک و تەرای لێدەرچێ دەنا ناوونیشانی چیرۆکەکان درێژ و شیعریی و مەبەستدارن، جوانییەکیان بەدەقی چیرۆکەکان



داوە، کە مەبەستی سەرەکی بۆتانی لەم ناوونیشانانە نوێکاری و خۆجیاکردنەوەیە لەگەڵ چیرۆکنووسانی دەیەی حەفتاکان و بەدواوە.



لەکۆمەڵە چیرۆکی (سمکۆڵی ئەهریمەن)دا کە لە ساڵی (١٩٧٣) دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ناوونیشانی ئەم چیرۆکانە نوێ

**لەسەرەتاوە تاکو ساڵی (١٩٦٩) چیرۆکەکانی ئاسایین، بەڵام لەدوایدا چیرۆکەکانی شێوەی گێڕانەوەی ئاسایی جێدەهێڵن و ئیدی وەک چیرۆکنووسێکی شێوە نووسینی نوێ دەردەکەوێ**

و سەرنج ڕاکێش و شیعریی و جوان و هێمادار و مەبەستدارن وەک: (سێبەری بەر سەنگەری مەرگ، گۆرانی دەربەدەرێکی یاخی بوو، زەرووی تەمەنی ئەرخەوان، تەنگوچەڵەمەی شانۆکە، سمکۆڵی ئەهریمەن لەزامی هەڤریستەکەدا).

لەکۆمەڵە چیرۆکی (بازنە) شدا کە ساڵی (١٩٧٩) چاپ و بڵاوکراوەتەوە، دەبینین ناوونیشانی کۆمەڵە چیرۆکەکە گەڕاوەتەوە دواوە لەچاو دوو کۆمەڵە چیرۆکی ساڵانی پێشتری، چونکە ئەم درێژییەی جارانی نەماوە و بۆتە یەک وشە، ئەویش وشە و ناوونیشانێکی ئاسایی جارانە نەرەستەییە و نەنامەئلووف، ئەگەرچی هێمادار و مەبەستی خۆی هەیە، لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا نیوەی چیرۆکەکان وشەیەکە و مانای جیاجیا دەبەخشێ، نیوەکەی دیشی ناوونیشانەکان ڕستەیی و ماندار و هێمابەخش و هارمۆنی و شیعرییە و لەچاو ناوونیشانی زۆر لە چیرۆکنووسانی دەیەی حەفتا و بەدواوە نوێ و نامەئلووفن و جوانکارییەکیان تێدایە، سەرنجی خوێنەر بۆ دەقی چیرۆکەکانیان ڕادەکێشن و جوان و پڕ هارمۆنیا و بە سەلیقەن وەک: (لە ئاهەنگی ڕاوی هەڵۆی ناو زۆنگاودا، لە زیندە بە چاڵکردنی نەزۆکێکدا، کاروانچی بەدەستی بەتاڵ ناگەڕێتەوە، هەرەسهێنانی بەندی (مەئرەب!) خۆزگەی دەرگای قەڵای (بابیت) کەڵەکی زام لەگۆمی ئازار ناپەڕێتەوە، لاپەڕەیەک لەیادداشتی کفر ئەحمەد). (کاکەمەم بۆتانی) لەهەڵبژاردنی ناوونیشانی چیرۆکەکانی و ناوونیشانی سەرەکی کۆمەڵە چیرۆکەکانی نوێکار و بە توانا و وردبین و جێی سەرنجی خوێنەرە، لەزۆربەی هەرە زۆری چیرۆکنووسانی هاوتەمەن و نەوەی خۆی جیایە و جوانکار و هونەرکار و ڕەتدەرە.

### باسی دووەم: نوێکاری لە چیرۆکەکانی (کاکەمەم بۆتانی) دا

لەچیرۆکی (دیلێکی کۆت پچڕێن)دا باسی کەسێک دەکات کە لەنێوان دوو زینداندا گیری خواردووە، یەکێکیان زیندانی ژیانە کە چەندان جار لەسەر خەباتی سیاسی گیراوە و خراوەتە زیندان. لەم چیرۆکەدا بە فلاش باک و تەداعی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕۆژانە و ئەویتریشیان زیندانی ماڵەوەیە کە بەدەست ژنەکەیەوە سەربەستی لێزەوت کراوە و بەدەست پرتەوبۆڵە و گلەیی بەردەوامی ژنەکەیەوە گیرۆدە بووە، بۆیە لەکۆتایی چیرۆکەکەدا چیرۆکنووس دەیەوێ پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکەی بیر لە (گۆڕان) ێک بکاتەوە تا لەکۆت و زنجیر ڕزگاری بکات و چارەکەیشی لای ئەو (چەکە) کە لەبنەڕەتا هەڵیتەکێنێ، ئەگینا شێتی دواییان پێدێنێ.

چیرۆکنووس هەردوو (گۆڕان) ی پێکەوە گرێداوە، مەبەستی ئەوەیە کە پێمان بڵێ هەموو گۆڕانکارییەک تا لەخۆتەوەو دواییش لەناو ماڵی خۆتەوە دەستی پێنەکەیت، ناتوانیت بگەیتە مەبەست و ئامانجی کۆتایی.

١- چیرۆکەکە بە سەرەتایەکی زۆر کورت کە تەنیا دوو ڕستەیە لەپێشەکی زیادەی چیرۆکی جاران جیامان دەکاتەوە کە جاران پێش ئەوەی چیرۆکنووس ڕووداومان بۆ بگێڕێتەوە بەپێشەکی و وەسفی زیادە و درێژدادڕی خوێنەری بێزار دەکرد، بەڵام لەم چیرۆکەدا کە لەکۆتایی ساڵانی شەستەکان واتە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ نووسیویەتی و بڵاویکردۆتەوە بۆ ئەوکاتەی (کاکەمەم بۆتانی) جیاکردنەوەیەکی لەشێوەی گێڕانەوەی ئاسایی و بەرەو شێوەی نووسینی نوێمان دەبات کە دوایی لەدەیەی حەفتاکان بەدواوە چیرۆکنووسانی کورد پەیڕەوی چڕکردنەوە و شیعرییەتی نووسینیان کرد و بروسکەیی نووسین بووە خاڵی جیاکردنەوەی چیرۆکنووسانی نوێکار لەگەڵ چیرۆکی ئاسایی جاران.

٢- کۆتایی کراوە، لەم چیرۆکەشدا کۆتاییەکەی ئاواتێک و خواستێکی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە و دەیداتە دەم خوێنەر و دەشێ تەواوکردنی لای خوێنەر بێت، بێگومان ئەم کۆتایی کراوەش هەر هەوڵی چیرۆکنووسانی دەیەی

حەفتاکان بووە، بەڵام کاکەمەم لە ساڵی ١٩٦٩دا پەیڕەوی کـردووە، چونکە چیرۆکی ئاسایی جاران کۆتایی چیرۆک داخراو بووە، کەچی لەچیرۆکی نوێدا چیرۆکنووس پەیامەکەی دەداتە دەست خوێنەری زیرەک و کۆتاییەکەی بۆ ئەو جێدەهێڵێ.

٣- بەکارهێنانی تەکنیکی (تەداعی) وەک بەستنەوەی زیندانی (نوگرە سەلمان) بە بەندیخانەی ماڵەوە، بەهۆی بەندیخانەی ماڵەکەشیەوە ویستوویەتی باسی ڕابردووی پاڵەوانەکەیمان بۆ بکات کە یەکێک بووە لەگیراوانی ئەم زیندانە.

هەروەها بەکارهێنانی تەکنیکی (فلاش باک) کە چ بەهۆی خوێندنەوەی ڕۆژنامەکەی کاتێ دەگەڕێتە ماڵەوە، چەندان ڕووداو و بابەتی گرنگی دونیامان بۆ دەخاتە ناو چیرۆکەکە و ئەم ڕووداوانە لەگەڵ ڕووداوی ناوماڵ و کۆمەڵگای پاڵەوانی چیرۆکەکە پێکەوە دەبەستێتەوە، یانیش بەهۆی باسکردنی دەست شکانەکەی پاڵەوانی چیرۆکەکە ڕابردووی ئازاردانی زیندانی بیردەکەوێتەوە، بەمەیش لەگێڕانەوەی ئاسایی جاران خۆی جیادەکاتەوەو بە دوورکەوتنەوە لەدرێژدادڕی، فەلسەفە و جیهانبینی چیرۆکەکەمان نیشان دەدات.

لە چیرۆکی (گۆرانی دەربەدەرێکی یاخی بوو) دا پاڵەوانی چیرۆکەکە بە تەکنیکی (خۆدواندن) کە بەشێکە لەتەکنیکی شەپۆلی هۆش، لەبەر خۆیەوە دەدوێ و باسی وێرانکردنی دێیەکەیان و لەناویشیاندا خانووەکەی خۆی دەکات بەدەست یاساوڵە مارەکان کە هێمای دەسەڵاتی داگیرکەری کوردستانە، بەڵام هەر خۆی لۆمەی میللەت دەکات کە نوستوون، هەروەها یاساوڵەکانیش کە هێمای دەسەڵاتە بە شێوەی دەنگ لە گوێچکەی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەزرنگێتەوە کە پێیدەڵێ (هەڵمەستە! مردوو زیندووبوونەوەی گەرەک نییە!) واتە دەسەڵات هەمیشە لەخەڵکی وڵاتەکەی گەیاندووە کە میللەتەکەی ئیتر مردووە و زیندوو نابێتەوە، تاهیچ هیوایەک لای خەڵکی میللەتەکە نەمێنێ، کەچی دەنگی ناخی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەیەوێ خەڵکی هەموو ئاگادار بکاتەوە کە ئەوەی یاساوڵەکان و دەنگ نووساوەکان واتە پیاوانی ڕژێم دەیڵێن بۆ چاونووساندنی خەڵکەکەیە و چاو بکەنەوە و خۆتان لەشەوەزەنگی ژێر دەستی ڕزگار بکەن و ڕاپەڕن. لەکۆتاییدا چەند لاوێکی تازە هەڵچوو.. بیری کۆن نەبیستوو هەر یەکە لەلای خۆیەوە ڕاپەڕی.. بێڵ و خاکەنازی تازەیان بەدەستەوە گرت پڕ بە دەم هاواری ئەو خەڵکەیان سەندەوە و ئاگریان لەسەر پشتی مار کردەوە، ئەمەش هێمای ئەوەیە کە شۆڕشی نوێ لەسەر دەستی لاو و گەنجانی بیری نوێ دێنە مەیدان و مار لەگەرما دەتەقێ واتە ئاواتی میللەتیان هێنایەدی و بەهار بەهەر چوارلادا خۆی ڕاخست، واتە لەهەر چوار پارچەی کوردستان ئازادی و سەربەستی هاتەدی و دوژمن شکا، ئیدی بەرەو دێ دەکەونە ڕێ و قەتار و ئەڵڵاوەیسی دەچڕن.

١- لەم چیرۆکەدا کە سەرتاپای ڕەمز و هێمادارە وەک سەرەتای دەیەی حەفتاکان و بەدواوە بوو بە مۆدێلێکی نووسین و







زۆربەی چیرۆکنووسانی کورد پەنایان بردەبەر، ئەمەش هەم بۆ شاردنەوەی مەبەست و مەرامە شاردراوەکانی ئەم دیوی دەق بووە، هەمیش وەک ستایلێکی نووسین و مۆدیلێکی نوێ و تەکنیک بوو بەسیمای چیرۆکی کوردی لەم دەیە و بەدواوە.

(کاکەمەم بۆتانی) لەم چیرۆکەیدا کە سەرتاپای بەکارهێنانی ڕەمز و جەفەنگە چیرۆکێکی مەبەستدارمان بۆ دەنووسێ کە هەموو مەغزاکەی سیاسییە و مەسەلەی میللەتێکە.

٢- بەکارهێنانی زمانێکی شیعریی چڕوپڕ کە هەموو ئاستەکانی گێڕانەوەی گرتۆتەوە وەک تەکنیک و گێڕانەوە و ڕووداو و ڕستە و وشە، تەنانەت ناوونیشانی چیرۆکەکەش هەر شیعرییە (گۆرانی دەربەدەرێکی یاخی بوو) ئەمەش یارمەتی چیرۆکنووسی داوە لەچڕکردنەوە و هەڵبواردن و کورتبڕی و بروسکەیی نووسین کە لەدەیەی حەفتاکان بەدواوە لەچیرۆکی کوردی پەیڕەو کراوە، (کاکەمەم)یش یەکێک بووە لەو چیرۆکنووسانەی بایەخی بەشیعرییەتی نووسین داوە لە نووسینی کورتە چیرۆک دا.

٣- سوودوەرگرتن لەپەند و قسەی نەستەقی کوردی بەمەبەستی گەیاندنی مانا و دەلالەتی چیرۆکنووس. لەم چیرۆکەدا دەبینین پەندی وەک: (ماڵی نەخۆری بۆ چەکمە بۆری) و (دەستمان بە کڵاوی خۆمانەوە گرتبوو با نەیبا) و (سەر سەلامەت بێت، ماڵی دنیا هیچ نییە) بەکارهاتووە، هەروەها سوودی زۆری لەئیدیۆمی کوردی وەرگرتووە وەک: (گا زۆر بە ئاسانی بەکونی دەرزییەوە چوو) (ئاگر لەسەر پشتی مار بکەوە) (ئاشی ئاو لێبڕاو) ئەمەش لەچیرۆکی کوردی دەیەی حەفتاکان و بەدواوە لای چیرۆکنووسی کورد بۆ کورتکردنەوە و گەیاندنی مەبەستی شاردراوەی دەق بەکارهاتووە، (کاکەمەم) یش وەک چیرۆکنووسانی دی کورد بایەخی بەم لایەنە داوە و بۆ مەبەستی نوێکاری سوودی لێوەرگرتووە.

٤- بەکارهێنانی تەکینکی دی وەک فلاش باک و خۆدواندن کە سەرەتا باسمان کرد، هەروەها دیالۆگ و سوودوەرگرتن لەمۆنتاجی سینەمایی کە لەچیرۆکدا مۆنتاجی (کات) و (شوێن) و دیمەنی سینەمایی بایەخی پێدراوە و بۆ جوانکاری و تەکنیکی نوێی چیرۆک بەکارهاتووە (کاکەمەم بۆتانی)یش یەکێکە لەم چیرۆکنووسانەی بایەخی بەهەموو تەکنیکە نوێکانی چیرۆک داوە و لەگێڕانەوەی ئاسایی دوورکەوتۆتەوە، بەتایبەتی لەچیرۆکەکانی کۆتایی ساڵانی ١٩٦٩ و بەدواوە.

## لە چیرۆکی (زەرووی تەمەنی ئەرخەوان)دا

١- بەکارهێنانی تەکنیکی چاپتەر، کەهەر چاپتەرە ناوونیشانێکی لاوەکی هەیە، ناوونیشانەکانیش نوێ و شیعرین.

وەک: بازی بەند، گۆبەندی دڕکەزییەک، مەشق، هەنگاوی بەرەو ژێر، بەندیخانەی دەروێش، سەرکێشی چەمووش، یادی یاری بێ نەوا، چاڵە بەردی زیندووان، سەرگوزشتەی شانۆ، کۆتایی.

ئەم تەکنیکە لەدەیەی حەفتاکان لەچیرۆکی کوردیدا پەیدا بوو، وەک لەچەند چیرۆکێکی، لەتیف حامید بەرزنجی و سەدرەدین عارف و ئەحمەد شاکەلی و عەبدوڵڵا سەڕاج و دڵشاد مەریوانی و محەمەد موکری و ڕەئووف بێگەرد و هیدیش.

ئەم چاپتەرانە ئەگەرچی وەک ناوونیشانی لاوەکی دانراون و مانایان لێکتر جیاوازە، بەڵام ناوەڕۆکی چیرۆکی چاپتەرەکان وەک زنجیرە بەیەکەوە بەستراونەتەوە و یەکتر تەواو دەکەن، ئەمەش لە چیرۆکی کوردیدا بۆ مەبەستی تەکنیک و جوانکاری ونوێکاری و وەک ڕەمز و هێماو دەلالەتیش مۆدیلێکی نوێی چیرۆکی کوردی بوو لەدەیەی حەفتاکان و بەدواوە هاتە ناو چیرۆکی کوردی، ڕاستە پێشتریش بە چاپتەرکردنی چیرۆک لە چیرۆکی کوردیدا هەبووە، بەڵام وەک ژمارە..
١-٢-٣ یانیش بەکارهێنانی (* * *) ئاماژە و ئەستێرە بەکارهاتووە، چیرۆکنووسانی نوێکار کە (کاکەمەم بۆتانی) یش یەکێکە لەو چیرۆکنووسە نوێکارانە، بایەخی بەم تەکنێکە داوە و تیایدا سەرکەوتوو بووە، ئەم چیرۆکەشمان کە بەم تەکنیکە نووسراوە یەکێکە لەم چیرۆکانە.

٢- ئەم چیرۆکە بەزمانێکی چڕوپڕ نووسراوە، بۆیە بروسکەیی داڕشتنی ڕستەی دروست کردووە و لە درێژدادڕی و شێوەی حیکایەتخوانی جاران جیای کردۆتەوە، ئەمەش لەدەیەی حەفتاکانی چیرۆکی کوردیدا شیعرییەتی نووسینی خستە ناو چیرۆکی کوردییەوە و وەک تەکنیکێکی نوێ خۆی لەشێوەی حیکایەتخوانی قۆناغەکانی پێشتر و زمانی گێڕانەوەی ئاسایی جاران دەرباز کرد، بێگومان زمانی نووسینی چیرۆکەکانی (کاکەمەم بۆتانی) لە زۆربەی هەرە زۆری

چیرۆکنووسەکانی قۆناغی خۆی و بەتایبەتیش دوای حەفتاکان بەدواوە، بایەخی بە شیعرییەتی نووسین داوە و لەگەڵ هێماو جەفەنگدا پێکەوەی گونجاندوون، ئەگەر چیرۆکەکانی سەرەتای نووسینی تاکۆتایی ساڵی ١٩٦٩ لێدەرکەین، چیرۆکەکانی دی هەموو هەڵگری ئەم زمانە شیعرییە چڕوپڕو هێمادارەن.

٣- هێما و جەفەنگ لەم چیرۆکەدا مەبەستدار و هەڵگری پەیامی نووسەرن کە لەدەیەی حەفتا بەدواوە بوو بە شێوازێکی جیاکەرەوە و نوێ لەگەڵ چیرۆکی ئاسایی جاران.

(کاکەمەم بۆتانی) لەم چیرۆکە و زۆربەی هەرە زۆر چیرۆکەکانیدا پەیام و مەغزای سیاسی ئەم دیوی دەقی چیرۆکەکانی مەبەست بووە کە لای ئەو خەباتی سیاسی و پاڵپشتی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد و کێشەی خاک و سەربەستی و ئازادی نەتەوەیی لەودیوی خوێندنەوە و شیکردنەوە و لێکدانەوەی کۆد و شیفرەکانەوە دەبینرێن، هەندێک جار نەیتوانیوە، یان خۆی مەبەستی بووە، یانیش بۆ مەبەستی جوانکاری و تەکنیکی نوێ ڕەمز و هێماکان ئەوەندە قووڵ و تارمایی ئامێزن، وەک ناڵی گوتەنی غەواسێکی دەوێ تا کۆد و شیفرەکان شیبکاتەوە و لەمەبەستی شاردراوەی دەق بگات، ئەمەش نوێکاری بە دەقەکە بەخشیوە.

٤- نەمانی سێیانەی مۆباسانی جاران (سەرەتا، گرێچن، کۆتایی) چونکە یەکسەر بێ پێشەکی زیادە دەچێتە ناو چیرۆکەکە، لەم چیرۆکەدا کۆتاییەکەی ئەگەرچی ناوونیشانی دوا چاپتەریش (کۆتایی)یە، بەڵام ئەو کۆتایی چیرۆکەکەی بەئەگەر جێهێشتووە، واتە کراوەیە و خوێنەر دەتوانێ ببێت بە بەشدارێکی چیرۆکەکە و تەواوی بکات.

٥- شوێن لەم چیرۆکەدا (شانۆ) یە، یان هۆڵی پایە ڕماوە کە هێمای کوردستانە و خاکە، کاتیش هەر کاتەکانی سەر شانۆکەیە.

٦- لەتەک پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە، چیرۆکنووس گیاندار و زیندەوەر و کەرەستەی دی دەکاتە کەسایەتی چیرۆکەکەی، ئەمەش لە چیرۆکی نوێدا پەیرەوکراوە، بەتایبەتی دوای ساڵانی حەفتاکان، بەمەبەستی نوێکردنەوە و هێما و تەکنیک و جوانکاری لای چیرۆکنووسی کورد بەکارهات، لەم چیرۆکەی (کاکەمەم)یش کەسایەتی چیرۆکەکە نامەئلووفە، ئەمانە ڕۆڵی خۆیان لە بونیادی گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا دەگێڕن: پیاوە ژیرەکەی سەر شانۆ، خاوەن بازیبەند، مارمێلکەکان، توولەمار، کرم، سەگ، پشیلە، بەڵغەم، ئەژدیها، دێوەکەی حەزرەتی سلێمان، کەوڵ سوور، بەرازە زلەباڵدارەکان، مێردە زمە، کەوڵسووری سەر شاخەکە.. تاد.

بەمەش چیرۆکنووس وایکردووە بەرگێکی فانتازیا ئامێز بەبەر چیرۆکەکەیدا بکات و وەک چیرۆکێکی نامەئلووف لەهەموو ئاستەکانی گێڕانەوەدا خۆی بخاتە بەردەم خوێنەری زیرەک.

٧- سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی چەندان تەکنیکی دی بەمەبەستی جوانکاری و دەوڵەمەندکردنی هونەری چیرۆکەکە وەک: بەکارهێنانی چاپتەر و دانانی ناوونیشانی لاوەکی شیعریی، بەکارهێنانی مۆنتاجی کات و شوێن و خۆدواندن و تەداعی و چەندان تەکنیکی دی کە چیرۆکنووس لەگۆشەنیگای خۆیەوە چیرۆکێکی هونەری نوێی لێدروست کردووە و توانیویەتی نوێکاری خۆی بسەلمێنێ و خۆی لەشێوەی گێڕانەوەی ئاسایی جاران جیاکردۆتەوە.



**لە چیرۆکی (لە ئاهەنگی ڕاوی هەڵۆی ناو زۆنگاودا)**

١- سوودوەرگرتن لەشێوەی حیکایەتخوانی و دەستپێکی حیکایەتی کوردی کە لەم چیرۆکەدا وەک ئەوەی

**لەمیانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە کە (کاکەمەم بۆتانی) هەر لەکۆتایی ساڵی (١٩٦٩)ەوە دەستبەرداری چیرۆکی گێڕانەوەی ئاسایی جاران بووە و چیرۆکی بە تەکنیکی نوێ نووسیوە**

حیکایەتخوان بێت و حیکایەتێکی گوێ ئاگردانی کوردەواری بگێڕێتەوە، بەهەمان شێوەی پێشەکی حیکایەتی کوردی دەڵێ: (هەبوو نەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، کەس لە پێغەمبەر خۆشەویستتر نەبوو، کەس لە بەندە درۆزنتر نەبوو، وادی بە وادی، تەختی مرادی. خواردنی کاردی. نووستنی لبادی. ئاوی دێمکی. سێبەری کەپەنگی. نووستن بادۆستی. مەلای گەرمێنێ. فەقێی کوێستانی.. ئۆبال بەو مامۆستایەی ئەمەم لێزانی.. دەگێڕنەوە:) (بۆتانی، ٢٠١٧، ١٤٧).

دوایش کە چیرۆکەکە



دەگێڕێتەوە بەهەمان شێواز و دوانی حیکایەتخوان دێتە ناو گێڕانەوە و دەڵێ: (شار بێ شارەوان، شا بێ شار بوو، بڕوا قات بوو. ترسنۆک دەم ڕاستی ئازا بوو، ئازا لەژێر خانی تاریکدا، بە زەبری تلیاک نوێنرابوو. پێست، نینۆکی خۆی مەرەخەس دەکرد. خوێن لە ڕێچکەی دەمار هەڵدەگەڕایەوە، شرت و شۆی دەشوشت. هەر لە ئێوارەوە، دز خاوەن ماڵ بوو (بۆتانی، ٢٠١٧، ١٤٧).

خاوەن ماڵ بە پلانی (گوڕنەتەڵە)

نیشانی عاشقانی نوێبوونەوە و توێژەرانی چیرۆکی کوردی دەدات و دەیەوێ بیسەلمێنێ کە ئەو دەتوانێت لەناو شێوە و کلێشەی حیکایەتی کوردیدا نوێکاری خۆی بکات و ببێت بەیەکەم تۆمار لەبواری لاسایی کردنەوەی حیکایەتی کوردیدا بە مەبەستی نوێکاری و دەربڕینی مەبەستی شاردراوەی دەق، ئەوەش نیشان دەدات کە دەق فڕێ نادرێت، بەڵکو دەتوانرێت نوێ بکرێتەوە و لەسەر لاشەی کۆندا جەستەیەکی پڕ وزە و نوێ بخرێتەڕوو.

**یەکێک بووە لەو چیرۆکنووسانەی خۆی لەشێوازی گێڕانەوەی ئاسایی جیاکردۆتەوە و گۆڕانکاری خستۆتە ناو بونیادی چیرۆکی کوردییەوە، سوودیشی لە فۆلکلۆر و ئەفسانە و شێوەی حیکایەتخوانی وەرگرتووە بۆ مەبەستی نوێکاری**

بەرەو هەڵدێر هەڵدرا بوو.... تاد) (بۆتانی، ٢٠١٧، ١٤٧).

ئیدی چیرۆکەکە بەشێوەی هێما و جەفەنگ لەگێڕانەوەی خۆی بەردەوام دەبێت، بێگومان ئەمەش وەک تەکنیک و نوێکاری دەبێتە تۆمارێکی جوانی (کاکەمەم بۆتانی) کە هەم وەک هێما و مەبەستی شاردراوە بەکاری هێناوە، هەمیش وەک جوانکاری و تۆمارێکی نوێ لەشێوەی لاسایی حیکایەتی کوردی دەقێکی جیاواز دەخاتە ناو تۆماری چیرۆکی کوردی و هونەرکاریی و توانای خۆی

٢- بەکارهێنانی هێمایەکی خەستی شاردراوە، ئەگەرچی خوێنەری زیرەک دەتوانێ ئەم هێما و جەفەنگانە شیتەڵ بکات و لەمەبەست و پەیامی نووسەر بگات، بەڵام ئەو باسی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد دەکات، باسی داگیرکردنی کوردستان دەکات لەلایەن دوژمنانی کوردەوە، لەم چیرۆکەدا هێما و جەفەنگەکان وا شاردراوەن، چونکە نەیویستووە چیرۆکەکەی ببێتە ڕاپۆرتێکی سیاسی، بۆیە بەم هێما ئامێزییەیی، هەم بەرگێکی هونەریی لەبەر چیرۆکەکەی کردووە، هەمیش وەک نوێکارییەک بۆ دەیەی حەفتاکان و بەدواوە مۆدیلێکی نووسین بووە و جوانکارییەکیشی بە دەقەکە داوە، هەمیش مەبەستی نەبووە، یان نەیتوانیوە ڕاستەوخۆ وەک خۆی چیرۆکی بەرگری بنووسێت، ئەگەرچی ئەم چیرۆکانەش لەتۆماری ئەدەبی بەرگریدا تۆماری خۆیان دەکەن.

(کاکەمەم بۆتانی) لە بەکارهێنانی هێمادا زۆر زیرەک و بەتوانا بووە، بۆنموونە لەم چیرۆکەدا دارخورماکان هێمای خوارووی عێراقە، پیرێژنە جگەرسووتاوەکان هێمای دایکانی پێشمەرگەی شەهید و لە سێدارەدراون لەپێناو کوردستاندا، زۆنگاو هێمای عەرەب و خوارووی عێراقە، هەڵۆ هێمای پێشمەرگەی گیانفیدای کوردستانە، نێزە بەدەستەکان هێمای چەکدارانی ڕژێمی داگیرکەرە، ڕاوچییەکان هێمای پیاوانی ڕژێمن.. ئیدی لەم چیرۆکەدا نیشاندانی جەنگ و کێشمەکێشی نێوان دەسەڵات و خەڵکە، ئەویش خەڵکی کوردستان بەدەست ڕژێمە یەک بەدوای یەکە داگیرکەرانی کوردستانەوە، کە نەیانهێشتووە میللەتی کورد ئاسوودە بژیەت، بەڵکو هەمیشە ویستویانە لەژێر دەستەیی دابێت بۆیەش کورد هەمیشە لەجەنگ و بەرگری دابووە.

٣- بەکارهێنانی چەندان تەکنیکی هونەریی لەوانەش دانانی چاپتەر کە لەم چیرۆکەدا چاپتەرەکان ژمارەیان بۆ دانراوە و بریتییە لە (١٤) چاپتەر، هەروەها بەکارهێنانی مۆنتاجی کات و شوێن و تەکنیکی تەداعی و فلاش باک و بروسکەیی نووسین لەگێڕانەوەدا کە بەهۆی زمانە



شیعرییەکەی کاکەمەم لە دەربڕین سەرکەوتوو بووە، هەروەها کۆتایی چیرۆکەکەش بەکراوەیی جێهێشتراوە کە ئاواتێکە بۆ بەهارێکی دی کە مەبەستی دەستکەوتنی سەربەخۆییە لەداهاتوودا.

(کاکەمەم بۆتانی) لە چیرۆکەکانی دواتریدا بەتایبەتی کۆمەڵە چیرۆکی (بازنە)دا دەبینین بەکارهێنانی هێما و جەفەنگ وردە وردە لای ئەو کاڵتر دەبێتەوە و چیرۆکەکان ئەو قووڵی و شاردراوەییەیان نامێنێ وەک لەکۆتا چیرۆکەکانی (بوومەلەرزە لەگۆمی مەندا) و لەکۆمەڵە چیرۆکی (سمکۆڵی ئەهریمەن)دا دیمان، بەڵکو چیرۆکەکان لەفەزا و ڕووداو و بونیادی سیاسیشەوە دەترازێن و ڕوو لەبابەتی کۆمەڵایەتی و دەروونی و مرۆڤایەتی دەکەن، ئەمەش نەک تەنیا لای (کاکەمەم بۆتانی)، بەڵکو لای (حوسێن عارف) و چیرۆکنووسانی دیش دەبینین ڕەمز و هێماکان ساکارتر دەبنەوە و چیرۆکنووسەکان لەجیاتی ڕەمز و هێما کار لەدونیای خەیاڵ و فەنتازیا دەکەن و چەندان تەکنیکی نوێی دونیا پەیڕەو دەکەن وەک ڕیالیزمی سیحری و خەیاڵی زانستی و چیرۆکی دەروونیی و دەیان تەکنیک و شێوازی دی، بەتایبەتی دوای قۆناغی ڕاپەڕین و بەدواوە.

ئەگەر تەماشای کورتیلە چیرۆکەکانی (کاکەمەم بۆتانی)یش بکەین کە بریتین لە (٤٥) کورتیلە چیرۆک و ساڵی (١٩٨٨) نووسراون، دەبینین کە چیرۆکنووس لەم کورتیلە چیرۆکانەدا بەتەواوی بەرگی ڕەمز و هێمای لەبەر چیرۆکەکانیدا فڕێداوە و زۆر بەڕوونی و ساکارییەوە ئەم کورتیلە چیرۆکانەی نووسیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی هونەرییەوە، زۆر قووڵ و پڕ مانا و پڕ لە جوانکارین، توانیویەتی بەرجەستەی ئەم ژانە قووڵەی میللەتەکەی بکات کە خۆی لەکیمیابارانی هەڵەبجەدا دەدۆزێتەوە.

ئەم کورتیلە چیرۆکانە ئەوەندە هونەرین خوێنەر واهەست دەکات لەبەردەم شاشەیەکی سینەما دانیشتووە و ڕووداوە جەرگبڕەکان لەپێش چاویدا ڕوودەدەن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە چیرۆکنووس لەسادەییشدا دەتوانێ دەستڕەنگینی خۆی بسەلمێنێ (کاکەمەم بۆتانی)یش لەم کورتیلە چیرۆکانەدا توانا و جوانکاری کورتیلە چیرۆکەکانی نیشانی خوێنەری زیرەک داوە و پێمان دەڵێ لەنووسینی کورتیلە چیرۆکیشدا توانیویەتی هێز و توانای خۆی بخاتەڕوو.

**ئەنجام:**

لەمیانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە کە (کاکەمەم بۆتانی) هەر لەکۆتایی ساڵی (١٩٦٩)ەوە دەستبەرداری چیرۆکی گێڕانەوەی ئاسایی جاران بووە و چیرۆکی بە تەکنیکی نوێ نووسیوە، دواتریش لە بزووتنەوەی (ڕوانگە) و لەگەڵ (حوسێن عارف) و (ئەحمەد شاکەلی) و (تاهیر ساڵح سەعید) و لە دەرەوەی ڕوانگەش (لەتیف حامید) و (سەدرەدین عارف) و (عەبدوڵلا سەراج) و (ڕەئووف بێگەرد) و (ڕەئووف حەسەن) و (محەمەد موکری) و هیدیکەش نوێکاری خۆی ئەنجام داوە.

لە چیرۆکەکانیدا وەک چیرۆکنووسانی دەیەی حەفتاکان و بەدواوە بایەخی بە ڕەمز و جەفەنگ داوەو بە زمانێکی شیعری چڕوپڕ و بروسکەدار و بەکارهێنانی چەندان تەکنیکی دی نوێ کە لەباسەکەدا ڕوونکراوەتەوە نوێکاری کردووە، یەکێک بووە لەو چیرۆکنووسانەی خۆی لەشێوازی گێڕانەوەی ئاسایی جیاکردۆتەوە و گۆڕانکاری خستۆتە ناو بونیادی چیرۆکی کوردییەوە، سوودیشی لە فۆلکلۆر و ئەفسانە و شێوەی حیکایەتخوانی وەرگرتووە بۆ مەبەستی نوێکاری، هەروەها سوودیشی لە ئیدیۆم و پەند و قسەی نەستەق و کەسایەتی ئەفسانەیی و کەرەستە و دەیان تەکنیک و شێوازی دی نوێی دونیا وەرگرتووە بۆ بەرەوپێش بردنی هونەرکاری و نوێکاری چیرۆکەکانی بەتایبەتی بایەخی بەزمان و داڕشتنی ڕستە و پەڕەگراف و دروستکردنی ڕووداو و بابەت و ڕستە و دەستەواژە و داڕشتنی نامەئلووف داوە کە لای خوێنەر پێشتر نەبینراون، بەمەش توانیویەتی ببێتە نوێکارێک لەکاروانی پڕ بەخششی نوێکاری چیرۆکی کوردی.

**سەرچاوەکان:**

١- ئیبراهیم قادر محەمەد، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا ١٩٧٠ – ١٩٨٠، تێزی دکتۆرا لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دا کە پێشکەشی کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر کراوە، چاپی ڕۆنیۆ، چ/١، ئابی، ١٩٩٧.

٢- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، چاپخانەی ڕەنج، چ/١، سلێمانی، ٢٠٠١.

٣- کاکەمەم بۆتانی، مەلە لە ئازارەکاندا، کۆچیرۆک، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ/١، هەولێر، ٢٠١٧.

# عەلی خالید حەمید .. کێیە؟



نەوزاد عەلی ئەحمەد



ژینگە، وەک فەزایەکی زیندوو، پانتاییێکی فەرامۆش نەکراوە بۆ سۆراغ و دۆزینەوەی هێڵی کار و بەرهەمی ئەدیب و نوسەران.

ئەو شوێنە راستەوخۆ، یاخود ناڕاستەوخۆ کاردانەوەی هەیە، بەتایبەتیش بۆ ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لەدەقێک، پێویستمان بە ناسین و ناسینەوەی ئەدیب هەیە.

ئەوەی لە دونیای نووسین و ڕەخنەی ئەدەبی ئێمەدا بەهەند وەرنەگیراوە، ژینگە و ئەو ڕووبەرەیە کە ئەدیبی ئێمە تیایە پەروەردە بووە و گەشەی بە ژیان و بەرهەمەکانی داوە، ناکرێت لە نالی، گۆران، شێرکۆ بێکەس بدوێین و کار لەسەر بەرهەمەکانیان بکەین، بەڵام زانیاری وردمان دەربارەی ژیان و ژینگە و ژیاننامەیان نەبێت!

کاکەمەم بۆتانی یەکێکە لەو ئەدیبانەی وابەستەیەکی گرێدراوە، بەو ژینگەیەی تێدا لەدایک بووە و پەرەی بە بەرهەمەکانی داوە، سیاسەت و حزبایەتی بەشێکی زیندووی نێو چیرۆک و رۆمانەکانییەتی، لەچەند بەرهەمێکیدا، هەوڵدەدات خۆی لەو بازنەیە دەرباز بکات، بەڵام دیسان بەرەو هەمان بازنە شۆڕدەبێتەوە!

> “ کاکەمەم بۆتانی وەستای هێما و نیشانەگەلێکە، تا ئێستا ڕەخنەگری ئێمە زۆر گرنگیان بەو دیوە لە بەرهەمەکانی نەداوە! ”

ژیانی نووسەر و ئەدیبان پڕە لەنهێنی و دیوی دیکەی ژیانکردن، کە بەهێما و نیشانە و ئاماژەی خواستراو خۆیان پەڕاندۆتەوە. کاکەمەم بۆتانی وەستای هێما و نیشانەگەلێکە، تا ئێستا ڕەخنەگری ئێمە زۆر گرنگیان بەو دیوە لە بەرهەمەکانی نەداوە!

ئەوەی لەم کورتە نووسینەدا گەرەکمە هەڵوەستەی لەسەر بکەم، ساغکردنەوەی ناوێکی نهێنیگیر و خواستراوی ئەدیبی ناوبراوە. ئەو بەهۆی ئەو ژینگەیەی ئاماژەم پێداوە، پێوەندیی بەردەوامی لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و زۆربەی ئەو نووسەر و ئەدیبانە هەبوو، کە لە شاخ پێشمەرگە بوون، بەتایبەتیش لەگەڵ دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی نووسەرانی کوردستاندا، ئەوەندەی تائێستا بۆم ساغ بۆتەوە، کتێبێک و چیرۆکێکی لەشاخ چاپ و بڵاوبۆتەوە، هەردوو بەرهەمەکەی بەناوی خواستراوی (عەلی خالید حەمید) چاپ و بڵاوبوونەتەوە. کتێبەکەی بەم ناونیشانەیە (لە دووتوێی یاداشتی شاردا) بەبۆنەی دووسەد ساڵەی دامەزراندنی شاری سلێمانی چاپکراوە. باس لەماوەی حوکمدارێتی شێخ مەحمود دەکات، ئەم کتێبە یەکێکە لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ساڵی (١٩٨٤) لە چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ چاپکراوە. (دەروێش برایم لە بێشکەی سزادا) چیرۆکێکی نووسەرە و لەژمارە تایبەتییەکەی (چیرۆک)ی گۆڤاری (نووسەری کوردستان) ژمارە (٨) بڵاوبۆتەوە و (١١) لاپەڕەی گۆڤارەکەی بۆ تەرخانکراوە، ئەو ژمارەیە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٨٤ دەرچووە.

(عەلی خالید حەمید) لە چییەوە هاتووە؟!

وەک لەخۆیم بیستووە (عەلی) واتە (عەلی عەسکەری) (خالید) واتە (خالید سەعید) کە بە (د.خالید) ناسراوە، هەردووکیان دوو سەرکردەی ڕێبازی کوردایەتی بوون لە کارەساتی هەکاری ساڵی ١٩٧٨ شەهید کراون.

(حەمید) واتە (حەمید باتاسی) کە لەسەرەتای خەباتی چەکداری ساڵی ١٩٧٧ شەهید کراوە.

گرێدانی هەرسێ ناوەکە (عەلی، خالید، حەمید)، بەشێکە لە ڕەهەندی ژینگەی خەبات و خزمایەتی.

هەروەها دەمەوێت لە کۆتایی ئەم کورتە وتارەدا ئەم زانیارییەش تۆمار بکەم، کە بەم دواییە بۆم ساغ بووەوە، لە ژمارە (١١)ی گۆڤاری (نووسەری کوردستان)، کە ساڵی ١٩٨٦ دەرچووە، بابەتێکی درێژی لەژێر ئەم ناونیشانەدا (ئەدەیب و ئەدیبی شۆڕشگێڕ) نووسیوە، بابەتەکەی بە ئیمزای (ئاسۆ)، نەک (عەلی خالید حەمید) بڵاوبۆتەوە.






# تەوەرێکی تایبەت

## لەبارەی پەیماننامەی لۆزان

- ***چواردە خاڵەکەی سەرۆک ویدرۆ ویلسن***

شەفیقی حاجی خدر

- ***میساقی میللی و پەیماننامەی لۆزان هەڵەی کورد بوون، یان خیانەت؟***

خالید هەرکی

- ***لۆزان لە ساڵی (٢٠٢٣)دا .. ستراتیجیەتی تورکیا و بێ ئاگایی سەرکردایەتی کورد***

مەسعود عەبدولخالق

- ***پەیماننامەی لۆزان دوای ١٠٠ ساڵ***

شاناز هیرانی

- ***پەیماننامەی لۆزان یان تاوانێکی گەورەی سەدەی بیست***

کاوە نادر قادر

# چواردە خاڵەکەی سەرۆک ویدرۆ ویلسن

**شەفیق حاجی خدر**



ئاشکرایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک پێویست و وەک ئیمپراتۆرەکانی دیکە نەچووبووە نێو جەنگی یەکەمیی جیهان، هەربۆیەشە لەکۆتایی جەنگەکەدا، وەک بریتانیا و فەرەنسە دەستکەوتی دوای جەنگەکەی نەڕنییەوە. دەشگوترێ تادوای جەنگیش وڵاتە یەکگرتوەکان نەبووبووە ئەو زلهێزەی سەردەمی جەنگی دووەم، خۆ ئەو قسەیەش هەر هەیە ئیدی ئەو جەنگە و لێکەوتەکانی بووە مایەی بچووکبوونەوەی هێزی زلهێزەکانی جیهان لەنێویشیاندا بریتانیای مەزن، ئەوەی دەگوترا هەرگیز خۆری لی ئاوانابێ.

هەرچۆنێک بێ، لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمدا هەرچەندە وڵاتە یەکگرتووەکان کاریگەریانە بەشداری تێدا نەکردبوو، لەوانەشە پێگەی جوگرافی و هێز و بەرژەوەندییەکانی وای لێکردبێ، کەچی کۆتاییهاتنی جەنگ و دادۆشانی دەوڵەتە براوەکانی بەدەرفەت زانی، بەتایبەتیش دوای کشانەوەی ڕووسیای پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەڕێکەوتننامە دووقۆڵی و سێ قۆڵییە ژێربەژێرەکانی، نەخاسمە ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ لەگەڵ هەر یەک لە بەریتانیا و فەرەنسا، بەڵکو بە بەهێزی خۆی نیشان بدا و لەپێگەیەکی وەهادا بێ بازووی خۆی نمایش بکا و خۆی بۆ قۆناغی داهاتوو بەشێوەیەکی دیکە بێنێتەپێشەوە. بەجۆرێک زیاتر لەنەتەوە بندەستە و دۆڕا و بچووکەکان بچێتەپێش و ببێتە دەمڕاستیان.

ئەوە بوو تۆماس ویدرۆ ویلسن (١٨٥٦-١٩٢٤) لە هەژدەی کانوونی دووەمی ١٩١٨دا لەبەردەم کۆنگرێسی ئەمریکادا دوانێکی دا، دوانەکە بووە بوویەرێکی مێژوویی، دوانەکە لە پێشبەندێک و چواردە خاڵ و پاشبەند پێکهاتوە، لەمێژووی سیاسییدا بە دوانی چواردەخاڵەکەی ویدرۆ ویلسن، یان بە چواردە بنەماکەی ویلسن ناوی دەرکرد.

ئەوەی ڕاستی بێ، ئەم وتارە، یان ئەم دوانەی سەرۆکی ئەمریکا لەسیاسەت و قانونی نیودەوڵەتی دوای جەنگدا پێگەیەکی قانونییانەی زۆر بەرزی بۆ خۆی کردەوە، چونکە ڕاشکاوانە لەچارەنووسی ئەو نەتەوە بندەستانە دوا کە پێشتر لەبن قەڵەمرەوێتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون، یان هەرهیچ نەبێ وەک بەڵگەنامەیەکی قانونی مێژوویی لەبارەی جەختکردنەوە و ناساندنی بنەمای خۆسەری، یان مافی خۆبڕیاردانی چارنووس چووە نێو تۆمارگەی مێژوو.

ئەوەی لەبارەی خۆبڕیاردانی مافی چارەنوس لەمێژووی سیاسییدا جێگەی تێبینی و مایەی تێڕامان بی، بەدەر لەلایەنە فەلسەفییەکەی، کە خۆی لەشیکردنەوەی فەلسەفی سیاسییانەی بیرمەندەکانی فەرەنسا و دەرچەی شۆڕشە مەزنەکەی فەرەنساوە دەبینیتەوە، کەچی لەلایەنی بانگەوازی سیاسییانە و کردەییەوە زیاتر مۆری ئەمریکایی بەنێو چاوانەوەیە. وێڕای ڕەوایەتی بە بنەماگرتنی ئەو مافە لەسەربەخۆیی ئەمریکا لە ١٧٧٦دا دەبینین لەسەلماندن و بانگەوازکردن بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس. پەنجەی شایەتمانی بۆ دوو سەرۆکی ئەمریکا ڕادەهێشترێ.

مافی خۆبڕیاردانی چارەنووس وەک بنەمایەک بۆ دوانەکەی جێمس مۆنرۆ (١٨١٧-١٨٢٥) ی پێنجەمین سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەڕێتەوە، ئەو دوانەی لەلاپەڕەکانی مێژووی سیاسیی

و قانونییدا بە ڕێبازی مۆنرۆ ناسراوە، ئەو بنەمایانەی لەڕێبازەکەیدا هاتبوون لە ١٨٢٣دا سەرەداوەکەی دەرکەوتبوون، کەچی بەتەواوی تاساڵی ١٨٥٠ پەردەی لەسەر لانەدرا. ئەوەی بە ڕێبازی مۆنرۆ ناسرا، لەسەروبەندی ڕزگاربوونی کۆلۆنەکانی ئەمریکادا بوو لەدەستی کۆلۆنیالی ئیسپانی، بۆ ئەوەش بوو ڕێ لەدەوڵەتە ئەورووپییەکان بگرێ تادەست نەخەنە نێو کاروباری وڵاتە سەربەخۆکان و ئیدی بڕیاری خۆیان بەدەستی خۆیان بێ. هەر ئەم ناوەڕۆکەش وایکرد پایتەختی دەوڵەتی مەنرۆڤیا لەرۆژئاوای کیشوەری ئەفریقیا بەناوی مۆنرۆ بکرێ و ببێتە مەنرۆڤیا.

هی دووەم جاریش لەسەروبەندی کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهان و دوانە بەناوبانگەکەی ویدرۆ ویلسن بوو.

ئەوەی ڕاستی بێ، ئەم دوو دوانانە، چ ڕێبازی مۆنرۆ و چ چواردە خاڵەکەی ویلسن بوونە بنەمایەکی قانونی، بوونە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری نێودەوڵەتی بۆ ڕەوایەتی داخوازی نەتەوە بندەستەکان و دەستگرتنیان بە بنەمای مافی خۆبڕیاردانی چارەنووس.

کاتێکیش وڵاتە براوەکانی جەنگی یەکەم کەوتنە مشتومڕ لەسەر دابەشکردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی، ئەوسا ئەو بنەمایانەی ویلسن بە زەقی و بە گوڕ هاتنە پێشەوە. بۆیە کاتێک باسی سەربەخۆبوونی دەوڵەتەکانی ئەوکات دەکرێ، کاتێ باسی ڕەوایەتی سەبەخۆبوونی نەتەوە بندەستەکانی ئیمپراتوریەتی عوسمانی دەکرێ، ڕاشکاوانە پەنجە بۆ خاڵی دوازدەهەمینی وتارەکەی ویلسن ڕادەهێشترێ، کە تەرخانە بۆ پاشماوەی لەبارییەکهەڵوەشاوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، بەوەی بەشە تورکەکەی سەروەری خۆی بۆ بپارێزێ و باقی نەتەوەکانی دیکەش مافی خۆبەڕێوەبردنیان پێبدرێ و ئاوی دەردەنیلیش بۆ کەشتیرانی نێودەوڵەتی کراوە بێ.

دیارە ئەو دابەشکردنە و خەتخەتدانی خاکی خۆرهەڵاتی ناوین دوای جەنگ لەسەر دەست و بەپێی بەرژەوەندی هەریەک لە بەریتانیا و فەرەنسا هاتەئارا، لەکۆنگرەی ئاشتی لە پاریس و ڕێککەوتننامەکانی سان ڕیمۆ و سیڤەر و لەهەمووشیان کردەییتر ڕێککەوتننامە شوومەکەی سایکس پیکۆ، ئەوەبوو وڵاتانی بەلکان بە شێوەیەک لە شێوەکان لەچنگی تورک ڕزگاریان بوو، بە مافی خۆسەریی گەیشتن، هەروەها عەرەبیش چەندین دەوڵەتیان بۆ دامەزرا، کەچی نەتەوە بندەستەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی، لەپێش هەمووشیانەوە کورد، هەر وەک پێشتر بە بندەستی مایەوە، ئەمجارەیان دابەش بووە سەر دوو دەوڵەتی عەرەبی لە سوریا و عێراق و پارچە هەرە گەورەکەشی دوای سەرکەوتنەکانی مستەفا کەمال لە ڕێی ڕێککەوتننامەی شوومی لۆزانەوە هەر بە بندەستی تورک مایەوە. ئەوەی ڕاگوزەریانەش سەرنجی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی لۆزان و ئەو چواردەخاڵەی ویلسن، نەخاسمە خالی دوازدەمەمینی بدا، دەبینیت پیشێلکارییەکی زەقوزۆپی تێدایە. ئەمەش سەلمێنەری بنەمایەکی دیکەی عورفی هێز و ئەمری واقیعی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو بوو، بەوەی کاتی شەڕ دهەڵدەگیرسێ و تۆپ دەتەقێنرێ و دکتاتۆر خۆی دەسەپێنێ، ئەوا بنەما مافخوازەکانی قانونی نێودەوڵەتی هەڵدەسەپینرێن!

**دەقی دوانەکە: ٨ی کانوونی دووەمی١٩١٨**

**جوامێرانی کۆنگرێس:**

جارێکی دیکە هەروەک پێشتریش دووبارە کراوەتەوە، وتەبێژانی ئیمپراتۆریەتەکانی ناوەندی، ئاماژەیان بەحەزی خۆیان بۆ تاوتوێکردنی جەنگ و بنەمای ڕێتێچووی ئاشتی گشتیی داوە. دانوسانندکاران لە برێست –لیڤستۆک لەنێوان نوێنەرانی ڕووسی و نوێنەرانی هێزەکانی ناوەندی لەپێشوەچوون دان سەبارەت بە ڕاکێشانی سەرنجی هەموو لایەکی پەیوەندیدار بەجەنگ بۆ ئەوەی بانگبکرێن بۆ ئامانجی دڵنیابوون بە ئەگەری ئەوەی ئەو دانوسانە بەرفرەوانتر بکرێ تا لەبارەی هەلومەرجی ئاشتی و چارەسەری ببێتە کۆنفرانسێکی گشتیی.

نوێنەرانی ڕووسیا وەنەبێ هەرلێدوانێکی تەواوعەیاریان سەبارەت بە بنەماکان پێشکەشنەکردبێ، کە دەکرێ ئاشتی لەخۆبگرێ، بەڵکو بەرنامەیەکی یەکلاکەرەوەشیان

> **“ مافی خۆبڕیاردانی چارەنووس وەک بنەمایەک بۆ دوانەکەی جێمس مۆنرۆ (١٨١٧-١٨٢٥)ی پێنجەمین سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەڕێتەوە ”**



> **“ ئەوەی ڕاگوزەریانەش سەرنجی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی لۆزان و ئەو چواردەخاڵەی ویلسن، نەخاسمە خالی دوازدەمەمینی بدا، دەبینیت پیشێلکارییەکی زەقوزۆپی تێدایە ”**

بۆ کردەنیازی کۆنکریتانەی ئەم بنەمایانە داڕشتووە. نوێنەرانی هێزەکانی ناوەندیش بەنۆرەی خۆیان سەرەداوی چارەسەرییان خستووەتەڕوو، هەرچەندە یەکلابوونەوەی کەمتریشی تێدابیت، بەڵام دیارە بۆ لێکدانەوەی لیبرالییانە وروژێنەرە تا ئەو بەرنامەیەی بە هەلومەرجی پراکتیکییان، کە بۆیان زیادکردووە، جێبەجێبکرێ.

ئەم بەرنامەیەش هیچ سازشێکی نەبۆ سەروەری ڕووسیا و نەبۆ ئەو خەڵکانەی چارەنووسیان کەوتۆتە بەردەستیان تێدایە، بەڵام بە گوێرەی وتەکانی هێزەکانی ناوەند، واتای ئەوە دەگەیەنێ، لەهەر بستە زەوییەک –هەموو پارێزگا، هەموو شارێک و هەموو پنتێک تێیدا پێشڕەوییان کردبێ– کە پێیان لەسەر ناوە و داگیریان کردەووە وەک ئەوەی بەشێکی زیادیان بۆ خستبێتە سەر خاکی هێزەکانیان بمێننەوە.

خەملاندنێکی ئاوەزمەندانەیە کە بنەما گشتییەکانی چارەسەرکردن، ئەوەی بۆ یەکەم جار و لەبنەڕەتییەوە پەیوەست بوو بە دەوڵەتمەدارە لیبراڵەکانی ئاڵمان و نەمسا، ئەو پیاوانەی سەرەتا هەستیان بەهێزی بیر و ئامانجی گەلەکانیان کرد، لەکاتێکدا مەرجە کۆنکرێتییەکانی چارەسەری هەنووکەیی لەو سەرکردە سەربازیانەوە هات، ئەوانەی هیچ بیرۆکەیەکیان نەبوو تەنیا پاراستنی ئەوەی دەستیان کەوتووە نەبێ.

دانوساندنەکانیش پچڕان. نوێنەرانی ڕووسیا ڕاستگۆ و پەرۆش بوون. ئەوان ئەو پێشنیازانەی داگیرکاری و باڵکێشبوونیان پێ هەرس نەکرا. هەموو پێشهاتەکە پڕ لەئاماژەی واتادارە. هەروەها پڕ لەحەیرانبوونیشە. تۆ بڵێی نوێنەرانی ڕووس لەگەڵ کێدا ڕێکبکەون؟ نوێنەرانی هێزەکانی ناوەند قسە بۆ کێ بکەن؟ ئایا ئەوان قسە بۆ زۆرینەی نوێنەرایتییە پەرلەمانەکانیان دەکەن، یاخود بۆ کەمینەی حزبەکان، کەوا کەمینەی سەربازی و ئیمپریالیستیانە بەجۆرێک بەسەر تەواوی سیاسەتیاندا باڵکێشە و جڵەوی کاروباری تورکیا و دەوڵەتەکانی بالکانیان لەبەردەستە، بەوەی کە هەست بەو پابەندییەی هاوکاریان لەجەنگدا دەکەن؟

نوێنەرانی ڕووس زۆر ڕەوایانە و زۆر هۆشمەندانە و بەگیانی دیموکراسیی نوێوە جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە ئەو کۆنفرانسانەی لەگەڵ دەوڵەتمەدارانی تورکی و تیۆتۆنیک/ ئاڵماندا گیراوە، دەبووایە کۆنفرانسی کراوەبان، نەوەک لە پشت دەرگا داخراوەکان بوونایە، هەروەک دەشخوازرا هەموو دونیاش ئاگایان لێبووایە. کەواتە تۆبڵێی گوێ لەکێ گیرابێ؟ گوێ لەو کەسانە گیرابێ کە بە گیان و نیازی چارەسەری ڕایشتاخی ئاڵمانی لە نۆی تەمووزی ئەو دواییە گیرابێ، گوێ لەگیانی نیازی سەرکردە لیبراڵە حزبە ئاڵمانەکان گیرابێ، یان ئەوانەی بەرگری و داڕسانە ئەو گیان و نیازە و سوور بوون لەسەر داگیرکاری و چەوساندنەوە؟ یان لە ڕاستییدا بە شێوەیەکی چارەسەرنەکراوی و بە کراوەیی و دژبەرییەکی کەساسانە گوێمان لەهەردووکیان دەگرین؟ ئەمانە پرسی زۆر جدی و ئاوسن. ئاشتی جیهانیش بەندە بە وەڵامی ئەم پرسانە.

لێ دەرەنجامی ئەو گفتوگۆی دژەکان لە بریست –لیتۆڤیسک هەرچییەک بێ، ئەو ئاڵۆزی و پشێویەی ڕاوێژکاری و ئامانجی ئاخێوەران بەزمانی ئێمپراتۆریەتە ناوەندەکان هەرچییەک بێ، ئەوان دیسان هەوڵیانداوە جیهان بە ئامانجەکانیان لە جەنگەکەدا ئاشنا بکەن و دیسان داڕسانەوە مێملەکانیان، تا بڵێن کەوا ئامانجیان و چارەسەریان بۆ کێشەکان چییە؟ کە بەلای ئەوان ڕەوا و گونجاوە. هیچ هۆکارێکیش لەئارادا نییە کە بۆچی ئەو داڕسانە وەڵام نەدرێتەوە، وەڵامدانەوەیەک بەو پەڕی ڕاوشکاویەوە.

ئێمەش چاوەڕێی ئەوەمان نەکرد، نەوەک جارێک بەڵکو لەهەر کات و دەرفەتێکدا بە پێناسەی ئاشکراو ڕوون و لێبڕاوانەوە و بە دەستەواژەی تەواو ماناوە مەرج و دۆخی چارەسەری پێویستمان خستووەتەڕوو. لەدوا هەفتەی ڕابردوو لەگەڵ مستەر لوید جۆرجدا بەوپەڕی سەرسامی ڕاشکاویی و بە سەرسامبوون بە گیانی گەل و حکوومەتی بریتانیای مەزنەوە قسەمان کرد.

خۆی هیچ ئاڵۆزی و پشێویەک لەنێو ڕاوێژی نەیارانی ناوەندی هێزی زلهێزەکاندا نییە، هەروەها هیچ نادڵنیایی لەبنەماکانیشدا نییە، ناڕوونی لەوردەکانیشدا هەر نییە. تاکە نهێنی ڕاوێژ، تاکە کورتهێنی لەڕاشکاوی نەترس، تاکە شکست لەناڕوونی پێناسە بۆ ئامانجەکانی جەنگ دەکەوێتە سەر شانی ئاڵمان و هاوپەیمانەکانی. پرسی مەرگ و ژین بەندە بەو پێناسانەوە. هیچ دەوڵەتمەدارێک کە بەلای کەمییەوە هەستی بەرپرسیارێتی هەبێ، ڕێگە بەخۆی نادا بەهیچ شێوەیەک هیچ هەنگاوێکی دیکە لەگەڵ ئەو تراژیدیایە بڕوا و ئەو خوێنڕێژی و دادۆشینەی گەنجینە بەردەوام بێ، مەگەر

تا ئەوسەی بڕوابوون پێی وابێ ئەم قوربانییە کوشندانە بەشێکن لەژیانی کۆمەڵگە خۆی و خەڵکەکەش، ئەوانەی بەناویانەوە دەدوێ لەو بڕوایەدان کە ئەوەی ئەو دەیکا ڕاستە و شتێکی حەتمیشە.

لەوەش زیاتر، دەنگێک بۆ پێناسەکردنی بنەما و مەبەستەکان هەیە، بەلای منەوە ئەو دەنگە زیاتر هەژێنەرە و قەناعەتپێکەرە لەهەر دەنگ و ژاوەژاوێکی دیکە، کە ئەو جیهانەی پڕ لەئاژاوە کردووە. ئەمەش دەنگی گەلی ڕووسە.

ئەوان ماندوو و شەکەت و خەریکە دادەهێزرێن، پێدەچێ لەبەردەم هێزە شوومەکەی ئاڵمان وابن، کە تا ئێستا بەهیچ سۆز و بەزەییەک نەناسراوە. ئەم هێزەیان، پێدەچێ لەباریەک هەڵوەشابێ. کەچی هێشتا گیانەکەیان دەستەمۆ نەکراوە. ئەوان نەلەبن بنەما و نەلەبن کردەیەکدا دەچەمێنەوە. تێگەیشتنی ئەوان لەوەی چ شتێک هەقە، ئەوەی بۆ مرۆڤایەتی ئەوان گونجاو و شیاوە تا پێی قایل بن، زۆر بەڕوونی دربڕاوە، نواڕینی بەرفرەوانی ئەوان و بەخشندەی ڕوحیانەتیان و هاوئاوازی مرۆڤایەتی جیهانی دەبێ دابڕسێنە سەرسامی هەموو دۆستێکی مرۆڤایەتی، ئەوانیش ڕەتیان کردەوە بەوەی بەها باڵاکانیان بگونجێن یاخود واز لەخەڵکانی دیکە بهێنن، کە بە هۆیەوە خۆیان سەلامەت دەبن.

ئەوان بانگیان کردین تائەوەی لەنیازیاندا هەیە پێمان ڕابگەیەنن، ئیدی بە هەر شێوەیەک بێ، ئەوا ئامانج و گیانی دنەدەری ئێمە لەگەڵ هی ئەوان جیاوازە. بڕواشم وایە گەلی وڵاتە یەکگرتووەکان دەیانەوێ وەڵامێکم هەبێ، وەڵامێک بەوپەڕی ڕوونی و ڕاشکاوی بێ. هەرچۆنێک بێ، سەرۆکە هەنووکەییەکانی ئەوان بڕوا بکەن، یان نەیکەن، ئەوا خواستی ناخی دڵمان و هیوای ئەوەی کە دەبێ دەروویەک بکرێتەوە بەشێوەیەک، بەڵکو ئێمە دەرفەتی ئەوەمان هەبێ یارمەتی ڕووسەکان بدەین بگەنە ئەوپەڕی هیوا بۆ ئازادی و ئاشتییەکی سیستماتیک.

هەر دەبێ ئارەزوو و ئامانجی ئێمە ئەوەبێ، کە پێواژۆی ئاشتی هەر لەدەستپێکییەوە، دەبێ بە ڕەهاییەوە کراوە بێ و دەبێ لەئێستاش بە دواوە پەیوەندیدار بێ و ڕێگە نەدا هیچ بەدحاڵیبوونێک بهێنێتە کایەوە.

ڕۆژی داگیرکاریی و کەڵەگایی بەسەرچوو، هەروەها ڕۆژی پەیمانە نهێنییەکانیش چووە نێو بەرژەوەندی چەند حکومەتێکی تایبەت و پێدەچێ لە هەندێ حاڵەتدا بۆ شێواندنی ئاشتی جیهان بێ. ئەمەش ڕاستییەکی شادمانییە، ئاخر ئێستا بەڕوانینی هەموو کەسێکی گشتیی ڕوون و ئاشکرایە، ئەوەی هزرەکانی چیدی بە سەردەمێک نەبەستراوەتەوە، کە مردووە و بەسەرچووە، ئەمەش ئەو توانستە دەهێنێتەپێشەوە، کە هەر نەتەوەیەک ئامانجەکانی لەگەڵ چەسپاندنی دادپەروەری و ئاشتی بۆ جیهان تێکبکاتەوە، ئەوا لەبەرچاوبگیرێ و دانیپێدابنرێ.

ئێمە بۆیە چووینە نێو ئەم جەنگە، چونکە ماف پێشێلکرا و بە شێوەیەک ئێمەشی گرتەوە و ژیانی خەڵکی ئێمەی هەراسان و ئەستەم کردبوو، هەردەبوایە دۆخەکە چاکبکرێتەوە و جیهان جارێکی دیکە لەدژی پێشلکارییدا ئاسایش بکرێتەوە. بۆیە ئەوەی ئێمە لەو جەنگە داخوازمانە، هیچ شتێکی تایبەت بۆخۆمان نییە. بۆ ئەوەیە جیهان وابگونجێدرێتەوە کە بەئاسایشی تێدا بژین، بەتایبەتیش بۆ هەموو نەتەوەیەک هەروەک نەتەوەکەی خۆمان بێ، بەجۆرێک نەتەوەکە ژیانی خۆی هەبێ و خۆی بڕیار لەسەر داموزدەگاکانی خۆی بدات، ئاسایشی دادپەروەریی و ئاشتی ئاسایش بەرقەرار بێ هاموشۆی لەگەڵ گەلانی جیهان هەبێ و دژی هەر بەدهێزی و دەستدرێژییە خۆپەرستانە بێ. هەموو نەتەوەکانی جیهان بە کردەوە لەم بەرژەوەندیەدا هاوبەشن، بە دەوری خۆشمان زۆر ڕوون و ئاشکرایە کەوا تا دادپەروەریی بۆ ئەوانی دیکە نەیەتە کایە ئەوا بۆ ئێمەش مەیسەر نابێ.


THE TEXT OF THE FOURTEEN POINTS

PRESIDENT WILSON'S Fourteen Points, as set forth in an address made before the joint session of Congress, on January 8, 1918.

1 Open covenants of peace openly arrived at, after which there shall be no private international understandings of any kind, but diplomacy shall proceed always frankly and in the public view.

2 Absolute freedom of navigation upon the seas outside territorial waters alike in peace and in war, except as the seas may be closed in whole or in part by international action or the enforcement of international covenants.

3 The removal, so far as possible, of all economic barriers and the establishment of an equality of trade conditions among all the nations consenting to the peace and associating themselves for its maintenance.

4 Adequate guarantees given and taken that national armaments will be reduced to the lowest point consistent with domestic safety.

5 A free, open-minded and absolutely impartial adjustment of all colonial claims based upon a strict observance of the principle that in determining all such questions of sovereignty the interests of the populations concerned must have equal weight with the equitable claims of the government whose title is to be determined.

6 The evacuation of all Russian territory, and such a settlement of all questions affecting Russia as will secure the best and freest cooperation of the other nations of the world in obtaining for her an unhampered and unembarrassed opportunity for the independent determination of her own political development and national policy, and assure her of a sincere welcome into the society of free nations under institutions of her own choosing; and, more than a welcome, assistance also of every kind that she may need and may herself desire. The treatment accorded Russia by her sister nations in the months to come will be the acid test of their good-will, of their comprehension of her needs as distinguished from their own interests, and of their intelligent and unselfish sympathy.

7 Belgium, the whole world will agree must be evacuated and restored, without any attempt to limit the sovereignty which she enjoys in common with all other free nations. No other single act will serve as this will serve to restore confidence among the nations in the laws which they have themselves set and determined for the government of their relations with one another. Without this healing act the whole structure and validity of international law is forever impaired.

8 All French territory should be freed and the invaded portions restored, and the wrong done to France by Prussia in 1871 in the matter of Alsace-Lorraine, which has unsettled the peace of the world for nearly fifty years, should be righted, in order that peace may once more be made secure in the interest of all.

9 A readjustment of the frontiers of Italy should be effected along clearly recognizable lines of nationality.

10 The peoples of Austria-Hungary, whose place among the nations we wish to see safeguarded and assured, should be accorded the freest opportunity of autonomous development.

11 Rumania, Serbia and Montenegro should be evacuated; occupied territories restored; Serbia accorded free and secure access to the sea; and the relations of the several Balkan States to one another determined by friendly counsel along historically established lines of allegiance and nationality; and international guarantees of the political and economic independence and territorial integrity of the several Balkan States should be entered upon.

12 The Turkish portions of the present Ottoman Empire should be assured a secure sovereignty, but the other nationalities which are now under Turkish rule should be assured an undoubted security of life and an absolutely unmolested opportunity of autonomous development, and the Dardanelles should be permanently opened as a free passage to the ships and commerce of all nations under international guarantees.

13 An independent Polish State should be erected which should include the territories inhabited by indisputably Polish populations, which should be assured a free and secure access to the sea, and whose political and economic independence and territorial integrity should be guaranteed by international covenant.

14 A general association of nations must be formed under specific covenants for the purpose of affording mutual guarantees of political independence and territorial integrity to great and small States alike.



IT'S THE ONLY WAY OUT, WILHELM!
From the Central Press Association (Cleveland, Ohio)

هەر بۆیە بەرنامەی ئاشتی جیهان، بەرنامەی ئێمەیە، هەروەها ئەم بەرنامەیە تاکە بەرنامەی مومکینە، هەر بۆیە ئێمە ئەوەی خوارەوە دەبینین:

١- پەیماننامەی ئاشتی کراوە، بە ڕاشکاویی بێنەبەردەست، دوای ئەوە نابێ هیچ لێکتێگەیشتنێکی نێودەوڵەتی تایبەت بەهیچ جۆرێکیان سازبکرێ، بەڵام هەمیشە دەبێ ڕێگای دیپلۆماسی ڕاشکاوانە و

لەبەرچاوی گشتییدا بێ.

٢- ئازادییەکی هاتوچۆی ڕەها بۆ ڕێگەی دەریــا، ئەوانـەی لەدەرەوەی بازنەی ئاوی پاوانی نێوخۆ دان، ئەم حاڵەتەش، چ لەکاتی جەنگ، یان ئاشتیدا دەبێ وەک یەک بێ، مەگەر تەواوی دەریا، یان بەشێکی بە ڕێکارێکی جێبەجێکاری پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی داخرابێ.

٣- تا بکرێ هەموو ئاستەنگێکی ئابووری هەڵبگیرێ و هاوشانی بەرابەری لەهەلومەرجی بازرگانی لەنێو هەموو دەوڵەتان دابمەزرێ، ئەوانەی بەدوای ئاشتیدا دەگەڕێن و هاوکاری



لەنێوانی خۆیاندا دەکەن بۆ پارێزگارکردن لێی.

٤-دەستەبەری دروست و بەجێ بدرێ بۆ ئەوەی پرچەککردنی نیشتمانی بۆ ئاستی هەرە نزمی خۆی دابەزێ کە لەگەڵ ئاسایشپارێزی نێوخۆییدا بێتەوە.

٥- گونجاندنێکی تەواوی ئازادانە و ڕاشکاوانە بۆ هەموو داخوازییەکی کۆلۆنیالیانە، ئەمەش لەسەر بنەمای پابەندبوونێکی شێلگیرانە بەو سەرەتایەی، کە بڕیاردەرە لەهەموو ئەو جۆرە پرسانەی تایبەتمەند بە سەروەریی بەرژەوەندییەکانی خەڵکەکەوە هەیە، کە پێویستە بەهەمان قورسایی داواکاریی حکوومەتەکانەوە هەبێ کە بڕیاردەدری هەمان ناوونیشانی حوکمڕانین.

٦- بەجێهێشتنی هەموو هەرێمە ڕووسی و چارەسەری هەموو ئەو پرسانەی پەیوەندیان بە ڕووسیاوە هەیە، دەبێ بەشێوەیەکی ئاسیشپارێزانەی وەهابێ کە ئەوپەڕی ئازادی هاوکاری نەتەوەکانی (دەوڵەتەکانی) دیکەی جیهان بۆ بەدەستهێنانی دەرفەتە بی لەمپەر و ئاستەنگەکەی بڕیاردانی سەربەخۆی خۆیان لەبەرەوپێشبردنی پرسی سیاسی و سیاسەتی نەتەوەییان، هەروەها دامودەزگاکانی خۆیانەوە پێشوازی ڕاستگۆییانەی لەنێو نەتەوە (دەوڵەتە) سەربەخۆکان لێبکرێ، بەڵکو لەپێشوازیش هەورازتر، پشتگیرییان بەهەموو جۆرێک بکرێ لەو بوارانەی پێویستیان پێیەتی و خۆیان داخوازیانە. ئەو ڕەفتارەی لەوچەند مانگەی داهاتوو لەلایەن وڵاتە دەستەخوشکەکان بۆ ڕووسیا دەکرێ، دەکرێ ببێتە سەنگی مەحەک بۆ نیاز پاکی خۆی، بۆ لێتێگەیشتن لەپێداویستییەکانی کە لەبەرژەوەندییەکانی جیای دەکاتەوە، هەروەها بۆ هەماهەنگیی زیرەکانە و خۆنەویستانەی خۆیان.

٧- سەبارەت بە بەلژیک، ئەوا هەموو جیهان کۆکە لەسەر ئەوەی دەبێ چۆڵبکرێ و نۆژەنبکرێتەوە بێ ئەوەی هیچ هەوڵێک بۆ سنووردارکردنی سەروەری بدرێ، ئەوەی لەهەبوونیدا هاوبەشە لەگەڵ باقی نەتەوە ئازادەکانی دیکەدا. هیچ تاکە کردەیەکی دیکە خزمەت ناکا و متمانەی لەنێو نەتەوەکان بەقانون بۆ ناگەڕێنێتەوە، بەوەی کەخۆیان بڕیاردەدەری حوکمڕانی خۆیان نەبن لەپەیوەندییەکانییان لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەدا.

بەبێ ئەو کردە شیفابەخشە ئەوا بونیاد و ڕەوایەتی قانونی دەوڵەتی بە خڕی بۆ هەتا هەتایە بنکۆڵ دەبێ.

٨- هەموو خاکی فەرەنسا دەبێ ئازاد بکرێ و بەشی داگیرکراوەکانی بدرێنەوە و ئەو هەڵەیەی پرووسیا لەساڵی ١٨٧١دا دەرهەقی فەرەنسای لەبارەی ئەلزاس-لۆرین کردووە، ڕاستبکرێتەوە، کە بەهۆیەوە ئاشتی جیهانی بۆماوەی نزیکەی پەنجا ساڵ شڵۆق کرد، ئیدی بۆ ئەوەی جاریکی دیکە ئاشتی بگەڕێتەوە و بەرژەوەندی هەموو لایەک بپارێزرێ دەبێ هەڵەکە ڕاستبگرێتەوە.

٩- دەبێ سنوورەکانی ئیتالیا، ئەوانەی بە هۆیەوە گیرۆدە بوون، بەگوێرەی ناسینەوەی هێڵی نەتەوایەتی هەموار بکرێنەوە.

١٠- گەلانی نەمسا-هەنگاریا، حەزمان لێیە پێگەی ئەوان لەنێو دەوڵەتاندا سەلامەت و پارێزراوبێ، پێویستیشە دەرفەتی ئازادانەیان بۆ بەرەوپێشبردنی ئۆتۆنۆمییان پێبدرێ.

١١- ڕۆمانیا، سێربیا و مۆنتێنێگرۆ دەبێ چۆڵ بکرێن، خاکی داگیرکراو بگەڕێندرێتەوە، پێویستە ڕێگەی دەریای سێربیا ئازاد و ئاسایشی بۆ دابین بکرێ، هەروەها پەیوەندی ئەو چەند وڵاتانەی بەلکان بەیەکەوە بە ڕاوێژی دۆستایەتی بێ، کە بنەمای هێڵی مێژووی لایەنداریەتی نیشتمانییان دیاریدەکا، هەروەها

سەربەخۆیی باری ئابووری و سیاسیی و لەیەکدانەبڕاوی سەروەریی نێودەوڵەتی ئەو چەند دەوڵەتەی بەلکان بۆ دەستەبەر ببێ.

١٢- دەبێ سەروەری ئەو بەشە تورکەی ئیمپراتوریەتی عوسمانی مسۆگەر بکرێ، بەڵام ئەو نەتەوانەی ئێستا لەبن جڵەوی دەسەڵاتی تورکدان، دەبێ دڵنیابکرێنەوە و بەبێ دوودڵیش ئاسایشی ژیانیان بۆ دابینبکرێ و بەبێ هیچ لەمپەرێکیش دەرفەتی بەرەوپێشبردنی ئۆتۆنۆمییان پێبدرێ، دەردەنیلیش دەبێ بە بەردەوامی بۆ هاتووچۆی گشتی و بازرگانی هەموو دەوڵەتان لەژێر سایەی نێودەوڵەتییدا دەستەبەر بێ.

١٣- پێویستە دەوڵەتی سەربەخۆی پۆلۆنی دابمەزرێ، دەشبێ ئەو خاکە دانەبڕاوەی بگرێتەوە کە بەبێ کێشە گەلی پۆلۆنی ئاکنجییەتی، هەروەها دەشبێ ڕێگەی ئازادانەی بۆ گەیشتنە سەر دەریا مسۆگەر بکری بە شێوەیەکیش بێ کەوا سەربەخۆیی سیاسی و ئابووریی و یەکانگیریی خاکەکەی لەلایەن ڕێککەوتننامەی نیودەوڵەتی بۆ مسۆگەر بکرێ.

١٤- پێویستە هاوئاهەنگییەکی گشتیی لەدەوڵەتان لەپەیماننامەیەکی دەسنیشانکراو بەمەبەستی بەدیهێنانی دەستەبەری دوولایەنەی سیاسەتی سەربەخۆی یەکانگیری هەرێمی وەک یەکی دەوڵەتە گەورە و بچووکەکان. هەرچی پەیوەندی بە راستکردنەوەی ئەو ناڕاستییە چارەنووسسازییانە و دەربڕینی نیازپاکییەوە هەیە، ئێمە خۆمان بە بەشدارێکی دڵسۆزانەی هەموو حکوومەت و گەلان دەزانین، ئەوانەی پەیوەندییەکی هاوبەشیان لەدژی ئیمپریالیستاندا هەیە.

ناکرێ ئێمە لەبەرژەوەندییەکان جیابکرێینەوە، یاخود لەئامانجەکان دابڕێین. ئێمە تاکۆتاییەکەی بەیەکەوەین. بۆ ئەو جۆرە تەداروک و پەیوەستییانە، ئێمە ئامادەی ململانێین تا ئەو کاتەی ئامانجەکە بەدی دێ، بەڵام ئەمەشیان تەنیا بۆ ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێ حەق سەرکەوێ و ئاشتییەکی ڕەوا و سەقامگیر بەرپابێ ئەمەش نایەتە دی، تا هەموو ئەو داڕسانە گرنگانەی بۆشەر سەردەکێشن لانەبرین، ئەوەی بەهۆی ئەم بەرنامەیەوە ڕیشەکێش دەکرێ. ئێمە ئێرەیی بە گەورەیی ئالمان نابەین و هیچی وەهاش لەو بەرنامەیدا بۆ بنکۆلکردنی ئەم شتە لەگۆڕیدا نییە. ئێمە هیچ دەستکەوتێکی بۆ ناوازەبوونی لەبواری فێربوون و پڕۆژەی ئاشتییانە بە سووکی سەیرناکەین، ئەوانەی تۆمارەکەی بەڕوونی و گەشاوەیی هێشتووەتەوە و بووەتە مایەی ئێرەییپێبردن، ئێمە نامانەوێ زیانی پێبگەیەنین، یاخود ڕێگربین لەدەستڕۆیشتن و دەسەڵاتی ڕەوای خۆی بەهیچ شێوەیەک. هەروەها ئێمە حەزناکەین چ بەچەک، یان بەرێکخستنی نەیارانەی بازرگانی دژی بوەستینەوە، ئەگەر هاتوو ئەو خۆی بیەوێ لەگەڵ ئێمە و نەتەوە ئاشتیخوازەکانی سەر ئەم گۆی زەمینە بچێتە نێو پەیماننامەی ڕەوا و قانونی، ڕاستیی لەپشک هەبووندا باڵکێش بێ. ئێمە هەر تەنیا ئەوەمان دەوێ کەوا ئەو پێگەی یەکسانیی خۆی لەنێو گەلانی جیهاندا بپەرژێنێ، ئەو جیهانە نوێیەی کە ئێستا تێیدا دەژین، ئەمەش لەبری پێگەی کوێخایەتی.

هەروەها ئێمە بەدوای ئەوەشدا ناگەڕێین، کە هیچ گۆرانکاری و دەستکاری لەدامودەزگاکانی بکات، بەڵام خۆ ئەوە پێویستە، پێویستە ڕاشکاو بین، ئەوە بۆ هەر هاموشۆیەکی زیرەکانە پێویستە ئاخۆ ئێمە لەگەڵ چ لایەک هەڵسوکەوت دەکەین، پێویستە ئێمە ئەوە بزانین ئاخۆ وتەبێژی وڵاتەکە کێیە کە لەگەڵ ئێمە دەوکەوێتە گفتوگۆ، ئاخۆ سەر بە زۆرینەی ڕایستاخە، یاخود سەر بە سوپایە و لەو کەسانەن کە مەیلی پاوانخوازی ئیمپریالیانەیان هەیە.

بە دڵنیاییەوە ئێمە ئێستا بە دەستەواژەی کۆنکرێتی و دوور لەگومان و پرسیار هاتینە زمان. سەرەتایەکی ڕوون و ئاشکراش بەهەموو بەرنامەکەمەوە دیارە کە سەرەداوەکانم باسکردن. ئەویش بنەمای دادوەرییە بۆهەموو گەل و نەتەوەوکان، بنەمای مافی ژیانیانە بەواتای یەکسانی ئازادانە و ئاسایش پارێزانە لەگەڵ ئەوی دیکە، جا چ ئەوان لاواز بن، یاخود بەهێز.

تا ئەو سەرەتایە بەبنەما نەگیرێ، ئەوا هەیکەلی دادپەروەریی نێودەوڵەتی ڕۆنانرێ. بەدەر لەو سەرەتایەش ناکرێ گەلی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ هیچ سەرەتایەکی دیکەدا هەڵسوکەوت بکەن، ئامادەشە سەروماڵ و شەرەف و هەرچی هەیەتی لەپێناویدا دابنێ. مۆرالیش لێرەدا گەیشتۆتە لوتکەی خۆی و کۆتایی جەنگی ئازادیی مرۆڤایەتی، بۆ ئەم کارەش ئامادەیە هەموو هێزی خۆی بۆ بخاتەگەڕ، ئیدی ئامادەیە بەرزترین ئامانج و شەرەف و ناموسی و خۆتەرخانکردنی بۆ لە سەنگی مەحەک بدات.

*** ئەم بابەتە لە ئینگلیزییەوە ئامادە و وەرگێردراوە**

**"هەر نەتەوەیەک، ئامانجەکانی لەگەڵ چەسپاندنی دادپەروەری و ئاشتی بۆ جیهان تێکبکاتەوە، ئەوا لەبەرچاو بگیرێ و دانیپێدا بنرێ"**

# میساقی میللی و پەیماننامەی لۆزان
# هەڵەی کورد بوون، یان خیانەت؟

لەم چەند مانگەی ڕابردوودا لەسەر زاری بەرپرسە تورکەکان زمانی هەڕەشە دەبیستین، باس لەنزیک بوونەوەی مانگی ئابی ٢٠٢٣ دەکەن، گوایە ئەم نزیک بوونەوەیە بە واتای تێپەڕبوونی سەد ساڵ دێت بەسەر پەیمانی لۆزان و گەڕانەوە بۆ (میساقی میللی) و کۆتایی هاتن بە وادەی پەیماننامەی لۆزان و داگیرکردنەوەی باشوری کوردستان (ویلایەتی موسل) کە لەسەردەمی میساقی میللی یەکلا نەبووبۆوە و پێشتر لەژێر دەستی ئەواندابووە، لەسەر ئەرزی واقعیش دەبینین کە هێزەکانی داگیرکەری تورک بە سەدان کیلۆمەتر سنووری باشووری کوردستانیان بەزاندووە و سەربازگەیان لێی داکوتاوە، ئەم هەنگاوە مەیدانیانە و لێدوانەکانی بەرپرسانیان بەتایبەتی لەسەر زاری ئەردۆگان دڵەڕاوکێی خستۆتە نێو هاووڵاتیانی کورد، وایکردووە نوسەر و ڕوناکبیرانمان لاپەڕەکانی مێژووی نیشتمانەکەیان دووبارە هەڵدەدەنەوە و بە مێژووی چاوچنۆکی و دەستدرێژییەکانی تورکدا بچنەوە، هەمیشە داگیرکەر پاساوی داگیرکاریی بۆ مەحافلی نێودەوڵەتی ئامادەکردووە پێشتریش زەمینسازییەکی نێودەوڵەتی و هەرێمیی بۆ پشتگیری، یان لانیکەم چاوپۆشی ڕێکخستوە.



**خالید هەرکی**

لێرەدا مەبەستمە ڕوونی بکەمەوە ئایا میساقی میللی و پەیماننامەی لۆزان هەڵەی کورد بوون، یان خیانەت؟

ڕێککەوتنە نهێنیەکەی (سایکس بیکۆ ١٩١٦) کە بە ئیدارەی فەڕەنسا و بەریتانیا و پیرۆزکردنی ڕووسیا و ئاگاداری ئیتالیا بەڕێوەچوو، لە دابەشکردنی کوردستان بەولاوە هیچ بەرنامەیەکی پشتگیریان بۆ کورد پێنەبوو، وێڕای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی (پیاوە نەخۆشەکە) لە سەرەمەرگدا بوو بەهۆی شکستی لەجەنگی یەکەمی جیهانی مومتەلەکاتەکانی لەسەرمێزی دابەشکردندا بوون لانیکەم دەبوایە کوردستانیان بۆ خاوەنەکەی بگێڕابایەوە بەتایبەت ئەوان ساڵان، تازە (١٤ بنەماکەی ئاشتیی (وودرۆ ویلسۆنی Woodrow wilson) (٢٨)ەمینی سەرۆکی ئەمریکا تایبەت بە مافی چارەی خۆنوسینی گەلان دەرکرابوو، دوای ئەوەش لە دامەزراندنی کۆڕبەندیی نەتەوەکان (عصبة الامم) لە ١٩١٩ ئەم بنەمایانە کرانە بڕیار، لێ مخابن کورد لەم دەستکەوتە نێودەوڵەتیانەش بێبەش کرا. بۆیە کورد بێ ئومێد دەبن، هەرچەندە دوای ئەوە لە ١٩١٩ بە ئامادە بوونی ٣٢ دەوڵەتی سەرکەوتوو لەجەنگی یەکەمی جیهانی کۆنگرەی پاریس بۆ ئاشتی دەبەسترێ و تیایدا پێنج بڕیار و هاوپەیمانی ڕادەگەیەندرێ لەنێویاندا دابەش کردنی مومتەلەکاتەکانی دەوڵەتی عوسمانیی دۆڕاو، هەروەها دامەزراندنی کۆڕبەندی نەتەوەکان (عصبة الامم) و سنووردارکردنی ئەلمانیا، بەڵام وێڕای هەوڵی زۆر، کورد لەو کۆنگرەیەش بێبەش دەردەچن، بۆیە ناچار بوون لە ١٩٢٠/٢/٢٨ میساقی میللی لەگەڵ کەمال ئەتاتورک قەبوڵکەن.

میساقی میللی ئەو ڕێککەوتنە بوو کە لەنێوان کەمال ئەتاتورک و هێزە کوردییەکان ئەنجام درا، ئەو میساقە دان بەوە دادەنێ کە دەوڵەتی تورکیا هی کورد و تورکە، پەیمانی ئەوەش بە کوردەکان درا کار بۆ ئەوە بکەن بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لەگەڵ ئەو دەوڵەتە یەکخەن، بەم لێکدانەوەیە کوردەکان پێیان وابوو یەکگرتنەوەی پارچەکانی دیکەی کوردستان دەبێتە هەنگاوێک بەرەو یەکخستنی کوردستان، بۆیە بەشێکی زۆر لە کوردەکان پێی دڵخۆش بوون.

لە ١٩٢٠/٨/١٠ پەیماننامەی سیڤەر دەردەچێ و لە ماددەی ٦٤،٦٣،٦٢ لە بەشێکی خاکی کوردستان ددان بە مافەکانی کورد دەنرێ. کوردەکان بۆ پشتگیری لە پەیماننامەی سیڤەر و میساقی میللی بەسەر دوو لایەندا دابەش دەبن، هەندێکیان بەلای پشتگیری سیڤەر و هەندێکیشیان بەلای پشتگیری میساقی مللی تورکی. لە پەیماننامەی سیڤەردا هەرچەندە دان بە مافەکانی کورد دەنێن، بەڵام بەبێ پشتگیرییەکی ئەوتۆی نێودەڵەتیی، چونکە ئینگلیز سوپای زەمینی خۆی دەکێشێتەوە و ئامادە نییە لەڕێگەی سوپای زەمینییەوە پشتگیری لەجێبەجێکردنی برگەکانی پەیماننامەی سیڤەر بکات، ئەوان بڕیاریاندا تەنها لەڕێگەی ئاسمانییەوە پشتگیریی لێبکەن، ئیتالییەکانیش سوپاکەیان بەتەواوەتی کێشایەوە و هیچ ئامادەییەکیان دەرنەخست، فەڕەنسییەکان سەرقالی بەشەکەی خۆیان بوون کە خۆراوای کوردستانی دەگرتەوە، لێرەدا کورد لە پێگەیەکی بێهێزدا دەمێننەوە (کەمال ئەتاتورک)یش لە بەهێزبووندا هەڵکشان دابوو.

لە ئاداری ١٩٢١ کۆنگرەی قاهیرە دێت کە تیایدا تورک پێداگری لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی سیڤەر دەکەن، کەمال ئەتاتورک هەموو هەوڵەکانی دەخاتەگەڕ بۆ شکست پێهێنانی سیڤەر و هەڵوەشاندنەوەی، لەکاتێکا ئەوکات کەمال ئەتاتورک لە

گەشەکردنی هێزدا بوو ئینگلیز ڕووی ئاشتەوایی و سازانیان لەگەڵ کەمال ئەتاتورک نیشاندابوو کوردیش بێ پشت و پەنا مابووەوە. ڕووداوەکان لە بەرژەوەندی تورک دابوون، لەشەڕی نێوان تورکیا و یۆنان لە ساڵی ١٩٢٣ تورکەکان بەسەر یۆنانییەکاندا سەرکەوتن، بەوهۆیەوە کەمالیستەکان زیاتر پێداگربوون لەسەر ڕەتکردنەوەی پەیماننامەی سیڤەر.

لە ١٩٢٤/٤/٣ کەمال ئەتاتورک توانی دوایین خەلیفەی عوسمانی (عەبدول مەجیدی دووەم) لەسەر کار لاببا و بۆ دەرەوەی تورکیای دووربخاتەوە و کۆتایی بە خەلافەتی حەوت سەد ساڵەی ئیسلامی بێنێ، کە ئەمەش بۆ ئەورووپییەکان دەستکەوتێکی باش بوو.

لەو کاتەوە کەمال ئەتاتورک دەبێتە ئەستێرە درەوشاوەکەی بەرچاوی ئەورووپییەکان و گوێ لە داخوازییەکانی دەگرن، بۆیە بۆ کۆتایی و شکست پێهێنان بە پەیماننامەی سیڤەر (ئەتاتورک) داوا لە (حەسەن خەیری بەگ) دەکات. (حەسەن خەیری کوڕی مورتەزائاغای سەرۆکی بەشێک لە هۆزی شێخ حەسەنلییە و لە گوندێکی سەر بە دێرسیم لەدایک بووە) لەهەمان کاتدا پەرلەمانتارێکی کورد بوو، داوای لێکرد بەجلی کوردییەوە بێتە پەرلەمان و وتاری یەکسانی کورد و تورک لەم وڵاتە بخوێنێتەوە، ئەمیش ئەمە دەکاو دواتر داوای لێدەکات بەهەمان جل و بەرگەوە وەکو نوێنەری کوردانی تورکیا بچێت بەشداری لە کۆنگرەی لۆزاندا بکات لە ١٩٢٣/٧/٢٤ و پێیان بڵێ کە ئێمەی کورد ڕازی نین لە برا تورکەکانمان جیا بکەنەوە، ئێمە هەردووک نەتەوە خاڵی هاوبەشمان زۆرن، نامانەوێ لەیەک جیا ببینەوە، هەموومان بەیەکەوە لە تورکیا وەکو برا دەژین، ئەمیش ئەو فەرمانەی جێبەجێ دەکا، هەرچەندە ئەمە وتارێکی ئەوەندە کاریگەر و دۆکۆمێنتاری نابێ کە ئینگلیز و فەرەنسا بەهۆیەوە پیلان و بەرنامەکەیان هەڵوەشێننەوە، بەڵام دیارە ئەوانیش هیچ چارەسەرییەکی ئەوتۆیان نەبووە بۆ کوردستان کە دژی مەرامەکانی ئەتاتورک بێت ئیتر لەوکاتەوە برگەکانی تایبەت بە کوردستان لادەبردرێن و داخوازییەکانی تورکان دێتەدی بەڵام چاویان هەر لە ویلایەتی موسڵ بووە لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگا، یان دەرفەتێکدا بوون بۆ ئەنجامدانی مەرامەکانیان.

ئەو هەڵە، یان خیانەتەی حەسەن خەیری کردی لەلایەن کوردان بە خیانەتێکی مەزن دێتە ئەژمار. دیارە دوای ئەوەی (حەسەن خەیری) دەگەڕێتەوە ئەستەنبوڵ (کەمال ئەتاتورک)یش پێگەی بەهێز دەبێ و چنگی خۆی بەتەواوەتی لە جومگەکانی حوکم گیردەکا و بەسەر دوایین سوڵتانی عوسمانیدا زاڵ دەبێ و لە (میساقی مللی) ش تایبەت بە کوردستان پاشگەز دەبێتەوە.

گوایە لەنێو پەرلەمانی تورکیادا حەسەن خەیری بەگژ کەمال ئەتاتورکدا دەچێتەوە، لەسەر ئەوەی لە پەیمانەکانی (میساقی میللی) پەشیمان بۆتەوە، بەو هۆیەوە ئەوی تووشی ئەو ئابڕوچوون و خیانەتە کردووە و لەبەرانبەر گەلەکەی ڕووڕەش و شەرمەزار ماوەتەوە.

هێرشی توند دەکاتە سەر کەمال ئەتاتورک دەڵێن دەمانچەشی لێ هەڵکێشاوە، دوای ئەوە حەسەن خەیری و چەند بەرپرس و ناودارێکی دیکەی کورد لەچەند هەڵمەتێکدا دەستگیر دەکرێن، حەسەن خەیری لەگەڵ خالد بەگ جبران لە ساڵی ١٩٢٥ بەیەکەوە لەسێدارە دەدرێن.

دەبێ هۆکاری دیکەش هەبووبێ کە حەسەن خەیری و چەندین سەرکردەی دی کوردی، لەوانە شێخ سەعیدی پیران، خالد بەگ جبران بە پەیماننامەی سیڤەر ڕازی نەبوون، دواتریش ئەوانیش لەسێدارە دەدرێن، هۆکارەکان ئەوەبوون کە چەندین هەرێم و ناوچەی کوردستان لە باکور و خۆراوا و باشور، پەیماننامەی سیڤەر نەیدەگرتنەوە.

سەرباری ئەمەش پانتاییەکی زۆر لە خاکی کوردستان لە خۆرهەڵاتی باکوری کوردستان دەدرایە ئەرمەنەکان کە ئەمریکا پشتگیری لێدەکردن، ئەوەبوو لەنێو خەڵکەکەش وابڵاو کرایەوە کە ئەمە پڕۆژەیەکی ئەمریکییە خاکی کوردان بە ئەرمەن و عەرەب و فارسەکان دەبەخشێ بەو هۆیەوە بەرەیەکی بەهێز، یان لانی کەم خەمساردیەکی بەهێز دژی پەیماننامەی سیڤەر هەر لەنێو کوردان دروست دەبێ، لەڕووی پاساییشەوە هیچ هێزێکی نێودەوڵەتیان بۆ جێبەجێکردن و پاراستنیان تەرخان نەکرد، ئەورووپییەکان هێزەکانی خۆیان لە تورکیا کێشایەوە، خۆراوای کوردستانیان بە فەرەنسا بەخشی، خۆرهەڵاتیش بە ڕووسیا و باشووریش لە ڕاپرسیەکی شکلیدا بە عێراق.

هەرچەندە لەماوەی ساڵانی دوای تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی تا سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوو هەوڵی دیکەی کوردەکان بەردەوام بوو لە ڕێگەی دبلۆماسی و چەکدارییەوە، شۆڕشەکانی دێرسیم و سەید ڕەزا و شێخ سەعیدی پیران و ئیحسان پاشای شۆڕشی ئاگری داغ چەند هەوڵ و نمونەیەکن. لێ مخابن وێڕای بەخشینی ڕوبارێک خوێن، یەکنەبوون و نەبوونی ستراتیژ و پرتەوازەیی کورد و درندەیی تورک، بوونە هۆی ئەوەی سەرجەم هەوڵەکان نەزۆک بن.

**لە ١٩٢٤/٤/٣ کەمال ئەتاتورک توانی دوایین خەلیفەی عوسمانی (عەبدول مەجیدی دووەم) لەسەر کار لاببا و بۆ دەرەوەی تورکیای دووربخاتەوە و کۆتایی بە خەلافەتی حەوت سەد ساڵەی ئیسلامی بێنێ، کە ئەمەش بۆ ئەورووپییەکان دەستکەوتێکی باش بوو**

# لۆزان لە ساڵی (٢٠٢٣)دا

## ستراتیجیەتی تورکیا و بێ ئاگایی سەرکردایەتی کورد



مەسعود عەبدولخالق

پاش دوو ساڵی دی تەمەنی ڕێکەوتنامەی لۆزان دەگاتە ١٠٠ ساڵ، تورکیا بۆ ئەو یادە هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی دەکات و دەڵێت خۆی کۆتایی دێت، بەگشتی تورکیا کۆمەڵێک دۆسیەی یاسایی کۆنی هەڵداوەتەوە لەوانە: (میساقی میللی، سیڤەر، لۆزان، ویلایەتی موسڵ). بۆ ئەو مەبەستە (سەرۆک کۆماری ئێستایان) زیاتر لە (١٠٠) یاساناسی جیهانی کۆکردۆتەوە بۆ تاتوێکردنی ئەو دۆسیە و ڕێککەوتنانە و هێزی یاساییان، هێزێکی سەربازی و دیپلۆماسی زۆری بۆ ئامادە کردوە. بابزانین ئەو دۆسیانە کامیان کوردستان دەگرێتەوە؟ چەندە هەڕەشەن و زیان بەخشن و چەندە سوود بەخشە؟ ڕەهەندە یاسایی و سیاسییەکانی چین؟ چەندە ڕاستە ڕێککەوتنی لۆزان لە ٢٠٢٣ کۆتایی دێت؟ سەرکردایەتی کورد چی بکات؟ لەگەڵ کۆمەڵێک تەوەری دی.

**ڕێککەوتنی لۆزان**

ئەو ڕێککەوتنە دوا ئەڵقەی خەملینی دیزاینی سنوری تورکیا وسنورەکانی دی خۆرهەلاتی ناوەڕاستە، بە پێی (Encyclopdi Britannica ) حەفت مانگی خایاند، یەکێکە لە ڕێککەوتنە هەرە نەسازەکان بۆ کورد، دان بە تورکیایەکی نوێ هێنرا بە پێوانەیی هاوپەیمانان، بۆ کورد بووە بەدیلی سیڤەر، لەو ڕێککەوتننامەیە ١٢٨ جار ناوی تورکیا هاتووە، ناوی کورد نەهاتووە، لە مادەی (٣)دا بۆ یەکەم جار دووجار ناوی عێراق هاتووە، لە ڕێککەوتنەکانی (سایکس-بیکۆ ١٩١٦) (سان ریمۆ ١٩٢٠) (ڤرسای ١٩١٩) (سیڤەر ١٩٢٠) ناوی بە میزوپۆتامیا دەهات، دەقی برگەی (٢)ی مادەی (٣) ی لۆزان :

ARTICLE 3. (2) With Iraq: The frontier between Turkey and Iraq shall be laid down in friendly arrangement to be concluded between Turkey and Great Britain within nine months.

بەپێی ئەو مادە و دوایش لەکۆبوونەوەی ژ:٣٠ی ڕۆژی١٩٢٤/٩/٢٠ (عصبة الامم)یش گەواهی کرد و لە ١٩٢٤/١١/٣١ لیژنەیەکی نێودەوڵەتی پێکهێنا بۆچارەسەری کێشەی ویلایەتی موسڵ، دوایش دیاری کردنی سنوری خوارووی تورکیا بەناوی (سنوری برۆکسل) و ئەو دیزاینەی خۆرهەلاتی ناوەڕاست بەتەواوی لە کۆنگرەی لۆزان خەملی.

**تورکیا لە سیڤەرەوە بۆ لۆزان و ڕۆڵی کورد**

لەوکات و ساتانەی مۆرکردنی سیڤەر(١٩٢٠) بەدواوە کەمال ئەتاتورک وەک ئەفسەرێکی نیشتمانی بەهێز بەو واقیعەی عوسمانی تێکەوتبوو قایل نەبوو، زۆربەی وولاتی داگیرکرابوو، هێزەکانی هاوپەیمانان لەجەنگی جیهانی یەکەم ١٩١٤-١٩١٨ گەیشتبوونە ئەستەمبۆل و سوڕابونەوە بۆ ئەنادۆل، بە پێی سیڤەر میراتی عوسمانی لە خاک و ئاو و هەوا دابەش کرابوو، ئەتاتورک لەژێر پارێزگاری دەسەڵاتی عەشایەرە کوردەکان و بە تاکتیکاتی تایبەتی خۆی توانی دوو کۆنگرەی خۆدروستکردنی ئەنجام بدات، یەکەمیان لە ئەرزەرۆم لە ١٩١٩/٧/٢٣، دووەمیان لە ٤ - ١٩١٩/٩/١١ لە سیواس، ئەتاتورک دروست کردنی تورکیای نوێ و هەڵوەشانەوەی سیڤەری پێکەوە گرێدابوو، بەتایبەتی ئەو دوو بەشەی (سێیەم و هەشتەم) لەسیڤەر، کە تایبەت بوو بە چارەنوسی کورد و ئەرمەن، بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی سیڤەر دەستی کرد بە سەودا و ڕێککەوتن و چارەسەری کێشەی سنوور، لە ١٩٢١/٣/١٣ لەگەڵ ئیتالیا ڕێککەوتن، لە ١٩٢١/٣/١٦ قرمی دا بە ڕووسیا.

لە ١٩٢١/١٠/٢٠ لەگەڵ فەڕەنسا ڕێککەوتن، لە

١٩٢٠/٥/٣٠ کلیلکاشی دا پێی، لەهەمان کاتدا بە مادەی (٢٢)ی عوصبەالامم ومەرجەکانی ئینتدابی قایل بوو لەسەر میراتەکانی، بەو شێوەیە خۆی توندوتۆڵ کرد، لەگەڵ ململانێ لەگەڵ سیڤەر لەهەمان کاتدا داوای ویلایەتی موسڵیش کردەوە. کۆمەڵێک لە عەلمانی کورد لاگیری (ئەتاتورک)یان کرد، وەک لە ڕاپۆرتی جێگری مەندوبی سامی بەریتانی لە ١٨/مایس/١٩٢٠ ناردوە، لازاریف دەڵێت: (هەندێک لە بنەماڵەی بەدرخانیەکانیش (لائیکیەکانیان) خەریکی دانوستان بوون لەگەڵ ئیتیحادییەکان داوای پارچە زەوی گەورە و ٢٠٠٠ لیرەیان کردبوو) لە بەڵگەنامەی بەریتانی ژ:٢١ لە ١٩٢٩/٤/١٨ بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا نوسراوە و دەڵێ: (کوردەکانی دەرەوەی وڵات مانگانە یارمەتی (٦٠.٠٠٠) دۆلاریان بۆ ئەتاتورک دەنارد، تا بزووتنەوەی خۆیبوون تێیانیگەیاند یارمەتیەکەی پێ وەستاندن، تەنانەت ئیحسان پاشای سەرکردەی شۆڕشی ئاگریداغ سەرەتا لایەنگیری ئەتاتورکی کرد و ئەفسەری بەرپرس بوو لە سەربازگەی ئەستەمبۆل و تەسلیمی ئەتاتورکی کرد لە دژی سولتان١

ئەتاتورک وەفدێکی لێ ڕێکخستن بەسەرۆکایەتی عصمت ئینینۆ بۆ ڕێککەوتنی لۆزان، دووکوردیشی بەگەردا (برنجی زادە و زولفی بەگزادە) ئەوان بەناوی کورد قسەیان کرد، گوتیان: ئێمە و تورک براین، دەمانەوێ پێکەوە بژین، نامانەوێ جیاببینەوە مادەکانی (٦٢-٦٤)ی سیڤەر دەبێ هەڵگیرێ، فراکسیونی کورد ٧٢ ئەندامی تێدابوو بەسەرۆکایەتی (حەسەن خەیری) لە ئەنجوومەنی مەزنی تورکیا لە ئەنقەرە کە ئەتاتورک دروستی کردبوو برووسکەی بەناوی هەمو کورد بۆکۆنگرەی لۆزان دەکرد، دەیان گوت: سیڤەر و سولتان و ئەستەمبۆڵمان ناوێ، شریف پاشامان ناوێ، جیابونەوەمان ناوێ، بەڵکو لۆزان و ئەتاتورک و ئەنقەرە و برایەتی تورکمان دەوێ، تا سیڤەریان هەڵوەشاندەوە و لۆزانیان هێنا جێی، زەرەرمەندی هەرە گەورە پرۆژەکانی بەدەوڵەت بوونی کورد بوو لە دوولاوە، لەلای دەولی کە لەسیڤەرەوە هاتبوو لەلایەکیتریش لە ئیقلیمی پرۆژەی بەدەوڵەت بوونی کوردستان لەلایەن فرید پاشای سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی عوسمانی (ئەستەمبوڵ - سوڵتان واحدالدین) بە فەرمی مۆرکرابوو٢

دیڤید ماکدۆناڵدیش هەر وای بۆچووە، لەبەڵگەنامەیەکی بەریتانیدا (FO ٥٠٦٧/٣٧١) هاتوە دەڵێ: (فەرید پاشا لایەنگیری دروست بوونی دەوڵەتی کوردی کردوە لەڕێی ئۆتۆنۆمی ناوەخۆ) ئینجا دەبێ ئەوەش وەبیر بهێنینەوە کە (سوڵتانی عوسمانی و فرید پاشا) علی ئیحسان پاشایان ڕاسپارد بە بروسکەیەکی فەرمی لە ١٩١٩/١٠/٣٠ مومتەلەکاتی عوسمانیان تەسلیمی حکومەتی شێخ محمود کرد و دانیشیان پێدا هێنا.

سەرەڕای ئەوانە عەلمانی کورد کەوتە دوای ئەتاتورک و ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە دروستکردنی (تورکیای نوێ).

لە سەرەتادا پەرلەمانی تورکیا (بویج ماجلیس) لە مادەی (١)ی میساقی نەتەوەیی ئەو

**“ عەلمانی کورد کەوتە دوای ئەتاتورک و ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە دروستکردنی (تورکیای نوێ) ”**




نەخشەی پەیماننامەی سیڤەر

> **جیابوونەوەمان ناوێ، بەڵکو لۆزان و ئەتاتورک و ئەنقەرە و برایەتی تورکمان دەوێ**

مافه سەرەتاییانەی بۆ کورد تۆمارکردبوو. ئینجا له ١٩٢٢/١/١٦ گفتوگۆی لەسەر پرۆژەیەکی (ئەتاتورک) کرد سەبارەت بە فیدراڵی بۆ کوردستان که پێکهاتبوو له (١٨) مادده وەک له بەڵگەنامەی بەریتانی (E ٦٥/٩٦/٣٥٥٣) هاتووە، بەڵام ئەتاتورک لەهەمووی پەشیمان بووەوە، تا گەیشتە ئەو رادەیەی له مادەکانی (٦٤ تا ٦٨) دەستووری تورکیادا (ANA YASA) تەنها (نەتەوەی تورکی) تیدا تۆمارکرا و نکوڵی له بوونی کورد کرا، بەتایبەتی له ماددەی (٦٦)ی ئەنا یاسا ئیدی بوارێک بۆ کورد نەما.

### نیازە شاراوەکانی تورکیای ئێستا له هەڵوەشانەوەی لۆزان

لەچوارچێوەی (عمق الاستراتیجی)دا نیازە شاراوەکانی تورکیا له هەریەک له (میساقی میللی، سیڤەر، لۆزان، ویلایەتی موسڵ) هاتۆتە کایەوە، هەریەک لەو دۆسیانە دۆمەین و ڕێنگی خۆی هەیە و بەو پێیەش هێزەکانی بڵاوە پێکردوە بۆ سوریا و قەتەر و لیبیا و دەریای سپی و باشوری کوردستان، ئەو جموجۆڵە سەربازی و یاسایی و سیاسی و مێژووییانە لەکۆتاییدا زیاتر بۆ کورد مەترسین، پاساوی ڕووکەشی تورکیا ئەوەیە دەڵێت هێزی پەکەکە له هەرێمە، تاڕادەیەک ئەو پاساوە جێگەی لەیاسای دەولی دەبێتەوە، لەو سەردەمە ناکرێت لەناو سنورێکی دی بچیت کاروچالاکی سەربازی دژی وڵاتێکی دی بکەی، تاڕادەیەک پەکەکە لەو ڕووەوە بەهەڵەداچووە، که بەئاشکرا خاکی هەرێم بەکاردەهێنێ، ڕاستە کوردستان لەدیدی کوردەوە یەک پارچەیە، بەڵام وەک ئەمری واقیعی یاسایی ئێرە پێی دەوترێت عێراق و لای سەرووش پێی دەوترێ تورکیا، بۆیە دەبوایە پەکەکە ڕێگای دی عەقلانی هەڵبژاردبایە، دەبوایە بەهاریکاری حکومەتی هەرێم بوونیان لەهەرێم بوایە.

ئەو مامەڵەیەی پەکەکە لەگەڵ باشووری کوردستان، لەلای تورکیا قۆستراوەتەوە و بۆتە هۆی نیازە شاراوەکانی بەرجەستە بکات، که بریتییە له گورز وەشاندن لەتەواوی (بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد) و لەناوبردنی هەرێمیش، بۆیە نیازەکانی تورکیا لەگەڵ حزبێک و ڕەوتێک نییە، ئەگەر ئامانجەکە تەنها پەکەکە بوایە کەوایە ئەو هێزانەی لەباشیک پاساوی بونیان چییە؟ ئەی بۆچی پیلان له کەرکوک دەگێڕێت؟ ئەی بۆچی داوا لەعێراق دەکات هێزەکانی بهێنیتەوە هەرێم؟ ئەی پڕۆژەی ئۆڤاکۆ؟

نیازەکانی تورکیا فراوانخوازیە و چاوچنۆکییە، هەر لەگەڵ داڕشتنی پڕۆژەی گاپ (٢١ بەنداوەکە) ئاماژەیان پێکرد (دەبێت لیترێک ئاو بگۆڕینەوە به لیترێک نەوت) وا سەرەتای ئەو قەیرانانەی لەگەڵ عێراق و سوریا دەرکەوتووە.

بەشی دووەمی که لێرە گرنگە نیازی لەگەڵ کوردە، ئاستی دژایەتی ئەو وەک وڵاتانی ناوچەکە نییە، لای تورکیا به قبوڵنەبوونی (دۆخی نەتەوەیی و نیشتمانی) وادەکات تورکیا هیچ جۆرە قەوارەیەکی کوردی قبوڵ نەبێت، مەگەر بەتاکتیکی، یان به مەبەستی (ئیحتیوا) وەک ئەوەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەیکا.

چارەنوسی کوردستان له ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی لۆزان له ٢٠٢٣ ئامرازە سەربازی و سیاسی و ئابووریەکەی تورکیا بۆ کۆنترۆڵکردنی هەرێم زۆر باسکراوە، لەم دوایە تۆرە سیخوڕیەکانیشی ئاشکرابوون، تاڕادەیەکی باش ڕای گشتی کوردستان ئاگادارە، ئەوەی ئاگادار نییە لایەنی یاساییەکەیەتی، کورد هیشتا لای ڕوون نییە، بۆچی تورکیا کۆمەڵێک دۆسیەی یاسایی کۆنی هەڵداوەتەوە، لەوانە: (میساقی میللی، سیڤەر، لۆزان، ویلایەتی موسڵ). ئەوەی پێویستە بگوترێت لەبارەی (دۆمەین و ڕێنگی) ئەو

دۆسیانە ئەوەیە چوارچێوەی کارایی (میساقی میللی) بەپێی یاسای نێودەوڵەتی تەنها ناو تورکیای ئێستا دەگرێتەوە، بەڵام لایەنە سیاسییەکەی کاریگەری میساقەکە کەمێک فراوانترە، هەرچی (ویلایەتی موسڵ)ـە ئەوا کوردستان دەگرێتەوە تاڕادەیەک لەگەڵ مادەی (١)ی میساقەکە یەک دەگریتەوە، ڕیککەوتنی لۆزان بەشێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و (شام)یش دەگریتەوە، ڕێککەوتنی سیڤەر زۆر فراوانە، ئەوەی ئێستا لە (لیبیا و دەریای سپی) ناوەراست دەگوزەرێ بەرمەودای ئەوە. تورکیا دەیەوێ لەقازانجی خۆیدا دەستکاری (پڕۆژەی هەڵوەشاندنەوەی لۆزان) بکات، کە بریتییە لە ماددەی (٢) کە باس لەو سنوورانە دەکات. هەر لەوێش دۆسیەی ویلایەتی موسڵ بە (عوسبەتولئومەم) سپیردرا، ئینجا مادەی (٣ / ٦ ٢٤ / ٢٦ / ١٠٩) سەبارەت بە سنووری تورکیا ، تورکیا بۆ هەر مەودایەک لەو بەڵگەنامە یاساییانە هێزی سەربازی بۆ تەرخان کردووە، دەتوانین بڵێین هێزەکانی لە لیبیا پەیوەستە بەسیڤەر و هێزەکانی لە سوریا پەیوەستە بە لۆزان و مادەی (١)میساق، هەرچی کوردستانە هەر چوار دۆسیەکە دەگرێتەوە (میساقی میللی، سیڤەر، لۆزان، ویلایەتی موسڵ). ئەوە چەندین جارە سەرۆک کۆماری تورکیا باس لە کۆتایهاتنی ڕێککەوتنامەی لۆزان لە ساڵی ٢٠٢٣ دەکات، دوایش پرسی ویلایەتی موسڵ، لە تازەترین لێدوانیدا بۆ یەکەمجار باس لە دەستکاری ڕێککەوتنی سیڤەر دەکات، جارجاریش باس لە مەودایەکانی میساقی میللی دەکات، ئەوەش وای کردووە سەرکردایەتی لە هەرێم بکەوێتە ترس و لەرز و بێ وەڵامی، لەکاتێکدا ئەو پرسە یاساییانە ئەوەندە مەترسیدار نین بۆ کورد، ڕاستە تورکیا نیازی شاراوەی هەیە لە جووڵاندنی ئەو پرسانە، بەڵام کورد بەڵگەنامەی بەرگریکردنی زۆر زیاتری هەیە ئەگەر بەکاریبهێنێت، ئەوەی خوارەوە هەندێ ڕوونکردنەوەی سەرەتاییە لەبارەی هەر چوار پڕۆژەکەی تورکیای، هەر ئەو لایەنانەی باس دەکەین، کە پەیوەندی بەو ستراتیجیەی ئێستای تورکیاوە هەیە لەمەڕ کوردستان و ڕێککەتننامەی لۆزان.

## بەڵگەنامە یاساییەکان بۆ ڕووبەروبونەوەی هەوڵەکانی تورکیا

بەهۆی ئەو دۆسێیانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد کاتی خۆی تورکیا زۆر زیانی بەرکەوت، ئێستا سەرۆکی تورکیا سەرکردایەتی ئیستای کوردی بەوە ترساندووە کە هەردوو ڕێککەوتنەکە بە ١٠٠ ساڵ کۆتایی دێت، بەڵام ڕێککەوتنامەی سیڤەر و لۆزان هیچ مادەیەکی تێدا نییە کاتی بۆ دیاریکرابێت، ئەوەی باسی مودەیە تەنها مادەی ١٤٣ی لۆزانە، باس لە جێبەجێ کردنە، نەک ماوەی ڕیککەوتنەکە، بۆیە ئەوەی تورکیا هەرێمی پێدەترسێنێ و دەڵێ لەساڵی ٢٠٢٣ کۆتایی دێت هیچ بنچینەیەکی یاسای نییە، لەهەموو ڕێککەوتنەکان نوێنەری فەرمی تورکیا و عوسمانی مۆریان کردووە، بۆ سیڤەر (هادی پاشا) خۆی مۆر کردووە، لە (لۆزان)یش (عصمت ئینینۆ)مۆری کردووە، بۆ ئەوانەش وادەزانن کە بڕیارەکانی (عصبە الامم) هێزی یاسایی نەماوە، ئەوا شارەزای یاسای دەولی نین، ئەگینا (عصبە) خۆی لەدوا بڕیاڕی رۆژی ١٩٤٦/٤/١٨ هەموو دۆسیەکانی بە یاساییانە بە (نەتەوە یەکگرتوەکان)سپارد، بۆیە هەرچی لە (عصبە) هاتووە ئێستا هێزی یاسایی لە نەتەوە یەکگرتوەکان هەیە.

## لەگەڵ ئەو تێبینیانەش:

تورکیا زیاتر جەخت لە هەڵوەشاندنەوەی لۆزان دەکات، ئەوەش زەرەری بۆ کورد نییە، بەڵکو قازانجی هەیە، بەو مەرجەی سەرکردایەتیەکی حەکیمی کورد لە مەیدان بێت، هەرچی سیڤەرە ئەویش کاتی نییە، ئەوەی ئێستا دیزاینی خۆرهەڵاتی ناوەراست و سەرووی ئەفریقایە هەموی بەرهەمی سیڤەرە، گرنگە تاکی کورد ئەوە بزانێ کە سیڤەر تەنها لەڕووی سیاسییەوە هەڵوەشاوەتەوە، لە ڕووی قانونی هەڵنەوەشاوەتەوە، بۆیە مادەکانی (٦٢-٦٣-٦٤)ی سەبارەت بەکورد ماون، ئەگەر کورد بەباشی کاری بۆ بکات، بەتایبەتی لەو کاتەی کە ئەردۆغان ئەو کارتانە زیندوودەکاتەوە و بوار بۆ کورد دەڕەخسێنێت ئەویش ئەو مادانە زیندوو بکاتەوە.

تەنها خاڵێک هەیە لە پرسی (ویلایەتی موسڵ) ئێستا پەسند نییە بیوروژێنین هەست دەکەین بوارێک بە تورکیا دەدات، ئەوکاتە باسی دەکەین، ئەگەر تورکیا بەکاریهێنا، یان باسی کرد وەڵامی دەدەینەوە (بە توێژینەوە) هەر لەوێشەوە ڕێککەوتنێکی دی نهێنی تورکی و عێراقی و بەریتانی هەیە بەناوی ڕێککەوتنی ئەنقەرە

**"ڕاستە تورکیا نیازی شاراوەی هەیە لە جووڵاندنی ئەو پرسانە، بەڵام کورد بەڵگەنامەی بەرگریکردنی زۆر زیاتری هەیە ئەگەر بەکاری بهێنێت"**

ساڵی ١٩٢٦ کە تیایدا بەشێک لەنەوتی موسڵ بە تورکیا دەدرێ، لەئیستادا تورکیا مادەکی دی ئیبداع کردوە و دەڵێ: (لە ڕێککەوتنی ئەنقەرە ئەوەشی تێدایە کەهەرەشە لەوناوچەی ویلایەتی موسڵ هەبێت بۆ سەر تورکیا ئەوا ڕێگەی پێدەدا هێزەکانی بچنە تەواوی ویلایەتی موسڵ)

لە ڕاستیدا هەموو لایەک دەزانن تورکیا نیازی زۆر خراپە و بەدوای قەرزی کۆن و گێچەلە لە ناوچەکە، خۆشبەختانە جارێک ئاڕاستەی کێشەکانی ڕووی لە ئەوروپا و ئەفریقیا و ئازەربیجان و ئەفغانستانە، بەڵام ئەوان بەو هەنگاوانەی تورکیا ڕازی نابن، بۆیە ئەگەری زۆرە تورکیا بەدوای خاڵی هەرە لاوازدا بگەڕێت، ئەویش هەرێم و کوردستانە، بەمەش چارەنوسی تورکیا وەک چارەنوسی سەدام دەبێت، کە ویستی سنووری فراوان بکات و دەستکاری دیزاینی سایکس پیکۆ بکات.

پوختەی چارە و خۆ ئامادەکردنی هەرێم بۆ ئەو پرۆژانە

**پووختە :**

ئەو بانگەشەی تورکیای سەردەمی پارتی داد و گەشە (تەنازول بۆ گەورەکان و ستەم لە بچوکەکان) یان (تیۆری سفر لەگەڵ بەهێزەکان و فول ناکۆکیش لەگەڵ بێهێزەکان) لە ئێستادا پاشەکشەی کردووە، پرۆژەی تورکیا بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەودەمەدا قەتیس بووە لە پیلان دژی کورد لەهەر شوێنێک.

**ئەمەش دوو قۆناغە (یان دووکارتە):**

کارتی(A) تورکیا دروشمی یەکپارچەیی سوریا و عێراق و ئێران وەک یەکپارچەیی خاکی تورکیا دەبینێ، ئەوەش زۆر ڕوونە چەندە دژی کوردە، کارت و پلانی B) و C) ئەو دۆسیانەی میساقی میللی و ویلایەتی موسڵ و لۆزانە.

**لە ژێر ئەو توێژینەوانە پێویستە دەسەڵاتی کورد ئەو ڕاسپاردانە جێبەجێ بکات:**

١- چارەی هەموو چارەسەرییەکان چاکسازی و سەروەری یاسا و قەلاچۆی گەندەڵی و لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و خەڵکی شایستە لەشوێنی شایستەیە و یەکخستنی ڕاستەقینەی مالی کوردە، لەکاتێکا میلەتانی دەوروبەرمان خاوەنی کۆمەڵێک دەوڵەتن کەچی: عەرەب هەڵساوە بە کۆمکاری عربی، تورکیا هەڵساوە بەکۆمکاری هاریکاری وولاتانی زمان تورکی، ئیران لەگەڵ شیعە. ئەو تەکەتولە گەورانە لەدەوری کوردی بێدەوڵەت هەیە، کەچی کورد خۆی پارچە پارچەیە و زیاتریش وا خۆیان پارچەپارچەدەکەن.

٢- بینای یەکریزی بۆ ناوەخۆ و بۆ بەشەکانی دیش بە گوێرەی ڕەهەندی نیشتمانی و یاسای دەولی پێکەوە بکرێت.

٣- ئەو پەیوەندییە ناهاوسەنگەی هەریم، یان حزب لەگەڵ تورکیا هەڵوەشێنینەوە، بەتایبەتی گرێبەستە دوور و درێژەکانی نەوت، هەر کارێکی لەو جۆرە و بۆ وەڵامدانەوەی بانگەشەکانی تورکیا سەبارەت بەو دۆسیانە با لێژنەیەکی باڵای یاسایی وسیاسی پێک بهێنرێت، چونکە زۆر لەو هەنگاوانەی تورکیا بنچینەی یاسایی نیە، ئینجا مەرج نیە هەڵوەشاندنەوەی سیڤەر و لۆزان هەموی دژی کورد بێت، زۆربەی جار ئەو دەستکارییە مێژووییانە لەقازانجی کوردە ئەگەر ئامادەسازی باش هەبێت.



نەخشەی پەیماننامەی لۆزان

٤- دەست بەهەڵمەتی دەرکردنی سوپای تورکیا بکرێت و ڕێگای عێراقی و دەولی و نەتەوە یکگرتوەکان بەکار بهێنرێت.

٥- کێشەکان بە ستراتیجیانە لەگەڵ عێراق چارەسەر بکرێن، نەک تاکتیکیانە.

٦- هێزیکی بەرگری ڕاستەقینە لەهەرێم دروست بکرێت. هەرێم خاوەنی زیاتر لە (٤٢٨٠٠٠) هێزی چەکدارە، لە وڵاتانی وەک (ئەندۆنیسیا و فیلیپین و تایلاند و زۆر وڵاتی گەورەی جیهانی) زیاترە، تا ئێستا ئەو سوپا زەبەلاحە نەبوویتە سوپای نیشتمانی بێلایەن و پارێزەری ووڵات، یان وەک لە دەستوری عێراقی لە ماددەی (١٢١)دا ئەرکی پاسەوانی سنوورە، نەک هاریکاری داگیرکەر بن.

٧- حکومەت و سەرکردایەتی کورد بکەونە ژێر لێپێچینەوە و بەدواداچوون .

٨- وابکەن شان بەشانی هێزی بەرگری کوردستانیی، هێزی عێراقیش بە پێی ماددەکانی ١٠٩ و ١١٠ دستووری عێراقی بەرگری لە کوردستان بکەن.

٨- دەبێت هەرێم ئەو دوو دەستانە ببڕێت کە هاریکاری تورکیا و ئێران دەکەن، یەکەمیان بەسیخوڕی بۆ تورکیا، دووەمیان ئەو دەستانەی کادیر و لایەنگرانی حزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات تیرۆر دەکەن لە هەرێم، بەڵام پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ هەردوو ووڵات پێویستە.

٩- ئەو هەوڵەی لەخاڵی (٩) دا هاتوە دەبێت ئەوانەش بگرێتەوە کە ناڕاستەوخۆ بەنووسین و ووتار لایەنگری تورکیا دەکات لەو هەڵمەتانە و دژایەتی پارچەکانی دی کوردستان دەکا.

١٠- دەبێت برایانی پەکەکە ڕەچاوی بارودۆخی هەرێم بکەن و هەر بوونێکیان لەهەرێم دەبێت بە ڕەزامەندی حکومەتی هەرێم بێت، لەبەرامبەریشدا پێویستە هەموو حزبە کوردستانییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان هاریکاری پڕۆژەی قەندیل بن، دژی ئەو تەقەلا مەترسیدارانەی تورکیا بوەستنەوە کە دەیەوێ تیرۆریستان بهێنێتە قەندیل، بۆ ئەوەش پێویستە لایەنە کوردییەکان ئەو پیلان و مەترسییە دەرخەن بۆ وڵاتانی ناوچەکە و بۆ جیهانیش.

١١- زۆرجار تورکیا و ئەوانەی لەهەرێمیش هاریکار بوونە، پڕۆپاگەندەی ئەوە بڵاودەکەنەوە گوایە پیلانێکی ئیقلیمی و جیهانی دژی هەرێم هەیە بۆ لەناوبردنی، ئەوە هەمووی ڕاست نییە، ئەوە بۆ ئەوەیە باری دەروونی هەموو لایەک بروخێنن و ببێتە پاساوی ئەوەش بڵێن پیلانەکە گەورەیە و بە ئێمە بەرگری ناکرێت، لە لایەکی دیش بۆ ئەوەیە سەرکۆنەی ئەو لایەنانە نەکرێت کە هاریکاری داگیرکاری دەکەن و بڵێن پیلانەکە گەورەیە و لە ئاستی ئێمەدا نییە، ڕاستیەکەی پیلانی تورکیا هەیە بۆ لەناوبردنی هەموو کورد بەڵام جارێ وڵاتی دی بەشدار نییە، جگە لەهەندێ لایەنی سوونەی عێراق و هەندێک سەرکردەی کوردی هەرێم و خۆرهەلاتیش بە ناڕاستەوخۆ تێدایە، بەڵام بوارهەیە بگەڕێنەوە.

١٢- هەندێ برایان لە حزبی کوردستانی ئێرانی (بە بێ ئاگای سەرکردەکان، یان بەئاگای ئەوان ) لەکاتی ئەوەی تورکیا هێرش دەکاتە سەر هەرێم ئەوانیش دەچن چەند تەقەیەک لەسنوری ئێران دەکەن بەناوی چالاکی و کوردایەتی و دەگەڕێنەوە، ئەو کارە ناسنامەکەی دیارە مەبەست چییە، مەبەست تیکەڵ کردنی کارتەکانی کوردە و زیاتر پاساوی پەلامارەکەی تورکیا پتەو دەکات ویفاقی ئیقلیمی دژ بەکورد هان دەدا، خۆ ئەگەر ئێرانیش پەلاماری وابدات و لەو دەمی پەکەکە کاری وابکا بەرامبەر تورکیا ئەوا هەمان ناسنامەیە، ئەوە هەر دەستە و تاقمێک بیکا لەهەر پارچەیەکی کوردستان خزمەتە بە پیلانە گەورەکە، بۆیە واچاکە لەو جۆرە کارانە لەو کات و ساتانە دوور بکەونەوە.

١٣- کۆی چارەسەرییەکان کۆنگرەیەکی نیشتمانی تیایدا تاوتوێی ئەو بابەتانە بکرێ، ئینجا ئەو گەلالەی خوارەوە بخرێتە بەردەم هەموو لایەنەکانی ناوەکی و دەرەکی: أ- هەموو حزبە کوردستانییەکان بگەنە ڕێککەوتن کە تورکیا مەترسی یەکەمە لەسەر تەواوی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان ب- یەکەم هەنگاو هێزەکانی تورکیا دەرچێت لەهەرێم ج- پەکەکە بەڵێن بدا لەدوای دەرچوونی تورکیا ئەوانیش پابەند بن بەو تەعلیماتانەی هەرێم بۆیان دیاری دەکا بە پێی واقعی قانونی هەرێم و دەستوری عێراقی.

> “ ئەو جموجۆڵە سەربازی و یاسایی و سیاسی و مێژووییانە لەکۆتایدا زیاتر بۆ کورد جێگەی مەترسین ”

# پەیماننامەی لۆزان دوای ١٠٠ ساڵ



**شاناز هیرانی**

قەیرانە سیاسییە بێ کۆتاکان، ململانێی تایفی و مەزهەبییەکان، جەنگە بە بریکارەکان، کۆچی بەکۆمەڵ و ئاوارەبوونی ملیۆنان کەس، جیابوونەوە و سەرهەڵدانی ناوچە یاخی و هەڵگەڕاوەکان بەدرێژایی چەند ڕووبەرێکی جوگرافیایی فراوان بە قەبارەی وڵاتێکی وەکو بەریتانیا. کردەوەی تیرۆریستی و کوشتنی هەزاران کەس لە ڕۆژێکدا. خۆپیشاندان، سووتاندنی تایە و بەرزبوونەوەی دوکەڵەکەی بۆ تاقی ئاسمان لە وڵاتانی عێراق و لوبنان.

ئەمانە هەمووی بوونەتە واقیعی ناوچەکە پاش ١٠٠ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، کە دواتر ژمارەیەک ڕێککەوتن و پەیماننامەی لێهاتنە ئاراوە و دواجار پەیماننامەی دووەمی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ی لێهاتە بەرهەم، کە هاوشانی ڕێککەوتننامەی (سایکس ـ پیکۆ) بوو لەنێوان فەرەنسا و بەریتانیای گەورە. ئەو ڕێککەوتنەی بووە هۆی دارشتنەوەی نەخشەی سنووره سیاسییەکان بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێی ئەوکات واتە ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە پێی ئاشنایین.

پاش تێپەڕبوونی نزیکەی ١٠٠ ساڵ بەسەر پەیماننامەی دووەمی لۆزان، کە بووە هۆی لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی. ئەمڕۆ پێکهاتەی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی دروستکراو دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخەی هاوشێوەی ناوچەکە، کە پێش لۆزان پێیدا ڕۆیشتووە.

چونکە دیسان و سەرلەنوێ ناوچەکە هاتنەوە و گەڕانەوەی دەوڵەتی تورکیا بەخۆیەوە دەبینێت، کە لەکاتی خۆیدا پاش ئیمزاکردنی ئەو پەیماننامەیە لەڕێگەی هێزی سەربازییەوە دەستی لەو ناوچانە هەڵگرتبوو، یان لەڕێگەی ڕێککەوتنی ژێر بەژێر لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، وەک ئەوەی بەم دواییانە لە لیبیا بینیمان لەمیانەی ڕێککەوتنێکدا لەگەڵ حکومەتی ویفاقی نیشتمانی لە تەرابلوس بەسەرۆکایەتی فایز سەراج، پێش ئەوەش لە سوریا ساڵی ٢٠١٧ بەناوی (قەڵغانی فورات) و ساڵی ٢٠١٨ بەناوی (چڵە زەیتون) و (کانوی ئاشتی) لە ساڵی ٢٠١٩.

ئەو ململانێ و جەنگە ناوخۆیی و ئیقلیمی و ڕاپەڕین و شۆڕشەکان، هەموویان ڕەنگدانەوەی خۆیان هەیە لەسەر ناوچەکە، کە چەندین دەستتێوەردانی بەخۆیەوە بینیوە و ناوچەکەشی بەگشتی لاوازتر کردووە و بەردەوام لەکێشە و پشێویدایە.

تائێستاش لە بۆشاییەکی فراوانی نەبوونی هێزێکی جێگیر و شوناسی سیاسیی تۆکمە دەسوڕێتەوە، کە بوونەتە هۆی سەرچاوەی زۆربەی کێشەکانی ئێستای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. هەر لەو ڕوانگەیەشەوە دەتوانین لەم لەشکرکێشی و دەستتێوەردانەی تورکیا لەناوچەکە تێبگەین. کە دوای نزیکەی ١٠٠ ساڵ بەسەر ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانیدا دووبارە سەری هەڵداتەوە.

**لە سیڤەرەوە بۆ لۆزان و دروستکردنی وڵاتانی نەتەوەیی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست**

پاش ڕەتکردنەوەی پەیماننامەی سیڤەر کە لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورک و وڵاتانی سەرکەوتوو لە جەنگی یەکەمی جیهان، کە بەسەر تورکیادا سەپێنرا، هەروەها پاش ئەوەی زۆربەی نەتەوە غەیرە تورکەکان (لەوانەش کوردەکان) نیچمە سەربەخۆییەکیان پێدرا، ئەتاتورک جەنگێکی خوێناوی لەگەڵ یۆنان و هاوپەیمانان بەرپاکرد. دواجار بە واژۆکردنی لەسەر ڕێککەوتنێکی نوێ کۆتایی پێهێنرا. کە لە ئوتێل (بۆریفاج پلاس) لەشاری لۆزان ـ باشوری سویسرا لەرۆژی ٢٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٢٣ لەنێوان هەریەکە لە تورکیا و بەریتانیا و فەڕەنسا بەڕێوەچوو.

ئەو ڕێککەوتنەش ناونرا (پەیماننامەی دووەمی لۆزان) کە بەمەبەستی جیاکردنەوەی لەپەیماننامەی یەکەمی لۆزان (ڕێکەوتنی ئۆشی) کە لە نێوان ئیتالیا و عوسمانییەکان لە ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٢ بەڕێوەچوو.

پەیماننامەی دووەمی لۆزان کۆتایی بە پەیماننامەی یەکەمی لۆزان هێنا بۆ دەوڵەتی عوسمانی، بەشێوەیەکی یاسایی و لەسەر ئاستی

نیودەوڵەتی کۆماری تورکیای هاوچەرخ لەساڵی ١٩٢٣ پێش ڕاگەیاندنی پووچەڵکردنەوەی خیلافەتی عوسمانی ئیسلامی لە ١٩٢٤ لە دایکبوو.

پەیماننامەی لۆزان لە ١٤٣ ماددە پێکدێت. کە دۆخی نێودەوڵەتی تورکیا سەرلەنوێ ڕێکدەخاتەوە، هەروەها ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان (سەرکەوتوو لەجەنگ) و نەخشە کێشانەوەی جوگرافیایی سیاسی بۆ تورکیای نوێ و دیاریکردنی سنوورەکانی لەگەڵ یۆنان و بولگاریا.

دەوڵەتی تورکیاش بەتەواوی دەستی لەسەرجەم مافە سیاسی و داراییەکان و هەر مافێکی سەروەریبوونی بەسەر هەریەک لە شام و عێراق و میسرو سودان و لیبیا و قوبرس هەڵگرت. جگە لە ڕێکخستنەوەی پرسی بەکارهێنانی گەرووە دەریاییەکانی تورکیا لەکاتی جەنگ و ئاشتیدا.

بەمەش پەیماننامەی لۆزان هەمان ئەو ڕۆڵە مێژووییەی هەبوو کە پەیماننامەی (وستفالیا) لەساڵی ١٦٤٨ هەیبوو، کە یەکێک بوو لە دیارترین دەرئەنجامە یاسایی و سیاسییەکانی و بریتی بوو لە دامەزراندنی چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەر بنەما و ڕێسای چەمکی (نەتەوە ـ دەوڵەت).

بەو پێیەی لۆزان بۆ ماوەی چەندین دەیەی یەک لەدوای یەک، پاش ئەو پەیماننامەیە، دووبارە نەخشەی سنوورەکان و جوگرافیای سیاسیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی دارشتەوە، لەو چوارچێوەیەشدا تورکیا تاکە وڵات بوو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەو پەیماننامەیە قازانجی کرد، پاش ئەوەی توانیی خۆی لە چارەنووسێکی خراپ و دابەشبوون دەرباز بکات، کە وڵاتانی زلهێز لەڕێگەی پەیماننامەی سیڤەرەوە دەیانوویست جێبەجێی بکەن.

بەو پێیەی تورکیا تاکە وڵات بوو لە نێوان وڵاتانی دی ناوچەکە، توانیبووی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت، کە بەسەربەخۆ ناویان هاتبوو، کەچی لەبنەڕەتدا داگیرکراو بوون. بەمەش پەیماننامەی لۆزان چارەنووسی دانیشتوانی ناوچەکەی لەسەر بنچینەی دوو بنەمای سەرەکی دیاریکرد:

یەکەم: نەخشاندنەوەی سنووری سیاسی نیشتمانی بۆ وڵاتان.

دووەم: بنەمای ڕەگەزی، کە پەیوەست بوو بە (شوناس) ی وڵاتانی نوێ، بەو پێیەی پەیماننامەکە دامەزراندن، یان لە دەرئەنجامی پەیماننامەکە دروست بوون. یان سنوورەکانیان نەخشێنرایەوە و وەک بەدیلێک بۆ ڕەگەزی عوسمانی کۆن دانران. لەم نێوەندەدا لوبنان و سوریا کەوتنە ژێر ئینتدابی فەرەنسا. فەلەستین و خۆرهەڵاتی ئوردن لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا.

بۆشایی دەسەڵات لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

پاش ئیمزاکردنی پەیماننامەی دووەمی لۆزان، تورکیای نوێ ستراتیژێکی گەڵاڵەکرد، کە پشتی بە بیرۆکەی پاراستنی ئاسایشی سنووریی دەوڵەتی نەتەوەیی دەبەست. کە لەڕووبەرێکی جوگرافیایی بەرتەسکدا خۆی دەبینینەوە. هەولیشدا ببێتە بەشێک لەو تەوەرە هەڵکشاوەی خۆرئاوایی کە ئەوکاتە پەرەی سەندبوو، نەک وەک بەدیلێک یان بەرهەڵستکارێک. لەم چوارچێوەیەشدا کۆماری تورکیا خواستی چوونە ژێر چەتری ئاسایشی جیۆسیاسی نوێی هەبوو، کە ئاراستەکەی بریتی بوو لە بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی یەکێتی سۆڤێت (هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەنتیک- ناتۆ). پاشان وردە وردە دوورکەوتەوە لە بوارە تەقلیدیەکەی و کاریگەرییە مێژوویەکەی خۆی لەدەستدا لەجیهانی ئیسلامیدا. دواتر لە ڕووی داراییشەوە لاواز بوو و تووشی هەڵاوسانی ئابووریی بوو لەکۆتایی حەفتاکاندا.

ئەو دابڕینەش بووە هۆی خولقاندنی قەیرانێک سەبارەت بە پرسی ناساندنی شوناسی


St. Ivel Lactic Cheese

News Chronicle

"News-Chronicle" Gardening Month by Month, By H. C. Davidson

TO-DAY'S WEATHER: Mainly fair; warm. RADIO PROGRAMMES: Page Five.

No. 26,903 LONDON SATURDAY, JULY 9, 1932 MANCHESTER ONE PENNY

# AGREEMENT AT LAUSANNE

MR. MACDONALD British Premier | MR. CHAMBERLAIN British Chancellor | M. HERRIOT French Premier | M. GERMAIN-MARTIN French Finance Minister | HERR VON PAPEN German Chancellor | BARON VON NEURATH German Foreign Minister | SIGNOR GRANDI Italian Foreign Minister

Some of the statesmen who took part in hammering out the settlement

## WELCOME NEWS FOR THE WHOLE WORLD

END OF REPARATIONS — FINAL SETTLEMENT TERMS

SIR WALTER LAYTON.

SIR WALTER LAYTON'S MESSAGE

AGREEMENT was reached yesterday afternoon at the Lausanne Conference on Reparations. The welcome news was telephoned to the House of Commons by the Prime Minister and was announced there by Mr. J. H. Thomas. The Conference has been sitting for 23 days—since June 16th. As Sir Walter Layton says in his special message to the "News-Chronicle" given below, the story of reparations is now ended for ever. Headway is possible for the work of restoring world trade and prosperity.

THE AGREEMENT EXPLAINED

From Sir WALTER LAYTON

THE AGREEMENT IN BRIEF

DIANA FISHWICK WINS

FRENCH WOMEN'S OPEN GOLF CHAMPIONSHIP

SUNSHINE FOR WEEK-END

RECTOR FOUND GUILTY

AFTERNOON PLAY

Our Davis Cup Team

AUSTIN LOSES TO PRENN

PERRY WINS

CHAPLIN'S FORTUNE

INCOME OF £1,600,000

Lady Louis Mountbatten

"ATROCIOUS LIBEL"

False Story of a Coloured Man

Miss England

OUT FOR RECORD TO-DAY

MISS KATE CARNEY

£4,000 JEWELS TAKEN BY BURGLARS

POISONOUS TONGUES

> **پەیماننامەی لۆزان لە ١٤٣ مادده پێکدێت. کە دۆخی نێودەوڵەتی تورکیا سەرلەنوێ ڕێکدەخاتەوە، هەروەها ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان (سەرکەوتوو لەجەنگ) و نەخشە کێشانەوەی جوگرافیایی سیاسی بۆ تورکیای نوێ و دیاریکردنی سنوورەکانی لەگەڵ یۆنان و بولگاریا**

سیاسی بۆ ملیۆنان کەس لە دانیشتوانی ئەو پنتە جوگرافیا فراوانە لەجیهاندا، بەدحاڵیبوون و جۆرێک لە نامۆبوون دروست بوو بەهۆی گەلاڵەکردنی چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی و ئەوەش بووە هۆی فرەبوونی شوناسی سیاسی و کەلتووریی لە وڵاتەکە.

لەلایەکی تریشەوە هەر ئەو دەرهاویشتە جوگرافیایە بەتەنیا نەبووە مایەی پەکخستنی پرۆژە جیۆسیاسیەکەی بۆ زلهێزەکان هەبوو سەبارەت بەو ناوچەیە، بەڵکو باوەڕیان بە بوونی جۆرێک لە یەکگرتنی سروشتی - یش هەبوو، کە ترسێکی دروست کردبوو لەهەمبەر سەرجەم ئەو نەتەوانە: چین و ئەندۆنیسیا لە خۆرهەڵاتی ناوەند تا دەگەیشتە خۆرئاوای ئەفریقا کە سەرجەمیان ئیسلام بوون.

پاش پاشەکشەکردنی هەریەک لە بەریتانیا و فەرەنسا لە ناوچەکە، جۆرێک لە بۆشایی هێز لەناوچەکەدا دروستبوو، کە بووە هۆی پەیدابوونی ترسێک لەلایەن دروستکەرانی بڕیاری سیاسی و ستراتیژی لە ئەمریکا بەهۆی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشووەوە، کە هەمیشە هەوڵی بالادەستی دەدا لە ناوچەکەدا. بۆیە ئەمریکا لە حەفتاکاندا هەوڵیدا وڵاتانی عەرەبیش بخزێنێتە ناو چەندین هاوپەیمانیی سەربازییەوە، وەک ئەوەی لەساڵی ١٩٥٥ ڕوویدا کاتێک هەریەک لە عێراق و ئێران و تورکیا و پاکستان چوونە پاڵ بەریتانیا و ئەمەش لە مێژوودا بەهاوپەیمانی " سەنتۆ" ناودەبرێت.

سیاسەتوانی ئەمریکی (ساموێل هانتیگتۆن) لە کتێبە بەناوبانگەکەی بەناونیشانی (بەریەککەوتنی شارستانێتییەکان) پێشنیازی دووبارە بنیاتنانەوەی سیستمی جیهان دەکات وەک تێڕوانینێک بۆ داهاتووی جیۆسیاسی ناوچەکە و پێیوایە کە فاکتەری کەلتووری و شارستانی رۆڵێکی هەرە گرنگ دەگێڕن لە پێکهێنانی قەوارە نێودەوڵەتییە نوێیەکاندا لەسەدەی ٢١ بەدواوە.

لە تێزەکەی ساموێلدا هاتووە :

هەر شارستانییەتێک، یان کەلتوورێک، یان ئاینێکی مەزن، خاوەنی دەوڵەتێکی ناوەندیی سەرەکییە. وەک: چین لەسەر ئاستی شارستانییەت (کۆنفۆشیوسی) ئاسیایی پەلی هاویشت بۆ تایوان و هەردوو کۆریا و ڤێتنامیش. ڕوسیا لەسەر ئاستی شارستانێتی (ئارسۆدۆکسی) پەلی هاویشت بۆ ئۆکرانیا و بیلاروسیا و یۆنان و بولگاریا و سربیا و قوبرس.. شارستانیەتی مەسیحیەت (پرۆتستانتی - کاسۆلیکی). بەڵام جیهانی ئیسلامی دەوڵەتی ناوەندی نییە، بۆیە هەمیشە بەدەست ناسەقامگیریی سیاسی و زۆری ململانێکانەوە دەناڵێنێ.

بۆیە هانتگتۆن شەش دەوڵەتی ئیسلامی دەستنیشان دەکات کە رۆڵی دەوڵەتی (ناوەند) یان گێڕاوە لەو نێوەندەدا. ئەوانیش: ئەندۆنیسیا: بەو پێیەی گەورەترین دەوڵەتی ئیسلامییە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە. دوای ئەو میسر: بەهۆی ژمارەی دانیشتوان و پێگەکەی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بوونی دامەزراوەی ئەزهەر، کە بە دامەزراویەکی گەورە هەژمار دەکرێت بۆ پەروەردەی ئیسلامی لەجیهانی ئیسلامیدا. هەروەها هەریەک لە ئێران و پاکستان و سعودیە و تورکیاش ناویان هاتووە.

بەڵام هانتگتۆن ئەندۆنیسیا بەهۆی پێگەی جوگرافیایی و دووری لەجیهانی ئیسلامەوە دوور دەخاتەوە. میسریش بەهۆکاری ناسەقامگیریی ئابووری، سعودیەش بەهۆی کەمی دانیشتوان، ئێران بەهۆی سەرهەڵدانی کێشەی مەزهەبی، پاکستان بەهۆی دابەشبوونی ئیتن و ناسەقامگیری سیاسی لەناوخۆیدا. بەڵام سەبارەت بە دوورخستنەوەی تورکیا بەهۆی تۆکمەیی عەلمانییەتی ئەتاتورک، کە رەنگە رێگربوبێت لە گێڕانی رۆڵێکی بەهێز لەو کاتەدا، کە ساڵی ١٩٩٦ بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هانتینگتون هەڵوێستە بەرامبەر تورکیا دەکات و بەراوردی دەکات بە وڵاتانی تر. بۆیە پێی وایە کە تورکیا خاوەن مێژوویەکی دووررودێژ و ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانە و تا ڕادەیەک ئاستی ئابووریشی سەقامگیرە. کە وای لێدەکات ببێتە وڵاتی ناوەند.

پاشان دەپرسێت: چی دەبێت ئەگەر تورکیا لە خاڵێکدا دووبارە پێناسەی خۆی بکاتەوە و بە جۆرێکی تر خۆی بناسێنێ؟ لەم حاڵەتەدا تورکیا دەتوانێت رۆڵێکی تر بگێڕێت لە ناوچەکە و چیتر پێویستی بە خۆرئاواش نەبێت پشتگیریی لێبکات.

### عوسمانیەتی نوێ: تورکیا لە کەمالیزمەوە بۆ گەڕان بەدوای قووڵایی ستراتیژی

پاش دابڕینێکی زۆر لە ناوچەکە بەهۆی سیاسەتەکانی مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە. تورکیا

وەک کارەکتەرێک هاتەوە ناو گۆڕەپانی سیاسەتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی. بەتایبەتی لەسەردەمی تۆرگۆت ئۆزالدا لەماوەی (١٩٨٣ ـ ١٩٨٩).

دواتر بەشێوەیەکی بەرچاوتر و دوای هاتنی حزبی داد و گەشەپێدان و گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات، لەم سۆنگەیەشەوە دەتوانین بەشێوەیەکی بەرچاو ئەو گۆڕانکارییانە بەدی بکەین سەبارەت بە سیاسەتەکانی دەرەوەی تورکیا لەسەردەمی ئەو حزبەدا، کە خۆی لە چوار فاکتەری سەرەکیدا دەبینێتەوە:

دوو فاکتەریان بوونەتە داینەمۆی ئەو سیاسەتانەی لە دەیەی یەکەمی سەدەی ٢١و دوو فاکتەری تریش لەدەیەی دووەمدا بەدیارکەوتن.

فاکتەری یەکەم: بریتی بوو لە روئیای (عوسمانیەتی نوێ) کە بەتەواوی زاڵبوو بەسەر هزرو بیری دروستکەرانی بڕیار لەبواری سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەسەردەمی حزبی داد و گەشەپێدان. ئەو حزبە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی وەک (قوڵایی ستراتیژی) سەیر دەکات. وەک چۆن وەزیری دەرەوەی پێشووتری تورکیا (ئەحمەد داود ئۆغلۆ) لە کتێبەکەیدا، کە هەمان ناونیشانیشی هەیە دەریخستووە و بەڕوونی باسی لێوە دەکات.

فاکتەری دووەم، کە بەهەڕەشەیەکی بونیادی بۆ یەکەی جوگرافیایی سیاسەت دادەنرێت بۆ تورکیا، بە پێی رێسا و بنەماکانی کەمالیزم دامەزرێنەری کۆماری تورکیایە. هەرچەندە ئەم فاکتەرە لەگەڵ خواستی داد و گەشەپێدان یەک ناگرنەوە سەبارەت بە فرەبوونی شوناس لە تورکیا، هەر ئەمەش بوو وایکرد سیاسەتوانانی ئێستای تورکیا پارسەنگێک لەنێوان ئەو دوو خواستە و غەریزە کپ کراوەکانی کەمالیزم و نێوان عوسمانیەتی نوێدا دابنێنن.

دوو فاکتەرەکەی تریش بریتی بوون لە (بەرپابوونی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و دۆزینەوەی یەدەگێکی زۆری غاز لە ناوچەی دەریای سپیی ناوەڕاست، بۆیە لەچەند ساڵی رابردوودا ئەردۆغان لەچەندین بۆنەدا باسی لێوە دەکات و تیشک دەخاتە سەر پەیماننامەی لۆزان و بە برینێکی ساریژ نەبووەوەی سەر جەستەی تورکیا و یادەوەریەکی تاڵ بۆ تورکەکان وەسفی دەکات.

ئەو پێی وایە پەیماننامەی لۆزان بۆتە هۆی بەرتەسک کردنەوەی سنووری جوگرافیی دەوڵەتی تورکیا و ناچاری کردووە سازش بکات لەسەر لە دەستدانی لە ٨٠%ی رووبەری خاکەکەی.

بۆیە دەڵێت: (تورکیا هەرگیز تا ئەم ساتەش لەبیری ناچێت کە پەیماننامەی دووەمی لۆزان وەکو سزایەک وابوو بۆ سەر تورکیا، چونکە وەک وڵاتێکی شکست خواردووی جەنگی یەکەمی جیهانی سەیری دەکرا).

لێرەدا پرسیارێک خۆی قوت دەکاتەوە، کە ئەویش بریتییە لەوەی کە ئاخۆ ئەو باج و نرخەی تورکیا دەیدات چییە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەگەر هاتوو تورکیا دەست لە پەیماننامەی لۆزان هەڵبگرێت بەتەواوی، بەتایبەتیش کە ئێستا لەنێو سەنتەر و میدیا جیهانییەکان و خودی راگەیاندنەکانی تورکیاش باسی لێوە دەکرێت؟

ئەوەی شایانی باسە پووچەڵکردنەوەی پەیماننامەی ڤێرسای لەلایەن ئەڵمانیاوە بووە هۆی بەرپابوونی جەنگی دوەمی جیهان، بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەو دەستهەڵگرتنەی تورکیاش هەمان مێژوو دووبارە دەکاتەوە و ناوچەکە راپێچی شەڕێکی ئیقلیمی دەکات!

**"ئەردۆغان لەچەندین بۆنەدا باسی لێوە دەکات و تیشک دەخاتە سەر پەیماننامەی لۆزان و بە برینێکی ساریژ نەبووەوەی سەر جەستەی تورکیا و یادەوەریەکی تاڵ بۆ تورکەکان وەسفی دەکات"**

**سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

١. ئەحمەد داود ئۆغلۆ: کتێبی (قووڵایی ستراتیژی) پێگەی تورکیا لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا.

٢. سامویل هانتگتۆن: بەریەککەوتنی شارستانێتییەکان ـ بنیاتنانەوەی سیستمی جیهانی.

٣. سيار جميل، العثمنة الجديدة، في التاريخ الموازي بين العرب والاتراك، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، بيروت، ٢٠١٥.

٤.عمر تچبينار ـ تركيا في الشرق الاوسط: بين الكمالية والعثمانية الجديدة. مركز كارنيجى الشرق الاوسط. ايلول ٢٠٠٨.

٥. سمیر ساڵح، بۆچی ئەردۆگان جووڵە بە خۆڵەمێشی پەیماننامەی لۆزان دەکات! گۆڤاری عەرەبی نوێ.

# هەرێنامەی (لۆزان) یان تاوانێکی گەورەی سەدەی بیست



**کاوە نادر قادر**

(هەرێنامەی لۆزان) لەخۆیدا دەرکردنی وەفاتنامەی خیلافەتی عوسمانی و لە دایکبوونی کۆماری تورکیای کەمالیست و بڕیاری لەسێدارەدانی سەربەخۆیی کوردستان بوو.

لێدوانی لێپرسراوە تورکەکان ئەوە دەگەیەنێ، ئەگەر بۆیان مەیسەر بێ هەوڵ دەدەن ئەو ناوچانەی کە لە پەیماننامەی لۆزان، سازشیان لەسەر کردووە بۆ تورکیای بگێڕنەوە، ئەو لێدوان و ڕەفتارانەی دەسەڵاتدارانی ئێستای تورکیا، ناوچەی خۆهەڵاتی ناوەڕاست ئاڵۆزتر و کێشەی ئەمنی زیاتر دەکات، تورکیا چەندین دەستوەردان و کردەوەی سەربازی و هێرشی لەشکری لە سوریا و ڕۆژاوا و باشووری کوردستان و لیبیا ئەنجام داوە بەمەبەستی گەیشتن بەخەونە نەرجسییەکەی عوسمانییەتی نوێ.

سەرۆک کۆماری تورکیا ڕەجب تەیب ئەردوگان بانگەشەی ئەوە دەکات تورکیای ئێستا بەهێزە و وەک پێش سەد ساڵ لەوەو پێش نییە، دەخوازێ میساقی میللی بەتەواوی بەجێبگەیەنێ.

ئەو دەستوەردان و هەڕەشانە ئەوە دەسەلمێنن کە ئەو قەوارە سیاسیانەی کە ئێستا لە خۆرهەڵاتی ناوین هەن، زۆر شلۆقن و گوزارشت لەناسنامەیەکی نەتەوەیی ڕەسەن و ڕەوایی بوونی ئەو دەسەڵاتانە ناکەن، ڕەگ و ڕیشەی لاوازی ئەو دەوڵەتانەش بۆ جۆر و شێوازی دروستبوونیان دەگەڕێتەوە.

ئەو قەوارە سیاسیانەی ئێستای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بنەمای جولانەوەیەکی مێژوویی و گەشەکردنێکی سروشتی کۆمەڵگەی خۆیان نەهاتۆنەتە دی، بەڵکوو وەک داڤید فرومەکینی ئەمریکی دەڵێ: (بە دەستوەردان لەسەر بنەمای فیکر و یاسا و دابونەریتەکانی ئەوروپا دروست بوونە).

کێشە لەبونیەتی دەوڵەتان و نەبوونی هەستی پەیوەستبوون بەوڵات لەلایەن خەڵکەکەیەوە، ئەوە دەسەلمێنێ کە دیارترین دەرئەنجامی یاسایی وسیاسی سلبی ئەو هەرێنامەیە، بەسەر ئەو دەوڵەت وسیستەمە ئەمنییەی کە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی لێدروست بووە و بە دەستکردی پڕۆژە جیۆسیاسییەکانی وڵاتانی زلهێز دادەنرێن، نەک گوزارشتکردن لەواقیعی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئەتنی و کەڵچەری جودای ئەو وڵاتانە (دەوڵەتی یەک نەتەوە و یەک زمان یەک ئاڵا). ململانێ و شەڕی ناوخۆیی و توندوتیژییەکانی نێو ئەو وڵاتانەش لەو خاڵە سلبیەوە سەرچاوە دەگرن.

سەرۆک وەزیرانی ئەوسای بەریتانی (لوید جۆرج)لەساڵی ١٩١٨بەئاشکرا ڕایگەیاندبوو (شتێک لەسەر نەخشە بەناوی تورک نامێنێ) کەچی تورکیا مایەوە و توانی لە کۆی (١،٥٨٦،٥٤٠ کم٢)ی خاکی عوسمانی(٦١٣،٧٢٤ کم٢)ی لێ ڕزگار بکا. ئەوەی بەشی هەرە خراپی بەرکەوت، تەنیا کورد بوو.

کوردستان بەسەر سێ وڵاتی ناوچەکەدا دابەشکرا (٢٥٠،٠٠٠کم٢)ی بەر تورکیا و(٩٦،٠٠٠کم٢) بەر عێراق و(٢٨،٠٠٠کم٢) بەر سوریا کەوت و ناوی کوردستان بەفەرمی لەلایەن وڵاتانی داگیرکەری کوردستان سڕایەوە. وەک دبلۆماسێکی ئەمریکی گۆتەنی (ئەم پەیماننامەیە بەدەستی شەیتان نوسرایەوە) واتە کێشەکان بەردەوام دەبن.

## پەیماننامەی (لۆزان)ی خاوەن ئەحکامی بەردەوام

هەرێنامەی لۆزان (Treaty of Lausanne) کەهەندێ جار بە لۆزانی دووەم دەناسرێ، لەکۆشکی رومین شاری لۆزانی سویسرا مۆر کرا لەئاکامی کۆنفرانسی لۆزان (Lausanne Conference) لە٢٢ ت١ ١٩٢٢ دەستی پێکرد و نزیکەی ٨ مانگی خایاند و لە٢٤ی تەمموز ١٩٢٣ لەنیوان وڵاتانی هاوپەیمانی براوەی شەڕی گەورەی یەکەمی دونیا کۆتایی هات. کە بریتی بوون لە (فەرەنسا و بەریتانیا و ئیتالیا و ژاپۆن و یۆنان و ڕۆمانیا و یۆگۆسلاڤیا) کە تێدا (ئەمریکا وەک چاودێر و پورتگاڵ وسوید و دانیماک و هۆلەندا و ئیسپانیا وەک لایەنی ئابواری و بولگاریا و یەکێتی سۆڤیەت لەبواری دەربەندە دەریاییەکان) بەشدار بوون.

لەدایکبوونی تورکیای تازە، دانان بەدەسەڵاتی ئەنکەرەی کەمالیست و سڕینەوەی پەیماننامەی سیڤەری لێکەوتەوە، لۆزان لە٢٣ی ئابی ١٩٢٣ لەلایەن تورکیای کەمالی پشتڕاست (تەسدیق) کراو وڵاتانی دیکەی بەشدار بووی ئەو پەیماننامەیە تا ٢٣ تەمموزی ١٩٢٤ پشتڕاستیان کردەوە و لەئابی ١٩٢٤ کەوتە بواری بەجێبەجێکردن.

## ئینگلیز فایلی کوردستان وەک کارت بەکار دەهێنێ

ڕاگرتنی شەڕی گەورەی یەکەمی جیهان، دەرئەنجام و ئاکامی نوێی لێکەوتووە، ئەگەر ئینگلیزەکان لەوەوپێش یەکێ لەوڵاتانی هاوپەیمانان بوون، ئەوا دوای برانەوەی شەڕ، دەستڕۆیشترین وڵات بوون، بە تایبەتی کە (١٢٠) هەزار کوژراویان لەبەرەکانی دژ بەدەوڵەتی عوسمانی و یەک ملیون سەربازیان لەسەر خاکی پێشوی ئەو دەوڵەتە هەبوو، بۆیە ئینگلیز بەو پشکەی پێش شەڕ سەرگران بوو، داوای چاوخشاندنەوەی بەپشکەکانی کرد و (سایکس پیکۆ) بەڕێککەوتنێکی تورووهات ناو دەبات. لەدانیشتن و گفتوگۆکانی لەگەڵ وڵاتانی براوەی شەڕ ئەوەی بەزەقی پێوە دیار بوو، بەتایبەتی بەکشانەوەی سۆڤیەت لەڕێککەوتننامەکە ئەو مەرامەی زیاتر بۆ مەیسەر بوو.

ئەو خواستەی ئینگلیز لە واقیعدا ڕەنگدانەوەیەکی سلبی بوو بۆسەر پێگە و چارەنووسی کوردستان. لەکۆبوونەوەی سێیەمی (٢٢ک٢ ١٩١٩) ی ئاشتەوایی پاریس بۆ لێکۆڵینەوە لەهەردوو مەسەلەی (قەوقاس و کوردستان) (ئێم برتلو) بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا، لەسەر پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لەویلایەتی (موسڵ و حەلەب) لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستان هەیە، پێشنیاری کردە (سەر لۆرد کیرزن) سەرۆکی شاندی بەریتانی بە فیدرالیەتی ژێر چاودێری ئینگلیز و فەرەنسا پڕ بکرێتەوە، بەڵام (کیرزن) مەیلێکی ئەوتۆی بۆ نیشان نەدا. بەڵکو وەک مانۆڕێک و جۆرێک لە تاکتیک لەگەڵ فەرەنسا لێکی دایەوە. کیرزن گوتی: (دەبێ دەرفەت بۆ کورد برەخسێ، بەخۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن) و لە چوارچێوەی پەیماننامەی سیڤەری کە یەکەم بڕیاری نێودەوڵەتی بوو، دان بە مافەکانی کورد بنرێ. کاتێکیش ئینگلیز بێ ئومێد بوو لەپڕکردنەوەی بۆشایی پشکی ڕووسیای قەیسەری (باکووری کوردستان) لەلایەن ئەمریکا و فەرەنساوە، بیری لەوە کردەوە ئەو پشکە بکاتە کارتی سازشکردن لەگەڵ (کەمال)یەکان ئەوە بوو ئەو بەشەی کە لەلایەن کوردستانیان بە کوردستانی ناوەندی (کوردستانی عوسمانی) ناسرا بوو، بەپێی سازشێکی سەوداکارانە و چاوچنۆکانەی کۆلۆنیالیستی لەبەینی فەرەنسا و ئینگلیز و تورکیای کەمالیست دابەشکرا و هیچ حسابێک بۆ بەڵێنەکەی (لوید جۆرج) کە لە ٥ی ک٢ ١٩١٨ ڕایگەیاند بوو نەکرا. ئەهەرچی شەڕی بەریتانیا، شەڕ بوو لەپێناو داکۆکی لەخود و مافی گەلان و یاسا نێودەوڵەتییەکانە، کەچی بۆ خواستی خۆیان ڕەفتاریان کرد و حسابێکیان بۆ خواستی گەلان نەکرد و کورد بووە قوربانی سەرەکی ئەو ڕەفتار و بەرژەوەندیانەیان. لەئاکامدا کوردستان خراپترین بەشی بەرکەوت، لەگەڵ ئەوەی هێزە کوردییەکان پەرشوبڵاو و بێ ستراتیژیەت بوون، ئەو گەمانەی کە وڵاتانی زلهێز دەیانکرد لەسەروی هوما (زەین) پێکردنی عەقلی سیاسی خێڵەکی و بورژوا بچووکی کورد بوو، هاوکاری «هاتنی علی ئۆزدەمیری تورک بە(٥٠٠)سەربازەوە بۆ ڕواندز و ڕاوبۆچوونی سەرانی ئەوسای کورد (شێخ عەبدوڵقادر شەمزینی و شەریف خەندان و عەبدوڵا جەودەت و ئەمین عالی) لەوەی خودمختاریان لەنێو تورکیادا قەبول بوو، بۆ ئەوە بوو کوردستان بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە دابەش نەکرێ).

ئەو هەڵوێستە نوێیانەی وڵاتانی هاوپەیمان لەگەڵ ئینگلیز لەشەڕ و هاوکاری کوردان لەگەڵ تورک، وای لەئینگلیز کرد کوردستان بەتەواوی بخاتە نێو ستراتیژیەتی خۆیەوە، ئەو گەمانەی ئینگلیز ئەوە دەردەخا، کە هەر لەسەرەتاوە یاری بە کارتی کورد کردوە و باوەڕی بەمافەکانی نەبووە و مانۆڕێ کردوە بۆ ئەوەی کورد لەکەمالی و کۆمۆنیستەکانی سۆڤیەت دوور بخاتەوە.

دوای سەرهەڵدانی جولانەوەی نەتەوەیی کەمالیست لەتورکیا، جودای کەوتە نێو فەرەنسا و بەریتانیا و ئیتالیا لەسەر ئەو جولانەوە و ڕێککەوتنەی کەمالی و فەرەنسییەکان لە٢٠ی تشرینی دووەمی١٩٢١ و لەگەڵ یۆنانییەکان لەسەر ئەزمیر لە ئەیلولی ١٩٢٢ و ڕێککەوتنی تورکیا و سۆڤیەت لە١٦ی ئاداری١٩٢١ و ڕێککەوتنیان لەگەڵ ئەفغانستان، گورجستان، ئەرمنستان، ئازەبیجان، ئیتالیا لەهەمان ساڵدا، وایکرد ئاراستەیەکی نوێ لەناو بەریتانیا سەرهەڵبدات و فشار بخەنە سەر (لۆید جۆرج) کە بە شێوەیەکی سیاسیانە مامەڵە لەگەڵ (کەمال مستەفا)دا بکات ئەم هەڵوێستە نوێیانەی هاوپەیمانی ئینگلیز لەشەڕدا و هەڵوێستی کوردان بەمانەوە لەگەڵ

**ئەو گەمانەی ئینگلیز ئەوە دەردەخا، کە هەر لەسەرەتاوە یاری بە کارتی کورد کردوە و باوەڕی بەمافەکانی نەبووە و مانۆڕێ کردوە بۆ ئەوەی کورد لەکەمالی و کۆمۆنیستەکانی سۆڤیەت دوور بخاتەوە**

تورکیا، سەرۆک وەزیرانی بەریتانی خستە دووڕیانیک، یادەبێ سازشێک لەگەڵ تورکیادا بکا، یان دەبێ شەڕێکی یەکلایانەی لەگەڵدا بەرپا بکا.

لەناوخۆی بەریتانیاش هەڕەشە لەسەر ئیتلافییە حکومییەکەی هەبوو و دژبەرەکانی (لۆید جۆرج) دەیان گۆت: سەرۆک وەزیران دەیەوێ بەهێزێکی کەم شەڕێکی دیکە لەگەڵ تورکان بکات کە کارەساتی لێ دەکەوێتەوە. بۆیە لەهەموو لایەکەوە داوایان لێکرد (پیتە مردوەکان و گوڵدانە جوانە شکاوەکە (سیڤەر) لەبیر بکا و سازشێکی نوێ لەگەڵ تورکیادا بکات) ئەوە زەمینەی بۆ لۆزان خۆشکرد.

**له سیڤەرەوە بۆ لۆزان**

**مانۆرەکەی ئینگلیز لەدژایەتی کورد**

هەرچەندە (لۆید جۆرج) سەرۆک وەزیرانی ئەوسای بەریتانیا، زۆر دژە تورک بوو، بەڵێنی دابوو تورکیا لەسە نەخشە بسڕێتەوە، بەڵام ئاراستەی ڕوداوەکانی ستراتیژیەتی کۆلۆنیالیستی بەریتانیا وای لێکرد کە بیر لەمانۆرێک بکاتەوە بتوانێ بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن، بۆ ئەو مەبەستە کورد تیادا دەبنە گەورەترین قوربانی.

ئینگلیز ڕەفتارەکانیان لەگەڵ گفتارەکانیان جودایی زۆری هەبوو، کاتێ بزوتنەوەی کەمالیست بوونە هێز و دەرکەوتن، ئینگلیز لەبری بەگژدا چوونەوەیان هەوڵی ڕێککەوتنی لەگەڵیان دا، قەیرانەکانی بەریتانیا و تورکیای کەمالیستی بەرەو ئاقارێک ڕۆیشتن چارەسەری بە سەودایەک لەسەر پێستی کورددا دەبینرا، جموجۆلی شرناخ و بەدرخانەکان و هاتنی مێجر نۆئێل بۆ ئەو ناوچانە دێرسیمییەکان (٤٠) هەزار سواریان ئامادەکرد، ئەمەو حاکمداریەتی شێخ مەحمود لەسلێمانی، کەمالیستەکانی ترساند و نزیک بونەوەی تورکیا و سۆڤیەت و ڕێککەوتنی فەڕەنسا و تورکیا لە ساڵی ١٩٢١، هێزەکانی تورکیای گەیاندە سەر تخوبی ویلایەتی موسڵ، بۆیە هەردوولا لە دوڕیانێک گیریان خوارد، یان شەڕ یان سەودایەک لەگەڵ یەکدیدا بکەن.

**دەرئەنجامەکانی لۆزان**

١- دەوڵەتی نەتەوەیی بە چەمکی خۆرهەڵاتی لێکەوتەوە، کە دەسەڵات و یاسا و خاکی ئەو دەوڵەتانەی بۆ نەتەوەی سەردەست هێشتەوە و نەتەوە و ئەتنیک و کەلتووری جودای دیکە قەبوڵ ناکا.

٢- کوردستان نەک بەهۆی ئەو هاوپەیمانیەتە سیاسیی و ئابووری ئەمنیەی نێوان ئەو وڵاتانەی کە پەیماننامەی لۆزانیان مۆرکرد، لەلایەن چوار وڵاتی ناوچەکە (تورکیا و عێراق و سوریا و ئێران) داگیرو دابەشکرا، بەڵکوو ئەو پەیماننامەیە بووە هاوپەیمانیەتییەک، سەربەخۆیی کوردستان بووە هەورازە خەت و یەکێ لەبیرکردنەوە قەدەغەکراوەکان و زهنیەتی لۆزان پشتیوانییەکی مۆرالی بەهێزە تا ئێستاش بۆ تاواندنەوەی کورد لەنێو نەتەوە سەردەستەکانی ئەو وڵاتانەی کە لۆزان کوردستانی بەسەردا دابەشکردن.

٣- بەریتانیا وەک کارتێک مەسەلەی کوردستانی بۆ بەرژەوەندی کۆلۆنیالیستی بەکارهێنا و فایلی کوردستانی هەڵدەسوڕاند، تەنانەت دەگوترا لەهەر کوێیک مەسەلەی کوردستان باس بکرێ بزانە دەستی ئینگلیزی تێدایە. کاتێ ئینگلیز لە لۆزان گەیشتە مەرامەکانی خۆی، بەتەواوی هەموو شتی داخست.

٤- هەر بەتەنیا بەرژەوەندخوازی ئینگلیز نەبوو وای لەمەسەلەی کوردستان کرد، بەڵکوو پشتوانی کورد لەکەمالیزم و بەشداریکردنی ٧٤ ئەندام بەرلەمانتاری کورد لەئەنجومەنی نیشتیمانی گەورەی تورکیا، نامە و نوێنەری تایبەتیان نارد بۆ لۆزان کە تورکیا وڵاتی کورد و تورکانە. باش نەخوێندنەوە و ڕووداوەکان بەو دەردەی بردن کە نەوەی ئێستا باجەکەی دەدەن.

٥- شۆڕشی ئۆکتۆبەر و کشانەوەی لەسایکس پیکۆ و بۆشایی دروستکردنی باکوور و پڕکردنەوەی بە فەڕەنسییەکان و سازشیان لەگەڵ کەمالیست، باکووری خستە دەستیان.

٦- ئەوجا لێکدانەوەی کوردایەتی بەفیودالیستی وپاشڤەڕۆیی و ناسینی کەمالیست بە دژە ڕۆژاوا و پێشکەوتنخوازی، پشتوانی سۆڤیەت لەکەمالیست سەرکەوتنی بۆ بەدەست هێنان.


**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

١- داڤید فرومکین(١٩٩٢)/ترجمة_ اسعد کامل الیاس/السلام مابعد السلام- ولادة الشرق الاوسط ١٩١٤_١٩٢٢، ص٣٢)

٢- د.کمال مظهر(١٩٧٧)/کردستان خلال الحرب العالمیة الاولی. ص٣٤٥/ + الجزیرة /من سیفر إلى لوزان: صناعة الدولة القومیة في الشرق الاوسط ٢٠٢٠/٢/٢٠ .

٣- جغرافیة کردستان، قسم تدریب ک ج ک

٤- د.حامد محمودعیسی(٢٠٠٥)/ القضیة الکردیة في العراق من الاحتلال البریطاني الى الغزو الامریکي، ص٢٤٤.

٥- جموعة من الباحثین السوڤیت(٢٠٠٧)./ ترجمة د،هاشم صالح التکریتي/ تاریخ ترکیا المعاصر، ص٨٦.

٦- الدین (٢٠٠٤) / السیاسة البریطانیة تجاه ترکیاو اثرها في کردستان ١٩٢٣_١٩٢٦ ص٢٢٥.

٧- دیفید مکداول (٢٠٠٥) / مێژووی هاوچەرخی کوردستان / ئەبوبەکر خۆشناو لەفارسیەوە کردوویتە بە کوردی _ سلێمانی چاپی دووەم .

٨- کاوە نادر قادر(٢٠٠٨)/ ڕۆلی نەوت لە چارەنوسی گەلی کوردستاندا، ل١٩٢

٩- فازل حوسێن/ کێشەی ویلایەتی موسل .... ل٤٤

١٠- کاوە نادر قادر(٢٠١٠)/ بە عێراقیکردنەوە یان قوڵبوونەوەی ناسنامە، ل١٢٢

١١- ایوب بارزانی (٢٠١٧) / الحرکه التحرریة الکوردیة و صراع القوی الاقلیمیة و الدولیة/ الجزء الاول، ص٨٢.



# بزووتنەوەی سمکۆ و پرسی نەتەوەیی کورد

ن: ڕزگار بەرفروخت
و: ڕێباز مستەفا



**بەشی دووەم**

**ناسیۆنالیزمی کوردی، دەستەبژێرانی ئاریستۆکرات و دەستەبژێرانی نەریتی**

گۆڕانی پێکهاتەی دەسەڵات لەدوو وڵاتی ئێران و عوسمانی ئەگەرچی لەکات و ساتێکی نزیکی یەک دەستی پێکرد، بەڵام بە دوو ڕێڕەوەی جیاوازدا پرۆسەکەیان بردە پێشەوە. گەلی کورد لە ئێران و عوسمانی دوای بێبەشکردنیان لە دەسەڵاتی ناوچەکانی خۆیان، سەرەتا کۆمەڵێک ڕاپەڕین و سەرهەڵدانیان وەڕێ خست. سەرهەڵدانی میر محەمەد پاشای ڕواندز لە نێوان ساڵانی ١٨١٣تا ١٨٣٦، هەروەها ڕاپەڕینی سەردار ڕەشیدی ئەردەڵان ساڵی ١٩١٣ لە ئێران، گرنگترین دوو ڕاپەڕینی ئەو سەردەمە بوون، بەڵام بەرکەنارکردنی بنەماڵە و دەستەبژێرەکانی کورد لە دوو وڵات وەکو یەک ئەنجام نەدراوە، لە کاتێکدا کە فەرمانڕەوایانی پێشووی کورد لە دەوڵەتی عوسمانیدا بە شێوەیەکی گشتی لەنێو سیستمی سیاسی و کارگێڕیی ئەو وڵاتەدا جێی خۆیان گرت و کوڕ و نەوەکانیان لە چوارچێوەی سیستمی نوێی پەروەردەی عوسمانیدا خرانە بەر خوێندن و فێرکردنەوە، لە ئێران نەک هەواڵێک لە بوون و ئامادەیی کورد لە بەڕێوەبردنی پۆست و پلەوپایەی کارگێڕی و پەروەردەیی نەبوو، بەڵکو تا دەهات زیاتر لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی ناوەند دوور دەخرانەوە و بە کێشە و گیروگرفتە ناوچەییەکانی خۆیانەوە گیرۆدە بوون. ناتوانین ئەم پرسە بە پلانسازی و ستراتیژیی حکومەتی ئێران بەرامبەر بە کورد بدەینە قەڵەم، خۆی لە بنچینەدا ڕەوتی گۆڕانکاریی نوێ لە دوو وڵاتی ئێران و عوسمانی هاوشێوە و یەکسان نەبوو. سەرهەڵدانی شەپۆلی ناسیۆنالیستی بە پاشخانی پان ئیسلامی و (پێواژۆی تەنزیمات١) لە عوسمانی، کە لە سەردەمی عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩) بەوپەڕی خۆی گەیشت.

ڕۆڵی چارەنووسسازانەی ڕێبەرانی کوردی لە ناوچەکانی کوردستان وەک پارێزەرانی خەلیفە لە بەرامبەر نەتەوە و مەزهەبەکانی دیکەی ناو قەڵەمڕەوی عوسمانی بەرجەستە کرد. ئاستی کارایی کوڕانی ئەو ڕێبەرانەی ناوچەیی، بە تایبەت سێ بنەماڵەی هەرە دیاری نەهری، بابانی و بەدرخانی بە ڕادەیەک بوو کە دەتوانین بڵێین کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیران و دەستەبژێرانی کوردی لەو سەردەمە هێنایە مەیدان، کە لە لایەکەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و ڕاستەوخۆیان لەگەڵ حکومەتی عوسمانیدا هەبوو و لە لایەکی دیکەشەوە ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی جیهان و بیروباوەڕ و ئایدیای تازە بوون. دەتوانین هاودەنگ لەگەڵ (ژین ڕایس باجلان) بڵێین کە کۆتایی میرنشینەکانی کوردی لە باکووری کوردستان بە واتای دوورخستنەوەی میر و کوڕ و نەوەی ئەو بنەماڵانەی کورد بوو لە کوردستان و ئاوێتەکردنیان لەنێو بۆتەی پلەوپۆستی مۆدێرنیزەکراوی بیرۆکراسی عوسمانی٢ بەڵام ئەو ئاوێتەکردنە بە هیچ شێوەیەک بە واتای دەستپێکی ئاسمیلەکردنی ئەو بەشە لە دەستەبژێرەکان لە ئایندەی سیاسی و ڕووداوەکانی دواتری عوسمانی نەبوو، بەڵکو ڕەوتی ڕووداوەکان و مەیلە سیاسییەکانی ئەو دەستەبژێرە کوردانە بوو کە ئەوانی کێشایە نێو ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی کوردییەوە.

ئەم بابەتە هەر تەنیا تایبەت نەبوو بە دەستەبژێرانی خاوەن فیکر و ڕۆشنبیرانەوە، بەڵکو خودی هێزە نەریتییەکانی کوردی عوسمانیش چوونە نێو مەیدانی خەباتی سیاسییەوە. خاڵی وەرچەخانی کەوتنەخۆی هێزی نەریتی کورد لە دەوڵەتی عوسمانیدا بریتی بوو لە پێکهێنان و دروستبوونی سوپای حەمیدیە. سوپای حەمیدیە بە ئامانجی ڕاکێشان و سوود وەرگرتن لەهێزە خێڵەکییەکانی

> **"هەموو شاعیرانی پێشەنگی قوتابخانەی نالی لەژێر کاریگەریی بەرهەمە ناوازەکەی مەم و زینی ئەودا بوون"**

کورد لە گواستنەوە و بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی خەلافەت لە ناوچەکانی دوور لە ناوەند، بووە مایەی ئەوەی کە هۆزەکانی کورد لە تەریکبوون و چەقبەستن بێنە دەر. هەرچەندە ئەو گۆڕانە بە واتای تێکەڵبوون و توانەوەی ئەوان لەنێو پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوەی عوسمانیدا نەبوو، کە لە سەروبەندی پێگەیشتن و خۆڕێکخستندابوو، بەڵام ئەوەی گرنگ بوو ئەوە بوو کە پرۆژەی ڕاکێشانی ڕێبەرانی ناوچەیی و سەرۆک هۆزەکانی لەگەڵ هەر بیرۆکە و ئامانجێک کە سەری هەڵدا، ئەوانی لەو ڕەوتەی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی عوسمانی و تورکیای بەردەم گۆڕان و پێگەیشتندا چالاک و هۆشیار کردەوە.

لەو ڕۆڵگێڕییەدا، هەم دەستەبژێران و ڕۆشنبیران و هەم هێزە خێڵەکییەکان لە ڕەوتی پشتیوانیکردن لە حکومەتی عوسمانی بە ئامانجی گەیشتن بە سیستمێکی یاسایی و دیموکراتیک و جارجاریش بە دژایەتیکردنی ناوەند، بنەما و تایبەتمەندییە کوردییەکانی خۆیان پاراست.

هاتنی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری بۆ مەیدانی سیاسی لە ساڵی ١٨٨٠ و بەشداربوونی کورد لە جەنگی یەکەمی جیهانی دژ بە ڕووس، کە لە لایەن موفتییەکانی عوسمانییەوە فەرمانی جیهادی بۆ دەرکرا، دوو نموونەی چالاکیی هێزە نەریتییەکان بوون لە گۆڕانکارییە تازەکانی عوسمانی. ئەو دوو نموونەیە، زیاتر لەوەی نیشاندەری توانای خەلیفە بێت لە بەکارهێنانی هێزەکانی کورد، دەرخەری ئەو ڕۆڵە چالاکانەیەی هێزە نەریتییەکانی کورد بوو لە مەیدانی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە. ئەگەرچی ڕووداونووسی کلاسیک و ئەو لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنانەی کە لەسەر




بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری کراون، ئەو بزووتنەوەیە بە بزووتنەوەیەکی پیلانگێڕ و یاخیگەرانە لە ئێران پێناسە دەکەن[٣] بەڵام ئەگەر خوێندنەوەیەکی بێلایەنانەی بۆ بکرێت وا پێدەچێت کە ئەو بزاوتە نوێییەی لەنێو کوردانی نێو قەڵەمڕەوی عوسمانی هاتبووە ئارا، بووبێتە هەوێنی سەرەتایی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لەنێو دەستەبژێرە خوێندەوار و خاوەن هزرەکان و هێزە نەریتییەکانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان.

ئەگەر هێزە نەریتییەکان پێشتر هەر ڕۆڵێکی چەکدارانەیان لە ململانێ ناوچەییەکان گێڕابێت، لەنێو بازنەی ڕۆشنبیران و دەستەبژێرەکانی کورددا، ڕەوتەکە شێوەیەکی دیکەی هەبووە. ئەدیبان و دەستەبژێر و ڕۆشنبیرانی لاوی سەر بە بنەماڵە دێرینەکان، یان نزیک لەو بنەماڵانە، یەکەمین کەسانێک بوون کە پرسی کورد و ناسنامەی کوردایەتیان لە نووسین و هەنگاوە کردەییەکانی خۆیاندا باس کرد و جێکردەوە. بەم پێیە بە پێچەوانەی تێڕوانین و باوەڕی باوی لێکۆڵینەوە بەردەستەکان، یەکەمین شەپۆلی ناسیۆنالیزمی کوردی نە لە میانی ڕووداوەکانی دوو جەنگی جیهانی، بەڵکو لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە لەنێو ڕۆشنبیران و ئەدیب و دەستەبژێرە خوێندەوارەکانی کوردستاندا سەری هەڵدا و گەشەی کرد. شاعیرانی قوتابخانەی (نالی) بە تایبەت سێ گەورە شاعیری ئەو قوتابخانەیە (نالی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی و حاجی قادری کۆیی) بە خستنەڕوو و بەرجەستەکردنی پرسی ناسیۆنالیزم لە دەقە ئەدەبییەکانی کورددا نەک هەر بوونە پێشەنگ و پەیرێژی

ڕەوتێکی نوێ لە ئەدەبیاتی دەوڵەمەندی کوردیدا، بەڵکوو بوون بە سەرقافڵەی بڵاوکردنەوەی هزری نەتەوایەتی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کورد و کۆمەڵگەی کوردستاندا.٤ لەو بارەیەوە کاریگەریی قووڵی ئەحمەدی خانی شاعیری کوردستانی سەدەی حەڤدە لەسەر ئەو شاعیرانە شاراوە نییە. هەموو شاعیرانی پێشەنگی قوتابخانەی نالی لەژێر کاریگەریی بەرهەمە ناوازەکەی مەم و زینی ئەودا بوون. ئاوێتەکردنی خەیاڵی شاعیرانە لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و نیشتمانپەروەریتیی خانی ئەگەرچی دوو سەدەی پێچوو تا شوێنکەوتە و پەیڕەوانی خۆی لەنێو بازنەی قوتابخانەی نالیدا دۆزیەوە، بەڵام ئەوە ئیدی بووە سەرەتایەک بۆ نوێنەرایەتیکردنی پرۆسەیەکی بەردەوام.

جگە لە شاعیران و ئەدیبان، تەکنۆکراتەکانی کوردی نێو دامودەزگاکانی عوسمانیش وردە وردە لە گوتاری یەکێتیی ئیسلامی دوور کەوتنەوە و کەوتنە بڵاوکردنەوەی گوتارێک کە بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو پێشینەی نەبوو. ئەندامانی سەر بە بنەماڵەکانی بابان، بەدرخانییەکان و نەهری لە گرنگترین و چالاکترین دەستەبژێرە ئاریستۆکراتەکان بوون، کە بە بەشداریکردنیان لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەستەنبوول شانبەشانی گەلانی دیکەی عوسمانی لە تێکۆشانی دژی خەلیفەدا ڕۆڵ و بەشدارییەکی چالاکانەیان یاری کرد.٥

یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی کە دەستەبژێرانی کورد ڕۆڵیان تێدا گێڕا، (کۆمیتەی ئیتتیحاد و تەرەقی) بوو.٦ ئەو ڕێکخراوە کە لە ڕاستیدا نوێنەرایەتیی بەرەی دژی ڕەوتی پان ئیسلامیزمی عەبدولحەمیدی دەکرد، گروپە نەتەوەییەکانی عەرەب، کورد، تورک، ئەرمەنی و دەستە و گروپگەلی نەتەوەیی و ئایینی دیکەی عوسمانی لەخۆ گرتبوو، کە بە ئومێدی دیموکراتیزەکردنی پرۆسەی سیاسی لە قەڵەمڕەوی عوسمانی و کۆتاییهێنان بە ستەمی خەلافەت لەگەڵ یەکدا کۆبووبوونەوە. دەستەبژێرانی کورد لە کار و چالاکییەکانی ئەو کۆمیتەیەدا شێلگیرانە کاریان دەکرد. تاکە سیمای جیاوازی چالاکیوانانی کورد لەو کۆمیتەیەدا ئەوە بوو کە ئەوان وێڕای پشتیوانیکردنیان لە یەکپارچەیی دەوڵەتی عوسمانی، جۆرێک تایبەتمەندێتیی کوردی لە هەنگاوەکانیاندا دەبیندرا. وەک نموونە (مەدحەت میقداد بەدرخان و عەبدولڕەحمان بەدرخان) لە ئەندامانی ناسراوی ئەو ڕێکخراوە بوون کە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیان بە ناوی (کوردستان) لە نێوان ساڵانی ١٨٩٨ تا ١٩٠٢ بڵاو کردەوە.٧

ڕۆژنامەی کوردستان ئەگەرچی لەسەر ئاستی گوتاری ناسیۆنالیستیدا نەیتوانی گوتارێکی سەربەخۆی ناسیۆنالیزمی کوردی بهێنێتە ئارا، بەڵام ڕچەشکێن و پێشەنگی ڕەوتێک بوو کە شەپۆلێک لە بڵاوکراوەی کوردی بە دوای خۆیدا هێنا و چالاکانە پەرەیان بە بیری ناسیۆنالیستی دا.٨

دوای خەبات و تێکۆشانی گروپە چالاکەکانی ئەستەنبوول و سەرکەوتنی تورکە لاوەکان یەکەمین ڕێکخراوی کوردی دروست بوو. لە پازدەی ئەیلوولی ١٩٠٨ لە یانەی وەزنجی ئەستەنبوول گروپێکی پێنج سەد کەسی لە کوردانی ناسراو، (جەمعیەتی تەرەقی و تەعاون) (کۆمەڵەی پێشکەوتن و هاوکاری) یان (جەمعیەتی تەعالی و تەرەقیی کوردستان)٩یان پێک هێنا. ئەو کۆمەڵەیە ئەگەرچی لە ساڵێک زیاتر بەردەوام نەبوو و هەڵوەشایەوە، بەڵام ئەمە بووە ڕەوتێکی ڕوو لە پەرەسەندن کە ئایندەی سیاسی و خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردی ڕێک دەخست و ڕێنوێنی دەکرد. (مارتین ڤان بروینسن) ئەوەی دەربڕیوە کە ئەو ڕێکخراوە و ڕێکخراوی (هێڤی) کە لە ١٩١٢ دوای ڕێکخراوی ناوبراو پێک هێندرا، نەیانتوانی بخزێنە نێو

**یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی کە دەستەبژێرانی کورد ڕۆڵیان تێدا گێڕا، (کۆمیتەی ئیتتیحاد و تەرەقی) بوو**

کۆمەڵانی بەربڵاوی خەڵک. بە واتایەکی دی ئەو یەکەمین دوو ڕێکخراوەی کورد، تەنیا لەسەر ئاستی دەستەبژێرانی کورد لە ئەستەنبوول چالاک بوون و کاریگەریان هەبوو.١٠

سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی ئەگەرچی بۆ عوسمانی کارەساتبار بوو، بووە مایەی بەشبەشبوونی وڵاتەکە، بەڵام کورد لەمیانی جەنگەکەدا نەک هەر توانی هێزەکانی خۆی ڕێک بخات، بەڵکو بەباشی کەوتە بەدیهێنانی خواستە نەتەوەییەکانی خۆیشی. دوای دەستپێکردنی جەنگەکە بەشێک

> **عەبدولڕەزاق بەدرخان بە هۆی نزیکبوونی لە سمکۆ نەک هەر لە شاری خوی (کۆمەڵەی جیهانزانی)ی پیکهێنا، بەڵکو یەکەمین خوێندنگەی کوردیشی بە شێوازی خوێندنگەکانی ڕووسی لەو شارەدا بۆ منداڵانی کورد کردەوە**

لە دەستەبژێرانی چالاکی کورد لەنێو کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقیی کوردستان، پەیوەندییان لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان دروست کرد و پرسی کوردیان لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا هێنایە بەر باس و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان داوای یارمەتییان لێ کردن. سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە (عەبدولڕەزاق بەدرخان و کامل بەدرخان) لەگەڵ ڕووسەکان و (محەمەد شەریف پاشا)١١ش داوای هاوکاری و یارمەتییان لە ئینگلیزەکان کردووە.١٢ ئەگەرچی ئەو دوو وڵاتە بە پیر داخوازییەکانی کوردەوە نەچوون، بەڵام ئەو پرسە لە دوو ڕووەوە گرنگییێکی چارەنووسسازی هەبوو: لە لایەکەوە ئەمە بووە سەرەتای ڕەوتێکی نوێی زیانبەخشی بەردەم پرۆسەی گەشەسەندووی ناسیۆنالیزمی کوردی، کە پشتبەستن بە دەسەڵاتدارە دەرەکییەکانی بە سەرەکیترین فاکتەری سەرکەوتنی خۆی دەزانی و ئەمەش لەهەموو بزووتنەوەکانی کورد لە سەد ساڵی دواتر بەردەوام دووبارە بووەتەوە، لە لایەکی دیکە نیشانەی دەستپێکی ڕەوتێکی بەربڵاوی مایەی باس و مشتومڕی پرسی کورد بووە وەک کێشەیەکی ئاڵۆزوبڵۆزی نێودەوڵەتی.

دوای جەنگ هێز و ڕەوتە ئاماژە پێدراوەکانی کورد لە عوسمانی، دووبارە کەوتنەوە کار. لە لایەک هێزە نەریتییە خێڵەکییەکان لەژێر ناوی (فەوجی عەشایەری) یان هیزی نیمچە سەربازی، لە گەڵ ئاراستەی جەنگ و ڕووداوەکانی دوای جەنگ چالاکانە تێکەڵی ڕەوتە سیاسییەکانی ناوچەکە بوون. لە لایەکی دیکەشەوە ڕێکخراوەکانی کورد دووبارە خۆیان ڕێک خستەوە. (کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان) لە ١٩١٨ دووبارە دەستی بە چالاکییەکانی خۆی کردەوە و بە پێکهاتەیەک لە ئەندامانی کۆن لەگەڵ نەوەی نوێتری کۆمەڵەی هێڤی هەوڵیان دا و کەوتنەخۆ بە کردنەوەی لکەکانی کۆمەڵە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، زیاتر و فراوانتر پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ کۆمەلانی خەڵک پەرە پێ بدەن و بەهێزتر بکەن. ڕاپەڕینی دەرسیم لە ساڵی ١٩٢٠بەرهەم و دەرەنجامی کار و چالاکیی ئەوان بوو. ئەگەرچی ئەو ڕاپەڕینە هەر لەگەڵ دروستبوونی سەرکوت کرا، بەڵام مژدەی ئەوەی دا کە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی ئیدی هەر لە چوارچێوەی تیۆری نا، بەڵکو بە شێوەیەکی کرداری هەنگاوی هەڵێناوە.

سەرکەوتنی کەمالیستەکان، ئاراستەی تێکۆشانی نەتەوەیی کورد و تورکی لە وڵاتی پێشووی عوسمانی و تورکیادا کە کەمالیستەکان لە هەوڵی دروستکردنیدابوون بە شێوەیەکی ڕوونتر لە یەک جیا کردەوە. ناوەندگەرایی و پێداگری لەسەر ناسیۆنالیزمی فەرمی و پڕۆژەی (دەوڵەت – نەتەوە) ی کەمالیستەکان بە سەرۆکایەتیی کەسایەتیی نکۆڵیکار و سەرسەختی ئەتاتورک نەک هەر نەیتوانی کورد لە ڕەوتی تێکۆشانی نەتەوەیی بوەستێنێت و تەریکی بکات، بەڵکو زۆر کاراتر و پێداگرتری کرد. پارتی ڕێگەپێنەدراوی (ئازادی)١٣ نموونەیەکی بەرجەستەی ئەو پارت و ڕێکخراوانەی کوردی دوای ناوەندگەرایی تورکیای نوێ بوو. کار و خەباتی ئەو پارتە کە بارەگاکەی لە مەلازگرد بوو، بە ئامانجی سەرهەڵدان و ڕێکخستنی ڕاپەڕینێکی گشتی لە ١٩٢٣، دەستی پێ کرد. یەکەمین کۆنگرەی ئەو پارتە لە ساڵی ١٩٢٤ بەسترا. لەو کۆنگرەیەدا جەخت لەسەر ڕاپەڕینێکی گشتی لە ١٩٢٥ و هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانیی هێزە نێودەوڵەتییەکان کرایەوە. یوسف زیابەگی بەدلیسی و خالید بەگی جبری دوو لە ئەندامە هەرە گرنگ و چالاکەکانی ئەو پارتە نوێیە بوون. ڕەوتی ڕووداوەکانی دواتری تورکیا و لە نێویاندا دروستبوونی پارتی (خۆیبوون) و هەروەها سەرهەڵدانی (شۆڕشی ئاگری) خالی وەرچەرخانی ڕەوتێک بوون کە نوێنەرایەتیی پرۆسەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیا و وڵاتانی دەوروبەر دەکرد.

لە ئەنجامگیرییێکی گشتیدا دەتوانین پرۆسەی ناسیۆنالیزم لە کوردستانی ئەو سەردەمەی عوسمانیدا بە دوو ئاراستە و ڕەوتی بنەڕەتی پۆلێن بکەین. لە قۆناغی یەکەمدا کورد وەک هاوپەیمان و شان بە شانی گەلانی دیکەی نێو قەڵەمڕەوی عوسمانی، لە خستنەڕێی پرۆسەی سیاسیی دژ بە خەلافەت بەشدار بوو. گرنگترین ڕێکخراوەکانی ئەو قۆناغە بریتی بوون لە (کۆمیتەی ئیتتیحاد و تەرەقی و کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقیی کوردستان) لەو قۆناغەدا ڕۆشنبیرانی کوردی ئەستەنبوول نەک هەر پەیوەندییێکی ئەوتۆیان لەگەڵ بنکەی جەماوەری کورددا نەبوو، بەڵکو چەقی کار و خەباتی ڕۆشنبیرانەی ئەوان لە کەشێکی نزیک بە ناوەندەکانی وڵات و خەبات لە پێناو بە دەستووریکردنی سیستمی بەڕێوەبەری و یاسای بنەڕەتیی عوسمانییەوە بوو. ئەگەرچی لەو قۆناغەدا تایبەتمەندێتیی کاری سیاسیی ڕۆشنبیرانی کورد بەدی دەکرێت، بەڵام

ئەو بزاوتە دواجار هەر لەسەر ئاستی سەرۆک هۆز و دەستەبژێرانی خوێندەوار مایەوە و بۆ نێو کۆمەڵانی بەربڵاوی جەماوەری کورد شۆڕ نەبووەوە. قۆناغی دووەمی پڕۆسەی ناسیۆنالیزمی کورد لە عوسمانیدا لە هەلومەرجێکدا دەرکەوتەوە کە جەنگی دووەمی جیهانی و دووبارە دروستکردنەوەی ڕێکخراوگەلی سیاسیی کوردی لە سەردەمی جەنگ و دوای جەنگ ئاراستە و ڕەوتی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردی ڕوونتر و دیاریکراوتر کرد. ئەو ڕێکخراوانە بە گواستنەوەی ناوەندی چالاکیی خۆیان لە ئەستەنبوولەوە بۆ کوردستان توانیان پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک زۆر توندوتۆڵتر بکەن.

ئەوەی سەرەوە خوێندنەوەیەکی خێرای ڕەوتی ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و نەتەوەییانەی باکووری کوردستان بوو کە لە پێش و دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ڕوویان دا. خوێنەر دەتوانێت وەک ڕەخنە ئەو پرسیارە بکات داخۆ پەیوەندیی تاوتوێکردنی گۆڕانکارییە ئاماژە پێکراوەکان بە پرسی کورد لە ئێران و بابەتی تەوەری ئەم لێکۆڵینەوەیە واتە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەردەمی سمکۆدا چۆنە و لە کوێدایە؟ دەکرێت ئەو پرسیارە لەگەڵ پرسیارێکی بنچینەییتر کە لە ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران سەرچاوە دەگرێت، تێکەڵکێش بکەین و بیخەینەڕوو. تا ئێستا یەکێک لە گرێکوێرە مێژووییەکانی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنەکانی کوردی، ناسین و دیاریکردنی سەرچاوەکانی خواست و داواکارییە نەتەوەییەکانی کورد لە ئێران سەرچاوە کارتێکەرەکانی ئەو ڕەوتەن. ڕاستییەکەی ئەو گرێکوێرە مێژووییە کە تا ئێستا مێژوونووسان، ئاگا، یان نائاگا خۆیان لە وەڵامدانەوەی بواردووە، دەشێت لەم توێژینەوەیەشدا کاریگەری لەسەر خوێندنەوە و تێڕوانینەکانی ئێمەدا جێ بهێڵێت. بێدەنگیی مێژوونووسان لەو بارەیەوە نەک هەر لەبەر کەمیی سەرچاوە، بەڵکو بە هۆی بایەخنەدانی مێژوونووسانی مێژووی کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران و ئاوڕنەدانەوەی تەواو و هەمەلایەنە لە ڕەوتی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان لە لایەک و خۆدزینەوە لە باسکردنی پرسی کورد وەک باس و پرۆسەیەکی سەربەخۆ و جیاواز لەوەی تا ئێستا سەبارەت بە ئێران بە شێوەیەکی گشتی ئەنجام. ڕاستییەکەی تەنیا ئەو کاتە دەتوانین وەڵامگۆی ئەو پرسیارە بین، کە پرسی ناسیۆنالیزم لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بخەینە بەر باس و بەم شێوەیە ناوەندە کارتێکەرەکانی سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بناسین.

(عەباس وەلی) وەک یەکێک لە بەرجەستەترین لێکۆڵەرانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئێران، لە بەرهەمە بەهادار و گرنگەکانی خۆیدا زۆر سەرەداوی گرنگ و تایبەتمان لەو بوارەدا دەخاتە بەردەست، کە بە بەدواداچوون و لێوردبوونەوەیان دەتوانین بە تێڕوانین و دیدێکی کراوەتر و هەمەلایەنەتر لە مێژووی هاوچەرخی کوردستان بڕوانین.١٤

وەلی لە وتاری ((کورد و ئەوانی دی)) لە مشتومڕی ئایدۆلۆژیانەی سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی کوردیدا، باسی ناسنامەی بەشبەشبووی کورد دەکات. ئەو بە ئاماژەدان بەوەی کە جووڵانەوەی کورد کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژی، نەک هەر بزووتنەوەکانی کورد لەو وڵاتانەدا وەک بزووتنەوەگەلی نەتەوەیی خوازیاری ناسنامەی میللی و بە واتای ورد ناسیۆنالیستی دانانێت، بەڵکو هەر یەک لە پارت و ڕێکخراوەکانی کوردی بە زادە و درێژەی ئەو فرەلایەنی و بەشبەشییەی ناسنامە دەداتە قەڵەم.١٥ دەکرێت بە جەختکردنەوە لە دروستی و وردبینیی وەلی لەو بارەیەوە، ئەم بابەتە تاوتوێ بکەین و لایەنە نادیارەکانی ئەو ڕەوتە کە بەڕێزیان باسی نەکردوون، زیاتر ڕوون بکەینەوە. ناسیۆنالیزمی کوردی لەهەر یەک لەو پێنج وڵاتەی کە کوردی تێدایە لەژێر کارتێکردنی ئاراستە سیاسییەکانی سەر بە ناوەندی ئەو وڵاتانەدایە، بەڵام ناسیۆنالیزمی کوردی لە هەر یەک لەو وڵاتانەی باس کران نەک هەر نەیتوانیوە لە چواچێوەی سنووری سیاسی و ڕەفتارە داسەپێنەرە سەربازییەکانی ئەوان خۆی

**سمکۆ چ لە کاتی دوور خراوەییدا و چ لەو کاتانەی لە ئێران بوو، هەمیشە پەیوەندییێکی گەرموگوڕ و بەردەوامی لەگەڵ ئەندامە ناسیۆنالیستەکانی هێز و گروپە جیاجیاکان هەبوو**

> „بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا، بزووتنەوەی سمکۆ، بەشداری کورد لە شۆڕشی ئاگری و تەنانەت کۆماری کوردستان هەر بریتین لە نموونە جێ باسەکانی ئەو تایبەتمەنصیە ناجێگیر و جووڵاوە و فرەبینییەی ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا“

قەتیس و دەستەوەستان بکات، بەڵکو هەمیشە لە گۆڕان و هەڵچوون و داچوونێکی تایبەتدا بووە. ئەم تایبەتمەندییە بنەڕەتییە کە هاوتەریب بووە لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکانی سەد ساڵەی دوایی کوردستان، بەردەوام دووبارە بووەتەوە.

ڕاستییەکەی ناسیۆنالیستیی کوردی و پرۆسەی ناسیۆنالیزمی کورد لە هەر پێنج ئەو وڵاتەی کوردییان تێدایە هاوکات وەک پارادۆکس هەڵگری ناسنامەی بەشبەش و لە هەمان کاتدا خاوەنی خەسڵەتی گۆڕان و بە شێوەیەکی بەرچاو لەژێر کاریگەردابووە. «تایبەتمەندیی ناجێگیر و جووڵاو»١٦ وەک یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی، چەمکێکی ئەبستراک و خودیی بێچەندوچوون نییە، هەر یەک لە توێژەرانی ئەو تایبەتمەندییە، دەتوانن لە کات و سەردەمی جیاجیای مێژووی هاوچەخی کوردستاندا هەڵوەستەی لەسەر بکەن و بیخەنە بەر باری سەرنج و تاقیکردنەوەوە. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە ئەو تایبەتمەنییە بە دەگمەن دەنا لە گەڵ هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناوچە جیاجیاکاندا نایەتەوە. ڕاستییەکەی ئەم ڕەوتە وەک ئایدیا و بۆچوونێک بە سەر هاوڵاتیانی کوردی وڵاتە جیاجیاکاندا زاڵ و باڵادەستە. بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا، بزووتنەوەی سمکۆ، بەشداری کورد لە شۆڕشی ئاگری و تەنانەت کۆماری کوردستان هەر بریتین لە نموونە جێباسەکانی ئەو تایبەتمەندییە ناجێگیر و جووڵاوە و فرەبینییەی ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ئەو باباتانەی باس کران نابێت خوێنەر گیرۆدەی ئەو پێشمەرجە فیکرییە چەوتە بکات کە هەموو بزووتنەوەکانی کورد لە ناوچە جیاوازەکان، بە بێئەوەی سەرچاوەیان لە پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردستانەوە گرتبێت، هاتبنە ئارا. ڕەنگە ئەو پرسەی لە سەرەوە باس کرا بشێت بەم دەربڕینە سادەیە بخرێتەڕوو کە ناسیۆنالیزمی کوردی وەک ئایدۆلۆژیا و بزوێنەری سەرهەڵدانەکانی کورد لە ناوچە جیاجیاکاندا، وەک تاکە ئایدۆلۆژیا، سێبەر و کاریگەریی خۆی لەسەر هەموو بەش و ناوچەکانی کوردستاندا داناوە. لەهەر یەک لەو وڵاتانەی کە ئەو پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ڕێگەی بە فۆرمۆڵەبوون و پەرەسەندنی بیری ناسیۆنالیستی نەداوە، تایبەتمەندێتیی ناجێگیری ناسیۆنالیزمی کوردیان بەسەردا سەپێندراوە و ئەوانی بۆ نێو چەقی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکان هەڵداوە. ڕەنگە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێو هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستاندا زەقترین نموونەی بەجێماوی و وەدواکەوتن لە گۆڕانکاریی فیکری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و هەروەها وەدواکەوتن لە فۆرمۆلەکردن و پێکهێنانی ڕەوت و بازنە سەرەتاییەکانی ڕۆشنبیران بووبێت. ئەو وەدواکەوتن و بنبەستە فیکرییە کاتێک بە ناچاری لەگەڵ تایبەتمەنێتیی ناجێگیری ناسیۆنالیزمی کوردی ڕووبەڕوو بووەوە، زۆر خێرا توانی بکەوێتە ژێر کارتێکردنی ئەو ڕەوتە و لە ماوەیەکی نە ئەوەندە دووردا خۆی بوو بە بەشێک لە مەڵبەندی جووڵاندن و گواستنەوەی ناسیۆنالیزم.

ناجێگیریی ناسیۆنالیزمی کورد لە قۆناغی بزووتنەوەی سمکۆدا بە باشترین شێوە خۆی نیشان دا. ئەمە لە کاتێکدا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناغەکانی دوایی قاجاردا یەکێک لە دواکەوتووترین بەشەکانی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکە بوو و پێکهاتەی ستوونی کۆمەڵایەتی لەژێر دەسەڵات و هەژموونی توندی هێزە خێڵەکییەکاندا بوو و خودی هێزە خێڵەکییەکانیش گیرۆدەی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی خۆیان بوون، پێدەچوو کە پێشبینی دروستکردن و وەڕێخستنی ئاراستە و شەپۆلێکی نوێی ناسیۆنالیستی لەو کاتە و لەو هەلومەرجەدا لەنێو کوردی ئەو بەشەی کوردستاندا نەک هەر مەحاڵ، بەڵکو هی بیرلێکردنەوەش نەبووبێت، بەڵام خەسڵەتی ناجێگیریی ناسیۆنالیزمی کوردی، ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کێشایە نێو ڕەوتی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە. ئەندامانی کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقیی کوردستان لەگەڵ سمکۆ لە پەیوەندیدا بوون و جەختیان لەسەر ئامرازەکانی پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکردەوە. لەو نێوەدا عەبدولڕەزاق بەدرخان کەسایەتیی هەرە کاریگەری ئەو کۆمەڵەیە بووە، ناوبراو نزیکبوونەوە لە ڕووس و یارمەتیوەرگرتن لەوانی بە کلیلی سەرکەوتن و گەیشتن بە سەربەخۆیی کوردستان دەزانی.

عەبدولڕەزاق بەدرخان بە هۆی نزیکبوونی لە سمکۆ نەک هەر لە شاری خوی (کۆمەڵەی جیهانزانی)ی پیکهێنا، بەڵکو یەکەمین خوێندنگەی کوردیشی بە شێوازی خوێندنگەکانی ڕووسی لەو شارەدا بۆ منداڵانی کورد کردەوە. لە کەسایەتییە کاریگەر و دەستەبژێر و ڕۆشنبیرەکانی دیکەی ئەو ڕێکخراوە، کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ سمکۆدا

هەبوو، دەتوانین ئاماژە بە شێخ عەبدولقادری نەهری یەکێک لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە بکەین. سمکۆ چ لە کاتی دوورخراوەییدا و چ لەو کاتانەی لە ئێران بوو، هەمیشە پەیوەندییەکی گەرم وگوڕ و بەردەوامی لەگەڵ ئەندامە ناسیۆنالیستەکانی هێز و گروپە جیاجیاکانەوە هەبوو. پەیوەندیی سمکۆ لەگەڵ مستەفا پاشای یامولکی،١٧ سەید تەهای نەهری، شێخ مەحموودی بەرزنجی، ڕەفیق حیلمی و دەیان کەسایەتیی کاریگەر لە مێژووی ناسیۆنالیستیی کورد لە تورکیا، عێراق و سوریا تەنیا نیشانەی پەیوەندیی دەرەکیی ناوبراو نەبوو، ئەو بابەتە بە شێوەیەکی زەق نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ڕەوتە ناسیۆنالیستییەکانی باکووری کوردستان توانیویانە سنوورەکانی ئێران و عوسمانی ببڕن و بەهێزترین سەرۆک هۆزی کوردی ئەو سەردەمە بخەنە ژێر کارتێکردنی خۆیانەوە.پەیوەندییەکانی سمکۆ لەگەڵ ئەندامانی پارتی ئازادی و هاوئاهەنگیی پێویست بۆ بەرپاکردنی سەرهەڵدانێکی سەرتاسەریی هاوهەنگاو لەگەڵ ئەندامانی ئەو پارتە بە تایبەت پەیوەندییەکانی لەگەڵ خالید بەگی جبری و یوسف زیا بەگی بەدلیسی و لە یەک کاتدا هەڵبژاردنی سمکۆ وەک سەرۆکی سیمبۆلیکی پارتی ئازادی نیشانەی چەکەرەکردن و بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی کوردی لەسایەی تایبەتمەندییتی ناجێگیری ئەو ناسیۆنالیزمە بوو.

خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە سمکۆ نەکە هەر تەنیا لەژێر کاریگەریی گشتیی ئەتمۆسفێری ناسیۆنالیستیی کوردستانیی لە وڵاتی عوسمانی، بەڵکو لەژێر کاریگەریی کار و تێکۆشانی ڕەوتی گەشەسەندووی ناسیۆنالیزمی باکووری کوردستانیشدا بوو. ئەو لەو کاتەی کە لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی ئیتتیحاد و تەرەقی و کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقیی کوردستان، نەک هەر گرنگییەکی ئەوتۆی بە ڕێکخستن و ئاراستەکردنی کۆمەڵانی خەڵک بۆ کۆبوونەوە لەنێو ڕەوتە ناسیۆنالیستییەکان نەدەدا، بەڵکو زۆر سەرقاڵی سەرنجڕاکێشانی زلهێزە جیهانییەکان بوو بە لای پرسی کورددا، بەڵام کاتێک کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەندامانی پارتی ئازادیدا فراوان بوون و پەرەیان سەند، زیاتر سەرنجی خۆی خستە سەر یەکخستنی هۆزەکانی ناوچەکانی باشوور، پەیوەندیگرتن لەگەڵ ناسیۆنالیستەکانی دیکەی بەشەکانی کوردستان و ڕێنوێنیکردن و بانگەوازکردنی خەڵک بۆ نێو ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە سەرهەڵداوەکان.

## سەرچاوە و پەراوێز

١- تەنزیمات، یان (تنظیمات خیریە) پرۆسەیەکی نوێگەر و ڕیفۆرمخوازی عوسمانی بوو لە بونیادی سیاسی- یاسایی- ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتەدا لە سەدەی نۆزدە و لە ساڵی ١٨٣٩ دەستی پێکرد و لەگەڵ قۆناغی نووسینەوە و دانانی دەستووری یەکەم لە ساڵی ١٨٧٦ کۆتایی هات.

٢- لەو بارەیە بگەڕێوە بۆ: ژین ڕایس باجلان، ناستونالیست های اولیه کرد و ظهور سیاست های هویتی مدرن کرد: ١٨٥١-١٩٠٨ در شناخت مسئله کرد در ترکیه، نووسینی فوری بیگلین و علی ساریخان، مترجم آزاد حاجی آقایی، نشر پانیذ، تهران ١٣٩٣، ل ٦٢.

٣- بۆ نموونە لەو بارەیەوە بڕوانە: تاریخ اکراد، شرح واقعه حمله شیخ عبیدالله کرد به آذربایجان در سال ١٢٩٧ق، علی بن امیر لویه افشار ارومی، به کوشش یوسف بیگ بابا پور و مسعود غلامیه، تهران کتابخانه موزه و مرکز اسناد مجلس شورای اسلامی، ١٩٣٩- قیام شیخ عبیدالله شمزینی در دوره ناصارلدین شاه قاجار، کیومرث فیضی، ایلام نشر جوهر حیات، ١٣٩٠.

٤- لەو بارەیەوە بگەڕێوە بۆ: مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، بەرگی چوارەم، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣- مەسعود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، کۆڕی زانیاریی کورد، بەغداد ١٩٧٣-١٩٧٦.

٥- بڕوانە: ژین ڕایس باجلان، ناسیونالیست های اولیه کرد و ظهور سیاست های هویتی مدرن کرد:١٨٥١-١٩٠٨ در شناخت مسئله کرد در ترکیه نووسینی فوری بیگلین و علی ساریخان، مترجم آزاد حاجی آقایی، نشر پانیذ ١٣٩٣.

٦- (CUP).

٧- بڕوانە: ژین ڕایس باجلان، ناسیونالیست های اولیه کرد و ظهور سیاست های هویتی مدرن کرد:١٨٥١-١٩٠٨ در شناخت مسئله کرد در ترکیه نووسینی فوری بیگلین و علی ساریخان، مترجم آزاد حاجی آقایی، نشر پانیذ ١٣٩٣.

٨- لە بارەی گوتاری زاڵی

ئەو ڕۆژنامەیە و پێگە و ڕۆڵی لە پێکهێنانی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی کوردی بگەڕێوە بۆ: د. ئازاد حاجی ئاغایی، ڕابردووە هاودژەکان خوێندنەوەیەکی دیسکورسیف لە ناسیۆنالیزمی کورد، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥، ل١٣٧-١٦٦- ڕەفیق سابیر، کەلتور و ناسیۆناڵیزم، سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی،٢٠٠٨، ل١٦٤.

٩- لەو بارەیەوە بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی ١٨٩٨-١٩٥٨، کتێبی دووەم، بەرگی یەکەم، الدار العربیە للعلوم- ناشرون، بیروت لبنان، ٢٠١٣.

١٠- (SKSP).

١١- محەمەد شەریف کوڕی سەعید پاشای کوڕی ئەحمەد پاشای خەندان (١٨٦٥-١٩٤٥) لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، سەعید پاشای باوکی لە سەردەمی عوسمانیدا زۆر پلە و پایەی گەورەی پێ سپێردراوە، بنەماڵەی خەندان، هاوکارێکی نزیکی پاشاکانی بابان بووە.شەریف پاشا لە ئەستەنبول دەخوێنێت و لەوێ فێری زمانەکانی ئیتاڵی، فەرەنسی و یۆنانی دەبێت. ساڵی ١٨٨٥ دەچێتە پاریس و لەوێ خوێندنی سەربازی تەواو دەکات و دەبێتە ژەنەراڵ. ساڵی ١٨٩٠ لەگەڵ کچێکی بنەماڵەی شا فاروقی شای میسر هاوسەرگیری دەکات. لە سەرەتای دامەزراندنی (کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی) دا پەیوەندی کردووە، بەڵام لە ساڵی ١٨٠٩ دەگەڕێتەوە ئەستەنبوول و لەگەڵ ئەمین عالی بەدرخان، شێخ عەبدولقادری شەمزینی و چەند تێکۆشەرێکی دیکەی کورد، (کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقیی کورد) پێک دەهێنن. لە ساڵی ١٩١٩ وەک نوێنەری کورد لە کۆنگرەی پاریسدا بەشداری کردووە و بە پێشکەشکردنی یاداشتنامەیەک بۆ کۆنگرەی پاریس، هاوپەیمانان ناوی کوردیان خستە پەیمانی سیڤرەوە، سێ بەندی ٦٣،٦٢ و ٦٤ لە پەیمانی سیڤەرە پەسند کران. ئەو پیاوە گەورەیەی کورد لە ساڵی ١٩٤٥ لە شاری ناپۆلی لە ئیتالیا کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەییان گواستەوە قاهیرە و لەوێدا بە خاکیان سپارد. (بە سوپاسەوە لە ئەنسکلۆپیدیای ئازادەوە وەرگیراوە.

١٢- هەمان، ل ٣٩٦.

١٣- جڤاتا ئازادیا کورد، یان «جڤاتا خۆەسەریا کورد»

١٤- بڕوانە:

(Pre- Capitalist Iran: A Theoretical History, New York University Press,1993.

Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, (ed.), Costa Mesa, Mezda Publisher, 2003.

Modernity and the Stateless: the Kurdish Question in Iran, London, I.b. Tauris, 2012.

Kurds and the State in Iran: the Kaking of Kurdish Identity, London, I. B. Tayris, 2011.

Kurdish Nationalism in Iran: the forgotten Years (1974-1979), Istanbul, Avesta Publications, 2011.

The Kurds and their Others: Fragmented Identity and Fragmented Political, Comarative Studios of Soyth Asia, Africa, and the Middle East. Vol. XVIII, no. 2,1998.

Nationalism and Kurdish Historical Writing, New Perspectives on Turkey. (Spring 1996, 14)

١٥- بڕوانە:

(Abbs Vali, the Kurds and Their "Others": Fragmented Identity and fragmented Politics, Comarative Studies of South Asia, Africa and the Middle East, Vol. XVIII, NO. 2, 1988, PP.83-94).

١٦- نووسەر دەستەواژەی ‹سیالیت› کە هەر لە ‹سیولة›ی عەرەبی وەرگیراوە، بەکارهێناوە و ئێمە دوای ڕاوێژ لەگەڵ هاوڕێیان دەستەواژەی ‹ناجێگیر و جووڵاو›مان لە جێی ‹سەیالیەت› بە گونجاو بینی. وەک هاوڕێیانی ئینگلیزی زمانم بۆیان باس کردم، دیارە ئەو دەستەواژەیە لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەگوترێت Fluidity، نازانم لە کوردیدا چۆن گۆ دەکرێت.

نووسەر دەستەواژەی ‹سیالیت› کە هەر لە ‹سیولة›ی عەرەبی وەرگیراوە، بەکارهێناوە و ئێمە دوای ڕاوێژ لەگەڵ هاوڕێیان دەستەواژەی ‹ناجێگیر و جووڵاو›مان لە جێی ‹سەیالیەت› بە گونجاو بینی. وەک هاوڕێیانی ئینگلیزی زمانم بۆیان باس کردم، دیارە ئەو دەستەواژەیە لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەگوترێت Fluidit، نازانم لە کوردیدا چۆن گۆ دەکرێت.

١٧- بۆ شارەزابوون لە ژیانی سیاسیی یامولکی بڕوانە: مەجید ساڵح، مستەفا پاشای یامولکی پۆرترێتی خەباتکارێکی کورد، چاپخانەی شوان، سلێمانی،٢٠١٧.

# ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- **شیعر و دایک و میهرەبانی .. خوێندنەوەیەک بۆ شیعری (دایکم و دەریا لەیەک دەچن)**

نالە حەسەن

- **ڕۆمانی خەیاڵی و ڕۆمانی واقیعی**

د.نەجم ئەڵوەنی

- **مەجهولی شیعریی... مەجهولێکی خوڵقێندراو، یان دروستکراو؟**

سدیق سەعید ڕواندزی

- **کاریگەری کلتووری خۆرهەڵاتی و ئیسلامی لەسەر (کۆمیدیای ئیلاهی) دانتی**

ن: مەجدی ئیبراهیم و: هاوکار هادی

# شیعر و دایک و میهرەبانی

## خوێندنەوەیەک بۆ شیعری (دایکم و دەریا لەیەک دەچن)



ناڵە حەسەن

دایک قەسیدەیەکی درێژی بەردەوامە، هەمیشە جوانی و سۆز و خۆشەویستی لێدەڕژێ، قەسیدەیەکی کراوەیە، بە بوون و ناوەڕۆکێکی فراوانی گەردوونییەوە، میهرەبانیش بەهەمان شێوەی مانا و بوونێکی کراوە، جگە لە جوانی و خۆشەویستی هەڵگری هیچ هێما و کۆدێکی دی نییە.

تەنها دایک بە خۆیی و بوونە گەردوونییەکەیەوە، بەخۆیی و دڵە پڕ لەخۆشەویستی و پڕ سۆزەکەیەوە، دەتوانێ لەگەڵ وشەی میهرەبانی هاوتەریب بێتەوە، بە بڕوای من چەمکی میهرەبانی جگە لەدایک ناتوانێ ببێتە هێما بۆ هیچ وشە و کاراکتەرێکی دی. دایک جگە لەزمانی خۆشەویستی هیچ زمانێکی دی نازانێت، گریان و تووڕەبوونەکان و گۆرانی و خەمەکانیش هەر بە زمانی خۆشەویستی دەردەبڕیت، دایک ئەو دەقە شیعرییەیە کە ژیان لەنێویدا بە سەوز و ڕەنگاوڕەنگی دەبیندرێ، هێمن و ئارام، دوور لەهەموو توندوتیژی و مردنێک، دڵێکی گەردوونی وەک ماڵێکی گەورە بۆ مرۆڤایەتی. بۆیە (شیعر و دایک و میهرەبانی) دەبن بە هاوکێشەیەک، یان دەستەواژەیەک کە هەموو جوانییەکانی دونیا لەنێویاندا کۆدەبێتەوە، میهرەبانی لەگەڵ دایک، بەو هێزە موگناتیسییەوە بەیەکەوە دەنووسێن، وەک ئەوەی لەبنەڕەتەوە بۆ یەکتری دروست بووبن. وەک ئەوەی میهرەبانی لەبنەڕەتەوە بوونێکی مێینەی هەبێت و جگە لەدایک لە هیچ چەمک و ناوێکی دی نزیک نەبێتەوە، یان هیچ ناو و چەمکێکی دی خۆی بە نیوەکەی دی نەزانێت ...!

> **خۆشەویستی دایک و بیرکردنەوە لەدایک وای لێدەکات، بیر لەهەموو شتێکی دەریا بکاتەوە**

بەم دەستپێکە کورتەمان دەمانەوێت خوێندنەوە بۆ شیعرێکی (خولیا حسێن) بکەین بەناوی (دایکم و دەریا لەیەک دەچن) لەسەرەتادا دەمانەوێت هەڵوێستەیەک لەسەر ناونیشانەکە بکەین و لەهەمانکاتدا قسەش لەسەر پەیوەندی نێوان (دایک و دەریا..!) بکەین، ناوونیشانێک پڕ لە ئیستاتیکای شیعریی و ناوەڕۆکێکی بەهێز، یەکێک لەو ناوونیشانە شیعرییانەیە کە ئەگەر هەموو دەقەکە بە تەنیا دێری ناوونیشانەکە بووایە، هەرهەمان ئەو قسانەی لەسەرەوە کردوومن، دیسان دەمکردنەوە...!

ناوونیشانێک کە ئەو هێزەی لەگەڵدایە کە هەموو دەقەکە بخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە، یان جوانییەکانی خۆی پەخش بکات بەسەر تەواوی ڕووبەری دەقەکەوە، بەومانایەی لەسەرەتای دەستپێکردنەوە تاکۆتایی دەقەکە تەواو بیرکردنەوەی شاعیری داگیرکردووە، یان شاعیر نەیتوانیوە تا کۆتایی دەقەکەی لەپەرێزی ئەم ناوونیشانە دووربکەوێتەوە.

هێزی لێکچوواندنی ئەم دەستەواژە شیعرییە (دایک و دەریا) لەوەدایە، خولیا بە ئاگاییەوە لەم هەڵبژاردنەیدا ئەم کارەی کردووە، واتە لەهاوتەریبکردنی (دەریا و دایک) سەرکەوتوو بووە.

دەریا وەک دایک بوونێکی فراوان و کراوە و گەردوونی. دەریا وەک دایک پڕاوپڕ لە (جوانی و ئارامی) کە چێژ بە ڕۆحی مرۆڤەکان دەبەخشێت.

دەریا یانی ئاو، ئاو توخمێکی سەرەکییە بۆ ژیان، بوونیش یەکێکە لەو چوار توخمە سەرەکییەی کە فەیلەسوفی یۆنانی کۆن (ئیمپادۆکلیس) فەلسەفەکەی خۆی لەسەریان بونیاد ناوە ئەوانیش (زەوی، هەوا، ئاو، ئاگر) وەک چۆن ئاو توخمێکی پێویست و سەرەکییە بۆ بەردەوامی ژیان دایکیش بەهەمانشیوە. کەواتە هاوکێشەکەی سەرەوە (شیعر، دایک، میهرەبانی) ئێستا دەبێتە (شیعر، دایک، میهرەبانی، دەریا) کە هەرچوار چەمکەکە بوونێکی کراوەی گەردوونییان هەیە و هەرچوار چەمکەکە بە هێزێکی پتەو بە ژیانەوە پەیوەستن، ئەو هێزەی کە (فرێدریک نیتچە) بانگەشەی بۆ دەکات و دەیکات بە بنەڕەتی ژیان و بوون. خولیا لەسەرەتای شیعرەکەیدا دەڵێت:

**دەریا و دایکم لە یەک دەچن**
**کە غەریبیی دایکم دەکەم**
**دەچمە کەنارێکی دەریا**

**نیگاکانم نوقمی قووڵاییەکەی دەکەم**
**لە جوانی و**
**لە فراوانی و**
**لە هێمنی دەریادا**
**جوانی و**
**هێمنی و**
**دڵ گەورەیی دایکم دەبینم**

(دایکم و دەریا لەیەک دەچن) ئەوە ناوونیشانی شیعرەکەیە، دەبینین چۆن پرشنگی خۆی بەسەر ڕووبەری دەقەکەدا پەخش کردووە؟ خولیا حسێن لێرە هەندێک لەسیما و سیفاتە سەرەکییە هاوبەشەکانی نێوان (دایک و دەریا) دەخاتەڕوو (جوانی، فراوانی، هێمنی) لای ئەو دەریا وەک دایک جوان و فراوان و هێمنە، بۆیە هەرکاتێک غەریبی دایکی دەکات دەچێتە کەنار دەریایەک، لەسەر ڕووی ئاوەکە ڕوخساری دایکی دەبینێت، دڵگەورەیی دایکی و جوانی و هێمنی و هەمووشتێکی دایکی، چونکە لای ئەو (دایک و دەریا لەیەک دەچن).

لەگەڵ جوولەی شەپۆلەکانی دەنگی ئاوەکە گۆرانییەکان و قسەکانی دایکی بیردەکەوێتەوە، هەمان نەغمە و هەمان ئاوازی پرسۆز و ڕۆحێکی گەردوونی پڕ لەمیهر و خۆشەویستی.

دوای ئەوە دەڵێت:

**بیرکردنەوە لە نهێنیەکانی دەریا**
**بیرکردنەوەیە لە نهێنیی**
**عەشقە ئەبەدییەکەی دایکم**

بێگومان کە دەچێتە کەنار دەریا، جوانی و فراوانی هێمنی دەریا دەبینێ، لەو کاتەدا دایکی بیردەکەوێتەوە و بەنێو قووڵایی خەیاڵەکانی ڕۆدەچێت، هەرچەند بەنێو خەیاڵەکانی قووڵتر دەبێتەوە و لە نهێنی و سیحری جوانییەکان و سەراسیمەیی دەریا ورد دەبێتەوە، عەشقە ئەبەدییەکەی دایکی لەلا فراوانتر و سیحراویتر دەبێت، چونکە نهێنییە ئەفسوونییەکانی دەریا لەنهێنییە عەشقە ئەفسوونییەکەی دایک دەچێت.

خولیا لەکەنار دەریا لە وێناکردنی لەگەڵ بیرەوەرییەکانی خۆیدا، دایکی زێتر بەنێو خەیاڵەکانیدا ڕۆدەچێ و زێتر نهێنی و خاڵە هاوبەشەکانی نێوان دایک و دەریا وێنا دەکات و دەڵێت:

**دەریا و دایکم**
**وەکو و یەکن**
**هەردووکیان**
**گوێ لە گمەی کوکوختی گلەییەکانم دەگرن**
**کۆشیان بۆ فرمێسکەکانم دەکەنەوە**
**خەمەکانم لە دڵی خۆیاندا هەڵدەگرن و**
**گرێی نهێنییەکانم لای کەس ناکەنەوە**
**کە گوێ لە دەریا ڕادەگرم**
**وادەزانم گوێم لە (هۆدای) خۆم گرتووە**
**لەگەڵ بیستنی دەنگی شەپۆلەکانی دەریا**
**قاقای پێکەنینە خۆشەکان**
**لایلایە بە سۆزەکان**
**نەغمەی مەقامە حەزینەکان**
**سۆزی سەردوولکە دڵ سووتێنەرەکانی دایکمم بیر دێتەوە**

خۆشەویستی دایک و بیرکردنەوە لەدایک وایلێدەکات، بیر لەهەموو شتێکی دەریا بکاتەوە، لەشتە وردەکانیش بڕوانێت، هێندە بە هەستیارییەوە لەئاوەکە دەڕوانێ، هەموو جوولەیەک واتادار دەبێ، یادێک، یان شتێکی دایکی بیردەهێنێتەوە، لەنێو قووڵایی ئەم بیرکردنەوەیەدا بە بەرینایی دەریا لەسەر ڕووی ئاوەکە سیمای دایکی دەبینێت، هەموو ئەو شتە جوانانەی دایکی بیردێتەوە، کە ئەوشتانە لەدەریاش بەدیدەکات، بۆیە هیچ بوارێک بۆ گومان ناهێڵێتەوە، بە یەقینێکی گەورەوە دەڵێت:

(دایکم و دەریا وەکو یەکن..!) ئەمجارە ناڵێت لەیەکدەچن، دەڵێت: وەکو یەکن.

دەڵێت: هەردووکیان گوێ لەگمەی کوکوختییەکانی خەمەکانم دەگرن، کۆشیان بۆ فرمێسکەکانم دەکەنەوە، گرێی نهێنییەکانم لای کەس ناکەنەوە..!

بۆ هەموو لایەکمان ڕوونە کە دایک میهرەبانترین و دڵسۆزترین کەسە بۆ منداڵەکانی، دڵی دایک شوێنی هەموو خەمێک و نهێنییەکی تێدا دەبێتەوە، دەریاش بەهەمان شێوە، پڕاوپڕە لەنهێنی، هەزاران مرۆڤی دڵشکاو بەدەم ورینەوە خەمەکانیان بۆ دەریا باس دەکەن، هەزاران عاشق لەکەنار دەریاکان نهێنی و ڕازی دڵی خۆیان باسدەکەن و هەمووشتێک، هەرچییەک

“ **(دایکم و دەریا وەکو یەکن..!) ئەمجارە ناڵێت لەیەک دەچن، دەڵێت: وەکو یەکن** ”


شاعیر (خولیا حوسێن)

> **“ دایک جێگای هەموو نهێنییەک و زام و ئازارێک دەگرێت، ئارامترین کەنارە بۆ مرۆڤە غەمبار و نائومێد و دڵشکاوەکان ”**

لەقووڵایی دڵیاندایە باسی دەکەن، دڵی دەریاش وەک دڵی دایک جێگای هەموو نهێنییەک و زام و ئازارێک دەگرێت، ئارامترین کەنارە بۆ مرۆڤە غەمبار و نائومێد و دڵشکاوەکان، تەنانەت بۆ کەسە کەیفساز و دڵخۆشەکانیش، ئەوەتا بە ڕوون و ئاشکرا دەڵێت:

کە گوێ لە دەریا ڕادەگرم، وادەزانم گوێ لە هۆدای خۆم ڕادەگرم، لەگەڵ بیستنی دەنگی شەپۆلەکانی دەریا، قاقای پێکەنینە خۆشەکان، لایلایە بەسۆزەکان، نەغمە حەزینەکان، سۆزی سەردوولکە سووتێنەرەکانی دایکمم بیردێتەوە..!

بە هێناوەوەی ئەم هەموو فاکتە لەیەکچووانە ئیدی بوارێک بۆ گومان نامێنێتەوە و دەڵێت: (دایکم و دەریا) تەواو وەکو یەکن (هۆدا) بە دیالێکتی هەولێری یانی (دایە) دیارە ئەو بیرۆکەیەش کە دایکم و دەریا وەک یەکن، ڕەهەندێکی مەعریفی و زانستی لەپشتە، چونکە بەپێی (تیۆری پەرەسەندن) ئاو، یان دەریا دایکی هەموو بوونەکانن. ژیان لە ئاوەوە هاتووە.

ئەم دەقە لێرەدا جگە لەلایەنی جوانکاری قووڵاییەکی مەعریفیشی هەیە. ئیدی لەسەر ئەم وەک یەکبوونە بەردەوام دەبێت، تا بەوشیارییەوە بتوانێ ئەو یەقینە لای خوێنەریش دروستبکات بۆیە فاکتی گەورەتر باسدەکات و دەڵێت:

**دەریا وەکو و دایکمە**

**نەپیس دەبێت نەپیر دەبێت**

**تائەبەد**

**هەر بە جوانی**

**دەمێنێتەوە**

> **“ داهێنان پرۆسەیەکی لە خۆڕا و عەفەوی نییە، بەڵکو ئاگایی و وشیاریی و مەعریفەیەکی قووڵی دەوێت ”**

باس لە بەرائەت و پاکی دایک دەکات، کێ هەیە گومان لە پاکی دایک بکات، یان مانەوەی دایک وەک بوونێکی ئەبەدی، لێرە کە دەڵێت: نەپیر دەبێت، مەبەستی تەمەن و شێوەی جەستە نییە، مەبەستی دایک وەک بوونێکی ئەبەدی و وەک بوونێکی گەردوونییە، تائەبەد لەنێو بوون و یادەوەرییەکانیدا دەمێنێتەوە، کەس هەیە دوای مردنیش خۆشەویستی بۆ دایکی یەک زەڕە کەم بکاتەوە؟ یان بتوانێ کاریگەری دایکی لەنێو ژیان و یادەوەرییەکانیدا بسڕیتەوە، کەوابێ دایک بوونێکی ئەبەدی هەیە و پیر نابێت، دەریاش وەک دایک وایە نەپیس دەبێت نە پیر دەبێت.

من پێموایە خولیا لە باسکردنی سیما و ڕەفتار و ئەدگارەکانی دایک هاوکات بینینی ئەم سیما و ئەدگارانە لە دەریاشدا زۆر سەرکەوتوو بووە و قووڵایی و جوانکاری بێوێنەی بە شیعرەکەی بەخشیوە. لە خەیاڵەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

**دایکم و دەریا**

**هەردووکیان بینای چاو و**

**هەناسەی سییەکانمن**

**عەرشی دڵیان داگیر کردووم**

**بە ئارامی لەسەر فەرشی ڕۆحم نوستوون**

**هۆ دایە گیان**

**لە دووری تۆ**

**لە کەنارەکانی دەریای ئەم نیشتیمانە دڵتەڕە**

**ڕۆژەکانم بەسەر دەبەم**

**ئەم وڵاتە هیچ شتێکی لە نیشتمانەکەی خۆمان ناچێ**

**دەریا نەبێ ، وەک عەشقی تۆ و وەک جوانی تۆ قەت نامرێ!**

ئیدی تا ئێرە هەوڵیداوە کتومت ئەوە پێشان بدات، کە دایک و دەریا لەیەکدەچن، یان وەکو یەکن، ئینجا لێرەبەدواوە لەنێو هەستی غەریبیدا و لەکەنار دەریایەکدا بەنێو قووڵایی خەیاڵە خەمناکەکانی خۆیدا ڕۆدەچیت، لە قووڵایی ناخییەوە هەستەکانی خۆی دێنێتە قسە و دەڵێ: (دایکم و دەریا هەردووکیان، بینای چاو و هەناسەی سییەکانمن ..) هاوکات وەک خۆشەویستی بۆ دایکی ئەو خۆشەویستییەش بۆ دەریا دەردەبڕێت، تا ئەندازەی بینای چاو و هەناسەی سییەکانی، چونکە (دەریا و دایک) لای ئەو وەک یەکن، بۆیە هەردووک عەرشی دڵیان داگیرکردووە و بە ئارامی لەسەر فەرشی ڕۆحی نووستوون، شیعرێکی ناسک و دەستەواژە و وشەی شیعریی چێژبەخشن، ناسک و جوان، وەک ناسکی و جوانییەکانی دایک و دەریا، یان لەنێو خەیاڵەکان و هەستەکانیدا قسە لەگەڵ دایکی دەکات و دەڵێت:

هۆ دایە گیان، لە دووری تۆ، لە کەنارەکانی دەریای ئەم نیشتیمانە دڵتەڕە، ڕۆژەکانم بەسەر دەبەم، ئەم وڵاتە هیچ شتێکی لە نیشتیمانەکەی خۆمان ناچێ دەریا نەبێ، وەک عەشقی تۆ وەک جوانی تۆ قەت نامرێ..!

هەرچەندە شاعیر لە وڵاتێکی جوان و ڕەنگیندا دەژێی، وڵاتێک کە هەموو شتەکانی جیاوازە لە نیشتیمانەکەی خۆی، هیچ شتێکی لە نیشتیمانەکەی خۆی ناچێت، سروشتێکی جیا و کلتوورێکی جیا و هەموو شتێکی جیا تەنها دەریا نەبێ، چونکە دەریا و دایکی لەیەکدەچن، یان وەکو یەکن، دەریا وەکو عەشقی دایک هەمیشە جوانە و هەرگیزیش پیر نابێ. دوای ئەوە هەندێ وەسف و دیمەنی شیعری ناوازە و نایابمان بۆ وێنە دەکات و دەڵێت:

**کە تیشکی خۆر ئاوێزانی دەریا دەبێ**

**ئەوە تیشکی خەندەکانی دایکمە**

**لەنێو ڕۆحی ئەو و**

**له نێو چاوەکانی مندا**
**دەشنێتەوە**
**لەو ساتەدا**
**دڵم هێشووی خەندە دەگرێ**
**ڕۆحم قاقا پێدەکەنێ**
**چاوەکانم هەرچی تیشکی دەریا**
**هەیە دەیان مژێ**

کە لەشینی ڕوخسارە ڕوونەکەی دەریا قووڵ دەبمەوە بە هەستێکی شاعیرانە و بەچاوێکی وردبینەوە لەدەریا دەڕوانێ، لەو دەمەی تیشکی خۆر ئاوێزانی دەریا دەبێ، ئەو دیمەنە بەراورد دەکات بە درەوشانەوەی خەندەکانی دایکی کە لەنێو چاوەکانی دەردەکەون، یان تیشکی خۆرەتاوی خەندەکانی دایکی لەنێو چاوەکانی دەشنێنەوە، لەوساتەدا هێندە دڵخۆش و کەیفساز دەبێ، تا ئەندازەی ئەوەی دڵی هێشووی خەندە دەگرێت و ڕۆحی قاقا پێدەکەنێت..! دیمەنێک جوان و هەستێکی پاکوبێگەرد، ئیدی لەودەمەدا لەتاو درەوشانەوەی خۆری خەندەکانی دایکی، چاوەکانی هەرچی تیشکی دەریا هەیە هەڵدەمژن و ئاوێزانی قووڵایی شینێتی ڕوخساری دەریا دەبن.

لەکۆتایی ئەم شیعرەدا و لەگەڵ هەموو تەنگژەکانی غوربەت و دووری و تەنیایی و بیرکردنی دایک، هەست بەئارامییەک دەکات وەک ئەوەی گەیشتبێتە کەناری ئارامی و بە دڵخۆشییەوە دەڵێت:

**هێندە دڵخۆش و هێندە ئارام و**
**مندال دەبمەوە**
**وادەزانم لە ژێر ئاسمانی**
**چارۆکە شینە**
**ئەفسووناویەکەی دایکم**
**خۆم شاردۆتەوە**
**نە عەشق دەمسووتێنێ**
**نە خۆشەویستی ئازارم دەدا**
**نە خەم زەفەرم پێ دەبا**
**نە شەکەتی پێم دەزانێ**
**نە تەمەن لەگەڵ خۆی دەمبا**
**نە دۆران تێکم دەشکێنێ**
**نە غوربەتیش دەمگرییێنێ..!**

دوای ئەوەی تێر لەبەرینایی دەریا و جوانییەکان و نهێنییەکان و دیمەنە دڵگەشەکان دەڕوانێ، هاوکات تێر لەڕوخساری دایکی و بەسەرکردنەوەی یادەوەرییە شیرینەکان، ئیدی دڵخۆشییەک جەستە و ڕۆح و خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی دادەپۆشی و دەڵێت:

**هێندە دڵخۆش و هێندە ئارام و منداڵ دەبمەوە، وا دەزانم لەژێر ئاسمانی چارۆگە شینە، ئەفسووناوییەکەی دایکم، خۆم شاردۆتەوە..!**

بە بڕوای من ئەو دێرە شیعرە یەکێکە لەهەرە دەستەواژە جوان و قووڵەکانی ئەو دەقە شیعرییە، کە جوانییەکی بێوێنەی بەرجەستە کردووە لەهێماکردنی ئاسمان بەچارۆگە شینەکەی دایکی، تا بڵێی لێکچوواندنێکی شیعریی و نایابە، لەکەنار دەریا دانیشتووە، لەژێر ئاسمانێکی شینی بێگەرد.

واهەستدەکات لەژێر چارۆکە شینە ئەفسووناوییەکەی دایکییەتی، بۆیە دڵخۆشە و وادەزانێت گەیشتۆتە کەناری ئارامی، چونکە باوەشی دایک و خۆشاردنەوە لەژێر چارۆگەی دایک ئارامترین شوێن و پەناگەیە، هەربۆیە لەو شوێنە ئارامەدا (نەعەشق دەیسووتێنێ، نەخۆشەویستی ئازاری دەدا، نەخەم زەفەری پێدەبا، نەشەکەتی پێیدەزانێ، نەتەمەن لەگەڵ خۆیدا دەیبا، نەدۆران تێکی دەشکێنێ، نەغوربەتیش دەیگرییێنێ..!).

کۆتایی و نەخشاندنی دیمەنێکی ئارام و پڕ ئیستاتیکا و چێژ. کە لەسەرەتای شیعرەکەوە تا کۆتایی لە ئەنجامی بەرجەستەکردنی جوانی، چێژ و ئارامی بە ڕۆحی خوێنەر دەبەخشێت. لەم دەقەدا ئەوەی زۆرگرینگ و جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنیشە، ئەوەیە هاوکێشەیەک بەرجەستە دەکات لەنێوان چەمکەکانی (شیعر، دایک، میهرەبانی، دەریا). ئەم چوار چەمکە بەبوونێکی کراوە و گەردوونی، تێکەڵاوبوون و ئاوێزانێکی توندوتۆڵ لەنێوانیاندا دەنەخشێنێ.

وەک چوار توخمە سەرەکییەکەی (ئیمپادۆکلیس)ی فەیلەسوف، (زەوی، هەوا، ئاو، ئاگر) کە گرینگ و پێویستن بۆ ژیان و گەردوون. (شیعر و دایک و میهرەبانی و دەریا) دەبێتە هاوکێشەیەک کە لەو توخمە سەرەکییانە پێکهاتوون کە ژیان و مرۆڤایەتی بەبێ ئەم چەمک و توخمانە تەنانەت گەردوونیش مانایەکی نابێت، ئەمەش کاکڵە و ناوەڕۆکی ئەم شیعرەیە، بە دڵنیاییەوە دەڵێم شیعری (دایکم و دەریا لەیەک دەچن) یەکێکە لەو شیعرە ناسک و نایابانەی کە بۆ (گەورەیی و میهرەبانی و جوانی دایک) نووسراوە.

(خولیا حسێن) شاعیرێکە خاوەن ئەزموونێکی دووروودرێژە، بەڵام ئەزموونێکی (پەرشوبڵاو) واپێویست دەکات، خۆی کۆبکاتەوە و گرینگی زێتر بە توانای شیعریی خۆی بدات، چونکە داهێنان پرۆسەیەکی لەخۆڕا و عەفەوی نییە، بەڵکو ئاگایی و وشیاری و مەعریفەیەکی قووڵی دەوێت.

> “ هێزی لێکچوواندنی ئەم دەستەواژە شیعرییە (دایک و دەریا) لەوەدایە (خولیا) بە ئاگاییەوە لەم هەڵبژاردنەیدا ئەم کارەی کردووە ”

> “ (دایکم و دەریا لەیەک دەچن) ئەوە ناوونیشانی شیعرەکەیە، دەبینین چۆن پرشنگی خۆی بەسەر ڕووبەری دەقەکەدا پەخش کردووە؟ ”

# ڕۆمانی خەیاڵی و ڕۆمانی واقیعی



د.نەجم ئەڵوەنی

بۆ باسکردنی ئەم بابەتە زۆر گرنگە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە:

ئایا ڕۆمان هەیە خەیاڵی بێ و پەیوەندی بە واقیعەوە نەبێ؟ یان ڕۆمان هەیە تەنیا واقیعی بێ و خەیاڵی تێدا نەبێ؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەبێ لەوەوە دەست پێ بکەین، کە گونجاوترین پێناسە بۆ ڕۆمان دەست نیشان بکەین و بڵێین:

ڕۆمان باسی بەسەرهاتێکی خەیاڵی دەکات و لەڕێی چەندین کارەکتەری خەیاڵییەوە پێشکەشی خوێنەران دەکرێ. ئامانج لەنووسینی بۆ ئەوەیە تیشکی ڕووناکی بخاتە سەر ڕووداوەکانی ژیانی واقیعی.

بە گوێرەی ئەم پێناسەیە، بۆمان دەردەکەوێ خەیاڵ و واقیع لەیەک جیا نابنەوە، بایەخ نەدان بەهەر لایەکی ئەم هاوکێشەیەش دەبێتە هۆی لەدایک بوونی دەقێکی لاواز کە ناتوانێ سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و ئامادە بێ پارە و وەختی خۆی بۆ خوێندنەوەی ئەم جۆرە ڕۆمانە تەرخان بکات.

لە سەرەتاوە، ڕەخنەگرانی بواری ڕۆمان سەرنجیان ڕاکێشاوین بۆ ئەوەی کە ڕۆمان ئەو ژانرەیە پشتی لە ئەفسانە و حیکایەتە خورافییەکانی ڕابردوو کردووە و دەیەوێ واقیعی سەردەم بخاتەڕوو. مەبەست لەو ئەفسانە و حیکایەتانەش ئەوانەیە کە بوونە بە بناغەی داستان، بە نموونەی داستانی گلگامێش و داستانەکانی هۆمیرۆس، واتە ئیلیادە و ئۆدێسا، کە خواوەندەکان لەدیاری کردنی چارەنووسی قارەمان و پاڵەوانەکاندا ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن.

(ئیان وات) لەپەڕتووکی (سەرهەڵدانی ڕۆمان)دا ئەو بۆچوونانەی دووپات کردووەتەوە.

بە سەرهەڵدانی ڕۆمان، قۆناخی پاڵەوان و قارەمانی خورافی و خواوەندی ئەفسانەیی کۆتایی پێهات، مرۆڤی ئاسایی بووە کارەکتەر و دروستکەر و بزوێنەری ڕووداوەکان. جەنگی مرۆڤ لەگەڵ دێو و درنج و شەیتانەکان کۆتایی هات، مرۆڤ بووە ئەو کەسەی توانای هەبێ دوور لەدەسەڵاتی ئەو بوونەوەرە خەیاڵییانە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات.

ڕۆمان ئەو ژانرە بوو لەسەر دەستی (دانیال دیڤۆ و ساموئێل ڕیچاردسۆن و هێنری فیلدنگ) دامەزرا و ڕووی لە واقیعی ژیان کرد بێ ئەوەی دەست لە خەیاڵ هەڵگرێ، چونکە خەیاڵ هەوێنی دەقە ئەدەبییەکانە، بە تایبەتی دەقی ڕۆمان.

ئەگەر بپرسین بۆچی ڕۆمانێک کە دەبێ باسی واقیع بکات، ناتوانێ دەست لە خەیاڵ هەڵگرێ؟

لە وەڵامدا دەڵێین: هیچ دەقێکی ئەدەبی بێ خەیاڵ لە دایک نابێ و خەیاڵ ئەو فاکتەرەیە کە ئەدەب لە جۆری نووسینەکانی دیکەی وەک وتاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و مێژوویی و ئەنترۆپۆلۆجی و ... جیادەکاتەوە. ئەو فاکتەرەیە کە هەستی خوێنەر جۆش دەدا و هانی دەدات بە چێژەوە دەقە ئەدەبییەکان بخوێنێتەوە.

هەروەها ئەگەر بپرسین بۆچی باسکردنی واقیع دژی ئەوە نییە خەیاڵ لەدەقی ئەدەبی، بە تایبەتی لەداهێنانی ڕۆماندا بەکاربهێنرێ و تەنیا خەریک بێ وێنەکانی واقیع بۆ ناو خۆی بگوازێتەوە؟

لەوەڵامدا دەڵێین: خوێنەری دەقی ئەدەبی نایەوێ تەنیا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەدوای ڕاستییەکانی ژیان بکەوێ، بەڵکو چێژی خۆی بەوە تێر دەکات لەچوارچێوەی خەیاڵدا ئەو ڕاستییانەی دەست بکەوێ، ئەمەش دیاردەیەکە ئەوە دەسەلمێنێ کە بۆچی تائێستا مرۆڤ وازی لەنووسین و خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکان نە هێناوە لە کاتێکدا بۆ بە دەستهێنانی ئەو ڕاستییانە چەندین شێوە نووسینی دیکە هەیە کە دەتوانن ئەم کارەی بۆ دەستەبەر بکەن؟

هیچ دەقێکی ڕۆمان نییە تەنیا باسی واقیع بکات بێ ئەوەی ئاوێتەی خەیاڵی بکات. ڕۆمانەکانی (بەلزاک و فلۆبێر و دۆستۆیڤیسکی و تەلستۆیی و شارلز دیکینز و نەجیب مەحفووز و گابریل گارسیا مارکیز و حسێن عارف و بەختیار عەلی و جەبار جەمال غەریب و کەریم کاکە) و دەیان ڕۆمانووسی دیکە، لەڕێی خەیاڵەوە وێنای واقیع دەکەن و لەدیدگای خۆیانەوە هەریەکە و بە جۆرێک گوزارشتیان لە واقیع کردووە.

**خەیاڵ بەشێکە لەپێکهاتەی مێشکی مرۆڤ، مرۆڤ زەینی هەیە و دەتوانێ زانیارییەکانی لەزەیندا تۆمار بکات**

**ڕۆمان دەقێکی دیکیۆمێنتاری نییە بۆ ئەوەی ناچاربێ، دەقاودەق ڕووداوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ خوێنەر بگوازێتەوە**

ڕۆمـان دەقێکی دیکیۆمێنتاری نییـە بـۆ ئـەوەی نـاچاربێ، دەقــاودەق ڕووداوەکــانـی ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ خوێنەر بگوازێتەوە، خوێنەریش ڕازی نابێ ڕووداوەکـانـی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی وەک خۆی پێشکەش بکرێن، چونکە خۆی تێیدا ژیاوە. خوێنەری ڕۆمان پێویستی بەوەیە وێنەکی دیکەی ژیانی پیشان بـدرێ کـە ئەو توانای وێناکردنی نییە و ناتوانێ ئەزموونی بکات.

لێرەوە خەیاڵ ئەو ڕۆڵە دەگێڕێ کە وێنە جیاوازەکان دروست بکات و خوێنەری پێ سەرسام بکات، وێنەیەکی ژیانیان پیشان بـدات کـە ئـەوان بیـریـان لێ نەکردووەتەوە.

هەر ڕۆماننووسێک هەوڵی ئەوەی دابێ ژیان وەک خۆی بخاتە نێو ڕۆمـانـەوە، هەرگیز نەیتوانیوە ڕۆمانێکی سەرکەوتوو بنووسێ. هـەروەهـا وێـنـەکـانـی ژیـان هێندە زۆر و فرە جۆر و فرە ڕەهەندن، هیچ ڕۆماننووسێک نـاتـوانـێ بیـانخـاتـە دووتـوێـی دەقەکانییەوە. وێنەکانی واقیع لای ڕۆماننووسان جیاوازن و ڕووی ڕاستییەکانیش فرە جۆرن، بۆیە یاساکانی ڕێژەیی ڕۆڵی خۆیان لە ڕەنگاوڕەنگ کردنی ئەو وێنانەدا دەگێڕن و وادەکەن هەر ڕۆماننووسێک بەچەشن و جۆری جیاوازەوە ئەو وێنانە لە ڕۆمانەکانیاندا بەرجەستە بکەن. هەر ئەو یاسایانەش وایانکردووە وێنەکانی مرۆڤ، خۆشەویستی، جـەنـگ، دۆسـتـایـەتـی، ڕق لێبونـەوە، بێـزاری و دەیـان بابەتی دیکە بە شێوازی جیاواز بێنە ناو ڕۆمانەوە.

یـەک لـەهـۆکـارە گرنـگـەکـانی ئـەو جیـاوازییـەش بـۆ خـەیـاڵ و تـێـڕوانـیـنـی ڕۆمـانـنـووس دەگـەڕێـتـەوە کـە پـەیـوەنـدی بـە چۆنیەتی وێناکردنی واقیعەوە هـەیـە. ڕۆمـان بـریـتـی نییە لەگێڕانەوەی یاداشتەکانی ژیانی ڕۆژانەی ڕۆماننووس، هەروەها ڕۆمان بریتی نییە لە دووبارە باسکردنـەوەی ڕووداوەکـانـی مێژوو.

ئەمە کاری ڕۆماننووس نییە، بـەڵـکو کـاری مـێـژوونـووسـە. بێجگە لـەمـانـە ڕۆمـانـنـووس وتـاری سیاسی و کۆمەڵایەتی نـانـووسـێ بـۆ ئـەوەی پشت بەبەڵگە و سەرچاوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ببەستێت.

لـە بـنـەڕەتـدا ڕۆمـان بریتی نییە لـە دووبـارە وتـنـەوەی ئـەوەی ڕوویـداوە. هەرکەسێ بـە پـێـچـەوانـەی ئـەمـەوە بیر بکاتەوە، دیارە لە ژانری ڕۆمان تێنەگەیشتووە.

هیچ کاتێک ڕۆمانێکمان دەست ناکەوێ کە تەنیا خەیاڵی بێ، ئەم بۆچوونە ئەو ڕۆمانانەش دەگرێتەوە کە پێیان دەگوترێ، ڕۆمانی خەیاڵی زانستی، چونکە ئەگەر بـەوردی ئـەو ڕۆمانانە بخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن بـەڕوونـی گوزارشت لە خـەون و ئـاوات و ئامانج و حەزەکانی مرۆڤ دەکەن.

خەیاڵ سروشتێکی کۆمەڵایەتی هەیە و تەنیا مـرۆڤ دەتـوانێ خەیاڵ بکاتەوە. خەیاڵ بەشێکە لەپێکهاتەی مێشکی مـرۆڤ، مـرۆڤ زەینی هەیە و دەتوانێ زانیارییەکانی لـەزەیـنـدا تۆمار بکات و دووبـارە بـەکـاریـان بهێنێتەوە، ئەگەریش هەندێکی لەبیر چووبێتەوە پەنا بۆ خەیاڵ دەبـات بـۆ ئـەوەی سەرلەنوێ وێـنـایـان بـکـاتـەوە. بـۆ نموونە ڕووداوەکـانی سـەردەمی منداڵی، بەشێکە لەو زانیارییانەی مرۆڤ نـاچـارە بـە سـوود وەرگـرتـن لـە خـەیـاڵ دایـانـمـەزرێنێتـەوە، ڕۆماننووسیش بۆ ئەم مەبەستە سوود لەخەیاڵ وەردەگرێت بۆ ئەوەی نەک تەنیا ڕووداوەکانی ڕابردووی ژیانی کارەکتەرەکان، بەڵکو سـەرجـەم ڕووداوەکـانـی ئێستا و ئایندەی ئەوان وێنا بکات، چونکە ئەوان مرۆڤی ڕاستەقینە نین بۆ ئەوەی لەزاری خۆیانەوە باسی ژیان و بە سەرهاتەکانیان بـۆ ڕۆمـانـنـووسـەکـە بگێڕنەوە و ئـەویـش بـە ئـەمـانـەتـەوە لـە ڕۆمانەکانیدا بیانخاتە بەرچاوی خـوێـنـەر. بـە بـاسـکـردنـی ڕووداوەکانی ئەو سێ زەمەنە، ڕۆماننووس یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ ئەوەی ئەزموونەکانی ژیانی خـۆی بیر بکەوێتەوە و باشتر خۆی بناسێ و گونجاو تر لە کۆمەڵگەکەی تێ بگات و کار بۆ ئایندەیەکی گەشاوە تر بکات، بێ ئەوەی لەم پرۆسەیەدا، ڕۆماننووس، ناچاربێ لاسایی ژیانی واقیعی بکاتـەوەو، بە هەندێ ئامۆژگاری، یان وانەی فێرکاری، یاخود گوتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕاستـەوخۆ، و ڕاشکاوانە ڕێنمایی خوێنەر بکات. لە هەموو ئەم کارانەشدا خەیاڵ ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕێ بۆ ئەوەی دەقی ڕۆمان پڕ لە چێژ و سەرنجراکێش بێ و خوێنەر بۆ خۆی ڕابکێشێ.

لـە ئـەنـجـامـدا جـەخـت لـەوە دەکـەیـنـەوە کە ڕۆمـان لە دوو بـەش پێکدێ: خـەیـاڵ و واقیع. ئـەم دوانـەش هـەرگـیـز لـەیـەک جیانابنەوە و ناتوانین بڵێین دوو جـۆرە ڕۆمـان هـەیـە: ڕۆمـانـی خەیاڵی و ڕۆمانی واقیعی.

**هیچ کاتێک ڕۆمانێکمان دەست ناکەوێ کە تەنیا خەیاڵی بێ، ئەم بۆچوونە ئەو ڕۆمانانەش دەگرێتەوە کە پێیان دەگوترێ، ڕۆمانی خەیاڵی زانستی**

# مەجهولی شیعریی... مەجهولێکی خوڵقێندراو، یان دروستکراو؟

شیعر، پێکهاتەیەکە لەزمان و دەربڕین و وێنا کردن، هەموو زمانێکیش ڕەهەندێکی مۆرۆفۆلۆژی هەیە، کەواتە ئەوەی هەیە زمانی شیعرییە، نەک مەجهولێکی خوڵقێنراو، کە بوونی نەبووبێت و شاعیر دایهێنابێت. ئەگەر زمان وەک دیاردەیەکی ژیاریی و مرۆیی بوونی نەبێت، شاعیر دەتوانێت شیعر بنووسێت و مەجهولی شیعریی دروست بکات؟ نووسەر لە پەراوێزی ئەو بۆچوونەیەوە، نموونە لە وێنەیەکی شیعری (دلاوەر قەرەداغی) دێنێتەوە و پەسنێکی زۆری وێنە شیعرییەکە دەدات، تارادەی ئیبداعێکی گەورەی شیعریی دەیناسێنێت، کە تەنها دلاوەر قەرەداغی ئەو داهێنانەی کردووە.

دلاوەر قەرەداغی لە شیعرەکەیدا دەڵێت:

**دێمە بانێژەکە دادەنومەوە و**
**بە چرپەیەک کە بە سەر بەفرەکەدا دەخلیسکێ**
**بە زوبانێکی تەپ و تۆزاوی کە خۆشم تێی ناگەم**
**ڕێبواری بەربەری بانگ دەکەم**

تەیب جەبار، لەبارەی ئەو وێنە شیعرییەوە دەنووسێت: (ئەم وێنەیە بەرهەمی خەیاڵدانێکی کارا و داهێنەرانەی شاعیرن، هەقی خۆیەتی شانازی پێوە بکات، پێش ئەم کەسی تر دروستی نەکردوون) ئەگەر وەک مەجهولێکی خوڵقێنراو و ئیبداعی گەورەی شیعریی، بڕوانینە ئەو کۆپلە شیعرییەی دلاوەر قەرەداغی، وەک ئەوەی هاوڕێم (تەیب جەبار) نووسیویەتی، ئەوا نە(بانێژە) نە(بەفر) نە( زمانی تەپ و تۆزاوی) خوڵقێنراوی هزر و خەیاڵدانی داهێنەرانەی شاعیر نین، بەڵکو دروستکراو و لێکدراوی چەندان مەجهول و وێنەیەکی دیکەی زمانین، لەکاتێکدا ئەو دەڵێت: مەجهولی شیعریی پەیوەندی بە یەکێک لە وەزیفە سەرەکییەکانی شیعر، چوونە نێو مەجهول و بینینی ئەو شتانەیە کە نابینرێت. دەقی شیعریی، لەپاڵ زمان و شیعرییەت، چێژ و جوانی، هاوکات ڕووبەرێکیشە بۆ گەڕان بە دوای واتا و نادیارەکاندا. بۆیە مەجهولی شیعریی، کردارێکی ئاسایییە و بەشێک نییە لە داهێنانێکی گەورە کە شاعیرێک بیکات و ئەویدی نەیکات. ئەگەر مەجهولی ئایینی و ئەفسانەیی و ماددیی بە بەشێک لە بینای هونەریی و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی شیعر بزانین، بەو پێیەی شیعر ڕەنگدانەوەی دنیابینی شاعیرە و شاعیریش وەک مرۆڤێک لە بەریەککەوتن دایە لەگەڵ ژینگەی ژیان و دەوروبەر، هاوکات مەجهولی شیعریش وەک مەجهولێکی دابڕاو لەو مەجهولانە سەیر بکەین، ئەوا بە بڕوای من ئێمە لە بەردەم مەجهولێکی دروستکراو داین نەک خەڵقکراو کە پێشتر وێنەی نەبوو بێت. چونکە مەجهولەکانی شاعیریش، لەڕێی تێکەڵکردن و لێکدان و هەڵوەشانەوە و سەر لەنوێ بیناکردنەوەی ئەو مەجهولانە دێتە ئاراوە، کە بوونیان هەیە و دەبینرێن و دواتریش لە ڕێگەی زمان و دەربڕینەوە، دەبنە بینای هونەری دەقی شیعریی و مەجهولی شیعریی. بۆیە شتێک نییە بەناوی مەجهولێکی تایبەتی و خەڵقکراوی شاعیرێک و تایبەت بێت بەو. بە تایبەتیش کە شیعر وەک دەقێک، ئاماژەیەکی قووڵی دەلالی و واتایی هەیە. ئەوەی هەیە، ئاستی واتایانەی زمان و شێوازی لادانی واتاییانەی زمانە لە شیعردا، نەک خوڵقاندنێک، کە بەرهەمی دیدگای ئیبداعیانەی شاعیرێک بێت. ئەگەر بەو پێوەرە بێت، ئەوا نابێت لە ئەزموونی شیعری شاعیرانی دیکە، هەمان مەجهول بە شێوەیەکی دیکە ببینین، کە لەڕووی هونەری و زمان و واتایەوە، زۆر لەوەی شاعیرێک داهێنەرانەتر بێت. لەوتاری (شیعر و مەجهول) تەیب جەباری شاعیر، باس لە مەجهولە جۆراوجۆرەکان و لە نێویشیاندا مەجهولی هونەریانەی شیعر دەکات و دەڵێت: (مەجهولی شیعریی، مەجهولێکە شاعیر دەیخوڵقێنێت و تایبەت دەبێت بە خۆی، لای خۆی پیرۆزە، هی خۆیەتی و هی هیچ کەسێکی تر نا، بۆیە مافی خۆیەتی شانازی پێوە بکات). بێگومان لێرەدا، ئێمە لە بەردەم چەمکی خوڵقاندن داین، کە جیایە لەگەڵ دروستکردن. کەواتە پرسیار ئەوەیە، شاعیر چۆن دەتوانێت مەجهولێکی شیعریی بەبێ بەستنەوەی بە مەجهولەکانی دیکەی فیزیکی و ماددی و سروشتی دابهێنێت؟



سدیق سەعید ڕواندزی

**شاعیر لە ڕێگەی هەڵگێڕانەوەی بونیادی سرووشتییانەی ئاو، وێنەیەک بە ئاو دەدات کە لەدەرەوەی هەموو جۆرە پێناسە و بینینێکە**

مەجهولەکانی دیکەوە نییە. ئەو ڕەگەزانە بە درێژایی مێژوو، هاوتەریب لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا بوونییان هەبووە. لە ئەزموونی دەیان شاعیر و سەدان دەقی شیعریش، لە فۆرم و وێنەی جیاوزی شیعری دەبینرێن، ئیدی نازانم داهێنانەکە لەکوێ دایە؟ مەگەر خەیاڵ و خەیاڵی شاعیرانە، بەشێک نین لە کردەی نووسین و ئەفراندنی شیعریی؟ ئەو مەجهولانە، وابەستن بە مەجهولی دیکە، بە جۆرێک کە بەبێ بوونی ئەو مەجهولانە، دلاوەر قەرەداغی ناتوانێت، مەجهولی شیعریی بخوڵقێنێت.

بەفر: توخمێکی سروشتییە.

زمان: پێدراوێکی بایۆلۆژی و فیزیکییانەی ژیانە.

بانێژە: توخمێکی شوێنییە کە مرۆڤ دروستی کردووە.

هەریەک لەم مەجهولانە، ئەگەر وەک ڕەگەزێکی شیعریی سەیریان بکەین، ئەوا مەجهولێک نین (دلاوەر قەرەداغی) دایهێنابن، بەڵکو کەرستەی پێکهێنەری شیعریینە و دەشێ لە ئەزموونی شیعری شاعیرانی دیکەش بوونیان هەبێت.

ئەگەر مرۆڤ نەبێت، زمان بوونی هەیە؟ ئەگەر وەرزەکان و زەریاکان و کردەی بە هەڵمبوونی ئاو و دواتریش چڕبوونەوە و خەستبوونەوە و بە هەوربوونی لە ئاسماندا نەبێت، بەفروباران دەبارن؟ ئەگەر ژینگە و سرووشت نەبووایەن، مرۆڤ دەیتوانی بانێژە لەسەر زەوی دروست بکات؟

زمانێکی تەپوتۆزاوی مەجهولێکی خولقێنراو نییە، بەڵکو دروستکراوە لە (زمان + سرووشت) بەو پێیەی تەپوتۆز، لە خۆڵەوە هەڵدەستێت و خۆڵیش پێکهێنەرێکی ژینگەیی سرووشتی و شوێنییە. هەمووومان دەزانین زمان نابینرێت تا سیفەتی



سەباح ڕەنجدەر



دلاوەر قەرەداغی



تەیب جەبار

تەپوتۆزی پێ بدرێت، دەشێ ئەمە وەک وێنەیەکی شیعریی جیاواز سەیر بکەین و ببینین، بەڵام مانای وانییە داهێنانێکی گەورەی زمانی و شیعرییە، کە شاعیرانی دیکە پەیان پێ نەبردووە و داهێنانێکی گەورەی شیعری دلاوەر قەرەداغییە. ئەگەر زمان، تەپوتۆز و چرپە و دەنگ نەبووایە، دلاوەر قەرەداغی دەیتوانی وەک کەرستەیەکی شیعریی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات؟

کام لەو ڕەگەزانە داهێنراوی شاعیرن و پێشتر بوونییان نەبووە؟ کەواتە مەجهولی شیعریی، مەجهولێکی دابڕێنراو نییە لە مەجهولی ئەفسانەیی و ئایینی و ماددی. مەجهولی شیعریی، بەرهەمی خەیاڵ و دونیابینی شیعرییە، دونیابینی شیعریش، ڕەنگدانەوەی هەست و تێگەیشتن و پەیوەندی مرۆڤە بە ڕەگەزەکانی دەورووبەر.

مەجهولی شیعریی لە بنەڕەتدا، مەجهولێکی بیناکراو و لێکدراوە، نەک خولقێنراو، چونکە لە خولقاندندا، هیچ کەرستە و ئامرازێک بوونییان نییە، بەڵکو دادەهێنرێن.

بۆیەشە جگە لە پەروەردگار، هیچ بوونەوەرێک شایەنی ئەوە نییە، ناوی خولقێنەری لێبنرێت. دیارە مەبەستی ئێمە لێرەدا، کردەی خولقاندنە وەک کردەیەکی ڕۆحی و پەنهان.

هەمووومان دەزانین مرۆڤ لە دڵۆپە ئاوێک دروست دەبێت، کە دەرەنجامی کردەیەکی سێکسی نێوان هەردوو ڕەگەزە، بە شێوەیەکی مرۆیی و شەرعی. بەڵام پەیامبەر (عیسا) بەدەر لەو هاوکێشەیە خەڵقکرا. خودای پەروەردیگار، فووێکی لە دەمی مەریەم کرد و عیسای خولقاند. بە پێچەوانەی هەموو پەیامبەرانی دی، کە لە دایک و باوکێک دروست بوون جگە لە ئادەم. لێرەوەش گەر سەرنج بدەین، هەرگیز ناگوترێت منداڵێک خەڵقکرا، بەڵکو دەگوترێت لەدایک بوو. ئەگەر سپێرمی پیاو و هێلکەدانی ژن نەبن، چۆن منداڵ دێتە ئاراوە؟ کەواتە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەو منداڵە بوونیان هەیە، دواتر بە ئیرادەی خودای گەورە، منداڵێک دروست دەبێت و ڕوحی بە بەردا دەکرێت. لە بنەڕەتدا هیچ شتێکی ژیان خەڵقکراو نییە، بەڵکو داهێنراوە. ئێمە ناڵێین مرۆڤ کەشتی و تەیارەی خەڵقکرد، بەڵکو دەڵێین دروستی کرد و دایهێنا. چونکە دار وەک پێکهێنەری کەشتی و ئاسنیش وەک پێکهێنەری فڕۆکە، لە پێشدا هەن و لە سەر زەوی و ژێر زەوی دان. زمانیش وەک دیاردەیەکی سرووشتی و مرۆیی بوونی هەیە، شاعیر کە لە ڕێگەی بینینەوە بەر مەجهولەکانی دی دەکەوێت، دەشێ مەجهولێکی شیعریی

**"کام لەو ڕەگەزانە داهێنراوی شاعیرن و پێشتر بوونییان نەبووە؟ کەواتە مەجهولی شیعریی، مەجهولێکی دابڕێنراو نییە لە مەجهولی ئەفسانەیی و ئایینی و ماددی"**




تازە لە وێنەیەکی نامۆدا، لە ڕێگەی زمانەوە دروست بکات، بەڵام هیچ لە کەرستەکانی ئەو مەجهولە، هی خودی خۆی نین، تاکو دواجار مەجهولێک خەڵق بکات. ئەگەر ئەو کەرستانە سەرەتا نەبوونایە، شاعیر نەیدەتوانی لە بەیەکەوە بەستن و هارمۆنیکردنی هەموویان، وێنەیەکی جیاواز و تایبەتی بێنێتە ئاراوە.

بە بڕوای من، ئەمە مەجهولێک نییە داهێنرابێت و وەک مۆرکێکی داهێنەرانەی تازە و گەورەی شیعریی بیدەینە پاڵ شاعیرێک. ڕەنگە مەجهولی لەو شێوەیە لە شیعری شاعیرانی دیش بوونی هەبێت. هەڵبەتە، ئێمە نابێ ئەوەمان بیر بچێت لادانی واتایی زمان، یەکێکە لەسیما هونەرییەکانی شیعر. وشە لە شیعردا، لە دەرەوەی ئەو ڕەهەندە واتایەیە کە هەیەتی. بۆیە کاتێ یەکەیەکی نائۆرگانیکی و نابابەتی ڕستە و دەربڕینێک دەبینین، نابێ پێمان وابێت داهێنانێکی گەورەی شیعرییە. هەر بۆ نموونە، ئەزموونی شیعری (سەباح ڕەنجدەر) پڕە لەو جۆرە لادان و ئاڵۆزی وشە و مانا و مەجهولی شیعریی. لە کۆمەڵە شیعری (سەرەتا وشە بوو) ئەم دەربڕینانە دەبینرێن:

**ڕەنگی گەرمی بە سەردا ڕژا.**
**هەوا دەجوولێتەوە.**
**تاریکی شکا.**

> **لە وێنە شیعرییەکەی (دلاوەر قەرەداغی) شدا مەجهولێکی خوڵقێنراو نییە، بەڵکو مەجهولێکی دروستکراو و بونیادنراو هەیە**

**پرسیاری سپی.**

شاعیر، سیفەتێکی بەرجەستەیی بە (هەوا) داوە. هەموومان دەزانین هەوا نەدەبینرێت و نەهەستیشی پێ دەکرێت. چواردەورمانی گرتووە و بەبێ هەوا، نەمرۆڤ، نەهیچ بوونەوەرێک، نەهیچ ڕووەکێک ناژیت. کەچی لەو دەربڕینە شیعرییەدا، سیفەتی جووڵانەوەی داوەتە پاڵ هەوا. بێگومان ئەوەی ئەو باسی دەکات جووڵانەوەی هەوایە، نەک شتەکانی دی. لەکاتێکدا هەوا نابینرێت، تاکو بەچاو بیبینین کە دەجوولێتەوە. ئەگەر بەو پێوەرە بێت، کە نووسەر باسی دەکات، ئەوە ئەو مەجهولە شیعرییەی سەباح ڕەنجدەر، زۆر لەوەی دلاوەر قەرەداغی بەهێزترە. بە هەمان شێوە تاریکی ناشکێت، گەرمی ڕەنگی نییە، چونکە تەنها هەست پێکراوە و نەبینراوە. کەسێک پلەی گەرمی لەشی بەرز دەبێتەوە، بەدەست لێدان هەستی پێ دەکەین، بەڵام نایبینین تا بزانین ڕەنگی چۆنە. بە هەمان شێوە، پرسیاری شین و سپی و ڕەش نییە. پرسیارکردن، کردەیەکی زمانی و هزرییە، ناتوانین خەسڵەتێکی ڕەنگی پێ بدەین، تاکو دواتر درکی پێبکەین و بیناسینەوە. ئەمانە مەجهولی شیعرین و پێکهێنراوی مەجهولی دیکەن. پرسیار بەشێکە لە کردەیەکی هزریی و زمانی، زمانیش پێدراوێکی فیزیکییانەی ژیانە، کەواتە ئێمە دەچینەوە سەر مەجهولێکی ماددی. بە هەمان شێوە لە وێنە شیعرییەکەی دلاوەر قەرەداغیشدا، مەجهولێکی خوڵقێنراو نییە، بەڵکو مەجهولێکی دروستکراو و بونیادنراو هەیە.

لەپێشدا کەرستە شیعرییەکانی ئەو مەجهولە بوونیان هەیە، ئەوەی شاعیر دەیکات، بونیادنانی وێنەیەکی نامۆیە لە تێڕوانینێکی شیعری جیاوازدا، نەک خوڵقاندنێک کە لە بنەڕەتەوە بوونی نییە و ئەو دایدەهێنێت. شیعر پێکهاتەیەکی زمانەوانییە و بەدەر لە گوتار و ناوەڕۆک دەبێ وەک دەقێکی زمانی تەماشای بکەین، بێگومان زمانیش ڕەنگدانەوەی هزر و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و هزرییەیە، کە مرۆڤ لەکۆنتاکی بەدەوروبەردا هەیەتی. بۆیەشە هەموو کەرستەکانی نێو شیعر، لەبنەڕەتدا لە پەیوەندیدان بە فیگەرەکانی دی و هەرگیز شاعیرێک ناتوانێت وێنەیەکی واقیعی، یان سوریالی و خەیاڵی، یان بەرجەستەیی، بکێشێت ئەگەر پەیوەندی بەدەوروبەرەوە نەبێت.

بە بڕوای من ئەو وێنە شیعرییەی دلاوەر قەرەداغی، وێنەیەکی شیعری ئاساییە و هیچ خەسڵەتێکی ئەوتۆی نییە تاکو نووسەر وەک ئیبداعێکی گەورەی شیعری بیناسێنێت.

شیعر خۆی جۆرێکە لەلادانی زمانەوانی و واتایی، ئەوەی لە واقیعدا نەگونجاوە و بوونی نییە لەنێو شیعردا دەبێتە بابەتێکی زۆر ئاسایی، کە وەک وێنەیەکی شیعریی دەبینرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. بەو پێیەی لە شیعردا، میتافۆرێک لە سەرووی وشەی ئاساییەوە هەیە، وشە لە شیعردا ئەرک و ڕۆڵێکی دیکەی جیاواز لەنێو زماندا لە پانتاییە کۆمەڵایەتییەکدا دەبینێت. ئەم جۆرە گوزراشتکردنانە لە شیعر، لە ڕاستیدا داهێنانێکی تایبەتی شیعری ئەزموونی شاعیرێک نییە، بەڵکو کردەیەکی ئاسایی زمانی شیعرییە، کە دەرەنجامی لادان و بەرجەستەکردنی وشەیە لە شیعردا. بەبڕوای من، ئەگەر نووسەری ئەو وتارە، بەراوردی ئەو وێنە زمانییانەی کە ئەو وەک مەجهولێکی داهێنراوی شیعریی

دەیانبینێت، بە ئەزموونی (سەباح ڕەنجدەر) بکردایە، ئەوا هەرگیز نەیدەگوت کە دلاوەر قەرەداغی، داهێنانی شیعری کردووە و بۆند و وشەی تازەی هێناوەتە نێو شیعری کوردی، بە پێچەوانەوە ئەزموونی (سەباح ڕەنجدەر) لەم ڕووەوە زۆر داهێنەرانەتر و قووڵتر، بە چەمکە شیعرییەکەش شیعرییانە تریشە، بەو مانایەی لادانی زمان لەئاستی فەرهەنگی و واتاییدا لە ئەزموونی ئەو شاعیرە، لە ئاستێکی جیاواز و ئیبداعی گەورەدایە و هەر لە سەرەتاشەوە یەکێک بووە لەسیما هونەرییەکانی ئەزموونی ئەو، کە لە زێوانەوە دەست پێ دەکات و تا سەرەتا وشە بوو درێژەی هەیە.

بۆ نموونە لە دیوانی (حەز دەکەم ئەوەندە بژیم) ئەم وێنە شیعرییانە دەبینرێن:

**دەچمە شینایی ئاسمان.**
**کار ئاسک ناچێتە سەر ئاوی تیژ.**
**مێرووڵەش لە ئاوی هێمن دەخواتەوە.**
**ناوکی ڕووناکی.**

ئەگەر بە پێوەری مەجهولی شیعریی بڕوانینە ئەو وشە شیعرییانە، ئەوا بێگومان ئەو وێنە شیعرییانەی سەباح ڕەنجدەر، زۆر داهێنەرانەتر و هونەریترن لەو وێنە شیعرییەی کە تەیب جەبار، بە نموونە لە شیعرەکانی (دلاوەر قەرەداغی) دا هێناویەتیەوە. ئاو یەکێکە لەو توخمە سرووشتی و کیمییانەی کە تام و بۆن و ڕەنگی نییە، کەچی شاعیر سیفەتی (تیژ) و (هێمن) ی داوەتە پاڵ ئاو و وێنەیەکی قووڵی شیعرییانەی بەرجەستە کردووە. شاعیر لە ڕێگەی هەڵگێڕانەوەی بونیادی سرووشتییانەی ئاو، وێنەیەک بە ئاو دەدات کە لەدەرەوەی هەموو جۆرە پێناسە و بینینێکە.

ئایا ئاوی تیژ هەیە، مەبەست خودی تیژی ئاوە، نەک ماددەیەکی تیژ بخەینە ئاوەکە، ئاوێک هەیە هێمن بێت؟ مەبەستمان (مەند)ی نییە کە پێچەوانەی ئاوی بە خوڕە؟ ئایا جگە لە مرۆڤ خۆی، وەک بوونەوەرێکی بایۆلۆژیی و سرووشتی، کەسیتر ناوکی هەیە؟ ئایا ڕووناکی ناوکی هەیە؟ ئەگەر وەک بەشێک لە مەجهولی هونەرییانەی شیعر، سەیری ئەو وێنە شیعرییانەی سەباح ڕەنجدەر بکەین، ئەوا بێگومان هونەریتر و داهێنەرانەترن، لە وێنە شیعرییەکانی دلاوەر قەرەداغی، چونکە میتافۆری وشە شیعرییەکان لەو دەقانەی (ڕەنجدەر)دا بە ئاست و مەودایەکی دوورتر دەڕۆن، لەونموونە شیعرییەی کە نووسەر وەک مەجهولێکی گەورەی شیعری بەنموونە هێناویەتییەوە. نووسەر هەر لە درێژەی نووسینەکەیدا دەڵێت: (مەجهولی شیعر مەجهولێکە پەیوەندی بە مەجهولی ئەفسانەیی و ئایینی و مادییەوە نییە، شاعیر لەڕێگەی خەیاڵەوە دروستی دەکات و تەنها لە زهنی شاعیردا بوونی هەیە) بێگومان ئەگەر شیعر بەرهەمی خەیاڵ بێت و مەجهولی شیعریش پەیوەندی بە مەجهولەکانی دیکەوە نەبێت، ئەوا ئێمە لەبەردەم ئەو پرسیارەداین:

ئایا پێکهێنەرە بونیادییەکانی ئەو مەجهولە شیعرییە لە کوێوە دێن؟ ئەگەر زادەی خەیاڵی شاعیر بن، ئایا خەیاڵی شیعر دەرەنجامی چییە؟ ئایا ئەو خەیاڵە لە (کۆنتاک)دا نییە لەگەڵ کەرستە و دیاردە و پێکهاتەکانی دیکەی ژیان؟ ئایا کە شاعیرێک مەجهولێکی شیعری دروست دەکات، دواجار ئەو مەجهولە ناچێتەوە سەر مەجهولەکانی دیکەی ئەفسانەیی و ئایینی و ماددی لە ئاستی زمان و واتادا؟

گریمان ئەگەر شاعیرێک خەیاڵێکی سوریالییانە و سەرووی واقعیشی هەبێت، دواجار ئەو خەیاڵە بەرهەمی هزری ئەو شاعیرە نییە و شاعیریش وەک مرۆڤێک لە بەریەککەوتن دانییە لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکەی دەوروبەر؟

کەواتە هەر چۆنێک بێت، مەجهولی شیعریی بەرمەبنای مەجهولەکانی دیکەی ژیانە، نەئیبداعی شیعرییە، نەکەشفکردنێکی گەورەی شیعریش، چونکە ئەو مەجهولە، لە خەیاڵ و زمان، وشە و کەرستە و بینین و وێناکردن، دروست دەبێت و دەرەنجامی هەموو ئەو پێکهێنەرانەیە، بۆیە هەرچۆنێک بێت ڕەگێکی مەجهولی هونەرییانەی شیعر دەچێتەوە سەر مەجهولەکانی دیکە و ئەوە نییە پەیوەندییان بە مەجهولەکانی دیکەوە نەبێت.

**تێبینی:....**

*شیعر و مەجهول، ناوونیشانی وتارێکی (تەیب جەبار)ە لەژمارە (١١٦٥)ی ئەدەب و هونەری (کوردستانی نوێ)ی ڕۆژی ٢٠٢١/٢/١٨.

*نووسەر لەکاتێکدا باس لەوە دەکات کە دەربڕینی(زمانێکی تەپوتۆزاوی)داهێنانێکی شیعری (دلاوەر قەرەداغی) یە و تایبەتە بە ئەو، بەڵام هەر بۆ زانیاری نووسەر، ئەحمەدی مەلا لە ڕۆمانی (کەشتییەکان ناگەڕێنەوە) لەلاپەڕە (١١٤) دا نووسیوویەتی (غەڵبە غەڵبێکی تۆزاوی) کە وێنەکە زۆر هونەریترە لەوەی دلاوەر قەرەداغی.

* ئەم وتارە، بەشێکە لەپڕۆژەی نووسینێکی درێژ بە ناوی (ئاگایی شیعریی و مەجهولی شیعریی) کە خوا یاربێت، وەک کتێب چاپ و بڵاوی دەکەینەوە.

**“ شیعر، پێکهاتەیەکە لەزمان و دەربرین و وێنا کردن، هەموو زمانێکیش ڕەهەندێکی مۆرۆفۆلۆژی هەیە، کەواتە ئەوەی هەیە زمانی شیعرییە، نەک مەجهولێکی خوڵقێنراو ”**



# کاریگەری کلتوری خۆرهەڵاتی و ئیسلامی لەسەر (کۆمیدیای ئیلاهی) دانتی

ن: مەجدی ئیبراهیم     و: هاوکار هادی

> "دانتی کۆمەڵێ هاوڕێی یەهودی هەبوو، ئەم هاوڕێیانەی نمونەی باشترین سەرچاوە بوون بۆی، کە زانیاری وردبوون لەسەر ئیسرا و میعراج"

دانتی بە چاوچنۆکی بۆ زانست و زانیاری و ڕۆچوونی بەسەرچاوە زانستییەکان، بە تایبەتیش ڕۆشنبیریی عەرەبی ناسراوە.

کاریگەربوون بە ئیسلام و بە پێغەمبەرەکەی (د.خ) لە هەندێ لە کتێبەکانیدا، بەتایبەت کۆمیدیای ئیلاهی دەبینرێت. ڕێزی لەزانا موسڵمانەکان گرتووە و ڕۆڵ و بەرهەمەکانیانی بەرز نرخاندووە بەتایبەت لەسەر ئیبن سینا و ئیبن ڕوشد، زانیاری تەواوی هەبووە، سەبارەت بە جیهانی دوایی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە چەند شتێکی گرنگ هەبوون کە هانی دانتی دا بۆ داهێنانە مەزنەکەی لەوانە وەک: دورکەوتنەوە لە جەدەلی دینی و ڕۆچوونی لە شانشینی ئاسماندا، هەروەها ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگای (فلۆڕەنسی).

ئەمانە هانی (دانتی)یاندا بۆ وەرگرتنی نمونەیەک لەسەر گەشتکردن بۆ دونیای پەنهان بەشێوەیەکی ئەدەبی، بەتایبەتی کاتێ دیمەنە ئیسلامییەکانی بۆ ڕوون بۆوە. هەروەها کۆکردنەوەی وێنا جوانەکان و ڕێکخستنەوەیان لەقاڵبێکی ئەدەبیدا. ئەم لاسایی کردنەوەش شتێکی شورەیی نییە چونکە یاسایەکی کۆنی کلاسیکی بوو، کە زۆرجار کاری مەزنی دەخولڵقاند.

چیرۆکی شەوڕەوییەکەی پێغەمبەر(د.خ)چۆن گەیشت بە دانتی؟

توێژەران لە بەریەککەوتنی شارستانیەتی ئەوروپی و جیهانی ئیسلامی بێ ئاگا نینە، لەدەستپێکی ئەو جوولە بازرگانییە چڕەی سەرەتای سەدەی هەشتەمدا، کە لەنێوان ئەوروپا و ناوچە ئیسلامییە جیاجیاکانی ئیسپانیا و باکوری ئەفریقیا و سوریا و میسر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست ببوو، جوولەی ئەوانەی کە سەردانی شارە پیرۆزەکانیان دەکرد و جەنگی خاچ دروشمەکانیش، ببووە هۆی دروست بوونی چەندین میرنشینی مەسیحی، کە لەناوجەرگەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوروپییەکان دروستیان کردبوون. پاشانیش بڵاوبوونەوەی شەپۆلی ئاینی لە پاڵیاندا، بەڵام مەودای بەریەککەوتنی شارستانیەتی زیاتر لەو شارانە بوو کە لەلایەنی جوگرافییەوە هاوسنوربوون لەگەڵ جیهانی مەسیحییەتدا، وەکو: سەقەلیە و ئەندەلوس.

جۆرەها ڕەگەزی ئەوروپی تێکەڵ لەسەقەلیە بونیان هەبوو، ببوونە دراوسێی جیهانی ئیسلامی وەک: سویدی و دانیمارکی و ئینگلیز.

لەماوەی دووسەدەدا و دوای چەندین شەڕ و بەیەکدادان هاوپەیمانی شانشینێکی بچووک دروست بوو، لەسەدەی سیانزەهەمدا سەقەلیە بووە ناوەندێکی ئیسلامی کە تیشک و ڕوناکی و کاریگەری کلتوری و ڕۆشنبیریی و ئەدەبیات و زانستی ئیسلامی لەتەواوی ئەوروپا و جیهانی عەرەبیدا

> هیچ کەسیش ناتوانێ بگاتە ئەم بەختەوەرییە، تەنها بە ناسین و ئاشنابوونی ڕۆحی نەبێ لەو دیو سروشتەوە

بڵاوبووەوە، بەڵام ناوەندەکەی دی ئەم شارستانیەتە لە ئەندەلوس بوو، کە بەناوەندی بڵاوبونەوەی بیروباوەڕی عەرەبی ئیسلامی لە ئەوروپا دادەنـدرێ، بەردەوامی ئەم ناوەندە نزیکەی هەشت سەدەی خایاند.

شارستانیەتی ئیسلامی بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە و ڕۆڵی پێشەنگی بینیوە لەزیندوکردنەوەی کلتور و ڕۆشنبیریی خۆرئاوایی و موتوربەکردنی بە گرنگترین پێکهاتەکان، کە بووە هۆی خێرا جێبەجێکردنی هۆکارەکانی شۆڕشی ئەورووپی و کردنەوەی دەرگاکانی سەردەمی تازە.

وەرگێڕان، ئامرازێکی گەورەبوو بۆ گواستنەوەی کلتوری ئیسلامی، هەرئەم ئامرازەش بوو کە دانتی بەکاری دەهێنا بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لە کلتور و ڕۆشنبیریی ئیسلامی. لە نیوەی دووەمی سەدەی سیانزەهەم بزافی وەرگێڕان گەیشتە لوتکە بەتایبەت لەسەردەمی پادشا فونسوی دەیەم، ئەم پادشایە لە ساڵی ١٢٦٤ داوای لە پزیشکە تایبەتەکەی (ئیبراهام تەلیلی) کرد کە کتێبی (معراج محمد) ی لەعەرەبییەوە بۆ وەربگێڕێتە سەر زمانی ئیسپانی.

هەر لەچوارچێوەی ئەم گرنگیدانە زۆرەشی بۆ وەرگێڕانی سەرچاوە زانستی و هزرییەکان لە عەرەبییەوە بۆ ئیسپانی، دەردەکەوێ کە کاریگەرییەکی گرنگ لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا ئەوە بوو کە خەڵک شارەزای ژیان و ڕێنماییەکانی پێغەمبەر (د.خ) بوون لەگەڵ ئەو ڕوداوانەی کە لە ژیانیدا ڕویاندا بوو.

دانتی کۆمەڵێ هاوڕێی یەهودی هەبوو، ئەم هاوڕێیانەی نمونەی باشترین سەرچاوەبوون بۆی، کە هەڵگری زانیاری وردبوون لەسەر ئیسرا و میعراج. ئەم چیرۆکە دوای تەواوبوونی لە ئیشبیلیە وەرگێردرایە سەر زمانی لاتینی.

بۆیە ئەگەر دوای ساڵێک لە وەرگێڕانی چیرۆکی (میعراج) لە ئیسپانیا، دانتی لەدایک بووبێ و لە ساڵی ١٣٠٧ بەشێک لەکتێبی کۆمیدیای ئیلاهی نووسی بێ و لەنێوان ساڵانی ١٣١٤ تا ١٣١٩ کتێبەکەی تەواو کردبێ، واتە دوای تێپەڕینی پەنجا ساڵ بەسەر ئەم وەرگێڕانەدا. درک بەبیانووەکانی بیرمەندانی ئیتاڵی دەکەین، کە دانتی توانیویەتی بە چەندین زمانی جیاواز دەستی بە کتێبی (میعراج) ڕابگات.

لەڕووی مێژووییەوەش دەردەکەوێ، کە دانتی بۆ ئەم شێوازە ئەدەبییە سۆفیگەرییەی، ئەم ڕۆشنبیریی و کەلەپورەی (ئیسرا و میعراج)ی لە سەرچاوە بنەڕەتییەکەی وەرگرتووە.

ئەو سەرچاوە ئیسلامیانەی کە کاریگەریان لەسەر کۆمیدیای ئیلاهی هەبووە چین؟

لە دیارترین ئەو سەرچاوە ئەدەبییە ئیسلامیانەی کە چیرۆکی میعراجی دروست کرد، لەسەرەتاکانی سەدەی یانزەمی زاینی بریتی بوون لە (رسالة الغفران)ی ئەبو عەلای مەعەڕی کە لە پێگەیشتوترین نمونەی ڕۆشنبیری عەرەبییە. ئەگەربێین بەراوردێک لەنێوان (رسالة الغفران) و (کۆمیدیای ئیلاهی)دا بکەین ئەوا خۆمان لەبەردەم گەشتێک بۆ جیهانی کۆتاییدا دەبینینەوە کە خاڵیە لەرەگەزەکانی موعجیزە کە گێڕانەوەکانی (ئیسرا و میعراج) ی لەخۆگرتووە.

جگە لەبیرۆکە سەرەکییەکە کە بەشێوەیەکی موعجیزە ئاسا هەڵکەوتووە، ڕووداوەکان لەسەر شێوازێک هەڵکەوتون کە نزیکە لە لۆژیک و ژیانی ئاسایی و باو....

گەشتیارەکە لای مەعەڕی نە پێغەمبەرە، نە پیاوچاکە نە لەپاڵەوانە مەزنەکانە بەڵکو تەنها مرۆڤێکی ئاساییە و لەسەر زەوی توشی تاوان



دەبێت. لەهەردوو نمونەکەدا، پاڵەوانەکە نەپێغەمبەرە، نەپیاو چاکە، نەوەلی و نەپیرۆزن، بەڵکو خەڵکی ئاسایین. هەروەک دانتی سەرەتای چیرۆکەکەی بە گەڕان بەدوای خۆشەویستەکەی دەست پێدەکات و لەکۆتاییدا لەجیهانی نادیار و پەنهان پێی دەگات، بەختەوەرە بە هاوەڵی کردنی لەفیردەوسی فراواندا لەپێش عەرشی دروستکەری بونەوەر، هەروەها چیرۆکی ململانێی سیاسییە لەوڵاتەکەیدا، ئەو خەڵکەی کە زیان بەخاک و گەلەکەی دەگەیێنێ شایەنی سزایەکی نەبڕاوەن لەدۆزەخدا، ئەوانەشی کە چاکە دەکەن شایەنی ئەوەن بەرز بکرێنەوە بۆ فیردەوس.

لێکچوونێکی دی لەنێوان (کۆمیدیای ئیلاهی) و (فتوحات المكية)دا هەیە کە لای ئیبن عەرەبی بەناوونیشانی (کیمیای بەختەوەری) هاتووە، بەتایبەت بڕینی هەمان ئەو قۆناغانەی کە پێغەمبەر (د.خ) پێیدا تێپەڕیوە لەمیعراجەکەیدا، ئەمیش حەوت قۆناغە و وێنەی حەوت ئاسمانەکە دەنوێنێ: ئاسمانی مانگ و عەتارد و زوهرە و خۆر و مەریخ و موشتەری و زوحەل، هەروەها گەیشتنی گەشتیارەکان بەهەمان خێرایی.

یەکەم: فەیلەسوف بەسوارە تایبەتییەکەی، یان بوڕاقەکەی کە هێمایە بۆ عەقڵ.

دووەم: باوەڕدارێکە لەسەر باڵی ڕووناکی و بەختەوەری خودایی.

سەرەڕای جیاوازیان لەو پێشوازیەی کە لێیان کرا لەکاتی گەیشتنیان بە دەرگاکانی ئاسمان و گەڕانەوەیان بۆ جیهانی زەوی، فەیلەسوفەکە هەوڵیدا باوەڕ بە ئاینی ئیسلام بهێنی تا بەهرەوەر بێ لەڕامانی ڕۆحی و دیمەنە سۆفیگەریەکان، کە لەماوەی گەشتەکەیدا لێی بێبەش ببوو، ئەمەو چەندین لایەنی دی لێکچوو لەنێوان چیرۆکە سۆفیگەریە هێماگەریەکەی ئیبن عەرەبی و داستانەکەی (دانتی) دا هەیە.

هەرەک بیرمەندانێک گەشتەکە بە هێمایەک بۆ ژیانی مەعنەوی و ڕۆحی مرۆڤایەتی دادەنێن لەم جیهانەدا، کە خودا تاقیانی کردۆتەوە تاشایەنی بەختەوەری بن، ئەم بەختەوەریەش خۆی لەبینینی (خوا)دا دەبینێتەوە، هیچ کەسیش ناتوانێ بگاتە ئەم بەختەوەرییە، تەنها بە ناسین و ئاشنابوونی ڕۆحی نەبێ لەو دیو سروشتەوە. ئەم ناسینەش مرۆڤ لەڕێگەی زانستە ئاینیەکانەوە پێیدەگات، نەک بەفەلسەفە.

ئەزمونێکی دی سۆفیگەری هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبی فارسی و بە کۆمیدیای ئیلاهی و کۆمەڵە هۆنراوەی (سير العباد إلى المعاد)ی شاعیری فارسی (سەنائییە) کە یەکێکە لە سێ شاعیرە مەزنەکە کە (مەسنەویان) نووسیوە بەراوردکراوە.

دووەمیان فریدالدین عەتار و سێیەمیان جلال الدینی ڕۆمییە. خۆرهەڵاتناسی ئینگلیزی نیکلسۆن دەڵێ: سەنائی پێشەوای دانتییە.

> گەشتیارەکە لای مەعەڕی نە پێغەمبەرە، نە پیاوچاکە نە لەپاڵەوانە مەزنەکانە بەڵکو تەنها مرۆڤێکی ئاساییە و لەسەر زەوی توشی تاوان دەبێت



سەرچاوە: مجله العربية

# دەق

- **نامەی نەنووسراو**

ئازاد ئەرگوشی

- **زەردک ٢**

ئەحمەدی مەلا

- **شەتەحات**

ئیسماعیل بەرزنجی

- **پەڕینەوە لە تۆزوبا**

ن: یەلماز گۆنەی - و: کەریم سۆفی

# نامەی نەنووسراو

**ئازاد ئەرگوشی**



به برینداری خۆی لە پەنای پیرە داربەڕۆیەکدا مەڵاس دابوو. ژانی برینەکەی تەنگەتاوی کردبوو، بێ ئۆقرە و نائارام هەموو گیانی شەڵاڵی ئارەقە ببوو. ناوە، ناوە لەسەرمان دەلەرزی و هەندێک جاریش لە تای گەرمادا دەسووتا. خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتبوو، گوللە سەر سمتی پێکابوو، گۆشت و ئێسقانەکانی دەرپەڕیبوون. لە شوێنی دەرچوونی گوللەکە جێی دەستی مرۆڤێک لە ناو برینەکەیدا دەبووەوە. شوێنی برینەکەی وا نەبوو کە بتوانێ بە گرێدان بەرایی لە هاتنی خوێنەکە بگرێ، ناچار بوو جامانەکەی بقورتێنێتە ناو برینەکەی و پاڵ بە دار بەڕووەکەوە بنێ. بەو هیوایەی ڕێڤینگێک، ڕێبوارێک بەوێدا تێپەڕێ! یان هاوسەنگەرێکی ڕەگی پیاوەتی بجوڵێ و بگەڕێتەوە بۆ ڕزگار کردنی؛ یاخود بکەوێتە دەست داعشەکان ئەویش وەک ئەوانەی سەر تەلەفزیۆن سەریان بڕیبوون، سەری ئەویش ببڕن. بیری لەوە کردەوە لەو وەختە ناسکەدا باشتر وایە گەشبین بێ، بیر لە شتی خراپ نەکاتەوە، بە هیوابوون لەو ساتە وەختەدا مەرجی یەکەمی خۆڕاگرییە، پێویستە خۆی نەدۆڕێنی، لەوەی کە ئاسۆیەکی گەش چاوەڕێی دەکا، نابێ گومانی هەبێ. لە باپیری بیستۆیەتی، زۆر جوامێر و خۆشمێر هەبوونە گیانی خۆیان خستۆتە مەترسی لە پێناوی ڕزگار کردنی هەڤاڵەکەنیان. گەرچی لە سەر دەمی خۆی ئەو جۆرە هەڵوێستانە بوونەتە خەون و خەیاڵ، بەدەگمەن پەرجوی وا ڕوودەدەن. سەرەڕای سەختی برینەکەی، هەوڵی دا ورەی دانەبەزێ، ئازایانە پێشوازی لە هەر جۆرە پێشهاتێک بکا، تەنیا خۆبەدەستەوەدان نەبێ، بە هیچ شێوەبەک نەیدەویست خۆی ڕادەستی مەرگ بکا. بۆ بەرگە گرتن لە بەرامبەر ژانی جەرگبڕی برینەکەی هەوڵیدا مێشکی خۆی بە شتێکی ترەوە مژول بکا، بەڵام چۆن چۆنی؟ ئەسپی خەیاڵی بەرەو کوێ تاو بدا؟ خۆ ئەوە جاری جاران نییە، سەر لەسەر داوێنی دایەگەورە دابنێ و ئەویش بۆ لە بیرکردنی ژانە سەرەکەی چیرۆکی بەر ئاگردانی بۆ بگێڕێتەوە. نا، جیاوازی دۆخەکە لێرە هەتا ماڵی خوایە، بەرئاگردان و شوێنێکی چۆلوهۆڵ کە تەنیا پاڵپشتی پیرە داربەرووێکە، ئەویش بە برینداری، جیاوازی گەلەک زۆرە. ڕەنگە تا ئەو ساتەی کە ئەو تێی دایە سەدان کەسی وەکو ئەو بەرێی کردوون، لە داهاتووشدا بەرێیان دەکا، بێگومان خۆشی یەکێک لەو ڕێوینگانەیە، بەڵام بەچ شێوەیەک بەرێی دەکا، هێشتا دیار نییە. ئایا بۆ باوەشی خانەوادەی دەگەڕێتەوە و دووبارە بە بینی خێزانەکەی و کوڕ و کچەکەی شاد دەبێتەوە؟ یان ڕێگەی گەیشتن بە کاروانی بێ ناوونیشانان دەگرتە بەر؟ تەنیا شتێک لەوە ساتەدا هەوڵی دەدا بیری لێ نەکاتەوە سەفەرە کۆتاییەکە بوو: مردن. بۆ خۆ دەربازکردن لەو دۆخەی تێدابوو، پێویستی بە کۆچێکی هزری بوو، دەبوایە مێشکی بەرەو دیارێکی تر ببا. ئەوە یەکەم جار بوو لە ژیانیدا خۆی بەم شێوەی ئەوها تاک و تەنیا ببینێ. پێش ئەم ڕووداوە ئەویش بۆ خۆی کەسێک بوو، سەرێکی لە ناو سەراندا هەبوو، کەچی ئێستاکە بێکەس و تەنیا لە ژێر ڕووناکی مانگەشەو چاوەڕێی دەستی قەدەری دەکرد تا لە مەرگ ڕزگاری بکا! دوو جار بە هێمنی پشتی سەری لە داربەروویەکەدا، چاوی قووچاند، لە تاریکیدا وەشوێن ڕابردووی کەوت. مەگەر نەئەوەیە کە دەڵێن هەرکەس نانی کردەوەکانی خۆی دەخوا، ئەو پرسیارە بە مێشکیدا هات: تۆ بڵێی ئەمە جۆرە سزادانێک نەبێ؟ یان ئەوە چارەنووسی هاوبەشە لە نێوان ئەوو باب و باپیرانیدا! دەتگوت چارەنووسی هەموویان وەک یەک لە قەڵەم دراوە، دەبوایە ژیانی گشتیان بە گوللە کۆتایی بێ! لە خۆی پرسی تۆ بڵێی ئەم شەو دوا شەوی ژیانی بێ؟ ئایا دیسان چاوی بە خۆرهەڵات دەکەوێتەوە؟ وەڵامی پرسیارەکان لای ئەو نەبوو. وەڵامەکان لە درێژایی مانگەشەو بەدەر دەکەون، ئەویش ئاتاجی پشوودرێژییە، لەگەڵ ڕۆیشتنی چرکە ساتەکانی مانگەشەو دا تێکەڵاو بە ژانی برینەکەی، پێویستە وریا بێ و دان بە خۆیدا بگرێ، نەک ژانی برینەکەی لەگەڵ درێژی شەوەکە ورەی برۆخێنێ، لە کۆتایدا ڕادەستی گۆڕێکی نەخوازراوی بکا، گۆڕێکی بێ ناوونیشان وەکو گۆڕی باب و باپیرانی کە ڕۆژ نییە لە گەرانەوەی گاڕانی گوندەکەیان نەکەونە بەر سمی گوێدرێژ و ڕەشەوڵاغان!!! تاکە دڵخۆشیی ئەوەبوو کە خەڵک دەیانگوت باپیری قارەمانی نیشتمانە،

لە پێناوی گەل و نیشتماندا شەهیدکراوە، هەندێکیش دەڵێن باوکیشی هەروا، نە، نە، .... هەر چییەک بێ گوللە کۆتایی بە ژیانی هێنا، ڕەوا یان ناڕەوا ئەوە مێژوو دیاری دەکا. منداڵ بوو باوکی کوژرا، ئەو ڕۆژە لە ماڵەوە نەبوو. لە یەکێک لە کۆڵانی گەڕەکەکەیان لەگەڵ هەڤاڵەکانی خەریکی یاریکردن بوو. دراوسێکەیان هات و وەپێش خۆی خست و گوتی: وەرە بڕۆینە ماڵەوە باوکت لێت دەپرسێ.

بە بیستنی ئەم قسەیە خەنی بوو، زانی باوکی گەڕاوەتەوە ماڵەوە، ئەو هەمیشە لەو کاتە لە ماڵەوە دەردەچوو کە باوکی لە ماڵەوە نەبا، ئەوەندە باوکی خۆش دەویست، کە هەرگیز حەزی نەدەکرد لێی دوور بکەوێتەوە.

گەیشتە سەری کۆڵانەکەیان، گوێی لە دەنگی گریان و ڕۆڕۆی دایک و خوشکی بوو. لەسەر و سینگی خۆیان دەدا، چاوی بە خوشکەکەی کەوت، خێرا خۆی گەیاندێ و خستییە باوەشی بە گریانەوە گوتی: وەرە براگیان، لەمەودوا تۆ پیاوی ماڵەوەی! منداڵ بوو لە قسەکانی خوشکی تێنەدەگەیشت، کە گەورە بوو ئەوجا زانی لە دوای کوژرانی باوکی چ بەرپرسیاریەتێکی گەورەی خستۆتە سەر شانی کە تا مردن بە دەستییەوە دەینالاند! بۆ ماوەیەک بەردەوام چاولەڕێ بوو، بۆ ئەوەی وەکوو پێشان موژدەی گەڕانەوەی باوکی بە دایکی بدا، کەچی ئەم جارە سەفەرەکەی باوکی زۆر دوور و درێژبوو، کۆتایی نەهات، ماندوو بوو، خەریک بوو وەڕەز دەبوو لە بێباوکی، دەیویست هۆی دواکەوتنی باوکی بزانێ، بۆ ڕۆژانە بەرۆکی دایکی دەگرت، هۆی دواکەوتنی باوکی لێیدەپرسی. سەرەنجام زەمەن وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە، بۆی دەرکەوت هۆی نەگەڕانەوەی باوکی بۆ ماڵەوە چییە. ڕۆژێک لەگەڵ خۆشکەکەی چوونە گۆڕستان، ناوی باوکی لەسەر کێلێک بینی، ئەوجا زانی سەفەرەکەی باوکی چەند دوورو درێژە، بەم شێوەیە کۆتایی بە چاوەڕوانیەکەی هات.

ئیتر لەوە ڕۆژەوە، باوکی لێی بوو بە خەونی شەوان. ئەفسانەکانی جوامێری و مێرخاسی لە ناو خەیاڵ و ئەو بەسەرهات و حەکایەتانەی دایکی ناوە ناوە بۆی دەگێڕایەوە وای لێکرد باوکی وەک قارەمانێک بخزێتە ناو هزر و دڵ دەروونیەوە، کە وەک پاڵپشتێکی بەهێزی شاراوە لە ڕۆژە سەختەکاندا پشتی پێ دەبەست. کاتێک سەری هاتە ناو سەران و شوێنی لەنێو دیوەخانەکاندا بووەوە، شەوێک دایکی بانگی کرد و تفەنگێکی دایە دەستی و گوتی: ها کوڕم، ئەمە تاکە شتێکە لە باوکتەوە بۆت بەجێ ماوە، ئومێد دەکەم شوێنی باوکت بگریەوە.

ئەویش دەستی دایکی ماچ کرد و بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە تفەنگەکەی لێ وەرگرت. لەو دەمەدا خۆشکەکەی بە نیگەرانییەوە تەماشای ڕووداوەکەی دەکرد، بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: «دایەگیان برام تاقانەیە، بۆ دەبێ تفەنگ هەڵگرێ؟ خۆ خەلافەت نییە پشتاوپشت بێ، خۆ تفەنگ لەسەر ناوی بنەماڵەکەمان تاپۆ نەکراوە، ئەگەر خوای نەخواستە، زمانم لاڵ بێ، ڕۆژێک لە ڕۆژان براکەم تووشی بەڵایەک هات، ئەو کات ئێمە قوڕی کوێ بکەینە سەرمان دایەگیان؟ ئیتر کەسمان نامێنێ، بێ کەسوکار دەبین، براکەم هەموو کەسمانە».

براکەی لە دوای ئەوەی تفەنگەکەی وەرگرت، ئیتر کەمتر دەگەڕایەوە ماڵەوە، بوو بە پێشمەرگە. جاری وا هەبوو سێ چوار مانگ جارێکیش نەدەگەڕایەوە، کاتێکیش دەگەڕایەوە هەمیشە پەلەی بوو بۆ ڕۆیشتن. خوشکەکەی هەمیشە پێی دەگوت: «براگیان تۆ هەناسەی ئێمەی، زۆر ئاگاداری خۆت بە، ئەو هەناسەیەمان لەبەر مەبڕە، لە دوای ڕۆیشتنی باوکم هەموو هیوای من و دایە ئەو هەناسەیەیە، بەقوربان. ئێمە بەو هەناسەیەوە زیندووین».

جارێکیان گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە لە جارەکانی دی زۆرتری خایاند، بۆ حەفت هەشت مانگ دەڕۆیشت، ئەوجا بە سەردان گەڕایەوە ماڵەوە. کاتێک گەیشتە بەر دەرگەی ماڵەوە ویستی وەکو نەریتی هەمیشەیی هەر لە دەرەوە بانگی دایکی بکا، «دایەگیان لە کوێی وا هاتمەوە». بەڵام کاتێک چاوی بە دەرگای کراوەی حەوشەکەیان کەوت، هەستێکی خراپی لا دروست بوو، دڵی داخورپا، بە نیگەرانییەوە هەنگاوی هەڵێنایە ناو حەوشەکەوە، بە ئەسپایی دەرگەکەی لە دوای خۆی داخست. یەک دووجار بە هێمنی بانگی دایکی کرد، ئەوجا خوشکەکەی، بەڵام هیچ وەڵامێک نەبوو، بێدەنگییەکی ترسناک و تۆقێنەر بوو، خێرا خۆی گەیاندە ژووری دایکی، دایکی لە سەر بەرماڵەکەی خەریکی دوعاونزا کردن بوو، ئەوەندە گریابوو کە چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون، بە بینینی کوڕەکەی، بەبێ ئەوەی لە شوێنی خۆی هەستێ باوەشی بۆ کردەوە، کوڕەکەی خۆی خستە باوەشی، دایکی دایە پرمەی گریانەوە. خۆی لە باوەشی دایکی کێشایەوەو لە ڕوخساری دایکی ڕوانی، هەستی کرد دایکی لەو ماوەیەدا بە قەدەر چەند ساڵ پیرتر بووە،

به نەرم و نیانی لە دایکی پرسی: «دایە چی ڕوویداوە؟ ئەی خوشکم لە کوێیە؟». چاوەڕێ بوو دایکی قسەیەک بکا. لە ڕاستیدا هەر چییەک هەبوو خۆی لە ناو بێدەنگی دایکیدا حەشاردابوو. نەیدەزانی چ بکا، دیسان وەک منداڵێک خۆی خستە ناو باوەشی دایکی و لەبەری پاڕایەوە، دیارنەبوونی خوشکی زیاتر نیگەرانی کرد. نەکا شتێک بە سەر خوشکی هاتبێ. لە دایکی پرسی: «ئەی خوشکم لە کوێیە دایە؟»

یەک دوو جار بانگی کرد، کەچی وەڵام لەبارەی خوشکیشی لە بێدەنگی زیاتر هیچی تر نەبوو. ئیتر بۆی دەرکەوت هەرچییەک هەیە پەیوەندی بە خوشکەکەیەوە هەیە. خەریک بوو شێت دەبوو نەیدەزانی لە دەست ئەو بارودۆخە پەنا بۆ کوێ ببا، چۆن جادووی ئەو بێدەنگییە بشکێنێ. وەک هاروهاجان لە شوێنی خۆی هەستا بە هەموو هێزو توانای خۆیەوە قیژاندی: «شیرن، شیرین، لە کوێی؟ ئەوە بۆ نەهاتیەی پێشوازی برات؟ ئەی ناڵێی من هەناسەتم؟ ناتوانم بەبێ ئەو هەناسەیە بژیم؟ ئەدی ئەوەنییە هەناسەکەت گەڕاوەتەوە خوشکەگیان؟» دایکی لە شوێنی خۆی هەستاو باوەشی پێدا کرد و گوتی: «هاوار مەکە کوڕم، بە هاوار هاوار کردن هیچ شێتک چانابێ».

هەوڵی هێورکردنەوەی کوڕەکەیدا، داوای لێکرد دابنیشێ، هەوڵیدا ئەوەندەی گریان دەرفەتی پێدەدا بابەتەکە بۆ کوڕەکەی ڕوون بکاتەوە.

سەرەنجام کوڕەکەی زانی چی ڕوویداوە. ئای خوشکەگیان... خەریک بوو شێت دەبوو، نەیدەزانی بۆ کوێ بڕوا، لە دەست ئەم هەموو ڕیسواییە، لەمەودوا چۆن چۆنی دەتوانێ لە پێش دەرو دراوسێ سەر بەرزکاتەوە!!! دەیزانی گەڕاندنەوەی سەربەرزی و ڕێز و حورمەتی جارانی بنەماڵەکەی بۆ ناو خەڵک بەهایەکی قورسی دەوێ. هەرکاتێک چاوی بە دایکی دەکەوت وایدەزانی بە ڕوخسارە داماوەکەی خەریکە لەبەری دەپاڕێتەوە، دەی وەکو پیاوان ئەم پەڵە ڕەشەی کەوتۆتە سەر داوێنی خانەوادەکەت پاکی کەرەوە. قسەکردن لەسەر بابەتەکە زیاتر مایەی ئازاردانی دایکی بوو، برینەکانی دەکولاندەوە. لە جیاتی قسەکردن دەبووایە کارێک بکا. لە سەرێکەوە کابرای دەستدرێژکەر بۆ سەر خوشکەکەی دەستڕۆشتوو بوو، لە توانای ئەو دانەبوو بە سزای خۆی بگەیەنێ، تەنیا دەسەڵاتەکەی بە سەر خوشکەکەی دەشکا، ئەویتر ناچار بوو حەوالەی خوای گەورەی بکا!! وەکو زۆربەی کێشەکانی وڵاتەکەی، تا ئێستاش بێ وەڵام ماونەتەوە، خەڵکیش لە دەست بێدەنگی و بێ وەڵامیدا دەناڵێنن. کابرا زۆری لە خوشکەکەی کردبوو و بە خورتی دەست درێژی سێکسی کردبووە سەری. خوشکەکەشی لە ترسان ئەم بابەتەی تەنیا لای دایکی باسکرد بوو، کەواتە تەنیا ڕێگەی گەڕاندنەوەی سەربەرزی بۆ بنەماڵەکەی کوشتنی خوشکی خۆیەتی، ئەویش بە دەستی خۆی!! دوای کوشتنی خوشکی زۆری نەخایاند دایکیشی لە خەفەتان کۆچی دوایی کرد. دوای چەند ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەم ڕووداوەدا، سەرەڕای ئەوەی بە هاوسەر و کچ و کوڕەکەی (کازیوە و کۆڤان) دڵخۆش بوو. هەرگیز نەیتوانی خۆی لە ژێر کاریگەری و تەوژمی کارەساتەکە دەربێنێ، دەتگوت سێبەرێکە هەرگیز لێی جیانابێتەوە. ناوە ناوە وەک گەواڵە هەورێکی ڕەش دەهات و باڵی بەسەر دونیا بچووکەکەیدا دەکێشا، مانگەشەو دوو ئەستێرە گەشەکەی ئاسمانی ژیانی لێی ون دەبوون خۆی دەبایە لە گەڵ دایکی چاو بە فرمێسک و خوشکە داماوەکەی کە چۆن چۆنی لە دواساتەکانی ژیانییدا لەبەری دەپاڕایەوە ژیانی پێ ببەخشێ و نەیکوژێ!!! خوشکەکەی خۆی خستە سەر پێڵاوەکانی ماچیان دەکرد، بۆ ئەوەی وازی لێ بێنێ و نەیکوژێ، با ئەویش وەکو هەزاران ئابڕووتکاوی تری سەر گۆی زەوی درێژە بە ژیانی خۆی بدا! ئەویش لە ناخەوە زیندوومانەوە بە مافی ڕاستەقینەی خوشکەکەی دەزانی، ئەو بۆی نییە مەشخەڵی ژیانی هیچ مرۆڤێک بکوژێنێتەوە، کێ ئەو دەسەڵاتەی پێداوە؟ چۆن دەبێ ئەوها بە بێدەنگی ژیانی مرۆڤێک بێ سەروشوێن بکرێ، بۆ ئەوەی خۆی بتوانێ بە سەربەرزی بژی، بۆ ئەوەی بڕواتەوە پۆز لێبدا و سینگ دەپەڕێنێ و بڵێ: «ئەوە شەرەفی خۆم لەو پەڵە چڵکنە خاوێن کردەوە، من پیاوم، کوڕی پیاوانم، چۆن تەحەمولی بێشەرەفی دەکەم؟ چۆن دەتوانم بەسەر شۆڕی بگەڕێمە ماڵەوە؟».

ئەمانە هەر هەموویان پاساوێک بوون، بۆ ئەنجامدانی ئەوە تاوانەی کە لەگەڵ خوشکەکەی کرد. بەبێ گوێدان بە نزاو پاڕانەوەی خوشکەکەی بێ بەزەیانە کۆتایی بە ژیانی هێنا. لە کاتی کوشتنی، خوشکی دووگیان بوو، منداڵێکی حەوت مانگانەی لەنێو سکی دابوو. خوشکەکەی پێی گوت: «وای دانێ من تاوانبارم، بەڵام خۆ ئەو

منداڵە هیچ تاوانێکی نەکردووە». بە بیستنی ئەو قسەیە ئیمان لە کەللەی نەما، ئەوەندە لێی تۆڕەبوو لە ڕقا قژی لە دەستی ئاڵاند و لە شوێنی خۆی بەرزی کردەوە و لێ پرسی: بۆ دوا جار لێت دەپرسم ئەو پیاوە تەعەدای لێکردووی یاخۆد بە ئارەزووی خۆت لە گەڵی بووی؟

خوشکی هەزاران سوێند و قورئانی خوارد کە تەعدای لێکراوە. کاتێک لێی پرسی ئەی بۆ بەرگری لەو منداڵە حەرامزادەیە دەکەی؟

خوشکی لە وەڵامدا گوتی: بۆ دایکێک منداڵی حەڵاڵ و حەرام نییە، پارچەیەکە لە گیانی.

ئەگەر وادەزانی بە کوشتنی من و ئەو منداڵە لەمەودوا بە سەربەرزی دەژی زۆر بە هەڵەداچووی، تۆ لە ترسی خەڵک ئەم کارە دەکەی، خۆشت دەزانی بە کوشتنی من هیچ شتێک چاک نابێ، وا تاوانبارەکە وەک گورگێکی دەم بە خوێن بە ئارەزووی خۆی بە دەورەی مێگەلەکەدا دەسووڕێتەوە، بۆ ئەوەی مەڕێکی تر بۆ قوربانی کردن هەڵبژێرێ. دوا وتەی خوشکی ئەوە بوو:

ئەگەر بتەوێ سەربەرزی و شانازی بۆ بنەماڵەکەت بگەڕێنیتەوە، کوشتنی من و ئەو منداڵە هیچ سەربەرزییەکت بۆ تۆمار ناکا. یەکەم جار دەبێ ئەو کەسە بکوژی کە منی تووشی ئەم چارەنووسە ڕەشە کردووە، کێ دەڵێ من یەکەم و دواین قوربانی ئەوم؟

بەڵام براکەی گوێی لە قسەکانی ئەو نەبوو، تەنیا شتێک کە بیری لێدەکردەوە ئەوە بوو کە چۆن بتوانێ کۆتایی بەم سەرشۆڕییە بێنێ. بە پێی پێوەری خۆی تەنیا ڕێگە کوشتنی خوشکی بوو، ئەو کات ئەو وایدەزانی بە کوشتنی خوشکی کۆتایی بە هەموو شتێک دێ، ئیتر کەس نالێ هێشتا خوشکەکەی ئەم بێغیرەتە ماوە، هەی عەمرت نەمێنێ زەڵام.

کاتێک یەکەم گوللە سینگی خوشکەکەی پێکا، هەستی کرد خەریکە دڵی ڕادەوەستێ، کەوتە هەناسە بڕکێ دەتگوت یەکێ بە هەموو هێز و توانای خەریکە قوڕگی دەگوشی، خەریک بوو دەخنکا، لە ترسان یەک بە دەنگی خۆی هاواری کرد((خودا)). وەخۆ هاتەوە هێشتا لە ژێر دار بەڕووەکە بوو. ژانێکی سەخت بڕبڕەی پشتی گرت، ناڵەیەکی کرد و گوتی: دایەگیان لە کوێی؟ تەماشای ئاسمانی کرد، بەزەردەخەنەیەکی تاڵ لە ژێر ڕووناکی مانگەشەودا رووی لە ئەستێرەیەکی کرد، بەلای خۆیەوە گوتی تۆ بڵێی ئەو ئەستێرە هی دایکم نەبێ؟ ئاخ دایەگیان ... هەوڵی دا خۆی کەمێک ڕاست بکاتەوە زیاتر پشتی بە پیرە داربەڕوەکەوە بنێ، بەڵام ژانێکی جەرگبڕ لە تەوقی سەری تا بڕبڕەی پشتی لە شوێنی خۆی بزمار کوت کرد، لە ناچاری کەمێک کشایەوە. بۆ یەکەم جار هەستی بە تاوانباری خۆی کرد، وای دەزانی ئەوە دەستی تۆڵەیە لێی وەشێندراوە، تۆڵەی خوێنی ناحەق ڕشتووی خوشکەکەی بەرۆکی گرتووە، قەت خۆی ئەوها بێ دەسەڵات و لاواز نەبینیبوو، لەو تەنگەبەرەدا ڕاستییەکی تاڵ ڕووی تێکرد، ئەویش بێتاوانی خوشکی بوو. کوشتنی خوشکی ئەنجامدانی تاوانێکی گەورە بوو، لە پێناوی سڕینەوەی تاوانێکی تردا! گوڵێک بە ناڕەوا هەڵوەریبوو، لە خۆی پرسی بە ڕاست کێ بکوژی خوشکەکەیەتی؟ بە گریانەوە گوتی: نە، نە ناکرێ من بم، خوشکم بویتە قوربانی کردەوەکانی خۆی! سزادراوی مەرگ بوو. نەدەکرا لەمە زیاتر بژی، ئەی حسابی ئابڕوو و ناموسی بنەماڵەکەمانی نەکردبوو؟ مانەوەی ئەو بە مانای بە باداچوونی شەرەفمان بوو. من تەنیا ویستم ئابڕووی لە دەست ڕۆیشتووی بنەماڵەکەمان بگەڕێنمەوە.

لەوپەڕی نائومێدی پێڵۆوەکانی دونیای دەرەوەی لە بەر چاوەکانی ڕەش کردەوە. یەک دوو جار سەری خۆی لە پیرەداربەڕووەکە دا، هاواری کرد: نا، نا، من کەسم نەکوشتووە.

لە تاوێکدا خوشکی لە ناخیدا هاواری کرد: بتەوێ و نەتەوێ تۆ بکوژی خوشکەکەتی، تۆ خوشکەکەت لە پێناوی سەربەرزی و ناوبانگی خۆت بە کوشتندا، کەچی هێشتا تاوان بەردەوامە، هی وەک تۆ بوونەتە پەرژین و چەپەر بۆ ئەو تاوانبارانە، خۆیان لە پەنای ئێوەدا حەشار داوە، بە خەیاڵێکی ئاسوودە و بەردەوامن لەسەر تاوانەکانیان، ئەوان لە ژێر سێبەری ئێوەدا خەریکی هەڵوەراندنی سەدان گوڵی نەپشکوتووی وەک منن. چیتر نەیتوانی دان بەخۆیدا بگرێ، خەریکبوو دونیای تاریکی قووتی دەدا، لەترسان هاواری کرد و چاوەکانی کردەوە. کە چاوی بە خوشکەکەی کەوت، چەند هەنگاوێک لەولاتر ڕاوەستابوو! ڕوخساری لەژێر ڕووناکی مانگەشەودا دەدرەوشایەوە، ئەوەندە جوان بوو، کە مرۆڤ لە تەماشاکردنی تێر نەدەبوو. بەرامبەر بەو هەموو جوانییە هەستی بە بچووک بوونی خۆی کرد. لەبەر خۆیەوە گوتی: خوای گەورە ئەو هەموو جوانییە لە کوێوە هاتووە؟ ئایا دەکرێ مرۆڤ تاوانبار بێ و ئەوەندە جوانیش بێ؟ نا، نا ئەوە دوورە لە ئەقڵ، لە هەر شوێنک جوانی لێ بێ دوورە لە تاوان. خوشکەکەی

وەکو جارن میهرەبان و پڕبوو لە خۆشەویستی خوشکایەتی، دەنگی هەناسەی وەکو جاران کە سەری خۆی لەسەر چۆکی دادەنا و ئەویش بە پەنجە ناسکەکانیەوە خەریکی نەوازشکردنی قژە ئاڵوز و گوڵوازەکەی دەبوو، حەزی لێ بوو خوشکەکەی بێت و داوێنی خۆی دابنێ و ئەویش سەری خۆی لەسەری دابنێ، بەڵام نەک بۆ نەوازشکردنی قژەکەی، بەڵکۆ بۆ سارێژکردنەوەی دەردی برینەکەی، کە خەریک بوو هەناسەی لەبەر دەبڕی. بەبێ دەسەڵاتی دەستی بۆ خوشکەکەی درێژ کرد و گوتی: وەرە با جارێکی تر سەرم لەسەر ئەژنۆت دانێم، بەشکەم ئەو برینە قووڵەم کەمێک ئارام بگرێ، مەگەر نە ئەوەیە کە تۆ هەمیشە لە ڕۆژە سەختەکاندا دەستت گرتووم، نەتهێشتووە بکەومە خوارەوە، نەتهێشتووە لەبەرامبەر سەختییەکانی ژیان چۆک دابنێم.

خوشکەکەی یەک دوو هەنگاوێک لێی چووە پێشەوە، ئێتر بەژن و باڵای بە جوانی لە ژێر ڕووناکی مانگەشەودا بە سینگوبەری خوێناوییەوە لێی دیار بوو. دەستی منداڵێک لە تەنیشتەکەی ڕاستی دەرپەڕی بوو! خوشکەکەی بە گریانەوە گوتی: براگیان برینەکانی من لە برینەکانی تۆ زۆر قووڵترن، منیش یەکێکم دەوێ برینەکانم سارێژکاتەوە، ئەگەر کەس نەزانێ خۆ تۆ باش دەزانی، برینەکانی خوشکت چەند قووڵن. لەبیرتە براگیان کاتێک بۆ بزرکردنی شوێنەواری تاوانەکە تەرمەکەمت فڕێدایە ناو کەندێکەوە، ئەوکات منداڵەکەم دەستی یارمەتی بۆ درێژ کردی هەموو هەوڵی ئەوەبوو پێت بڵێ ئەگەر دایکیشم تاوانبارە بەڵام من هیچ تاوانێکم ئەنجام نەداوە، خۆ من داوام نەکردووە بێمە دونیا، بەڵام تۆ ئەو کات هیچت نەدەبینی، پەردەیەکی ڕەش بەری چاو و دڵتی گرتبوو. تەنیا شتێک کە لە مێشکت دابوو، نەهێشتنی ئەو پەڵە ڕەشەی کەوتووەتە دامێنی بنەماڵەکەتەوە، دڵت بەوە خۆش بوو بە سەربەرزی دەگەڕێیتەوە ماڵەوە، خەڵک پێت دەڵێن بەڕاستی پیاوێکی بەغیرەتە، ئەوەیە پیاو.

هەر یەک لە قسەکانی خوشکی دەتگوت گوللەیەکە بە ڕۆحی برینداریەوە دەنێ، ژانیان لە ژانی برینەکەی بە ئازارتر بوون، هەوڵی هەڵاتنی دا، بەڵام دەردی برینەکەی ئەوەندە کوشندە بوو کە هێزو توانای لەبەر بڕا، ناچار لە شوێنی خۆی مایەوە، پشتی بە پیرە دابەڕووەکەوە نا، وەک ئەوەی مەحکوم بێ بە تەماشا کردن. پێکەنینێکی تاڵ لەسەر لێوی خوشکەکەی بوو. بە هەمان زەردەخەنەی تاڵەوە گوتی: سەرەنجام تۆش وەکو باوکت بوویتە قوربانی. باوکیشت تەنیا و بێکەس دوای شەڕێکی قورس لە تەنیاییدا گیانی لە دەستدا، ئێستاشی لەگەڵدا بێ دایکم چاوەڕێی گەڕانەوەی تەرمەکەی دەکا.

دەردی برینەکەی تەنگەتاوی کرد، لە خۆیەوە هاواری کرد لە کوێی باوکە گیان، بۆ چەند ساتێک ئاگای لە خۆی نەما. کاتێک چاوەکانی کردەوە، بێجگە لە مانگە شەو کەسی تر لەوێ نەبوو. وەک خەونێک وەبیری هاتەوە، ماوەیەک پێش ئێستا خوشکەکەی لێرە بوو، هێشتا برینەکانی خوێناوی بوون، یەک دووجار بە هەموو هێز و توانای بانگی خوشکەکەی کرد، بەڵام وەڵامی نەدایەوە، تەنیا وەڵامەکەی فڕینی کوندەبەبوویەک بوو لەسەر پیرە داربەڕووەکە، لەو پەڕی بێ هیوایی دەستی کرد بەگریان. بە دەم پاڕانەوەوە گوتی: «خوشکەگیان لە کوێی، بەجێم مەهێڵە وەرە لەگەڵ خۆتم بەرە، ئەی ئەوە تۆ نەبووی هەمیشە دەتگوت براگیان بەقوربانت بم ئاگاداری خۆت بە، ئێمە بێجگە لە تۆ کەسمان نییە، نەکەی بێکەسمان بکەی، چۆن دڵت دێ لەم ساتە دوژوارەدا پشتم تێبکەی؟». پرسیارەکەی بێ وەڵام بوو، لە بێدەنگی شەودا بە دوای وەڵامی پرسیارەکەیدا دەگەڕا، ژانی برینەکەی ڕێچکەی بیرکردنەوەی پچڕاند، ناڵەیەکی جەرگبڕی لێ هەستا و داخی پەشیمانی لە ناخیەوە گڕی تێبەردا. زانی کە نەدەبووایە ئەو کارە لەگەڵ خوشکی بکا، بەڵام ئیتر کار لە کار ترازابوو، لەو پەڕی نائومێدی بۆ خوشکە بێتاوانەکەی خۆی دەستی کرد بە گریان، دەنگی گریانی تێکەڵاو بە دەنگی لورەی گورگێک بوو، بە بیستنی دەنگی گورگەکە خۆی کۆکردەوە، بێ ویستی خۆی کەوتە دۆخێکی بەرگری کردن، گورگێکی لە بەرامبەر خۆی بینی، چاوی بڕییە نێو چاوەکانی گورگەکە، هەستی کرد بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی لە سەردەمی منداڵی سەبارەت بە گورگ گوێی لێ ببوو، وەکو دەیانوت گیانەوەر لە گورگ دڕندەتر نییە، بەڵام ئەو هیچ هەستێکی دڕندانەی لە چاوەکانی گورگەکەدا بەدی نەکرد. بە پێچەوانەوە، چاوەکانی پڕ بوون لە میهرەبانی. بە گومانەوە لە خۆی پرسی، بەڕاستی گورگەکان دڕندەن؟ ئەی ئەو هەموو سۆزە چییە لە چاوەکانیدایە؟

دیسان ژانی برینەکەی سەری هەڵدایەوە، وەبیری هێنایەوە کە لەچ دۆخێکدایە، ئەم جارە ژانی برینەکەی ئەوەندە سەخت و دوژوار بوو کە گشت گیانی

ئارەقەی داگرت. سەرمای بوو. لە سەرمان پەنای بۆ پیرە داربەڕووەکە برد، توند لەباوەشی گرت. خوێنێکی زۆر لەبەر برینەکەی ڕۆیشتبوو. بەرگەی ژانەکەی نەدەگرت، یەک دووجار هاواری کرد، ددانەکانی لێک قرساند، هێشتا گورگەکە بەردەوام بوو لە تەماشا کردنی، بۆ ساتێک سەری بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە، لورەیەکی کرد. بە بێزارییەوە ڕووی لە گورگەکە کرد و گوتی: چییە، خەریکی بانگی هاوڕێکانت دەکەی؟ چاوەڕێی چیت وەرە، وەرە، بمخۆ، مەگەر برسیت نییە؟ گورگەکە لە وەڵامدا دوو فرمێسکی پێشکەش کردن! ئەوجا بە بێدەنگی لەژێر ڕووناکی مانگەشەودا ملی ڕێگای گرت و ڕۆیشت.

چاوی لەسەر ڕۆیشتنی گورگەکە بوو، خەریک بوو لێی دووردەکەوتەوە، پێش ئەوەی گورگەکە لە ژێر ڕووناکی مانگەشەودا بە تەواوی لێی دووربکەوێتەوە، ئاوڕێکی لێی دایەوە و سەری بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە، دیسان لووراندی. بەڵام ئەم جارە دەنگی بە لورەی گورگ نەدەچوو، وەک ناڵەیەکی خەمناک لە قورگی دەرچوو، بە بیستنی مووی لەشی گرژ بوون. وەک بڵێی ئەم ناڵە خەمبارە بۆ ئەو زۆر موژدەبەخش نەبوو، جۆرە ترس و نیگەرانییەکی بە دوایی خۆیدا هێنا. ناخی پڕ لە خەم کرد. ڕابردووی وەک فیلمێکی سینەمای خەریک بوو لەبەر چاوەکانی دووبارە دەبووەوە، کاتێک گەیشتە سەر ڕووداوەکەی کوژرانی خوشکەکەی بەدەستی خۆی، وێنەکە لەوێ چەقی، وەک بڵێی خۆش ناخۆش پێویستە لەسەر هەندێک لە قۆناغەکانی ژیانت بوەستی، بڕیار نییە ئەوها بە ئاسانی لە تەکیان تێپەڕی.

خوشکەکەی بە چاوی فرمێسکاوی لە بەری دەپاڕایەوە نەیکوژێ، داوای لێ کرد با لەوێ بەرەڵای بکا، ئەوجا خۆی و بەختی، یان لە مردن ڕزگاری دەبێ، خۆی دەگەیێنێتە ئاواییەک، یاخود لە ڕێ تووشی دەعبایەکی دڕندە دەبێ و دەیخوات، ئەوە هەر باشترە لەوەی کە تۆ ببی بە بکوژی خوشکەکەت. سەرەڕای پێداگری پاڕانەوەی خوشکەکەی بۆ ئەوەی ژیانی پێ ببەخشێ، ئەو نەچووە ژێر بار، هەر مکوڕ بوو لەسەر کوشتنی. کاتێک خوشکەکەی بینی قسە کردن لەگەڵ برای سودی نییە، لە بڕیارەکەی پاشگەز نابێتەوە، لە پڕێکا هاواری کرد: دەی چاوەڕێی چیت، بۆ نامکوژی؟ مەگەر ناتەوێ ببی بە قارەمان؟ مەگەر ناتەوێ پێت بڵێن ئەمەیە پیاوی بە غیرەت، خوشکە بێناموسەکەی خۆی کوشت. ئیتر لەمەودوا دەتوانی بە سەر بەرزی درێژە بە ژیانی خۆت بدەی، بۆ دەتەوێ ژیانی خۆت بکەیتە قوربانی کچێکی بێ ئابڕووی وەک من.

هەستی کرد قسەکانی خوشکی وەک خۆرە کەوتوونەتە گیانی، سات بە سات زیاتر بە بیستنی قسەکانی تێکدەچوو، وای بە باش زانی هەرچی زووتر خۆی لەو بەڵایە ڕزگار بکا، ئیتر بەبێ گوێدان بە گریان و پاڕانەوەی خوشکی، دەستی بۆ تفەنگەکەی برد، خوشکەکەی بە نائومێدی لە شوێنی خۆی دانیشت و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: براگیان مادەم هەر دەمکوژی تکات لێدەکەم بە تفەنگی باوکم مەمکوژە، چونکە تفەنگی باوکم بێتاوان کوژ نییە، دەتوانی ئەم کارە بەدەمانچەکەی خۆشت بکەی.

داواکاری خوشکەکەی موچڕکەی بە لەشیدا هێنا، خەمی ڕابردوو، خەمی پاک ڕاگرتنی مێژووی باوکی، ئەویش لەم تەنگەبەرەیەدا کە چەند ساتێکی ماوە لە ژیانی، کارێکی ئەستەمە، بە شەرمەزاری تفەنگەکەی وەلایەکەوە نا، دەستی بۆ دەمانچەکەی برد، دەست و پەنجەکانی کەوتنە لەرزین، بە جۆرێک کە دووجار دەمانچەکە لە دەستی بەر بووەوە. داوای لە خوشکەکەی کرد، لێی دوور بکەوێتەوە، پێی گوت: هەستە بڕۆ، دەهەستە کێوە دەڕۆی بڕۆ، هەستە لەبەر چاوم ونبە.

خوشکەکەی گوتی: ئەگەر مەبەستت بەرەڵاکردنی منە، دەتەوێ نەمکوژی، پێویست ناکا من لێرە بڕۆم، هەروەکو گوتم تۆ بڕۆ لێرە بەجێم بێڵە، ئەوکات من بڕیار دەدەم بەرەو کوێ بڕۆم.

هەرچی ماوەی مانەوەی لەگەڵ خوشکی درێژتر دەبوو، ئەو زیاتر هەستی بە ئازار و ئەشکەنجە دەکرد. هەریەک لە قسەکانی خوشکی وەک خەنجەرێک بوون کە لە جەستە بێ هێزەکەی دەدرا. دەیویست زوو کۆتایی بەو بەزمە بێنێ، بە زووترین کات بگەڕێتەوە بۆ لای دایکی. دەمانچەکەی بە هەردوو دەست گرت، هەوڵیدا دان بەخۆیدا بگرێ و نەهێڵێ دەستەکانی بلەرزن، یەک دووجاری تر بەسەر خوشکەکەیدا قیڕاندی: پێم گوتی هەستە بڕۆ، دەی چاوەڕێی چی دەکەی؟

بەڵام خوشکەکەی لە شوێنی خۆی نەجوولا، چاوی بڕییە نێو چاوەکانی، لە ترسان چاوەکانی قوچاند، ئەوجا یەک بە دەنگی خۆی هاواری کرد نە، نە............ ئیتر هەرچی گوللە بوو بەسەر جەستەی خوشکەکەیدا بەتاڵ کرد، وەک هاروهاجان بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە، جارێکیان هەر

ئەوەندەی بینی بەربووەوە، کاتێک وەخۆی هاتەوە دونیا کش و مات بوو، چاوەکانی کردەوە، تەماشای ئاسمانی کرد، ئاسمان بێ مانگە شەو بوو، بە نەبوونی مانگەشەو ئەستێرەکان زیاتر خۆیان بەدەرخست، لە شوێنی خۆی هەستا تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، وەک بڵێی لە بەرزەخ هەستاوەتەوە، بیری کردەوە چی ڕوویداوە، چەند هەنگاوێک لەولاتر تارماییەک سەرنجی ڕاکێشا، بەرەو تارماییەکە ڕۆیشت، کاتێک بە تەواوی لێی نزیک کەوتەوە ئەستێرەکان پێیان گوت چی ڕوویداوە، جەستەی خوێناوی و بێ گیانی خوشکەکەی، دەستی منداڵێک لە تەنیشتی دەرپەڕی بوو. دیمەنەکە ئەوەندە سامناک و دڵتەزێن بوو کە چی تر نەیتوانی لەوێ بمێنێتەوە، لە ترسان دەستی کرد بە ڕاکردن، ئەوەندە ڕایکرد تا هەناسەی لەبەر برا، زۆر نەمابوو لە تینا بخنکێ، لە ناکاو هاواری کرد: دایەگیان خنکام لە تینا، خنکام، تینوومە، تینوو». ژانی برینەکەی وەخۆی هێنایەوە، هێشتا زیندوو بوو. لە باوەشی پیرە داربەڕووەکەدا هەناسەی دەدا. دیسان پەردەیەکی ڕەش بەری چاوی گرت، خەریک بوو دەڕشایەوە، ، لە ناکاو هاواری کرد: دایەگیان لە کوێی مردم لە بیکەسییا! وا دەبینی کورە تاقانەکەت خەریکە دەمرێ بێ ئەوەی کەس ئاگای لێبێ.

لە ناکاو دەنگێک هاتە گوێی، پێی گوت: قارەمانان وەک درەختەکان بە ڕاوەستاوی دەمرن، نەک وەکو تۆ، لەو پەڕی لاوازیدا.

بە بیستنی دەنگەکە لە شوێنی خۆی ڕاچڵەکی، دەنگی باوکی بوو! ترس دایگرت، ترس لە مردن، چونکە لە زۆر کەسی بیست بوو ئەگەر کەسێک لە کاتی نەخۆشی مرۆڤێکی مردوو ببینێت ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەویش دەمرێ، هاتووە لەگەڵ خۆی ببات! باوکی لە شوێنی خوشکەکەی وەستابوو. ویستی هەستێتە سەرپێ، بەڵام ژانی برینەکەی نەیهێشت. ناچار تەنیا بە تەماشاکردن پێشوازی لە باوکی کرد.

باوکی وەکو پێشان بە دەنگێکی پتەو و پیاوانە گوتی:

«کوڕم سەرەنجام تۆش وەکو من لە بێدەنگیدا خەریکە دوور لە چاوی ئازیزانت دەمری، بەڵام تەنیا یەک جیاوازی لە نێوان من تۆدا هەیە، من دەستم بە خوێنی هیچ بێتاوانێک سوور نەبووە، کەچی تۆ دەستەکانت بە خوێنی خوشکە بێتاوانەکەت سوور هەڵگەڕاوە، تۆ بۆ سەربەرزی خۆت ئاسانترین ڕێگات هەڵبژارد. کوشتنی خوشکی بێتاوانت، کەچی ئەوەی دەستدرێژی کردە سەر خوشکت وا خەریکە بۆخۆی بە سەربەستی دەسووڕێتەوە، ئەوەی تۆ کردت پیاوەتی نییە، تۆ تا ئێستا لە ژێر سێبەری خوێنی خوشکەکەتدا دەژی. بەڕاست ماڵ و منداڵەکانت بەتەمای کێ بەجێتهێشتوون؟!». ئاراستەکردنی ئەم پرسیارە، بێ ئۆقرەی کرد، وەک ئەوەی هەرەشەیەکی گەورە لەسەر ماڵ و منداڵەکانی بێ، چاوەکانی کردەوە تەکانێکی بە خۆیدا، دیسان لەتاو برینەکەی لە خەو هەستا، ژانەکەی کوشندەبوو، پڕ بە دڵ هاواری کرد: «باوکەگیان، یارمەتیم بدە، دەمەوێ بگەڕێمەوە ماڵەوە» کەچی هیچ وەڵامێک نەبوو. تەماشایەکی ئاسمانی کرد، ئەستێرەکان دەدرەوشانەوە، چاوشارکێنەیان لەگەڵ دەکرد. زەردەخەنەیەکی تاڵ هاتە سەر لێوی لە خۆی پرسی، ئایا ڕۆژهەڵاتێکی تر بە چاوی خۆی دەبینێتەوە؟ مانگی شەوی چواردە بەرەو ئاوبوون بوو. هەستی کرد گۆڕانێک لە ڕوخساری مانگەکە ڕوویداوە، خەریکبوو ڕوخساری خوشکی لە ناو ڕوخساری مانگەکە بەرجەستە دەبوو، وەکو جاران بە خەندە لێوەیەکی شیرینەوە بەدەرکەوت، لە خۆیەوە دەستی بۆ درێژ کرد. بە دەنگێکی نووساوەوە گوتی: چاو جوانەکەم. لەم ساتەدا مانگ لەگەڵ خەندەلێوەی خوشکەکەی ماڵئاویی لێکرد. تاریکی باڵی بەسەر دونیادا کێشا، بێجگە لە ترۆسکایی ئەستێرەکان هیچی تر نەبوو. لە ناکاو دەنگی کوندەبەبوویەک پشتی لەرزاند، لە ترسان لە پەنای پیرە داربەڕووەکە خۆی گرمۆڵە کرد. ئەو ترسە هی سەردەمی منداڵی بوو، لە ناخیدا بەجێ مابوو. لە منداڵییەوە وا فێر کرابوو کە دەنگی کوندەبەبوو شومە، لە سەر سیوانکەی هەر ماڵێک بنیشێتەوە ئەوە کاوڵکاری بۆ ئەو ماڵە دێنێ! سەری بەرز کردەوە لە تاریکیدا بە دوای کوندەبەبووەکەدا دەگەڕا، سەرەنجام چاوی لەگەڵ چاوە خڕەکانی کوندەبەبووەکە تێکگیربوون، بە مەبەستی دۆزینەوەی بەردێک بە لەپەقوت دەستی بە دەوروپشتی خۆیدا هێنا، بەڵام هیچ نەکەوتە بەردەستی، هەوڵیدا بازنەی گەڕان بە دوای بەردێکدا کەمێک فراوانتر بکا، بەڵام ژانی برینەکەی ئەمانی پێنەدا، کەوتە هەناسەبڕکێ و هەموو گیانی ئارەقی کرد، لە ناکاو هەستی بە سەرمایەکی کوشندەکرد. لە سەرمان هەموو گیانی دەلەرزی، زیاتر پەنای بۆ داربەڕووە پیرەکە برد، توند لە باوەشی گرت. چەند جارێک بانگی باوکی کرد، بەڵام لە جیاتی باوکی کوندەبەبووەکە وەڵامی دایەوە،

له تووڕەییا سەری بەرزکردەوە، ڕووی لە کوندەبەبووەکە کرد و یەک بەدەنگی خۆی هاواری کرد: تۆ بۆخۆت هەر بڵێ، ئەوەی بیری لێناکەمەوە مردنە! خۆ بە قسەی تۆ نییە.

لەو مەرگەساتەدا پرسیاری باوکی وەبیر هاتەوە،(( ماڵ و منداڵت بە تەمای کێ بەجێهێشتوون؟))

دەستە لەرزۆکەکەی برد بۆ گیرفانی وێنەی خێزانەکەی کە لەگەڵ کوڕ و کچەکەی گرتبووی، لە گیرفانی دەرهێنا. بەڵام دونیا ئەوەندە تاریک بوو کە نەیدەتوانی وێنەکە ببینێ، بە نائومێدی ڕووی لە ئاسمان کرد، گوتی: خوایە ئەی نالێن تۆ نووری لە ئاسمان و زەوی، چ دەبێ ئەگەر تۆزقاڵێک لەو نوورەی خۆت ...

پێش ئەوەی قسەکەی تەواو بکا، ئەستێرەیەک لەو سەری ئاسمانەوە بۆ ئەو سەری ئاسمان ڕۆیشت، بەم شێوەیە توانی وێنەکە ببینێ، گەرچی بینینی وێنەکە زۆر دڵخۆشکەر نەبوو، چونکە گۆڕانکارییەکی زۆر سەیر بەسەر وێنەکەدا هاتبوو، خەندەلێوەی سەر ڕوخساری خێزان و کچ و کوڕەکەی شوێنی خۆی دابوو بە زەردەخەنەیەکی تاڵ! ئەم بزە تاڵە وەک دەنگی کوندەبەبووەکە هەستێکی ناخۆشی پێ بەخشی. دیسان برینەکە ئازار و ژانی سەری هەڵدایەوە، ئەم جارە هەستی کرد برینەکەی پەیامی مەرگی پێیە، وای زانی ژیانی بەرەو کۆتایی دەڕوا، چیتر گوێی لە پێکەنینی منداڵەکانی نابێ، چەند جارێک بە دەنگێکی کز و خنکاوە گوتی باوکە گیان، دایەگیان لە کوێن؟ کەس وەڵامی نەدایەوە، دایکی وەکو هەمیشە لە چاوەڕوانی دابوو. پێش شەهید کردنی مێردەکەی، هەمیشە چاوی لە دەرگای ماڵەوە بووە، کەی پیاوەکەی مۆڵەتێک وەردەگرێ و بە سەردان دێتەوە ماڵەوە، تا ئەو کاتەی کە بە گەڕانەوەی تەرمی مێردەکەی بە یەکجارەکی کۆتایی بە چاوەڕوانیەکەی هات و چیتر چاوەڕێی گەڕانەوەی مێردەکەی نەبوو، قۆناغی نوێی چاوەڕوانیەکەی ئەو کاتە دەستی پێکرد کە کوڕە تاقانەکەی تفەنگی باوکی هەڵگرت، تا دواساتەکانی ژیانی هەر چاوی لە دەرگای ماڵەوە بوو، پێش مردنی وەختێک بانگی کوڕەکەی کرد، لە کاتێکدا بە سەختی هەناسەی دەدا، بە کوڕەکەی دەڵێ: کوڕم ئاگات لە ماڵ و منداڵەکانی خۆت بێ، بە تایبەتی خێزانەکەت، هەوڵدە زۆر لە چاوەڕوانیدا نەمێنێتەوە، من دەردی چاوەڕوانیم چێشتووە، من دەزانم چ دەردێکی کوشندەیە، با خێزانەکەشت وەک من نەبێتە قوربانی، کارێک بکە زیاتر بتوانی کات بۆ ماڵ و منداڵەکانت دابنێی.

بە زیندووبوونەوەی ئەم بیرەوەرییە، هەمدیس پرسیارەکەی باوکی لە یادگەیدا زیندوو بۆیەوە ((ماڵ و منداڵەکەت بە تەمای کێ بەجێهێشتوون؟)) ئەوە بوو کە بۆ یەکەم جار لە خۆی پرسی بەڕاست لە دوای من چارەنووسی منداڵەکانم بە کوێ دەگا؟ نەک خوا نەخواستە ئەو هەڵەی من کردم کوڕەکەشم دووبارە بکاتەوە؟

دیسان دەنگی کوندەبەبووەکە بێدەنگی شەوی شکاند. بێ هیوایی باڵی بەسەر ژیانیدا کێشا و شەوەکە چەند تاریک بوو لەبەر چاوەکانی دوو ئەوەندە زیاتر تاریکتر داهات. دەستەکانی کەوتنە لەرزین، لەو دۆخە ناهەموارەدا بیری لەوە کردەوە بریا بتوانیبایە نامەیەک بۆ کوڕەکەی بنووسێ، بۆ ئەوەی لەو هەڵەی ئەو لە ژیانی خۆیدا کردووە کوڕەکەی دووبارەی نەکاتەوە. خێرا دەستی بۆ گیرفانی برد دەفتەر و قەڵەمەکەی دەرهێنا بە نیازی نووسینی نامەکە بوو، بەڵام نووسینی نامەکە پێویستی بە ڕووناکی بوو، سەری بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە، بە گریانەوە گوتی: خوایە دەکرێ یەکێک لە ئەستێرەکانت لێم نزیک کەیتەوە، بۆ ئەوەی بتوانم نامەکەم بنووسم. بە هیوای دابەزینی ئەستێرەیەک بوو، ئەوەندە تەماشای ئاسمانی کرد، بۆ تاوێک هەستی کرد سەری بەسەر لەشیدا زیادەیە، بوویتە بارگرانی بەسەر جەستەیدا، تاقەتی نەما سەری بەسەر ملیدا شۆڕبووەوە، دەنگی کوندەبەبووەکە بێدەنگی شەوی شکاند و دایە شەقەی باڵ و لە قوڵایی تاریکای شەودا ون بوو. هەناسەکانی سواربوون، لە نێوان گەواڵە هەورێکی ڕەشدا لە پەلەقاژەکردندا بوو، باوکی لە دوورەوە دەستی بۆ درێژکرد، لە ناکاو بەسەر باوکیدا هاواری کرد: بەڵام من هێشتا نامەم بۆ کوڕەکەم نەنووسیوە. لەگەڵ هاوار کردنی، ئەستێرەکانیش کوژانەوە! کەچی مۆمی دڵی هێشتا داگیرسابوو، لەبەر ڕۆشنایی ئەودا دڵنەوایی خۆی دایەوە و گوتی: کوڕەکەم لەوە ئاقڵترە کارێکی وابکا، هەرگیز ئەو هەڵەی من کردم ئەو نایکاتەوە. بەو ئومێدەی لەگەڵ گزنگی بەیانی نامەیەک بۆ کوڕەکەی بنووسێ، مۆمەکەی ناخی کوژایەوە. کاتێک خۆر لەو دیوی کێوە سەرکەشەکانەوە بەدەرکەوت، پیاوێکی بینی کە پاڵی بە پیرە داربەڕووەکەوە ناوە، دوو فرمێسک لە سەر روومەتەکانی وشک بوونە، وێنەیەکی لە باوەش گرت بوو، کە لە پشتی وێنەکە بە ڕەنگێکی سوور نووسراوە گلادیاتۆڕ.....



# زەردەک ٢

ئەحمەدی مەلا

دەبوایە دڵ بێت، بۆ ئەوەی مەزنیی ئەو و مەزنیی تۆ لە درزی دنیایەوە خۆی ئاشنای کێشوەری کۆن و کێشوەرە نوێیەکانی ئاقاری خەیاڵ بکات. دەبوایە ماندوێتی زەمەن لەسەر شان و زاکیرەی شیعریش لەسەر لێوان، تاکو لێواری تەڕایی بنوشتێتەوە، بۆ ئەوەی خۆت ببینی و پاشان خۆت ئاودیوی تخوبی وشە بکەیت.

**دوور بوویت.**

کەس نەیدەزانی، کەش دەیزانی مەداری ئازار و مەداری خەون و مەداری شیعر بە چ پێوەرێ ڕزگار کرێ. پێ پەتی، تۆز و غوباری پێغەمبەرانە دەوروبەری چاوانتی کرۆژتبوو، سیمای لاپەڕە زەردەکان و سیمای حەکایەکانی دەشت لە هەنگاوی ئاخیرەت گیر دەبوون، دەبوونە تەلیسم و نەدەخوێندرانەوە. شەکەت و ماندوو لە بارەی بەرد و شیعر دەدوای، لە ڕەقیبەتی وشە و لە نەرمونیانی بەردا ئاوەنگی هەنگ و نهێنیٚ نەهەنگت بەرامبەر بە حەسارە دوورەکان دەدرەوشاندەوە. دوێنێ - ئەمڕۆ، سەرەتای لەدایکبوونی تۆیە.

**وتیان و وتیان**

نە خودایت، نە فریشتەیەکی تورە، مەودای نێوان خەون و زاکیرەت دەخوێندەوە. بەبێ زمان هاتیتە زمان، تاریکیی ڕووناکی دەکردیتەوە گولستانی ڕازیش، لە سەرەتای زەمەنەوە، هێشوەکانی قەدەر بەرۆکی دەگرتی، کازیوەش لەودیو حەوزە هیشکەکان خۆی بۆت ڕووت دەکردەوە و نازی تێدەگرتی.
ئەویش گوندێکی هەژاری دنیا بوو، لە بەیارەکانی «مانچا» دەچوو. ئەو هەندە ڕەوییەوە، بوو بە ڕەنگ و ئەمیش لە دووتوێی کتێبە زلەکەی سێرڤانتێس، لە سەرحەدی خەیاڵەوە بۆ ئاشە بەتاڵەکانی نێو دارزەیتوونەکان، پانتاییەکە لە قووڵایی.
جرووکەجرووکی جوزوعەمە و نەغمەی «مارتان پێشۆر» گڕ و بڵێسە بوون، لە گوێی ڕووبارەکاندا وەکو پزیسکێ بە حەوایا ڕۆدەچوو، لە پڕێکدا، ئەفسانەکانی زیندوو دەکردەوە مرۆڤیشی تا ناوقەد دەنووشتاندەوە

**زەمین - ئاسمان**

چرای ئێواران بێ بڕوا
پەلکە ڕێحانەی تەنیا
نارنجیش تاقە ڕەنگ بوو
لە قەراغ ئاو دەڕسکا.
فانۆزی دەست کوژانەوە
مەریەمی دایکیش هەڵزنا.
دەروێشە بسک لوولەکانیش
لە حاشییەکانی خورشیدییەوە
دوا نوێژیان بەست.
ئاگر لە حەوز بەربوو،
تارمایی دەبوو بە نوور و
وشکایی دڵ تەڕ دەبوو.
تاکو حەلحەلەی یاداشتیش چنار هەلدەگڕا،
دامودەستەی مەلەکووتیش وەک وێنە،
سپێتی چاوی دڵیان دەبرد
نا - زەمەن تیایا رادەوەستا
نە خوادیەکی چکۆلانە
نە پەرییەکی بەجێماو
نە کۆترێکی سیا بوو
لەبەر سێبەری شیعری من گمەی بێ.
وشەیەکی تەنیا بوو: لە قورەسوورەی خەون و
لە کای ئەبەدییەت دروستبوو،
وەک سێبەری لانەی پەرەسێلکەیێ
کورتیی مەداری خۆی دەنووسییەوە.

**کۆتر و لق و دارخورما**

ئێمە بووین دەفڕین، لە تەنیشت ئاوە فراوانەکاندا، بۆنی قەوزە و بۆنی تەڕایی دەلکانە باڵە گڕینەکانمان.

هێشوو زاکیرە کەنداوەکانی نوقم دەکرد و ئەوانیش
بڵند دەبوونەوە و شێوەی قارچک و ناوەڕۆکی
تەمیان هەبوو. حەشاماتی باشووریش، لە کوڵی خۆ
نەدەبوونەوە و ئافاتی بێ ژمارە. کراسی تا ئاودامان
سیا، لە گوێی زەڵکاوەکان دەدرانە دەم با و گەمییە
باریکەڵەکانیش قەسپ و قامیشی بیرەوەریان
دەگواستەوە. منداڵەکانیش وەک تەمی ژێر دارخورماکان
دەڕۆیشتن و نەدەگەڕانەوە...
کێ بوو شەققەی باڵی لەخۆ جودا دەکردەوە؟
کێ بوو دەیویست بنووسێتەوە،
هەم سێبەر هەم با؟
کێ بوو، لە پەنجە باریکەکەی پەیکەری دەم شەتەوە
بەندەر و بەنداوی بەرز دەکردەوە؟
ئێمە بووین کە دەفڕین و لە دوور ڕا دەبووینە ئاو.
مانگایەکی جبووری،
بەتانییەکی فەتاح پاشا...
ڕچە بێ ناوەکانی لێوار قەشقە و خوڕخوڕ، دۆڵێکی
بەرز لە بارەی نزمییەوە دەدوا.
زێی گەورە هەڵکرووزان بوو.
کێ بوو شەققەی باڵی لە خۆ جودا دەکردەوە!
سەیری ئاسمانیان دەکرد پەپوولە.
مانگ بانگی باپیرە و باشووکەش بانگی خۆی دەکرد.
باڵامان ئاو و پەرچەمی شۆڕەوەبوومان هەتاو.
مێژووی کەستەک مێژووی بەردە،
بیرەکەی «عەلی بەیان» بیرەوەری پێغەمبەرە
لە قەراغی هەموو کەستەکێ خودایەک دانیشتووە
کەساس.
زمان – براو، بە قامک هێما دەکا و گژ و گیا دێنە زمان.
لە تەنیشتی ئاخرزەمانەوە ڕووبارێک خورەی دێ.
بە زمانێکی پار – ئاو «جوانیی لەسەر ئەژنۆ دادەنێ» و
تفی لێ دەکات.
جوانیی وەک مێروولەی عەدەم بە قەدوباڵا و بە قەد
ئاڵا و
بە قەد هۆشیاریی غوبارا هەڵدەگژا.
کێ دوگمەی ئەو گوڵەی پشکاند کە بەرۆکی گرتبووی؟
هەموو نووشتاینەوە بۆنی پێیەکانتمان دەکرد.
بۆنی هەڵم و بۆنی ساردیی پاپۆڕەکانی لێ دەهات.
کێ بوو هات و گرتییە باوەش؟
بە تەنها دەستەکانت هی تۆ بوون، تراویلکە بوون.
دەستەکانت هی تۆ نەبوون، خەون بوون.
شەوان دەهاتە نێو پێخەوەکانتەوە و
هەڵمدەگلۆفی بەرد و
خۆڵ و ئازارێکی نوێ.
لەوە زیاتر چی دەکرا؟
ماسک و مرۆڤ یەک شتن.
نوێژنیوەڕوان کفر و شەوانیش خەڵوەت.
نێوان خودا و شەیتانیش فراوانترین ڕێگا.
دەبووینە «لاما»، لەسەر کاشییە ساردەکان
کڕنۆشمان بۆ هیچ دەبرد،
کڕنۆشێک بوو بۆ خودا.
خۆتان ڕووتدەکردەوە و دەفڕین
لەودیو تخووبی فڕین دەبووینە ئاو و دادەچۆڕین.
چەقۆیەکی تیژ لەسەر ملی سمایل
ڕۆحی بەرخۆڵەیەک دەکاتە قوومێ ئاو.
نەنکم هاجەر بوو لە ئاو دەگەڕا،
وڕێنەی زێی گەورەی لێکدەدایەوە،
لە کەناری تەڕاییدا پێی ساتمەی دەکرد و
ڕۆحەکەی ئێستا لەناو چنگی خودا.
شیعر: وشکایی
خەون: با
ماڵئاوا بابان
کیغانتان لە باوەشی منە...
واز لە یوسف بهێنن.
خۆی چارۆگەیە، خۆی گوڵە کێویلەکانی نێو پەرچەمی
زخەیە.
سبەینێ : گوڵ دەبێتە خەونی بۆق و
مارمیلکەی چەو.
گاشەبەرد باسی زیخ و
کەستەک باسی خودا.
سبەینێ : تەناف درێژ و پەڕەسێلکە
دوورگەیەکی پان و چارۆگە
خەون دنیا داگیردەکا
ڕەنگیش هێڕشی خۆی.

خۆتان مەلاس دەدەن...
دەرگا کاغەزە
ڕوانین ئاو
چەتر شەمشەمەکوێرە و
چەقۆ داو.
وڵات مشتێ درۆیە و
منارەکان غوبار
دارخورما مسە و شمشێر ئاو.
لەسەر خانووە قوڕەکان هاموشۆ دەکەم.
کۆش دەکەمەوە،
لەشم هەنسک دەیگرێ و ڕۆحم با
لە ژێر هەنگڵێشمەوە گر فرەی دێ و
دەخواتەوە چروسکەی هەتاو.

**ئیسپانیا. ٢٠٠١**

# شەتەحات

ئیسماعیل بەرزنجی



**ع.ع.یوسف**

چەند سەراو و دەراومان بینی
قوڕ و بەفری چەند گوندمان شێلا
بەیەکەوە
چەند بۆ مەرگی ئازیزان گریاین
چەند شەڕی جوانمان کرد
بەیەکەوە
دۆزەخی بەعس و
جیستابۆمان بینی
ئێستاش
وا لەناو نیگەرانی
کۆڕۆنادا دەژین
نەمرین
ئەوەش تێدەپەڕێنین
بەڵام
منو ع ع یوسف
چونکە کوردین
چونکە شاعیرین
دڵنیام
لەوە خراپتر دەبینین

*** دوای....پاش**

پاش
ئەو هەموو هێن و منهێنە
دوای دوو ژن و
هێنانە دنیای پینج مێینە
دوای ژیان
لەگەڵ دەجال و حەرباکان
پاش
ئەو هەموو سەین و بەینە
دوای
سەفەری دوور و درێژ
لەگەڵ کتێبی
ڕەنگ زەرد و زیندوو
پاش ئەو هەموو شەڕ و شۆڕە
دوای
ململانێ لەگەڵ کرمەکان
گریان بۆ جوانەمەرگان
بەخاکسپاردنی ڤینۆسەکان
پاش
دەستبردن بۆ ناو قورگی شێر
لەپێناوی پارووێک نان
هیلاکم بەقەد خۆم
بەقەد نیشتمان هیلاکم
گەر بۆم بلوێت و نەکەوم
جارەکی دی
بەسەر هەورازی گاکوژ دەکەوم
لەوێ
بەهانکە هانک و
هەناسەی سوارەوە
خۆ دەتوانم بە ئاسودەیی
پشوو بدەم
گەر بۆم بلوێت و هەڵنەدێرێم
کەڕەتەکی دی
لە تەوقەسەری هەورازەکە
دیسان
لەتەم و مژ ورد دەبمەوە
جەستەم
ڕادەستی تەڕە هەورێک دەکەم
لەوێ
لەو هەورازە هەزار بەهەزارە
دەکرێت
بیر لە بوون و خالیق بکەمەوە

*** بۆ خۆم**

کوا لیسی کۆترەکانت
فەرخە کیشکەکانت
لە کوێ شاردەوە
شەوانی کورتی بەهارانت
لەبیر ماوە
لەترسی بابت
دارلاستیکەکەت لە کوێ شاردەوە
دوای باڵق بوونت
شەڕە جوانەکانت
لەگەڵ ئاشقە شێتەکە لە بیرە

ڕێی کەندە کۆخ و
چاکی بن عەردیت بیر ماوە
لە بیرتە
وەعدت بەدایکت دا بییەی بۆ حەج و نەتبرد؟
کوا پرۆژەی نووسینی ڕۆمانەکانت؟
کوا قەسیدە نا کاملەکەت؟
ئیسماعیل
تازە هیچ بە فریات ناکەوێ
چونکە قیتارەکە تێپەڕی

*** بەڵام مردن هەیە**
با ببیتە
گەورەترین سەرکردە
تۆپ و تانکیشت هەبیت
(بەڵام مردن هەیە)
*****
با بازرگانێکی زەبەلاح بیت
جیا لە ژنەکەت
سێ عەشیقەشت هەبێ
بۆ عەمەلیاتی لۆزەتێن
بچیتە لەندەن
(بەڵام مردن هەیە)
*****
با سیاسییەکی میکاڤیلی
سەد ڕووبی
ساڵی حیزبێک هەڵخەڵەتێنی
(بەڵام مردن هەیە)
*****
با نەزانی
خاوەنی چەند ملیۆنی
لیرە و لە ئیستەمبوڵ
ڤیللا و شوقەت هەبێ
(بەڵام مردن هەیە)

*****
با بۆ نەوەی نەوەشت
خانوو و مەزرەعەت هەبێت
با لە تەمەنی حەفتا ساڵی
ژنێکی تازەش بهێنیت
(بەڵام مردن هەیە)
*****

*** چوارچێوەیەک لە ڕەسمەکەی بیزارە**
ئاسمان و دنیای جوان و
باڵەخانەی هەور بڕ بەمن چی!
کە بەچاوی خۆم
ڕۆژانە گۆڕێک هەڵدەکەنم
خواردنی خۆش و
مەشڕوبی نایاب بەمن چی!
کە زەختم فوول و
شەکرەم فوولتر
پارک و
ئینجانەی تەژی لەگوڵ بەمن چی!
کە هەناسەم
سیخەسیخی پایزێکی مۆنی
لێوەدێت
ستران و شایی بەمن چی!
کە حەرف لە قورگمدا
خنکابێت
دەقی تازە و
ڕۆمان و شیعری تازە بەمن چی!
کە دیستۆڤسکی و ڕامبۆم
پێ تەواو نەکرا
تازە
ڕوخساری خۆم بەمن چی!
کە چوارچێوەکەم لێم بێزارە



*** پیربال مەحموود**
ئەو سیزیفە چبوو
بەردەوام بەشانتەوە
هەڵتگرتبوو؟
ئەو هەموو شەکرە حەرفە چبوون
لە لێوە بە بارەکەتەوە
دەبارین؟
لە ساباتی ئەو دڵە ناسک و
شکاوەی تۆ
ئەو لەشکری
کێش و سەروایە
کوو جێیان دەبۆوە
مەراقم بوو ڕۆژێک بزانم
(چ ئوستادێ دەرسی شیعری پی گوتی)
لەپڕ
بوویت بە ئوستاد و شیعر

*** بۆ جەوهەر غەمگین**

ئوستادی گەورە
کوکوختییەکی لانەواز
لەبن دارەتووەکی باخی شار
تۆی بیرخستمەوە
تۆ
کە حەرفت لەگوڵ و
وشەت لە باران و
ڕستەت لە هەتاو بوو
ئوستادی زێدە ئازیز
هەناسەی ساردی
منداڵێکی عەللاگە فرۆش
تۆی بیرخستمەوە
تۆ
کە قەڵەمت لە ڕێواس و
چرات لە فرمێسک و
دەفتەرت لە بەفر بوو
ئوستادی خەندە
ناڵەی ئاشقێکی حەزین
تۆی بیرخستمەوە
تۆ
کە زەردەخەنەت هی گوڵ و
بەرائەتت هی زارۆک و
نیگات هی هەتاو بوو

*** مەم**

ئەو ژیانە هیچ و پووچ و
بێ مانایەمان
(پایزە خەون) بوو
ئەو هەوار و سەدایە تاساوانەمان
(پایزە خەون) بوو
ئەو فلتە فلت و خۆگیڤکردنەوەمان
(پایزە خەون) بوو
ئەو ڕووبارە خوێنەی ڕشتمان
ئەو کەپرە سەقەتەی
دروستمان کرد
ئەو ڕەشماڵە ڕزیوەی هەڵماندا
ئەو کتێبانەی نووسیمان
ئەو دەرسەی بە منداڵانمان گوت
(پایزە خەون) بوو
کورد خۆی (پایزە خەون)ە
هەی قوربانی قەڵەمەکەت بم

*** هیچ**

کە لەو دەروبەرە ڕادەمێنم
پەڕەی کتێبە ڕەنگ تەڵخەکان
کتێبە درۆیەکانی مێژوو
هەڵدەدەمەوە
دڵنیا دەبم
نە ڕۆمیۆ جولێتی خۆشیسووە
نە فەرهاد ئاگای لە شیرین بووە
ئەم گەردوونە
لەسەر ڕق دروست بووە
بە ڕقیش کۆتایی دێت
******
بە غوربەت و ماتی
پایز بووایە
بەوەرینی گەڵا و
بارانی بەخوڕ بووایە
بە دیمەنی مانگی چواردە و
شەوق و ڕەونەقی گەلاویژ بووایە
ئێستا دنیا
یەکپارچە عەشق بوو
******
دوو دەست ڕەش
هیتلەر و ستالین
خاوەنی ئۆقیانووسێکن لە خوێن
کەچی بە یەکیان دەڵێن
(مردوو)
بە دووەمیشیان دەڵێن (نەمر)
******
هەرچی تیۆر و میتۆد هەن
چ بیرمەند و کۆمەڵناس و
عاجاتییەکانی مافی مرۆڤ هەن
لە ئاست دەروونی
ئەو ژنە جوانەدا سەرشۆڕن
کە لە پێویستییان
جەستە برۆنزییەکەی
تەسلیم بە زەلامێکی دەم و
ددان بۆگەنی دەکات



# پەڕینەوە لە تۆزوبا

ن: یەلماز گۆنەی ١٩٣٧/٤/١–١٩٨٤/٩/٩



و: کەریم سۆفی

ئەگەر ویستت بێیتە لام
نەرم و لەسەرخۆو ئارام
هەنگاو هەڵێنە بۆ لام
نەکا شووشەی شەوی تەنیاییم
لەگەڵ هانکە هانکی هەناسەتدا
زرینگەی لێوە بێ وبشکێ

*****

کاتێ سوپای ڕۆژێکی نوو
لەگەڵ گەردی بەیانیدا هێرش دێنێ
شووشەی دەماری دڵم
وەک پەردەی دڕاوی گوێم
بەهاوارەوە زرینگەی دێ

*****

ڕۆژێک هەروەک ڕۆژانی تر
ڕۆژێکی ساردو ژاکاو، ڕۆژێکی تاڵ...
ڕۆژێکی گرژ و مۆن
ڕۆژێکی بە ئازار ...
ڕۆژێکی خۆر تین لێ بڕاو
بێ تروسکە
بەبێ گەرمی و بێ بڵێسە
هات و ڕۆیی و .... من نەمزانی
ڕۆژ بوو، یان شەو؟
بە ئاگایی بوو ... یان خەو؟
ئەویش هەروەک ڕۆژانی تر
ڕێگەی ڕۆژگاری گرتەوە

*****

بەقەد ژمارەی ئەستێرەکان
شەوی تەنیاییم بەڕێ کرد
ئەم شەویش و شەوێکی تر
شەوەکان زۆرن
شەوی ( هۆرە )
شەوی ( لاوک )، یان ( حەیران)
شەوێکی تر ( سیاچەمانە )
ڕۆژەکانمان بەوێنەی شەو بێ خۆرن
هەر هەموویان تاریکن و
بەڕێکەری ساتەکانن
هێدی و هێمن و بە نۆبە
بە سەر بەستەڵەک ڕێ دەکەن

*****

ئەو شەوانە و ئەم شەوە ڕەشە
وەکو یەک شووشە وابوون
لە نێوان هەموو شووشەکاندا ... منیش
جارێکی تر تەماشام کردی و تۆم هەڵبژارد

*****

لە یادمە کاتێ تەماشای تۆم دەکرد
بەترس و لەرزەوە دایکم دەیگوت :
لەو دیوی تەواوی ئەو شووشانەوە
دێو و درنج و جنۆکە
خۆیان حەشارداوە
ئەم دێوانە، خەڵکی شێت دەکەن
ئاگاداربە فریوت نەدەن
تەماشایان مەکە
گوێ لە قسەیان مەگرە
ئەوانە باوەڕ دزن، هەرچی بڵێن
درۆیە و زمان لووسییە
بەڵام چاوە کزو لێڵەکانی من
تەنیا سێبەری چاوی چاوەڕێی
تۆی هەڵدەبژارد

سێبەرێکی ئاشنا
جنۆکەی شپرزە حاڵ
لە دایکبووی چۆڵەوانی
ئاوارەی ئەو دیوی شووشەکان
هێشتاکە هەر وەک منداڵان
لێت تۆقیون و لەبەرت هەڵدێن
هێشتا دایکانیان، پێیان دەڵێن
نەکەن لەکاتی شەودا
تەماشای ئەو دیوی شووشە بکەن

*****

بەم جۆرە .... شەو، ڕایەخی ڕۆژ دەچنێتەوە
وەرە پێش ....
هەنگاو بنێ بەرەو لام
ئەم هەنگاوەو ... هەنگاوی تر
کەمێکی تر
تا پێک بگەین

*****

تەواوی دەرگاکان کلۆم دراون
ڕێسمەی دەرگاکان .... توندو تۆڵن
دیوارەکان ... بەرزو قایم
قوفڵەکان ... بزمار ڕێژن
ئەستێرەکان ... بە هەڵواسراوی
چاوەڕێن ... و ملکەچ !
لێگەڕێ با پەنجەرەت بۆ بکەمەوە
بیلبیلەی چاوی خوێناویم
لە تاریکی ڕۆژی ژینم
تیژ و ئامادەی دەسڕێژن
جامی تەواوی پەنجەرەکانت
بە هاڵاوی گەرمایی توندی
هەناسە ساردەکانم دەشکێنم
دایکم و هەردوو دنیای ژین
لە خۆم دەڕەنجێنم
بەبێ ترس بۆلام وەرە
بازی بەختی ئاواتەگەورەکان ئەم شەو
توند باڵەکانی خۆی لێک دەدا
بێ سنوور و بێ تخووب
دەکەوێتە هەڵفڕین
لەم چڵەوە بۆ ئەو چڵ
لەم باغەوە بۆ ئەو باغ

*****

وەرە بۆ لام
لە نێو تاریکی ژوورمدا
ئارەزوویەکی کاڵ
ڕاڕای کردووم
وەرە بۆ لام
هەنگاوێکی تر لەگەڵ پەڕینەوە لەم ((یۆڵ)) ە (*)
بەمن دەگەیت
دایکم و تەواوی پاسەوانان
یان خەوتوون، یان خەواڵوو :
گێژو وێژن
ڕوو لە ڕووگەی زنجیری زێڕ ....
چاوی شەوم چاوەڕێیە:
لەنێوان تەواوی چاوی شەوەکان
تەنیا ئەستێرەیەک بەتەنێیە
وەرە بۆلام ... چاوەڕێم
ئەی ئاشنا لەگەڵ ئەستێرەی تەنیاییم
لەم شەوەدا
من زمانی تۆم

*****

چاوی خەواڵووم کردەوە
ڕۆژ مەرجەکەی خۆی بردەوە
دووبارە ئەسپی ڕۆشنایی
دلێرانە
بۆ سەر شار و گوندەکان و
دەشت و دەر
سەرلەنوێ هەڵمەتی برد
لە کازیوەی مەرایی و نا ڕەسەندا
چاوی تۆم بینی و
بەرەو لای ڕام کرد
ئارەزووەکان لەتەک تۆدا
یەکە یەکە
خواحافیزیان لێ کردم

(*) (یۆڵ – yol )= ڕێگە، ئاماژەیە بۆ ئەو فیلمە سینەماییەی کە لە نووسین و دەرهێنانی خۆی بوو .

**تێبینی:**

وشەکانی (هۆرە – لاوک – حەیران – سیاچەمانە ..) کە ناوی ئاواز و گۆرانی کوردین، وەرگێڕی فارسی لە پەراوێز شرۆڤەی کردوون، بەڵام چونکە خۆیان کوردین من ئەمەم بە پێویست نەزانی.

**سەرچاوە:** مجلە ادبستان، شمارە (٢٤)آذار ١٣٧٠،

برگردان: فاروق صفی زادە (بورەکەیی) ص ٨٤

# ڕۆشنبیریی گشتیی

- **کافکا، ئەو ئەدیبەی دوای مردنی ژیا!**

ئا: یوسف مەنتک

- **خێزان و ژن و منداڵەکانی (شێخ مەحموودی حەفید) ۱۸۸۱ ـ ۱۹۵۶**

هوشیار عەبدوڵا

- **ئانا فرانک یەکێ لە بەناوبانگترین قوربانیانی تاوانی کۆمەڵکوژی هۆلۆکۆست**

ئا: فواد عوسمان

# خێزان و ژن و منداڵەکانی (شێخ مەحموودی حەفید) ١٨٨١ ـ ١٩٥٦

هوشیار عەبدوڵڵا

خوالێخۆشبوو (شێخی حەفید) بەدرێژایی تەمەنی دوو ژنی هێنابوو، ژنی یەکەمی (بەهیە خانی کچی ئەمینی عەتار) بوو، کە لەبنەماڵەیەکی بەناوبانگی شاری سلێمانی بوون، ئەو ئافرەتە دەکاتە خوشکی (فەتاح ئەفەندی یوزباشی) ئەو پیاوە لە لەشکری عوسمانیدا گەیشتۆتە پلەی (میر ئالا) هەر لەتورکیا ماوەتەوە، لەوێ کۆچی دوایی کردووە، هەنووکە نەوە و نەوەزاکانی لەوێ ماون، (بەهیە خان) خێزانی خوالێخۆشبوو (شێخ مستەفای نەقیب) ی مامی بوو، شێخ مستەفا لەسەفەری حەج لەشاری (مەدینە) لەوڵاتی حیجاز ساڵی (١٩٠٢) زایینی کوچی دوایی کردبوو، (بەهیە خان) بێوەژن مایەوە، شێخ سەعیدی باوکی (شێخ مەحموودی حەفید) هەستاوە (بەهیە خان)ی لەشێخ مەحموودی کوڕی مارە کردۆتەوە.

شێخی نەمر لەو ژنەیدا دوو کوڕ و کچێکی بووە، کوڕەکانی (شێخ ڕەئووف) و (شێخ بابا عەلی) بوون، کچەکەشی (حەلاوە خان).

شێخ تەنیا هەر ئەو کچەشی هەبووە، وابزانم تا مردیش شووی نەکردبوو، هەنووکە هەر هەموویان وەفاتیان کردوە، خوای گەورە لەهەموویان خۆشبێت.

ژنی دووەمی شێخ (ئایشە خانی کچی شێخ مارفی نەقیب) بوو، ئەمەیان کچی مامی بووە، کە دەکاتە خوشکی (حەپسە خانی نەقیب)ی خێزانی (شێخ قادری حەفید)ی برای، ئایشە خان یەکەمجار ژنی (شێخ ئەحمەد) ی ڕەحمەتی برای بوو کە ساڵی (1908) زایینی لەهەرا گەورەکەی شاری (موسڵ)دا لەگەڵ (شێخ سەعیدی حەفید)ی باوکی و کۆمەڵێک لەپیاوەکانیان لەشاری موسڵ بەغەدر و خیانەت شەهید کران، ئایشە خان براژنی خۆی بووە شێخ مارەی کردۆتەوە، ئایشە خان لە (شێخ ئەحمەد)ی برای شێخ مەحموودی حەفید تەنیا (شێخ جەلال)ی هەبووە، ئەو کاتی کە باوک و باپیری شەهید کراون (شێخ جەلال) تەمەنی یەک ساڵان بووە، لەو ژنەیدا شێخی نەمر تەنیا خوالێخۆشبوو (شێخ لەتیفی ١٩١٧ ـ ١٩٧٢زایینی) هەبووە کە کوڕی بچووکی بوو،



کەواتە (شێخ جەلال) و (شێخ لەتیف) داک بران.

شێخی نەمر لەهەردوو خێزانەکەیدا سێ کوڕ و کچێکی هەبووە، گەلەک جاران شێخی نەمر ویستوویەتی ژنێکی دیکە بهێنێ، بەڵام هەرزوو دۆست و برادەر و هەڤاڵەکانی ڕێیان لێگرتووە و ساردیان کردۆتەوە هەر جارەو بەبیانوویەک، وەک «یا شێخ تۆ ماڵ و منداڵ و ژنت هەیە ژنت بۆ چییە؟!» یان بەبیانووی ئەوەی کە «پیر بووە کەڵکی ژنهێنانی نەماوە».

ساڵی (١٩٢٧) زایینی پاش ئەوەی کە (شێخی نەمر) دوور خراوەتەوە گوندی (پیران) لەناوچەی مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەوێ لەگوندەکانی (وڵەژێر) (وەیسە) (ئاسکۆڵ) ژیاوە، لەوێ دانیشتووانی ئەو گوندانە بۆ ماوەی سێ ساڵ خزمەتێکی زۆر شێخیان کردووە بەتایبەتی دانیشتووانی گوندی (وڵەژێر) شێخ ناوەناوە کە عاجزو بێ تاقەت دەبوو، دەهاتەوە گوندەکانی ناوچەی (پێنجوێن) جارێکیان شێخ لەگوندی (دۆڵە سوور) دەبێت کە یەکێکە لەگوندەکانی (ناحیەی ناڵپارێز)ی قەزای پێنجوێنی پارێزگای سلێمانی، ئەو گوندە لەبناری چیای (بەردە سپیان) هەڵکەوتووە، ڕەنگی خاکەکەی سوورە بۆیە بەو ناوە ناسراوە و ناونراوە، زستانی زۆر سەخت و ساردە بەفرو بارانێکی زۆری لێ دەباری، ڕەز و باغێکی زۆری هەیە، ترێ، هەنجیر، هەنار، دارچنار و تووی زۆرە، یەکێک لەو کانیانە ناوی (کانی گەرم) بووە، لەبەر ماڵانی گوندەکەدا بووە لەزستانانندا ئاوەکەی گەرم و لەهاوینانندا ئاوێکی سارد و سازگاری هەبووە، دەڵێن ئەو ماڵەی کە شێخی تێدا دەژیا لەسەر ڕێی کانی ژنان بووە، ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ و نازدار و جوان کە ناوی (مینا) دەبێت، خەڵکی ئەو گوندە بووە، گوایە دەزگیرانی کوڕێکی بڵباسە و هێشتا نەیگوازتۆتەوە، شێخی نەمر کە ئەو ئافرەتە دەبینێ بەو هەموو شۆخی و نازدارییەوە، دەیەوێ داخوازی بکات و بیهێنێ، بەڵام شێخ ئاگای لێ نییە و ناشزانێ کە ئەو کچە دەزگیرانی هەیە.

مەلا کاکە حەمەی بێلووی مەریوانی (١٨٧٤ ـ ١٩٤٤) زایینی، شاعیری گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراو بە (ناری) کە دۆستێکی زۆر خۆشەویستی (شێخی نەمر) بووە، هەردەم ئاڵوگۆڕی نامە لەبەینیاندا هەبووە کە ئەم باسە دەبیستێ، ئەم نامەیە بۆ شێخ دەنێرێت. پاش ئەوەی کە شێخ نامەکەی پێدەگات و دەیخوێنێتەوە یەکسەر لەهێنانی ئەو ژنە پەشیمان دەبێتەوە و وازی لە ژن هێنان هێناوە.

دەفەرموون با بەیەکەوە نامە جوان و ڕازاوەکەی مەلا کاکە حەمەی بێلوو بخوێنینەوە کە بەڕاستی گەوهەری لێ دەباری:

**سەرچاوەکان:-**

١-سلێمانی شارە گەشاوەکەم، جەمال بابان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، بەرگی سێیەم، هەولێر، ل٤٦١.

٢.شێخ مەحموود لە شیعری کوردیدا، لەتیف بەرزنجی، بەرگی سێیەم، هەولێر، ١٩٩٠

٣.دیوانی ناری، مەلا کاکە حەمەی بێلوو، کۆکردنەوە و لێکدانەوەی: عوسمان عارف ئاری زادە، ٢٨٢ و ل٢٨٣.

زەرفی مینا شاهی من     مەزروفی ئەڵماسی دەوێ
وەک کونی ماکینە دەرزی     تیژ و ڕەقاسی دەوێ
قەتعی ڕێگەی (دۆڵە سوور) و     (کانی گەرمی بەر موان)
هیممەتی چاپوک سواری     عێلی بڵباسی دەوێ
بەحری قولزوم تەجرەبەی     قووڵی بەهەر کەس ناکرێ
ئیمتحانی بێخی دەریا     شەخسی غەواسی دەوێ
چاوی مێروو موشکیلە     تەشخیسی ئەو بێ زەڕەبین
ماهی نەو دۆزینەوەی ئەو     زیادە ئیحساسی دەوێ
وەزعی بێ زەرفی لە بۆتۆ     ئیشی بێ زەرفی نییە
بۆ کە شمشێری مجەوهەر     مەحفەقی خاصی دەوێ
موختەسەر زەرفی زەریف و     شەمعدانی وەک بلوور
شەمعی کافووریی میسالی     بێ گرێ و ڕاسی دەوێ

# کافکا، ئەو ئەدیبەی دوای مردنی ژیا!

**ئا: یووسف مەنتک**

کافکا لە ١٨٨٣/٧/٣ لە پراگ، لە دایک و باوکێکی یەهوودی دایک بووە. ئەم خێزانە زیاتر بە ئەڵمانی قسەیان دەکرد.

کافکا وەک یەکەم منداڵ و تاکە کوڕی خێزانەکەیان، بێبەش نەبووە لە دڵڕەقی و باوکسالاری باوکی، کە زۆر کاریگەری بەسەر خێزانەکەیانەوە هەبووە.

ئەو تا تەمەنی ٣١ساڵیش لەگەڵ خێزانەکەیاندا ژیاوە. پێوەندی لەگەڵ باوکی باش نەبووە، توندوتیژی باوکی کاریگەری زۆری بەسەر کەسێتیی کافکاوە هەبووە، وایکردوە هەردەم لە ترس و دڵەڕاوکێدا بێت.

لەگەڵ ئۆتێللای خوشکی پێوەندی باش بووە، لەکاتی پشوو و بێ تاقەتی چووەتە لای و سەردانی کردووە.

لە ماڵەوەیان بە زۆری بە ئەڵمانی قسەیان دەکرد. لە دووکانەکەیاندا لەگەڵ کرێکار و کڕیارەکانیاندا بە چیکی قسەیان دەکرد.

کافکا خۆی جیا لەزمانی ئەڵمانی بە زمانەکانی عیبری، فەڕەنسی، ئیتالی و ئینگلیسی دەیتوانی قسە بکات. سەرەتای دەست پێکردنی نووسینی کافکا بۆ تەمەنی سێزدە و چواردە ساڵی دەگەڕێتەوە.

کافکا لە سەردەمی ژیانیدا زۆرێک لە بەرهەمەکانی فەوتاندوون، یان تەواوی نەکردوون. وەسیەتی بۆ (ماکس بروود) ی هاوڕێی کردووە، دوای مردنی سەرجەم بەرهەمەکانی بسووتێنێت، بەڵام (ماکس بروود) وەسیەتەکەی بەجێ نەگەیاندووە و بەرهەمەکانی پاراستوون.

باوکی کافکا دوای مردنی کوڕەکەی دوکانەکەی نامێنیت، لەگەڵ ئەوەیشدا حەزی بە نووسەری کوڕەکەی نەکردووە، بەڵام داوی مردنی، بەڵێننامەیەک لەگەڵ (ماکس بروود) بۆ بەچاپ گەیاندنی بەرهەمەکانی کافکا واژوو دەکات، بەمەرجێک لەسەدا (٤٥)ی داهاتی بەرهەمەکانی دوای فرۆشتنی بۆ (دۆرا دیامانت) بێت.

باوکی کافکا لە دوا ساتەکانی ژیانیدا، پەکی دەکەوێت و بەسەر عارەبانەوە لە ٦/٦/ ١٩٣١ لە پراگ دەمرێت. (یولی لۆڤی) دایکیشی لە ٩/٢٧/ ١٩٣٤ دەمرێت.

خوشکەکانی کافکا، ئیللی و ڤالی، بەر شاڵاوی هۆلۆکۆستی جوولەکەکان کەوتوون، بۆچوونی ئەوە هەیە لە بەهاری ١٩٤٢ لە ئۆردووگای زۆرەملێی (خیلمتوی) جوولەکەکان بووبن و نازییەکان لەناویان بردبن.

کاتێک نازییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست هەڵمەتی سووتاندن و قەدەغەکردنی کتێب و چاپەمەنیان دەست پێکرد، بەرهەمەکانی (کافکا)یش بەر ئەو هەڵمەتەی نازییەکان کەوتن و قەدەغەکران.

لە وڵاتانی بەناو سیستمی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستیش بەرهەمەکانی کافکا قەدەغە بوون، ناویان لەلیستی ڕەشدا بوو.

ئێستایش هەر کەسێک بە جۆرێک لە جۆرەکان بچێتەوە سەر خێزانی کافکا، یان پێوەندی هەبووبێت بە یەکێک لە خۆشەویستەکانی، یان هاوڕێکانی کافکا، لەهەر کوێیەک بمرێت، لە ڕاگەیاندنەکاندا هەواڵی مەرگی بە گرینگییەوە بڵاودەکرێتەوە

کافکا لەڕووی پێوەندی کۆمەڵایەتییەوە زۆر دوورە پەرێز بووە، چونکە هەردەم ترسی لە مەرگ هەبووە وەک باوکی. لەڕووی دەروونیشەوە دەم دەمی بووە و باری دەروونی جێگر نەبووە.

کافکا کەسێکی ئیرۆتیکی بووە، سەرەتای گەنجێتی تا تەمەنی بیست ساڵی بەزۆری چۆتە ماڵە ژنەسۆزانی و چالاکیی سێکسی هەبووە، دواتر وردە وردە بەهۆی نەخۆشییەوە ئەو ئارەزووەی جارانی نامێنیت.

کاتێک لە پراگ ژیاوە لە نزیکەوە بەشداری لە کۆڕ و چالاکیی سیاسی و گفتوگۆکانی نووسەر و ڕۆشنبیراندا کردووە. کەسێکیش بووە کاتی تایبەتی داناوە بۆ خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبی و فەلسەفییەکان.

کافکا یەکێک لە نووسەرە هەرە بە تواناکان بووە لە بواری نووسینی کورتە پەخشان، کورتە چیرۆک و ڕۆمان. لەگەڵ ئەوەیش خەڵکی چیک بووە، بەڵام بە ئەڵمانی دەینووسی.

ئەو بەرهەمانەی کافکا دەیخوێندنەوە کاریگەریان لەسەری هەبووە نموونەی بەرهەمی نووسەرانی وەکو: توماس مان، فلوبێر، هیگل، هێرمان هێسە، دیستۆیڤسکی، ستاندال، تۆڵستۆی، کانت، ئەنشتاین، فرۆید.

کافکا ئەو ئەدیبەی دوای مردنی ژیا، چونکە دوای مردنی ناووناوبانگی دەرکرد، ئەو لە ساڵی ١٩٢٤ لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشی قورگ کۆچی

> ❝ **کافکا لە سەردەمی ژیانیدا زۆرێک لە بەرهەمەکانی فەوتاندوون، یان تەواوی نەکردوون. وەسیەتی بۆ (ماکس بروود) ی هاوڕێیا کردووە، دوای مردنی سەرجەم بەرهەمەکانی بسووتینێت** ❞

دوایی کرد، سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە برسییەتی هۆکاری مردنەکەی بووە.

**بەرهەمەکانی کافکا:** ڕۆمان، پەخشان، چیرۆک، نامە، یادنووسی ڕۆژانە، سەفەرنامە، ڕوانینی بچووک و دەربڕینی کورت.

**ڕۆمانەکانی:** ونبوون، دادگا، کۆشک، ئەمریکا.

**کتێبی پەخشان:** کۆمەڵێک کورتە پەخشان لەکتێبێکدا بە ناوی(ڕامان).

**چیرۆک:** بڕیار، پێناسی خەبات، دکتۆری وڵات، ڕاوچییەکانی گراگۆس، دروستکردنی دیواری مەزنی چین، ئامادەکاری ئاهەنگی هاوسەرگیری لە شەودا، بوژایەوە، یەکەم ئازار، سەبارەت بە یاسا، هونەرمەندی برسی، گەرانی سەگ، عەرەب و داڵدەی کچان، ژنی بچووک، خانوو، گۆرانی پیتەر جۆزڤین. بەرهەمی دیکەی هەبوون هێندێکیانی بە خۆی لەناوی بردوون، هێندێکیان بزربوون، ئەوانەی ماوەنەتەوە کەوتوونەتە دەستی «ماکس برووود». نامەکانیشی هێندێکیان لای هاوڕێکانی پارێزراوبوون.

بۆ یەکەم جاریش کورتە پەخشانێکی لە ساڵی ١٩٠٨ لە گۆڤارێکی دوو مانگانەیی بەناوی(Hyperion) بڵاوکردەوە. دوای مردنی، یەکەم بەرهەم کە چاپ بوو بە ناوی (ئەمریکا) لە ساڵی ١٩٢٧ ئەوەش ڕۆمانیکی تەواو نەکراو بوو بە ناوی (ونبوونی پیاوێک) لە حاڵەتێکی تایبەت «ماکس برووود» خۆی ئە و ناوەی (ئەمریکا)ی بۆ دانابوو. بەڵام دواتر «برووود» بۆی دەرکەوت لە نامەیەکدا کە کافکا بۆی ناردبوو، لە نامەکەدا کافکا بە ڕاشکاوی باسی ئەوە دەکات خۆی ڕۆمانەکەی ناو ناوە(ونبوونی پیاوێک).



کافکا

کافکا ئارەزووی وێنەگرتن و وێنەکێشانی هەبوو، ئەو وێنانەی کێشاونی کەم ماوەنەتەوە، ئەوانی دی لەگەڵ دەستنووسەکانی لای «ماکس برووود» پارێزراون. وێنەی دایکیشی کێشاوە، وێنە فۆتۆگرافییەکانی هێندێکیان لە ماڵی خوشکی ئۆتێللا، لە دێی (زوراو) گیراون.

سەبارەت بە بەرهەمەکانی، تا ئێستا نووسین و توێژینەوەی زۆری لەبارەوە کراون، بەردەوامیش بەرهەمەکانی چاپ دەکرێنەوە، ئێستایش بەرهەمەکانی قسە و گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت. وەردەگێردرێنە سەرزمانە زیندووەکانی دی دونیا، لە نووسەر و ئەدیب و خوێنەران لە سەدەی بیستەم کەم کەس هەیە ناوی کافکای نەبیستبێت و تینووی بەرهەمەکانی نەبووبێت و نەیخوێندبێتەوە.

**نرخی بەرهەمە دەست نووسەکانی کافکا:**

لە زۆر شوێنی دنیادا بەرهەمە دەستنووسەکانی کافکا لە کتێبخانە و مۆزەخانەکان پارێزراون و نرخی بەرزیان هەیە، وەکوو: ئەمریکا، ئیسرائیل، ئەڵمانیا، پراگ، من لێرە چەند نموونەیەک دەهێنمەوە.

لەڕێکەوتی ٤-٥ /٢٠١٣/١٠/ نرخی نامەیەکی کافکا دەگاتە سەد و پەنجا و چوار هەزار یورۆ لە بۆرسەی سالزبورگی ئەڵمانیا، کە نامەیەکی ٨ هەشت لاپەرەیییە، کە بۆ «ماکس برووود»ی هاوڕێی ناردبوو. مێژووی نووسینەکەی بۆ١١/ ١٢/ ١٩٢٢ دەگەڕێتەوە، لە (لوزنجیی) باکووری (بۆمیش) لە پراگ.

لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٤/٢١ لە مۆزەخانەی ئەڵمانیا/ ئەرشیفی ئەدەب لە مارباخ، سەرجەم دەستنووسەکانی ڕۆمانی (دادگا)ی کافکا لە پێشانگەیەکدا پێشاندران. ئەو دەستنووسانە لەلایەن «ماکس برووود»ەوە پارێزراو بوون. لە ساڵی ١٩٨٨ لە ئەرشیفی ئەدەبی ئەڵمانی نرخەکەی گەیشتە سێ ملیۆن مارک.

نامەی مشکەکان، سەرەتای مانگی ١٢/ ٢٠١٢، نرخی گەیشتە نەوەد و شەش هەزار یورۆ، لە ئەرشیفی ئەدەبی ئەڵمانی لە مارباخ. نامەیەکە کە بۆ «ماکس برووود»ی ناردبوو لە ٤ چوار لاپەرەدا، لە ڕێکەوتی ١٩١٧/١٢/٣ دا نووسراوە، یەکێک لە نامە زۆرەکانییەتی، لەم نامەیەدا کافکا باسی ترسی خۆی لە نیشانەی مشکی سەر تابلۆ دەکات، لە ٤/١١ / ٢٠١٣ لەگەڵ چەند دەستنووس ونامەی تردا لە پێشانگایەکدا پێشاندران.

**چەند بەرهەمێکی بزربووی دۆزرانەوە**

چەند بەرهەمێکی، کە لەلایەن «ماکس برووود»ەوە بزربوون، لە کتێبخانەیەکدا دۆزرانەوە، بەرهەمەکانی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٠٦ / ١٩١٦ نووسراون، بەرهەمی (پەخشانی یەهوودی) و چەندانی دی لەخۆ گرتووە، لەگەڵ ١٠ بەندی دیکە کە لە مانگی ٣/ ٢٠١٣ چاپ و بڵاوکرانەوە.

**«کافکا یەکێک لە نووسەرە هەرە بە تواناکان بووە لە بواری نووسینی کورتە پەخشان»**



# ئانا فرانک یەکێ لە بەناوبانگترین قوربانیانی تاوانی کومەڵکوژی هۆڵۆکۆست

## (کاتێ دەنووسم هەموو ترسەکان لەدڵم دەردەچن)

**ئا: فواد عوسمان**

ئانالیز ماری فرانک لە دایک بووی ١٢ حوزیران ساڵی ١٩٢٩ فرانکفورتی ئەلمانیا، هەر لەوێش ناوودەنگی دەرکرد، یەکێکە لە قوربانییە یەهودییەکانی دەستی نازییەکان.

بەهەزاران کەس بیرەوەریەکانی ئانا فرانکیان خوێندوتەوە، ئەو بیرەوەریانە دوای ئەوەی کۆکراوەتەوە و چاپکراوە بۆ چەندان زمان وەرگێردراوە و هەروەک شوێنی خۆحەشاردانەکەشی کە لە ناوەڕاستی شاری ئەمستردامی وڵاتی هوڵەندایە کراوەتە موزەخانەیەکی مێژوویی، ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک سەردانی ئەو شوێنە دەکەن.

ئانا فرانک لە ترسی نازییەکان لەگەڵ خانەوادەکەی ئەلمانیا بەجێ دێڵن و بۆ هولندا کۆچ دەکەن و بۆ ماوەی دوو ساڵ خۆییان حەشار دەدەن، لەو ماوەیەدا چەندان بیرەوەری ئەو ڕۆژانەی تۆمار کردوە کە بەرجەستەی ئەزمون و هیوا و ئاواتەکانی بوو.

تەمەنی تەنها ١٥ ساڵ بووە کاتی لەگەڵ خانەوادەکەی ئاشکرا دەبن و دەستگیر دەکرێن و ڕەوانەی سەربازگاکانی کۆمەل کوژی نازییەکان دەکرێن.

دایکی ناوی ئیدیپ فرانک و خوشکێکی لەخۆی گەورەتری هەبووە بەناوی مارغو، باوکی ئوتو فرانک لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا ئەفسەر بوە لە سوپای ئەلمانی، دواتر بۆتە بازرگان و پیاوی کار، لە هوڵندا و ئەلمانیا کاری کردوە، تاکە دەربازبووی خێزانەکەیەتی لەدەست نازییەکان، کە ڕاستەخۆ لە سەربازگای دەستگیرکراوان ڕزگاری بووە، لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەر دەگەڕێتەوە ئەمستردام و بەدوای هەواڵی خانەوادەکەیدا دەگەڕێت، لە ١٨ تەمموزی ساڵی ١٩٤٥ دوو لە براکانی دەبینێتەوە و هەواڵی خانەوادە و هەردوو کچەکەی (ئانا و مارغو)یان لێدەپرسی و ئەوان هەواڵی کچەکانی و نەمانی ئانای کچی پێرادەگەیێنن.

دوای گەڕانەوەی بۆ ئەمستردام، ئوتو فرانک باوکی ئانای جوانەمەرگ، بیرەوەرییەکانی ئانا دەدۆزێتەوە کە لەلایەن (میب جیس) پاریزرا بوون، زۆر دڵی پێخۆش دەبێت و ڕۆحی ئانای کچی تێدا دەبینێتەوە، ئەو بیرەوەریانە سەرنجی ڕادەکێشن و وای لیدەکەن ئەو بیرەوەریانە وەکو پەرتوکێک بڵاو بکاتەوە، لە نامەیەکیدا بۆ باوکی ئانا (میب جیسی) پاریزەر دەنووسێ: (بۆم دەرکەوت کە ئانا زۆر لە سەرجەمی ئەو مندالانەی لەناوچوون ـ کۆمەڵکوژ کراون، جیاواز تر بووە، هیچ ڕوانینیکم لەبارەی قولی دیدگا و هەستی ئەو کچەوە نەبووە).

خانەوادەی فرانک خێزانێکی یەهودی ئەلمانی نمونەییەی سەرکەوتووی چینی ناوەڕاست بوون، لەکەشێکی ئارامی فرە ئاینی دەوروبەری فرانکفۆرت دەژیان، ئانا لەسەروبەندی گۆڕانکاری گەورەی کۆمەڵگای ئەلمانی لەدایک بوو.

ئەو گۆڕانکاریانەی لەسەروبەندی ژیانی ئەلمانەکان بەگشتی و یەهودیەکان بەتایبەتی ڕوویاندا.

### ئانا فرانک چون باسی کوچی خۆی و خانەوادەکەی دەکات؟

ئانا فرانک لە پایزی ساڵی ١٩٣٣ لەگەڵ خانەوادەکەی بەرەو شاری ئەمستردامی هوڵندا کۆچ دەکەن، ئانا فرانک بەو دێرانە وەسفی کۆچی خۆی و خانەوادەکەی دەکات: (لەبەر ئەوەی ئێمە یەهودی بووین باوکم کرایە بەڕێوبەری کۆمپانیای ئوبیکتای ئەلمانیا، کە کاری بەرهەم هێنانی بەروبومی دروست کردنی مورەبا بوو، دوای چەند ساڵێک لە دژایەتی کردنی سامییەکان، خانەوادەی ئال فران دیسان لە شوێنی جێگیر بوونی نوێیان لە ئەمستردام هەستیان بە ئازادی کرد)

ئوتو فرانکی باوکی ئانا دەڵێ: لە ڕۆژانی ئەو سەردەمەدا دەکرا بلێین ئێمە لە ئەمستردام هەستمان بە ئازادی دەکرد.

ساڵی ١٩٣٤ ئانا فرانک لە خویندنگای مونتیسوری

> “ بیرەوەرییەکانی لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە باوکی بیرخەرەوەیەکی لەشێوەی چوارگۆشەی نەخشینراوی ڕەنگاوڕەنگی بە بۆنەی یادی ١٣ ساڵەی لەدایک بوونیەوە پێشکەش دەکات ”

شەشەم لە ئەمستردام دەستی بە خوێندن کرد، ئانا فرانک چەندان هاورێی ئەڵمانی و هوڵەندی و یەهودی و کرستیانی هەبوو، خۆشی قوتابییەکی زیرەک و ورد بین بووە و حەزی لە زانیینی شتەکان دەکرد.

ئەوماوەیە زۆری نەکێشا و قەدەر وایخواست لە ١ی ئەیلولی ١٩٣٩ هەموو شتێک بگۆڕدرێت، نازییەکان پولندا داگیر دەکەن و چەخماخەی شەڕێکی جیهانی هەڵدەگیرسێنن لە ئایاری ساڵی ١٩٤٠ هێزەکانی ئەڵمانیا چوونە ناو هوڵندا و داگیریان کرد ئەو مێژووەش بووە سەرەتای داگیرکردنی هوڵندا لەلایەن ئەڵمانیای نازییەوە لەبارەی ئەو ڕێککەوتەوە ئانا فرانک لە بیرەوەریەکانیدا دەنووسێ:

(کاتە خۆش و باشەکان کەم و لێک دوور بوون، سەرەتا شەڕ بوو دواتر ڕێککەوتن و خۆبەدەستەوەدان و هاتنی ئەڵمانەکان، لێرەوە مەرگەسات و قورسی ژیانی یەهودییەکان دەستی پێکرد) لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٠ داگیرکەرانی نازی لە هوڵندا پێوەری دژ بە یەهودیەتیان سەپاند.

یەهودییەکان بە دریژایی کات دەبوایە ئەستێرەی ڕەنگ زەردی داودیان ببەستایا و پابەندی قەدەغەی هاتوچۆ بن، هەروەک بێبەش کران لەوەی کە کاری سەربەخۆی تایبەتی خۆیان هەبێت، ئانا فرانک و خوشکەکەی ناچارکران بچنە قوتابخانەیەکی یەهودی لاتەریک.

## کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی ئانا فرانک

بەرهەمەکانی ئانا فرانک دەستەبژێری نامەکان و بیرەوەرییەکانی بوون کە لە ١٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٢ – ١ئابی ١٩٤٤ لە حەشارگەکەی نووسی بوونی، ئۆتوی باوکی لە ٢٥ی حوزەیران ١٩٤٧ دوای کۆکردنەوەیان بڵاویان دەکاتەوە.

ئانا فرانک بیرەوەریەکانی



لاپەڕەیەک لە بیرەوەرییەکان ئانا

لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە باوکی بیرخەرەوەیەکی (مفکرە) لەشێوەی چوارگۆشەی نەخشینراوی ڕەنگاوڕەنگی بە بۆنەی یادی ١٣ ساڵەی لەدایک بوونیەوە پێشکەش دەکات.

یەکەم دەروازەی تێدا تۆمار دەکات، کە نامەیەک بوو ئاراستەی هاورێیەکی خەیاڵی بەناوی کیتی کردبوو، تییدا نووسی بووی: (هیوادارم بتوانم هەموو شتێکت بۆ دەستەبەر بکەم، کە لەمەوبەر نەمتوانیوە بۆ کەسێکی دی دەستەبەر بکەم، هیواداریشم تۆ سەرچاوەیەکی مەزنی ئاسودەیی و پشتیوانی بیت)

لە ماوەی ئەو دووساڵەی خۆ حەشاردانی خۆی و خانەوادەکەی لە ماڵەکەیان Secret Annex لە ئەمستردام، بە بەردەوامی یادەوەری ڕۆژانەی دەنووسی، وەکو هەوڵێک بۆ بەڕێکردنی کات، لەوانەشە هەندێ لەو دەروازەی نووسینەکانی قولایی بێ ئومێدی ئەو دەربخەن.

لە ٣ شوباتی ١٩٤٤ دەنووسێت: (گەیشتومەتە قوناغێک بەئاستەم گرنگی بەوە دەدەم کە ماوم، یان دەژیم، جیهان لە دوای منیش لەگۆڕاندا دەبێت، بەهەر حاڵ ناتوانم بەوە هەستم، کە گۆڕانکارییەکان دروستی

**“یەهودییەکان بە دریژایی کات دەبووایە ئەستێرەی ڕەنگ زەردی داودیان ببەستابا و پابەندی قەدەغەی هاتوچۆ بن”**



پەیکەری ئانا لە ئەمستردام

**بەرهەمەکانی ئانا فرانک دەستەبژێری نامەکان و بیرەوەرییەکانی بوون کە لە حەشارگەکەی نووسی بوونی**

دەکەن).

لەگەڵ ئەوەشدا ورەی نووسین و هێزی عەقلی پاراستوە هەر بۆیە لە ٥ی نیسانی ١٩٤٤ نووسیویەتی: (کاتێ دەنووسم هەموو ترسەکان لەدڵم دەردەچن)

**دەنگدانەوەی نووسینەکانی ئانا فرانک**

لەو کاتەوەی ئەو بیرەوەریانەی بەناوی The Diary of a Young Girl بە زمانی ئینگلیزی بلاوکراونەتەوە تاکو ئیستا بۆ ٦٧ زمان وەرگیردراوە، ژمارەیەکی زۆری لێ چاپکراوە سەرەرای چەندان کاری شانوویی و سینەمایی کە لە سەرانسەری دونیادا نمایش کراون.

بیرەوەرییەکانی ئانا فراک بە زیندوی دەمێنەوە، نەک لەبەر ئەوەی ڕووداوی گەورەی وەسف کردوە، بەڵکو لەئەنجامی ئەو بەهرە ئاست بەرزەی و ئەو ڕۆح بەبەردا کردنەی، کە لە ترسناکترین بارودوخدا گەلاڵەی کردون.

**لە ١٥ی تەممووزی ساڵی ١٩٤٤**




شوێنی بیرخەرەوەی ئانا فرانک

**نووسیویەتی:**

(تەواو، مەحالە بتوانم ژیانێک بونیاد بنێم لەسەر بنەمای فەوزادا، چەرمەسەری و مەرگدا، وای دەبینم کە دونیا بەرەبەرە و لەسەرەخو ڕووە و جیهانیکی ترسناک هەنگاو دەنێ دەگۆردرێت، گوێم لە هەورە تریشقەی نیزک دەبیت کە تیکمان دەشکێنێت، هەروەها ئیمەش ڕۆژێک دێت هەست بە ژانی ملوینان کەس دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ سەیری ئاسمان دەکەم هەست دەکەین هەموو شتێک بەجۆریک بەرەو باشی دەگۆڕدرێت و ئەو دڕندایەتییەش کوتایی دێت و دڵنیایی و ئاسایش جارێکی دی دەگەڕێتەوە و باڵ بەسەر ژیاندا دەگرێت)

لەگەڵ بیرەوەریەکانیدا، ئانا فرانک تێنووسەکەی لە وەرگیڕاوی ئەو نووسەرانەی پێیان سەرسام بوون تەژی کردبوو، هەروەک پڕی بوو لەو چیرۆکانەی کە لەسەرەتای ئەوکاتانەی بەسەری بردون لە حەشارگاکەیاندا Secret Annex

نووسینەکانی دەرخەری توانای بەرز و قووڵی هەست و لێهاتوویی و بەرزتر لەتەمەنی ئەو کچە هەرزەکارە دەردەخەن.

دوای شەڕی دووەمی جیهانی حەشارگەی Secret Annex لە لیستی ئەو تەلارانە بوو کە داواکرابوو تیک بدریت، بەڵام کۆمەلێ کەس هەوڵەکانیان یەکخست و ئەوەیان بونیادنا کە ناوی نرا (ماڵی ئانا فرانک) ئەو ماڵە، یان ئەو خانووەی بووە شوێنی خۆحەشاردانی خانەوادەی فرنک، ئیستا یەکیکە لە سێ هەرە موزەخانە جەماوەرییەکانی ئەمستردام.

**ئاشکرا بوون و کوشتنی ئانا فرانک لەلایەن نازییەکانەوە**

ئانا فرانک یەکێ لەو ملیونان منداڵە یەهودییانە بوو کە لە کورەی تیزابی نازییەکان شوتێندران، دوای ئەوەی خەبەریان لێ دەدرێت و ئاشکرا دەبن، لە ٤ی ئابی ١٩٤٤ پولیسی نهینی ئەڵمانیا هاوڕێ لەگەڵ چوار لە نازییە هۆڵەندییەکان دەچنە ئەو باڵەخانەی کە خێزانەکەی ئانا فرانک خۆییان تێدا حەشارداوە، هەر هەموو ئەوانەیان دەست بەسەر کرد کە لەو شوێنە بوون، ئەو خانەوادە یەهودییە لەلایەن لایەنیکی نەناسراو خیانەتیان لێکرابوو و خەبەریان لێدرابوو و تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت ناسنامەی ئەو خائنە ڕوون نەبۆتەوە، دوای دەستگیر کردنیان سەرجەمی ئەوانەی لەو باڵەخانەیەدا بوون بەرەو سەربازگەی فیستربورک دەگوازرینەوە، کە یەکێک بوو لە سەربازگەکانی نازی لە باکوری هولندا، لە ٨ی ئابی ١٩٤٤ لەڕێگای شەمەندەفەرەوە گیراوەکان دەگوازرێنەوە ئەو سەربازگایە، دواترلە ٣ی ئەیلول ١٩٤٤ گواسترانەتەوە سەربازگەی مەرگ (اوشفیتز) لە پولندا، لەگەڵ گەیشتنیان بە سەربازگەی اوشفیتز پیاوەکان لە ژنان جیا دەکرینەوە، ئەو ڕوژەش دواین ڕوژ بوو کە (ئوتو فرانک) ژن و هەردوو کچەکەی تێدا بینی.

دوای چەند مانگێک لە کاری قورس و هەڵگرتن و گواستنەوەی بەردی گەورە و کاری قورستر، ئانا و مارغوی خوشکی لە زستانیکی سارد گواسترانەوە سەربازگەی (بیرغن ـ بیلسن) لە ئەلمانیا، هەردووکیان لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٤٥ گیانیان لەدەستدا، داکیشیان کە نەیان هێشت لەگەڵیان بێ بەهۆی نەخۆشی لە ٦ی کانونی دوومی ساڵی ١٩٤٥ وەفاتی کرد.

# دیدار

- ***لەگەڵ (سەباح عەبدولڕەحمان)دا***

دیداری نازم دڵبەند

## هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان:



# پێش من هیچ کەسێک لەسەر تەختەی شانۆی هۆڵی گەل نواندنی پێشکەش نەکردووە

لەوەتەی هەم (سەباح عەبدولڕەحمان) وەکو هونەرمەندێک لە بواری شانۆ و دراما و دەرهێناندا دەبینم. ئەمە شایەدمانی ڕۆژنامەنووسێکە کە چل ساڵ زیاترە دەنوسێ، کەواتە دەبێ ئەو مێژووە بنوسرێتەوە. ئەگەر ئەو یەکەم کەس بوو بێت لە ساڵی (١٩٦٢) وەکو یەکەم ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆی (هۆڵی شارەوانی هەولێر) کە دواتر بوو بە (هۆڵی گەل) نمایشی کردبێت، ئەی بۆ نەبێتە مێژووی هونەری شانۆی ئەم شارە؟

من ناڵێم بەر لە هونەرمەند (سەباح عەبدولڕەحمان) لە هەولێر حەزی شانۆ نەبووە. چونکە بەرلەویش کەسانی دیکەی شانۆخواز لەم شارەدا هەبوونە کە ئەو حەزەیان لەلا گەڵاڵە ببوو، وەکوو هونەرمەند (سەفوەت جەراح).

هونەرمەند (سەباح عەبدولڕەحمان) دەڵێ: ئەو یەکەمجار منی هێناوەتە سەر تەختەی شانۆ.

(فەتاح عەبدوللەتیف و جەواد ڕەسول و ئەحمەد سابیر) بەر لە ئەو شانۆ خواز بووینە، بەڵام زیاتر بە زمانی عەرەبی نمایشیان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکانیان هەر بە پیرۆز دەژمێردرێن.

ئەگەر بە لاپەڕەکانی گۆڕانکاری و ڕەوشی شانۆ لە هەولێردا بچینەوە، دەبێ (سەباح عەبدولڕەحمان و تەلعەت سامان) بە پێشەنگی ئەم ڕەوشە ناوزەند بکەین و بیانکەین بە بەروانکەیەک بۆ بەژن و باڵای شانۆی نوێکاری کوردی لە هەولێر.

بۆ زیاتر بەدواداچوون و دەرخستنی حەقیقەت و ئاشناکردنی نەوەی نوێش بەم مێژووە، لەمیانی کۆمەڵێ پرسیارەوە چوومەوە بنج و بناوانی هەموو سەربردە هونەرییەکانی هونەرمەند (سەباح عەبدولڕەحمان) ئەویش جانتای بیرەوەرییەکانی بۆ ئێمە و خوێنەرانی گۆڤاری (دیوان) کردەوە.

**دیدار: نازم دڵبەند**

**- با لە سەردەمی منداڵیەوە دەستپێبکەین بە دروستی لەهەولێرەوە، ئەو کاتانەی باوکت خاوەنی سەرتاشخانەیەکی دیاربوو لە هەولێر؟**

+منداڵ یان هەر مرۆڤێک هاوشێوەی کێڵگەیێکە لەیەکەم ڕۆژی لەدایکبوونییەوە بەچاک و خراپ، بەسوود و بێسوود، تامردن جۆرەها شتی لێدەڕۆیت، دەرئەنجامیش دەبێتە ئەو مرۆڤەی لەکۆمەڵگادا بە ڕواڵەتەکانی دەناسرێتەوە.

منیش تاکە کوڕی نێو شەش خوشکان بووم و دواتر بوون بە حەوت، بەحوکمی ئەوەی کە تاقانەی دایک و باوک و خوشکەکانم بووم، بەجۆرێکی بەرچاو نازم ڕاگیرابوو، داواکارییەکانم جێبەجێ دەکران، بە پێی توانای باوکم، کە کاری سەرتاشیبوو، بژێوییەکەمان لەو سەردەمەدا مام ناوەندی بوو، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە ڕەنگە لەهەموو هەولێر هەر سێ دوکانی سەرتاشین هەبووبن.

سەرباری ئەوەش باوکم وەک تەبیبێکیش ناوی دەرکردبوو، ئەوکاتە لە چلەکانی سەدەی نۆزدە هەولێر وەک لادێیەکی گەورە وابوو، کە بە سەدان لادێی بچووک دەوردرابوو.

سەرتاشخانەی باوکم لەڕیزی ئەو ڕیزە دوکانانە بوو، کە کەوتبوونە دەوروبەری قەڵای هەولێر، بەرامبەر مزگەوتی

(حاجی عەبدولقادر سەعید دەباغ) دوکانی (جەلیل خەیات)ی ڕەحمەتی، مغازەی مام سلێمانی (مام ساڵ) باوکی هونەرمەند (شێرزاد)ی ڕەحمەتی، هەروەها ئۆفیسەکەی (ئەحمەد چەلەبیش) لەڕیزی خوارەوەی ئەوان بوو، لەتەک دەرگای حەمامی (بازاڕی گەورە).

چەند وێستگەیێک لەژیانمدا کە لەیادیان ناکەم ئەوانە بوون: ئەو کاتەی لەپۆلی چوار چوومە پێنج، باوکم پایسکلێکی دوو تایەی لۆ کڕیم، یەکەم شت لەسەر شەقامەکەی بەردەرکی باتای ئەوکاتی لەسێڕیانەکەی چووم وێنەیەکم لەگەڵ گرت، زۆرم کەیف پێ هاتبوو. بەیانیانی هەردوو جەژنی ڕەمەزان و قوربان لە دوکانی باوکمەوە دەخیلەی بەخشیش و جەژنانەم دەگرتە باوەش و ڕامدەکردە ماڵەوە، لەگەڕەکی عارەبان، پشت موتەسەرفیەی هەولێر (قشلەی ئەوکاتی) کە تاکە بەندیخانەی هەولێریێ لێبوو. پارەی دەخیلەکەش لەسێ درهەم تێپەڕی نەدەکرد کە خوردەی عانە و فلس بوون.

لەپۆلی پێنجی سەرەتایی بووم (٦٠) فلسم کۆکردبووەوە، بەوپەڕی متمانە بەخۆبوونەوە چوومە (پەرتووکخانەی سەربەستی) و لەبەردەم خاوەنەکەی (مامۆستا رەئووف) وەستام و ڕۆمانی (لا انام) ی (ئیحسان عەبدول قەدوس) م لێکڕی و بۆ ماوەی یەک مانگ لەو باخچەی تەنیشت قشلەی، کە دەکەوتە شوێنی ئێستای مزگەوتی (دەباغ) دوای کۆکردنەوەی هاوڕێیانی گەڕەک، کە بریتیبوون لە خوالێخۆشبوان (سەیفەددین ئیسماعیل) و (فەرهاد شەریف) و (خالید محەمەد) و (جەمال حەمەوەیس) ڕۆمانەکەم بۆ دەخوێندنەوە.

ئەو ڕۆژانەشم قەد لەبیر ناچنەوە کە منداڵانی گەڕەک لەپەنجەرە بەرز و بچووکەکانی بەندیخانەوە، لەبەندکراوە سیاسییەکان، دروشمەکانی (چتان دەوێ؟ نانی گەرم) (چتان دەوێ؟ سەربەستی و ئازادی بۆگەل) وەک وانە فێربببوون.

جاروباریش لەڕێگای نامەی بچووک بەقەد چوکلێتێک لەپەنجەرەکانەوە بۆ کەسوکاریان فڕێ دەدا. لەساڵانی دواتردا زانیمان (مام شەریف ئاشچی) کە لەبەندیخانە بوو باوکی هونەرمەند (فەرهاد شەریف) بوو، ئەویش لەڕێگای دابەشکردنی خواردن بەسەر بەندکراوەکاندا. نامەی کەسوکاری بەندکراوە سیاسییەکانی دەگەیاند.

ئەوەی کە یارمەتیدەرم بوو لەبەدیهێنانی حەز و خەیاڵ و خەونەکانم ئەوەبوو کە هەموو ئەندامانی خێزانەکەمان خوێندەوار بوون، تاکە ماڵ بووین لەگەڕەکەکە کارەبامان هەبوو، دوو گڵۆپی (عەلەتریک) لەحەوشە و ژووری دانیشتنمان هەبوو، کەشوهەوای ناوخێزان و کاریگەری پەیوەندییە فراوانەکانی باوکی ڕەحمەتیم و دەرفەتی خوێندنم لەقۆناغی سەرەتایی وەک قوتابییەکی هۆشیار و خەیاڵ فراوان، بۆ گەیشتن بە خەون و ئاوات و ئارەزووەکانم، وایکرد کە هەنگاو و بیرکردنەوەکانم لەتەمەنم لەپێشتربن.

**– لە قۆناغی سەرەتایی ئەوەی بە بیرت بێتەوە، چۆن ژیانت دەگوزەراند؟ کێبوون ئەو هاوڕێیانەی کە لەگەڵیاندا ڕۆژانەت بەسەر دەبرد؟**

+ ڕاستیەکەی قۆناغی خوێندنی سەرەتاییم، بە دەستنیشانکراوی لەپۆلی چوارەوە لەژینگەیێکی لەبار و کاریگەر بۆ ڕەخسا، بۆ ئەوەی هەرچی بەهرە و حەزی هونەریم هەیە بیخەمە بەرچاو ڕەهەندێکی فراوانتر لەوەی کە پێشتر لە سنووری برادەرانی گەڕەک و هەندێ ئەندامانی خێزان دەمکرد.

دوای ئەوەی لەقوتابخانەی (ئیبن مستەوفی) کە لەتەیراوە بوو، بەهۆی زۆربوونی قوتابیان بەشێکمان گواستراوینەوە بۆ قوتابخانەی (النهضە) نەهزەی سەرەتایی کە دەکەوتە پشت بەڕێوەبەرایەتی ئێستای تەندروستی هەولێر، گۆڕەپانی ناوەڕاستی ئەو قوتابخانەیە بووە یەکەم سەکۆی شانۆم لەژیانمدا، ڕۆژانی پێنج شەمموان نمایشی بەشێک لە چیرۆکە ئایینییەکانم پێشکەش بە قوتابیانی دەوروبەری گۆڕەپانەکە دەکرد. ژیانی پێغەمبەران و خەلیفەکان و

**"لەڕووی تێکست و چێژی درامی و دەرهێنانی تەلەفزیۆنی بە کامیرای سەرشان و لە دەرەوەی ستۆدیۆ (لاس و خەزاڵ) وەرچەرخانێک بوو لە بواری هونەریدا"**


مالی سەباح عەبدولڕەحمان لە گەڕەکی عارەبان



خوێندکارانی پۆلی دووی پەیمانگە، لەوانەی دیکۆر لەسەر شانۆ

پیاوچاکانی ئیسلام. هەموو ئەو چیرۆکانەش مامۆستای ئایینی (مامۆستا فاتیح) دەینووسین و ڕاهێنانی پێدەکردین.

> **زنجیرە درامای فاڵچی، کە لە چوار ئەڵقە پێکدەهات، یەکەم زنجیرە درامای کوردییە، زۆرترین ئیعجاب و بەدواداچوون و نووسینی لەسەر بڵاوکرایەوە**

ئەو چالاکییانە بە درێژایی ساڵ هەموو ڕۆژانی پێنج شەمموان بەردەوامبوو. دەنگم خۆشبوو جاروبار گۆرانیشم دەگوت. ئەوەش وایکرد لەپۆلی پێنج بچمە ناو کەشافە و بەشدارییەکانم فراوانتر بوو. لەقوتابخانەش خولیام زیاتر بەلای وانەکانی هونەریدا هەڵدەکشا، بەتایبەت نواندن و وێنەکێشان و مۆزیک. ئێستاش لەبیرمە کە لەنێو برادەرانی قوتابخانە و گەڕەک ڕابەرایەتی مەجلیسی دانیشتن و گەمە و چالاکییانم دەکرد. زۆر پەل و عەجوول بووم. حەزم لەئاژەڵ و تەیروتواڵ بوو. سێ جاران باسکم شکاوە. جارێکیان بە کەوتن لەپایسکل و جارێکیش لە گەمەی قوتابخانە، کە قوتابییەک بەناوی (ڕەمزی) بەرپێنەی دامێ و خستمیە عەرز و دەستم شکا، هێشتا دەستم هەر بەسترابوو بۆجاری سێیەم لەسواربوونی کەر هەمان شوێنی ئەو دەستەم شکاوە، ئەو جارەشیان بۆیان بەستمەوە، بەڵام مام عەزیزی بەیتار پێی گوتم: ئەو جارەیان بشکێ دەبێ بیبڕینەوە. شوکر چیتر دەستم نەشکا، بەڵام تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ، ئەو سەرکێشی و بوێری و پێداگیریەم لە هەنگاوەکانم بۆ بەئەنجام گەیاندنی پڕۆژە و کارە هونەرییەکانم بەردەوامە و بە بەشێکی زیندووی ژیانی هونەری خۆمی دەزانم.

گرنگترین وێستگەی قۆتاغی خوێندنی سەرەتاییم لەپۆلی شەش دەستپێدەکات کە هۆشیاری و بە ئاگاییم بۆ ڕووداو و بەسەرهاتەکان ڕۆشن و دیار بوون. مامۆستای نووسەری چیرۆکە ئاینییەکان سەر بە (اخوان المسلمین) بوو. ڕۆژانی هەینی هانی دەداین بچینە نوێژێ لە مزگەوتی شێخی چۆلی، بەیناوبەینیش چەند نامیلکەیەکی مێژووی ئیسلام و ئاین و چینایەتی بۆ دەهێناین، وەک خەڵات پێشکەشی دەکردین، کە زۆربەیان لە بڵاوکراوەکانی (پەڕتووکخانەی ئیسلامی) بوون، ئەویش خوالێخۆشبوو (موحسین) خاڵی هونەرمەند (عەبدولواحید مەرجان) بوو، پاش چەند ساڵێک زانیم کە بەرپرسی ڕێکخستنی (اخوان المسلمین)ە لە هەولێر.

لەو برادەرانەی کە هاوڕێی خوێندنم بوون لەو قۆناغە. خوالێخوشبووان (خەسرەو حەمید و جەودەت شاکر و تەلعەت عارف و ڕەمزی سادق و سەیفەدین ئیسماعیل) و هیدیکەش.

گەورەترین ڕووداوی ئەو قۆناغەش شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی ساڵی (١٩٥٨) بوو، کە بۆ من کرانەوەی دەرگایێکی باش بوو بۆ بەدیهێنانی حەزی هونەری و گوزارشتکردن لە بەهرەو تواناکانم، بە تایبەتیش کە وەک بەهرەمەندێکی بواری هونەری چوومە نێو چالاکییەکانی بۆنە و یادەکانی ئەو کات، کە حزبی شیوعی ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕا و منیش وەک ئەندامی خێزانێکی چەپڕەو دەرفەتم پێدەدرا بەشداری بکەم. ئەو کاتە تیپی مۆسیقای دەرسیم لەهەولێر حزوورێکی بەرچاوی هەبوو، کە مامۆستا (جەمال هیدایەت) سەرپەرشتی دەکرد. ئێستاش لەبیرمە کە مامۆستا جەمال لەبارەگای یەکێتی قوتابیانی عێراق لقی هەولێر ڕاهێنانی سروودی (من شەڕم ناوێ) ی پێدەکردم کە لەئاهەنگی ساڵیادی شۆڕشی تەممووزدا زۆر سەرکەوتووانە ئەو سروودەم پێشکەش کرد. لەوەستان بەرامبەر بینەر و

جەماوەر ڕاهاتم و لە بۆنە و یادەکاندا ناوم دەخرایە نێو پرۆگرامەکان.

بە کرانەوەی ئەو ئاسۆیە گەشبینبووم و چەندین گۆرانی (شەماڵ سائیب) و (عومەر ڕەزا) و چەند گۆرانییەکی عەرەبی (وەحیدە خەلیل)م گوتەوە، چونکە تۆنی ئەوسای دەنگم لەو تۆنانە نزیک بوو. زۆرجاریش لەگەشتی کەشافە کە لە (سەر مەیدانی شەقڵاوە) ڕێک دەخرا بە نواندنی بچووک و لاسایی کردنەوە بەشداری چالاکییەکانم دەکرد.

من نە بەرێکەوت و نە بەناچاری نەبوویمە (سەباح عەبدولڕەحمان)ی دەرهێنەر و ئەکتەر و نووسەر. هەر لەمنداڵی و هەرزەکاریمەوە ئیشم بۆی کردووە. پلانم بۆی داڕشتیە و سەرکێشیم کردیە، چەندینجار سزا دراوم لەسەر پێداگریەکانم لەسەر بەردەوامبوون. هەموو کاتەک لەهەرەتی منداڵیم هەستم کردووە، لە بڕیاردان و هەڵبژاردەی ڕەفتار و کردارەکانمدا بە پێش تەمەنی ئاسایی خۆم کەوتووم، هەوڵی بەرچاوم داوە لەڕابەرایەتی و پێشڕەوی لە هۆشیار کردنەوە و هاندانی برادەرانم کە لە تەمەنێکی بچووکی هەرزەکاریماندا بەیەکەوە بچینە ڕیزی حزب و چالاکییەکانی ئەو کات لەخۆپیشاندان و دیوار نووسین و کۆبوونەوە نهێنییەکاندا.

چەند مانگێک لەقۆناغی شەشی سەرەتاییم خوێند، گواسترامەوە هاوینەهەواری شەقڵاوە بەهۆی دامەزرانی خوشکێکم وەک مامۆستا.

وەرچەرخانێک لەژیانی ئەوێم ڕوویدا. پەیوەندی برادەرایەتی و ڕەفاقەتم گۆڕانکاریەکی بەرچاوی تێکەوت لەگەڕەکی کریستیانەکانی ناو گوندی نیشتەجێ بووین کە لەنزیکەوە ئاشنای کردم بە جۆرێکی تازەی داب و نەریت و شێوازی جوولانەوە و چالاکییەکانم. هەر لەشەقڵاوە وەک دەنگخۆشێک لەئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایاندا بەشداریم کرد کە لەباخچەی خەلیل بەگی سازکرا. لۆخۆشی سەرۆکی یەکێتی مامۆستایان بوو، هەروەها ژمارەیەکی زۆری سەرکردە و سیاسەتمەدارانی عێراق و کوردستان بەشدارییان کردبوو. ئێستاش لەبیرمە پاش ساڵێک لە بەغدا گوێم لەدەنگی گۆرانییەکانی خۆم بوو، لەبڵندگۆی بەردەرکی یەکێتی قوتابیانی عێراق لەگۆڕەپانی (کفاح).

هەر لەشەقڵاوە هەستی سۆزداریم بزووی و مەیلی هاوڕێیەتی ئافرەت و چاوگێڕانم پەیداکرد. بەڵام زۆر بە سەنگینی، کە لەشێوازی جلوبەرگ و قسە و ڕەفتارم ڕەنگی دەداوە. خۆشەویست بووم لای زۆربەی ناسیاو و دۆست و مامۆستا و ڕەفیقانی قوتابخانە.

کۆمەڵگەی ئەوکاتی، لە کۆتایی پەنجاکان دابەشببوونە سەر سێ چین، بەشێکیان ژیانی خۆیان بە ئاسایی بەڕێوەدەبرد وەک ئەوەی بێ ئاگا بن لەهەموو ڕووداو و گۆڕانکارییەکان. هەندێک بێ دەخڵ و هەندێک بە دروشمی (کڵاوی خۆت بگرە و با نەیبا) ڕۆژانەی خۆیان بەڕێ دەکرد بەشێکی زۆری ئەوانەش کە کوردایەتی و حزبایەتی خولیا و حەزیان بوو دابەشببوونە سەر ناوونیشانی جۆراوجۆری حزب و ڕێکخراو و کۆمەڵە و بارەگاکانیان کە بە شێوەیەکی بەرچاو گەرم و گوڕی ململانێ و کێشمەکێشی هێنابووە مەجلیسی دانیشتن و کۆڕ و کۆبوونەوە و خۆپیشاندانەکان، ئەوکاتە دروشمی دابەشبوونی

**"پێم وایە دەرهێنەری شانۆ و دراما و سینەما بەر لە هەموو پسپۆریەک پێویستە بەهرەی نواندنی هەبێت"**


شانۆگەری (حلم لیلة صیف) دەرهێنانی محسن سعدون

> **ئەوەی بۆ من دڵخۆشکەر بوو لەوماوەیەدا هاتنی چەند قوتابییەکی هەولێر و سلێمانی بوو بۆ تەواوکردنی خوێندن لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغدا. لەوانە خوالێخۆشبوو (تەلعەت سامان) کە بە ڕێککەوت چاوم پێی کەوت و هانمدا کە پەشیمان نەبێتەوە**

چینایەتی و ململانێی چینی چەوساوە و دەرەبەگ لەهەموو دروشم و بانگەوازێک توندوتیژتر بوو، بە تایبەت لای چەپەکان.

ئێمەی هەرزەکارانیش لەو سەردەمەدا بەدەرنەبووین لەو دابەشبوون و ململانێیە، ئەگەرچی جاروبارێش هەستمان دەکرد کە ئەو بارە نالەبار و لەناکاوەی دوای شۆڕشی تەمووز کە ئێمەی خەریک کردبوو، کاریگەری دەبێت لەسەر چارەنووسی دوارۆژمان و دەبێتە ئاسۆیەک بۆ حەزو خەون و خۆشگوزەرانیمان، بۆیە لەبیرمە لەخۆپیشاندانی شەقڵاوە شانبەشانی فەرەنسۆ هەریری ڕەحمەتی بەسواری ئۆتۆمبێلێکی پشت کراوە، پڕ بە دەنگ هوتافم دەدا و سروودم دەگوت، لەزۆر لە یاد و بۆنەکانی ئەو کاتیش بەوپەڕی جۆش و خرۆشەوە هەڵپەڕیووم، چونکە پێم وابووە کە ئیتر بەهار و خۆشی بەڕێوەیە.

**– دوای تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی چۆن سەودای چوونە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدات کەوتە سەر و چۆن وەرگیرای؟ کێبوون ئەوانەی لە تاقیکردنەوەی وەرگیرانت ئامادەبوون؟ چیت ئامادە کردبوو بۆ ئەم تاقیکردنەوەیە؟**

+ ساڵی (١٩٦٠ - ١٩٦١) گەڕامەوە هەولێر و لەقوتابخانەی ناوەندی (کۆماری) لەپۆلی یەک کە مامۆستا (مەدحەت محمد سەفوەت) بەڕێوەبەری بوو، ئەو کاتە بۆ خوێندن خەم سارد و بێ باکییەکی زۆرم پێوە دیاربوو، بەتایبەتی لەوانەکانی زانیاری کە مامۆستا (مەکی) پێی دەگوتین، هەروەها لەزمانی

> **پێم وایە دەرهێنەری شانۆ و دراما و سینەما بەر لە هەموو پسپۆرییەک پێویستە بەهرەی نواندنی هەبێت**

ئینگلیزی کە مامۆستا (شێخ بورهان بەرزنجی) پێی دەگوتین، ئێستاش کەناویان دێن بە یادەوەری حەیزەرانەکانیان، هەردوو ناو لەپم دەبرژێنەوە، بەڵام ڕێز و خۆشەویستیم بۆ هەردووکیان کە زۆر بەڕێز و جدی بوون لە وانە گوتنەوە. لەپۆلی یەک چەند قوتابییەک هەبوون پەیوەندی برادەرایەتی قووڵم لەگەڵیاندا هەبوو، لەوانە: خوالێخۆشبوو (سادق هەریری) کە لەتەکم دادەنیشت، دەنگ خۆشبوو مەیلی بیری چەپی هەبوو، زۆرم خۆشدەویست. هەروەها خوالێخۆشبوو (فازیل وادی) کە قوتابییەکی سەرکێش و بزێو بوو. لەبیرمە ڕۆژێکیان لەپۆل دەمانچەیەکی دەرکرد و هەڕەشەی لەمامۆستا (شێخ بورهان) کرد و لەگۆڕەپانی قوتابخانەکەدا دوای کەوت، دواتر کە فازیل وادیان گرت دەرکەوت دەمانچەی باغەیە. هەر بەو هۆیە یەک هەفتە لە قوتابخانە دەرکرا، هەروەها خوالێخۆشبوو جەودەت شاکر و مامۆستا تەلعەت عارف و سەباح عەونی و



بەشداربوانی شانۆگەری (البغیة الفاضلة) دەرهێنانی بەهجەت جبوری

زۆرانی دی کە ناوەکانیانم لەیاد نییە. خوێندنی ئەوکاتمان بە زمانی عەرەبی بوو، منیش بەهۆی خوێندنەوەی پەڕتووک و نامیلکە و چیرۆک، عەرەبی زانێکی چاکم لێهەڵکەوتبوو، ببوومە سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری، هەفتانە بەسەرپەشتی مامۆستای زمانی عەرەبی خوالێخۆشبوو مامۆستا (جەلال غەریب) چالاکیمان پێشکەش دەکرد، کە ئێستاش بە (عەراب)ی خۆمی دەزانم، کە یەکەم کەس بوو هانیدام ببمە هونەرمەند، لەو ڕۆژەی کە مامۆستای گەورە خولێخۆشبوو (سەفوەت جەراح) سەردانی قوتابخانەکەمانی کرد بەمەبەستی هەڵبژاردنی چەند قوتابییەکی بەهرەمەند بۆ بەشداری پێکردنیان لەنواندنێکی چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر. مایەی شانازیمە کە مامۆستا (جەلال غەریب) منی بە قوتابییەکی بە توانا و بەهرەمەند لەبواری نواندندا پێناسە کرد. لە تاقیکردنەوەی هەڵبژاردنەکەشدا زۆر سەرکەتووانە بەهرەی خۆم سەلماند و دواتریش لەو تێکستەی کە مامۆستام (سەفوەت جەراح) دەستنیشانی کردبوو بەناوی (انە سیعیش) لە نووسینی (سعدون العبیدی) ڕۆلی سەرەکیم تێدا بینی بەناوی (ئەنوەر) کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەسەر شانۆی (هۆڵی گەل) پێشکەش کرا کە ئەو کاتی ساڵێک بوو ئەو هۆڵە بەناوی هۆڵی شارەوانی دروستکرابوو، پێش من هیچ کەسێک لەسەر تەختەی شانۆی هۆڵی گەل نواندنی پێشکەش نەکردبوو، بۆیە دەڵێم: (نەفرەت لەوانەی ئەو هۆڵەیان بەو چارەنووسە گەیاند) خیانەتکاری بوو، بە ئەنقەست و بۆ دەستکەوت ئەو کارە ئەنجامدرا، دەنا دەبوا وەک شانۆی (ابو خلیل القبانی) بە جوانترین شێواز لەسەر هەمان دیزاین نۆژەن بکراباوە، ببوایە بە (دەزگای شانۆی نەتەوەیی کورد).

دوای ئەو نمایشە لەکۆتایی ساڵ بەشداریم لە خۆپیشاندانەکەی (ئاشتی ئاشتی لە کوردستان)دا کرد بەسەرپەرشتی حزبی شیوعی، کە تازە چووبوومە نێو ڕێکخستنەکانی و (حاجی فاروق عوسمان نەجار) بەرپرسی شانەی حزبی بوو. ئیتر لەدوای خۆپیشاندانەکە، لەگۆڕەپانی ئاشتی هەولێر و لە تەیراوەش لەچوارڕیانەکەی ناوەڕاستی شەقامی تەیراوە و بەردەرکی ماڵی (نورالدین ئیبراهیم)ی مۆزیک ژەن، کە هەرخۆشی وتاری خۆپیشاندانەکەی خوێندەوە، پۆلیس هاتن و چەند تەقەیەکیان کرد و ئێمەش پەرتەمان لێکرد و دواتریش فەرمانی گرتن بۆ چەندین کەس دەرچوو، منیش بە ناچاری هەولێرم جێهێشت و چوومە بەغدا، ساڵێکی خوێندنم لەدەستچوو ساڵی دواتر بڕوانامەم گواستەوە لۆ بەغدا، لە ناوچەی کازمیە سەردەمێکی تازەی ژیانم دەستی پێکرد، کەسانێکم ناسی هاوبیر و هاوخەونی من بوون لەوانە: (دکتۆر سەلاح القصب) (ناسر حەسەن) مامۆستا (عەبدولڕەحیم ئەلقەتان) کە سەرپەرشتکاری چالاکی قوتابخانەکانی (کرخ) بوو (ڕەزا عەلی) م ناسی کە دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بوو، بەر لەوەی ببێتە ئەو گۆرانی بێژە ناودارە، مۆزیک ژەنی جوزەی عێراقی شەعووبیم ناسی.

لەگەڵ ئەو بەڕێزانە ماوەی دوو ساڵم لە قوتابخانەی (الفجر) لە کازمیە بەسەرم برد و شانۆگەریم لەسەر شانۆی (الحریە) پێشکەش کرد بەناوی (تجربە الفقط) و (کلام الناس) و (الاشقیاء).

پاش تەواوکردی قۆناغی سێ بێ یەکودوو وەک ئەکتەرێکی پڕ متمانە بەخۆم، وەک تاکە بژاردەم ساڵی (١٩٦٤) چوومە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، دوای تاقیکردەوەیەکی سەرکەوتووانە هەر ئەو ڕۆژە لەلایەن خوالێخۆشبوو مامۆستا (بەهنام میخائیل) ئاگادارکرامەوە کە ناوم لە لیستی وەرگیراوانە. لەم خولەی بەشی شانۆ ئێمە دوانمان کورد بووین، من و خاتوو شەوبۆ ناوێک کە دواتر، لەساڵی دووەم خوێندنی پەیماگەی بەجێهێشت.

خۆشبەختانە لەگەڵ دەستپێکی خوێندنی ئێمە لە پەیمانگە، کە چواردە قوتابی بووین، دوو کچ و دوانزە کوڕ هەرهەمووشمان بە ئاواتی ئەوەوە هاتبووین کە درێژە بە کاری شانۆ و دراما بدەین ئەوەش وای کرد کە زۆربەی دەرچوونی ئەو خولە بوونە ئەستێرە و ناودار لەو بوارەدا وەک: خاتوو (فەوزیە عارف) کە دواتر هاوسەرگیری لەگەڵ مامۆستا (سامی عەبدولحەمید) کرد هەروەها (نەزار سامەرائی) (بەهجەت ئەلجبووری) (حەمید ئەلجەمالی) (عەبدوڵلا حەسەن) (سەلمان فایەق).

لەو خولەی شانۆدا زۆرترین نمایش پێشکەش کرا کە دەرفەتێکی زۆر چاک بوو بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی کارکردنمان، لە هەمان کاتیشدا بەشداری بەرهەمی دەرچوونی قوتابیانی کۆتا

**«نەچوومەتە بەردەست دەرهێنەرێک بەدواداچوونم بۆ تواناکانی نەکردبێ»**



هونەرمەندان سەباح عەبدولڕەحمان و فەوزیە عارف لە شانۆگەری یولیوس قەیسەر

> "هونەرمەند عەبدولڕەزاق شەمسەدین زۆر سەرکەوتووانە ڕۆڵی ئافرەتی بینی و بووە یەکەم قوربانی تانەو تەشیری خەڵکانێکی پاشکەوتوو"

ساڵمان کرد کە بۆ ئێمە وەک خولێکی ڕاهێنان وابوو، ئەمە جگە لە تاقیکردنەوەی جۆرەها ڕێباز و قوتابخانە و ستایلی بەرهەمهێنان.

خۆم ساڵانە دەچوومە نێو بەرهەمێکی گەورەی مامۆستایان وەک (خەونی نیوە شەوی هاوین)ی شەکسپیر، لە دەرهێنانی مامۆستا (موحسین سەعدون) هەروەها شانۆگەری (یولیوس قەیسەر) لەدەرهێنانی مامۆستا (جەعفەر ئەلسەعدی) هەروەها شانۆگەری (هاملێت) لەدەرهێنانی مامۆستا (حەمید محەمەد جەواد).

هەر لەڕێگای ئەو قوتابیانەی کۆتا ساڵی پەیمانگە کە کارم لەگەڵیاندا دەکرد و زۆربەیان تا ئەمڕۆش لە ئەکتەر و دەرهێنەرە بەناوبانگەکانی عێراقن وەک (دکتۆر سەلاح ئەلقەسەب و فەخری عەقیدی و تەها سالم و قاسم مەلاک و عەونی کەرومی و مرسل الزیدنی و فەوزیە شندی و فەوزیە حەسەن و عادل کازم و فاروق فەیاز و توعمە تەمیمی) توانیم بەپەرمەوە قۆناغێکی تازەی کارکردن لەنێو تیپە هونەرییە مۆڵەت پێدراوەکانی ئەوکات کە زۆربەی مامۆستایانی خۆم سەرپەرشتکاریان بوون و وەک دەستەی بەڕێوەبردن حزووریان هەبوو، ماوەی ساڵێک وەک میوان هاتووچۆی تیپی شانۆی نوێم دەکرد، کە یوسف العانی و ابراهیم جەلال و خەلیل شەوقی و سامی عبدالحمید بەڕێوەیان دەبرد. مەرجی بە ئەندام بوون لەو تیپە قورس بوو دەبوایە دەرچووی پەیمانگا بیت و پێنج ساڵ ئەزموونی کردەکی کارکردنت هەبێت. دواتر بوومە ئەندامی تیپی شانۆی ئازاد (فرقە المسرح الحر) لە ساڵی (١٩٦٦) کە مامۆستا جاسم العبوودی سەرۆکایەتی دەکرد و توانیم بەشداری لە شانۆگەری (پشیلەو مشکەکان)دا بکەم کە دکتۆر سەلاح القصب ڕۆلی سەرەکی تێدا گێڕا. پاشان دەرفەتم بۆ ڕەخسا لە زنجیرە درامایەکی تەلەفزیۆنی ڕۆلی سەرەکی ببینم بە ناوی (دەهلیز) لەدەرهێنانی عەبدولهادی موبارەک کە مامۆستا حامید ئەلاترقچی ڕکابەرم بوو بۆ بینینی ڕۆڵەکەم، بەڵام دواتر بژاردەی دەرهێنەر من بووم، بەمەش وەرچەرخانێک لەئەزموونی کاری هونەرییم ڕوویدا و توانیم پەرە بەو توانایە بدەم و لە دوو بەرهەمی تەلەفزیۆنی بەناوی (الاسطوانە) و (الوحل) بەشداری بکەم.

لە شەستەکان بژێویو گوزەران بەسەربردن و خوێندن لە بەغدا زۆر قورس بوو، بە تایبەتیش بۆ ئێمەی گەنج و تێکەڵ بە ناوەندی هونەری، بەڵام من ورەم بەرزبوو کۆڵم نەدا بەیانیان تاکاتژمێر دوو لەپەیمانگە دەوامم دەکرد، دوای ئەوە نیمچە کارێکم دۆزیەوە و داهاتێکی مانگانەی بۆ دەستەبەر کردم ئەویش هەڵواسینی (قیتعە زەوئیەکانی کۆمپانیای بیبسی کۆلا) بوو بەسەر وەکیلەکانیدا کە هەموو ڕۆژ لە پەیمانگەوە بەپێ دەچوومە (مەیدان) و لەوێ لەفەی یەکم دەخوارد و بۆ سەعات (٣)ش دەبوایە لەو وێستگەیەی پاس بوەستم کە ئۆتۆمبێلی کۆمپانیای بیبسی کۆلا دەهات، بۆ ئەوەی دەست بە ئیش بکەم تا سەعات(٦)ی ئێوارە بە نیو دینار.

کاتژمێر (٧)یش دەچوومە بارەگای تیپ و دەستمان بە پرۆژەی بەرهەمەکان دەکرد، من لە پەیمانگە لای دوو مامۆستا زۆر خۆشەویست بووم، مامۆستا بەهنام میخائیل کە ستاسلافسکی بە ڕێبازی پیرۆزی خۆی دەناسی و ئەوەی تریان مامۆستا حەمید محمد جەواد، کە مامۆستایەکی

**شوکر (سەباح عەبدولڕەحمان) وەک هونەرمەند، دەرهێنەر، ئەکتەر و نووسەر لەخۆی ڕازیە**

سەرکێش بوو، بڕوای بە هیچ زەوابت و ڕێنمایی و یاسا و ڕێسای پەیمانگەکە نەبوو، لە پسپۆریەکەی پڕ شارەزایی و مەعریفەی نوێگەری بوو، دەرهێنەرێکی داهێنەر بوو لە نوێخوازیدا، زۆربەی مامۆستا و ئیدارەی پەیمانگەکە هاتنی ئەو مامۆستایەیان بە شەپۆلی شێتاتی و بەرەڵایی دەزانی. من و دوو برادەرم کە نەزار سامەرائی و حسین عەلی سولتان بوون حەفتانە دانیشتنی شەوانەی ئەبو نەواسمان هەبوو، ئەو لەسەر کورسییەکەی خۆی لە نزیک ئاوەکە ڕادەکشا و لە ماوەی سەعاتێکدا بەدەم خواردنەوەی یەک بوتڵ بیرە خوێندنەوەی خۆی تەواو دەکرد، ئێمەش لە نزیک ئەو سێ بیرەمان بانگ دەکرد، هەر کەسە و پارەی خۆی دەدا. لەو شەوانە مامۆستا حەمید نیوسەعاتی بۆ شەرح کردنی ناوەڕۆکی کتێبەکە و پێناسەی نووسەرەکەی بۆ تەرخان دەکردین، ئەو وانانە تا بڵێی بۆ من سوود بەخشبوون. کاریگەری مامۆستا حەمید محمد جەواد لەسەر بەشی شانۆی پەیمانگە ئەوەندە زۆر بوو گەیشتە ئەو ڕادەیەی خەریک بوو نارەزایی قوتابیان ببێتە هۆی شڵەژانی خوێندن، بۆیە حکومەت و ئاسایش هاتنە سەر خەت و مامۆستا حەمید دەستبەسەر کراو لە ئاسایشی گشتی بەتۆمەتی هاندانی قوتابیان بۆ نانەوەی ئاژاوە تۆمەتبار کرا، بەڵام دوای ماوەیەک بەهۆی هەڕەشەی قوتابیان و خۆپیشاندان و ڕاگرتنی خوێندن مامۆستا حەمید ئازادکرا، دوای دەرهێنانی شانۆگەری هاملێت کە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو و بە باشترین بەرهەمی ئەو کاتە ئەژمار کرا، منیش یەکێک بووم لە بەشداربووانی بەرهەمەکە، مامۆستا حەمید بڕیاری دا ئەو وڵاتە جێبهێڵێت و چووە فەرەنسا، پێش سەفەرەکەی بە مانگێک لە بەغدا داوای لێکردم بە یەکەوە پیاسەیەک بکەین، تەواوی شەقامی ڕەشیدمان بڕی تا مامۆستا حەمید بە زەوقی خۆی دوو پارچە قوماشی قاتی کڕی، دواتریش هەر لەو شەقامە چووینە لای خەیاتێک کە خۆی دەیناسی و خەڵکی حلە بوو قیاسی مامۆستای وەرگرت، بە بەرگدرووەکەی گوت: ئێستا قیاسی ئەو پیاوە بگرە مەبەستی من بوو منیش ویستم قسە بکەم ئەو هەر بە تۆنی قسەکردنی خۆی گوتی (لا تحکی) یانی قسە نەکەی، من زۆر شارەزاییبووم، بۆیە بێدەنگ بووم، دواتر پاش ئەوەی پارەی بە بەرگدرووەکە دا گوتی: دەبێ قاتەکەی من پێش دوو هەفتە تەواو بکەی، چونکە سەفەر دەکەم، ئەوەی مامۆستا (مەبەستی من بوو) دواتر تەواو کە، ئەو پەلەی نیە.

ئەو هەڵوێست و کردارەی لای من مایەی سەرسوڕمان نەبوو چونکە، شتی لەوە سەیرترم لەو زاتە بینیبوو، دوای ئەوەی هەردووکمان لە پەیمانگە دابڕابووین، جارێکیان چوومە لای لە ئوتێلەکەی، کە ژوورێکی گرتبوو یەک قەرەوێڵەی ئاسایی تێدابوو، بەڵام هەر چوار دیواری کتێبخانە بوو، بۆ دواجار کە چاومان پێککەوت، تەنها ئەو ڕستەیەی دووبارە کردەوە و گوتی: (ئازادی خۆت مەدۆڕێنە.. هەموو شتێکت بردۆتەوە).



کۆنگرەی مۆزیکی عەرەبی لەگەڵ هونەرمەندی مەقاماتی عێراقی (محەمەد گوبانچی)




> **ئەو ڕووداوانەمان زۆر خستۆتە بەرچاوی سەرکردایەتی سیاسی کورد بۆ ئەوەی لایان ڕوون بێ کە هونەر تەنها جرت و فرت و خۆشی و ڕابواردن نییە**

**+ ئەو کەسانەی لەگەڵ تۆ وەرگیران کێبوون؟ زیاتر بەکامیان سەرسامبووی؟**

– ئەوانەی جگە لەمن وەرگیران چواردە قوتابی بوون لەشارەکانی عێراق، دوانیان بەردەوام نەبوون تا کۆتایی خولەکە چەد قوتابیەکیش تەنها بۆ ئەوە هاتبوون کە ببنە مامۆستا، بەڵام ئەوانەی دی درێژەیان بە بزاقی هونەری خۆیان دا و هەندێکیشیان بوونە یەکێ لە ئەکتەرە ناودارەکانی عێراق وەک: (بەهجەت جبوری، نەزار سامەڕائی، فەوزیە عارف، حەیدەر مەولا، محمد نوری طبو، سلێمان فایق، نورالدین شاکر، عبدالامیر عبادی). بەدرێژایی ساڵانی خوێندنم هاوڕێیەتی و کاری هونەریم زیاتر لەگەڵ هەردوو ئەکتەری ئەستێرەی عێراق (نزار سامەڕائی و بەهجەت جبوری) بوو.

**+ لە ساڵانی خوێندنت لە پەیمانگا بەشداری چەند کاری شانۆییت کرد؟**

– ساڵانە لانیکەم بەشداریم لەدوو بەرهەمی سەرەکیدا دەکرد، یەکیان لە دەرهێنانی قوتابیانی کۆتا ساڵی خوێندن، کە وەک نامەی ئەتروحە نمایش دەکرا، ئەوەی دیکەیان دەرهێنانی مامۆستایان بوو، کە وەک بەرهەمی ساڵ لە پەیمانگە نمایش دەکرا لەوانە: (یۆلیۆس قیصر، دەرهێنانی مامۆستا جەعفەر سەعدی) (حلم لیلە صیف، دەرهێنانی مامۆستا محسن سعدون) (بزازی و فئران، دەرهێنانی جاسم عبودی) (هاملت، دەرهێنانی مامۆستا حمید محمد جواد).

**+ تەکانێکی نوێی شانۆ لە هەولێر دەستپێکرد بەتایبەت دوای گەڕانەوەی تۆ و هەندێ لە هاوڕێکانت، بەڵام وەک بینرا تۆ بەگوڕ و تینتر بووی لە هەموان، دەکرێ باسی ئە دەسپێکە بگێڕیتەوە؟**

– دوای تەواوکردنی خوێندنی پەیمانگە، بۆ ماوەی ساڵێک لە بەغدا مامەوە یەکەمیان بەهۆی حەزی تەواوکردنی کۆلێژی هونەرە جوانەکان، دووەمیشیان بەهۆی پەیوەستبوونم بەچەند کار و بەرهەمێکی هونەری لەتیپی شانۆی ئازاد کە مامۆستای دەرهێنەر جاسم العبوودی سەرپەرشتی دەکرد و من لە ئەندامە کاراکانی ئەو تیپە بووم وەک ئەکتەریش زۆرترین دەرفەتی بینینی ڕۆڵم هەبوو لەبەرهەمە تەلەفزیۆنیەکانی ئەوکات کە تەلەفزیۆنی عێراق نۆ ساڵ بوو دامەزرابوو، منیش حەزم دەکرد شارەزایی لەو ئەزموونە پەیدا بکەم. هەروەها بەغدای ئەو کاتی گۆڕەپانێکی چالاکی بواری شانۆ و نواندن و دەرهێنان بوو لەسەر دەستی ئەو مامۆستایە خوێن گەرمانەی کە دەرچووی دەرەوەی وڵات بوون و ئەزموونی تازەگەری و تەکنیکی نوێی بەرهەمهێنانیان لەکارەکانی خۆیاندا پێڕەو دەکرد، ئەوەی بۆ من دڵخۆشکەر بوو لەوماوەیەدا هاتنی چەند قوتابییەکی هەولێر و سلێمانی بوو بۆ تەواوکردنی خوێندن لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغدا. لەوانە خوالێخۆشبوو (تەلعەت سامان) کە بە ڕێککەوت چاوم پێی کەوت و هانمدا کە پەشیمان نەبێتەوە لەبڕیارەکەی و مەسەلەی تاقی کردنەوەم زۆر بۆ ئاسانکرد، هەروەها هەواڵی ئەوەشم زانی کە خوالێخۆشبوو (فەرهاد شەریف)یش بەنیازە پێشکەش بکات. لەو ماوەیەدا پەیوەندیم لەگەڵ ئێزگەی کوردی بەغدا دروستکردبوو،

بەدواداچوونی زۆر وردم لەسەر بزاوتی شانۆ دەکرد لە کوردستان بەپشت بەستن بەو شارەزایی و زانیاریانەی کە پێشتر هەمبوو لەسەر هەولێر و ئەو زاتە پیرۆزانەی کە لەهەوڵی دانانی بنەمای هونەری شانۆدا بوون، بەڵام بەشێوازێکی سادە و ساکاری لاسایی کردنەوەی شانۆ و نواندن لەعێراق.

لەوانە مامۆستایانی خوالێخۆشبوو (جەواد ڕەسول ناجی) و براکەی مامۆستا (حەسیب و موفید حوسێن کسرە) کە هونەرمەندێکی شێوەکار بوو کاری ئارایشی لەبەرهەمەکانی نواندندا دەکرد و کۆمەڵێک گەنجی جوان و پڕ حەزی هونەر و نواندن لەگەڵ ئەو مامۆستایانە هاوکار بوون. لەوانە بەڕێزان (چەتۆ حەسەن و سابیر عەبدولڕحمان و خوالێخۆشبوو عەبدولواحد مەرجان و خوالێخۆشبوو هۆشیار سەید ئەحمەد و مستەفا ڕەئوف). ڕەنگە خەڵکانێکیش هەبووبن کە زانیاریم لەسەریان نەبووبێ. ڕێزم بۆ هەموویان، ئەوانە کەرەستەیەکی ئامادەکراوی ئەو بزاڤە بوون بۆ ئەزموونی کاری هونەریم.

ساڵی (١٩٦٧-١٩٦٨) لە پەروەردەی هەولێر دامەزراین، بۆ منیش کە باری بژێویم لەبەغدا قورس بوو، هەولێریش جووڵەیەکی شانۆیی تێدا دروست ببوو. بە ئارەزوویێکی لاواز بڕیارمدا بگەڕێمەوە هەولێر. بەپێی ڕێنماییەکانی پەروەردە کەوتمە شارۆچکەی ڕەواندز و دوای ساڵێک گواسترامەوە چالاکی قوتابخانەکان وەک سەرپەرشتکاری هونەری. ئیتر لێرەوە کەوتمە بەر ئەرکی بەرپرسیاریەتی ڕێکخستنەوەی ڕەوتی شانۆ و گۆڕینی ئاراستەکان لە شانۆی لاسایی کردنەوە و ڕاگوزاری بەرهەم بۆ شانۆیەک لەسەر بنەمایەکی زانستی و مەعریفی کە پێناسە دەکرێت بە نمایشی تێکست و دەرهێنەر و ئەکتەر بۆ بینەر و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی لەگەیاندنی پەیامی کۆتاییدا.

بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکەش پێش هەموو شتێک پێویستی بەپێکهێنانی گروپێک، یان تیپێکی شانۆیی هەبوو. بە دەست نیشانکردنی کەسانێکی بەهرەمەند و خاوەن توانای هونەری، بەپشت بەستن بەزانیاری و تێکەڵبوونی پێشترم لەگەڵ کەسانێکی دڵسۆزی ئەو بوارە لە مامۆستا و فەرمانبەر و قوتابیانی خانەی مامۆستایان و بەشێک لە مامۆستایانی چالاکی قوتابخانەکان وەک هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (تەحسین تەها) کە دەرچووی بەشی شانۆی هونەرە جوانەکانی بەغدا بوو. هەموو ئەوانەی لەدەروبەرم بوون، هەم هاوکار و هەم هاندەر بوون بۆ ئەوەی هەنگاوبەهەنگاو پرۆژەی دامەزراندنی تیپێکی نواندن دابڕێژم.

باگراوندێکی باشم هەبوو لە پێداویستیەکانی فەرمی و مەرجی پێویست بۆ پێکهێنانی دەستەی دامەزرێنەر بۆ پێکهێنانی تیپی مۆڵەت پێدراو. لەهەمووی گرنگتر ئەوەبوو کە ڕێککەوتنی یانزەی ئازار کرا و ئێمەی هونەرمەند و ڕۆشنبیران لە کەشوهەوای بەرپابوونی نیمچە ئازادیێکی ئەوکات دەرفەتی ئەوەمان بۆ ڕەخسا بەحوکمی چالاکی و بۆنە و ئاهەنگەکان لەبەرپرسانی ئیداری نزیک بینەوە. بەهاوکاری خوالێخۆشبوو (جەودەت ئەحمەد ناجی و کەمال حەمەدئەمین) کە هاندەری بەردەوامی بزاڤی ڕۆشنبیریی و هونەر بوون. داواکاریمان خستە بەردەم پارێزگاری ئەوکات (خالد عەبدولحەلیم)

لە (١٩٧٠/٢/٣) پێش دەرچوونی بەیاننامەی (١١)ی ئازار بەناوی چوار کەسی دەستەی دامەزرێنەر، کە بریتیبوون لە بەندە و مامۆستا تەحسین تەها و سوڵتان عەبدوڵڵا سەرپەرشتکاری چالاکی قوتابخانەکان و جەمال هیدایەت یاریدەدەری سەرپەرشتکار، داواکاریەکمان پێشکەش کرد بۆ کردنەوەی بارەگای تیپی هونەری هەولێر.

دواتر لە (جمعیات)ەوە کە فەرمانگەی ڕاستەوخۆی مۆڵەت پێدانی هەموو تیپ و گروپ و ڕێکخراوەکان بوو ئاگادار کراینەوە کە دەبێ سەرۆکی دەستی دامەزرێنەر لە بواری پسپۆری و هونەریدا، خزمەتی لە پێنج ساڵ زیاتر بێت. ئەو ڕێنماییە ناچاری کردین کە داواکارییەکەمان لەتیپی نواندنەوە بکەینە تیپێکی هونەری گشتگیر، پێکهاتەکەی مۆسیقا و نواندن و شێوەکاریش بگرێتەوە. مۆڵەت پێدانی تیپی هونەری هەولێر بۆ هەموومان بووە وەرچەرخانێکی گەورەی فراوانکردنی ڕووبەری چالاکیەکانمان.

بەبوونی بارەگا و پێڕەو و پرۆگرامی کار، توانیمان جۆرێک لەڕێکخستن و پۆلین کردن و بەڕێوەبردنێکی ئەکادیمیانە ببەینە نێو بەرهەمە هونەرییەکان. ساڵانەش ڕێپۆرتاجێکم بۆ جۆری بەرهەمە شانۆیی و دراماکانی تەلەفزیۆن دادەڕشت. لە هەڵبژاردنی تێکستەوە بگرە تا شێوازی کارکردن و وەرزی شانۆیی و کات و شوێن و نمایش و قەوارەی بەشداربووان و جۆری نمایش لە کۆمیدیا و تراژیدیا و شانۆی میللی و جیهانی و

> “دەبوایە زۆر زوو حکومەتەکەمان درکی بەو ڕاستییە بکردایە کە شانۆ لەهەر وڵاتێک پشتگوێ خرا، ئەوە دەبێتە نموونەیەکی زەقی دواکەوتن و عەیبەیەکی گەورە بۆ قۆناغی حوکمڕانییەکە”

ڕێبازی کلاسیک و نوێخوازی. لای من هیچ نمایشێک به بڕیاری هەڕەمەکی و هەوەس نەبووە، بەڵکو پلان بۆ داڕێژراو بوو، بەپێی ڕیپۆرتاج.

هەر بۆ نموونە دەستپێکی کارەکانم لە کۆتاکانی ساڵی (١٩٦٩)وە بەتایبەتی لەو ئاهەنگ و بۆنانەی کە مۆسیقا

**له ڕێگای دکتۆره شوکریه ڕەسوڵ و بەهاندانی بەڕێزیان توانیمان دەستنیشانی (مۆژده جەلال جۆبار) بکەین بۆبینینی ڕۆلی خەزاڵ لە شانۆگەری (لاس و خەزاڵ)دا کە لە نووسینی نازم دڵبەند بوو**

و گۆرانیشی دەگرتە خۆی هەوڵم دەدا کورتە نواندنی کۆمیدی بەشێوەزاری خۆمانەی هەولێر و تێکهەڵکێشکردنی بە کەلەپووری میللی و پەندی باو لەناو کۆمەڵگەدا نمایش بکەم، ئەوەشیان بەمەبەستی دروستکردنی بینەر و ئاشنابوونیان بەتەختەی شانۆ و بەخشینی چێژ و دڵخۆشی. لەوانەش نواندنی (پووتە و چورچە) و(پاڵەوانی ئاخیر زەمان) و (تەنها تاقیکردنەوە) و (چارە ڕەش) و هیدیکەش، کە زۆربەیان لە نووسین و ئامادەکردنی خۆم بوون. زۆربەشیان خۆم بەشداری نواندنم تێدا دەکردن.

هەر لەهەمان ساڵیشدا شانۆگەریەکی میللیم بەناوی (مەسەلەی شەڕەف) پێشکەش کرد. لەنووسینی سەعدون العبیدی و وەرگێڕان و ئامادەکردنی خۆم. زۆربەی ئەو هونەرمەندانەی کە ساڵانێکی زوو پێش گەڕانەوەم حەز و خولیای نواندیان هەبوو هاتنە ناو ئەو بەرهەمەوە و سەرکەوتووانە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بەئامادەبوونی بینەرێکی زۆر (بەکڕینی پلیتی هاتنە ژوورەوەش) لەسەر تەختەی شانۆی هۆڵی گەل نمایش کرا، کە خۆشم وەک ئەکتەر تێیدا بەشدار بووم.

درێژەم بەو ڕێباز و ڕیبورتوارەی خۆمدا تا کۆتایی ساڵی (١٩٧٤) بەدیاریکراویش لەگەڵ پاشگەزبوونەوەی ڕژێمی ئەوسا لە ڕێککەوتنەکەی (١١)ی ئازار کە ئەو ڕۆژە ئێمە لەبەغدا خەریکی فیستیڤاڵی هونەری کوردی بووین، ئەگەر چی من لە لیژنەی باڵای فیستیڤاڵ بووم، بەڵام پێشتر بۆ بەشداریکردن وەک تیپی هونەری هەولێر دەقێکم ئامادەکردبوو بەناوی (لە پێناوی ڕووناکی) دا کە لە نووسینی ئەکتەری خوالێخۆشبوو (هۆشیار سەید ئەحمەد) بوو. لە کۆبوونەوەیەکی دەستەی باڵای فیستیڤاڵ لەگەڵ خوالێخۆشبوو (سەیدا ساڵح یوسفی) و بە ئامادەبوونی دکتۆر ئیحسان فوئاد کە سەرۆکی لیژنەی باڵای فیستیڤاڵ بوو زانیارییمان پێگەیشت کە حکومەت بەنیازە لە ڕێککەوتنەکەی پاشگەز ببێتەوە، ئێمەش وەک دەستەی بەڕێوەبردنی تیپ هەر ئەوکاتە بڕیارماندا، بەشێک لە ڕووداوەکانی نمایشەکە بگۆڕین و ناوونیشانەکەشمان کردە (بەندکراوی ژمارە ١١).

زۆربەی بەشداربووانی نواندنەکەش بریتی بوون لە خێزانی خۆم و منداڵێکی بچووکی باوەش کە محەمەدی کوڕم بوو، هەروەها هەردوو کچەکانی مامۆستا هۆشیار سەید ئەحمەد بەناوەکانی (ساکار و تارا) لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەکتەرە بەڕێزەکانی تیپ.

هەر ئەو شەوەش دوای وتاری کۆتایی فیستیڤاڵ کە خوالێخۆشبوو محمد بدری خوێندیەوە بڕیارماندا بگەڕێینەوە هەولێر، خەڵکانێکیشمان لەوانەی کە لەبەغدا گومانی گرتنیان لێ دەکرا هەر بە پاسەکەی خۆمان گەیاندەوە هەولێر.

ئەو ڕووداوانەمان زۆر خستۆتە بەرچاوی سەرکردایەتی سیاسی کورد بۆ ئەوەی لایان ڕوون بێ کە هونەر تەنها جرت و فرت و خۆشی و ڕابواردن نییە، بەڵکو پەیام و هەڵوێست و کاریگەرییە لە بونیادی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، شانۆش لای کورد هەموو کات بەشێک بووە لە کێشە نەتەوەییەکەی.

**– شانۆگەری (فاڵچی) هەرایەکی نایەوە بەتایبەت لەلایەن هەندێ مەلای ئاینی گەیشتە (فتوا) دەرکردن، بەڕای تۆ ئەمە دوای چیهات؟**

+ لە ساڵانی (١٩٦٩ ـ ١٩٧٠) بەرنامەی کورتە نواندنی کۆمیدی و گۆاستنەوەی ئەزموونێکی شانۆی تاقیگەری (التجریبیەی بێتەر بروک)م لە ئاهەنگی کۆنگرەی یەکەمی نووسەرانی کورد لە هۆڵی گەل بەناوونیشانی (چیرۆکی کۆن) لە دەقی نووسەری عێراقی (محاذ یوسف) کە دکتۆر کەمال غەمبار وەریگێڕا بوو نمایش کرد. ئەو شانۆگەرییە هاوتەریب بوو لەگەڵ جاڕنامەی (ڕوانگە) کە لەو کۆنگرەیەدا ڕاگەیێندرا و بووە مایەی سەرنج و لێدوانێکی زۆری بینەری نوخبە



ئەکرەم خامۆش، سەباح عەبدولڕەحمان و نازم دڵبەند

و نووسەرانی نوێخواز و هانیان داین نمایشەکە بگوازینەوە بۆ سلێمانیش.

دوا بەدوای ئەوە بیرم لەوە کردەوە کە چالاکییەکانی شانۆ بگوازینەوە بۆ تەلەفزیۆن، بەمەبەستی فراوانبوونی پەیوەندیمان لەگەڵ بینەری کورد. بۆیە بەدوای دەقێکدا دەگەڕام کە بابەتەکەی چارەسەری کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوسای شارەکانی کوردستان بکات و مۆرکی خۆجێیەتی داب و نەریتە نەرێنیەکانی خەڵکانی نەفام و سادە و ساکار بخاتە بەرچاوی بینەر و هەنگاوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەش بەشێوازی کۆمیدیایی جاد بەرجەستە بکرێت. ئەوەبوو دەقی فاڵچی مامۆستای نووسەر (حەمەکەریم هەورامی) مان بەچاک زانی کاری تێدا بکەین، وەک شانۆگەری بەدوو قۆناغ نمایش کرا، لە هەولێر و مووسڵ، لە هەردوو نمایشەکەدا دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی وەک چێژ و ناوەڕۆک زۆر هیوا بەخش بوو بۆ تیپەکەمان، چونکە بابەتی فاڵچی لە کوردستان باو بوو. چەندین کارەساتی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێنابوو. ببووە مەترسییەک لەسەر تێکدانی شیرازەی خێزان، لەوەش مەترسیدارتر ئەوەبوو کە ئەو کارە لەژێر پەردەی ناوونیشانی ئایینداری ئیسلامدا ئەنجام دەدرا و خەڵکانێکی پاشکەوتووی دەکردە ئامانج. بەتایبەتیش ئافرەتی کورد کە بەدەست نەفامی و نەخوێندەواری و بڕوایەکی ڕەهای دینداری و ئیسلامەتی دەینالاند. فاڵچییەکان دەیانکردە پردی پەرینەوە بۆ فریودانیان، دواتر توانیمان ئیش لەسەر هەمان دەقی شانۆیی بکەین، خۆم دووبارە ئامادەکاریەکی تەواوی نووسینەوەی سیناریۆی تەلەفزیۆنی بکەم بەزمانێکی تێکەڵاوی شێوەزاری هەولێر و دەوروبەری، ئەگەرچی لە نمایشی شانۆیی هونەرمەند سابیر عبدالرحمن زۆر سەرکەوتوانە ڕۆڵی شێخ شەمسەی بینی و منیش ڕۆڵی زێڕینی خێزانیم بینی، بەڵام دواجار خۆم ڕۆڵی (شێخ شەمسەم) بینی. لە تەلەفزیۆنیش هونەرمەند (عەبدولڕەزاق شەمسەدین) ڕۆڵی زێڕینی بینی. وەک هەڵسەنگاندنێکیش بۆ ئەو هونەرمەندە. من بە ترۆپکی سەرکەوتن و داهێنانی ئەژمار دەکەم.

زنجیرە درامای فاڵچی، کەلە چوار ئەڵقە پێکدەهات، یەکەم زنجیرە درامای کوردییە، زۆرترین ئیعجاب و بەدواداچوون و نووسینی لەسەر بڵاوکرایەوە. بەڕێژەیەکی بەرچاویش داوای دووبارە نمایش کردنەوەیان کرد، هۆکارەکەش ئەوەبوو کە چەندین توێژ و کاسبکار و گەڕەک و کووچە و کۆڵانی ناو هەولێرێ بە ئامێری سینەمایی شازدە ملیم تۆمارکرا و لە بەغداش مۆنتاژ کرا، کە بۆ ئەو کات دەرچوون لە ستۆدیۆ کارێکی قورس و بابەتێکی هەستیار و بوێرانە بوو. لەو زنجیرە درامایەدا هەموو فروفێڵ و ساختەکاری فاڵچییەکان خرانەڕوو. هەڵاییێکی جەماوەری گەورەی دروستکردبوو بەرادەیێک ڕۆژانی نمایش چایخانە و ئەو شوێنانەی تەلەفزیۆنیان تێدابوو زرمەی دەهات لە بینەران. ئەو پێشوازیکردنە لە زنجیرە دراماکە، بەشێک لە شێخ و مەلاکانی نیگەران کرد، بەجۆرێک کار گەیشتە ئەوەی لە خوتبەی هەینی مزگەوت قسەی لەسەر بکرێت. بەوەش نەوەستان و چوونە لای پارێزگاری هەولێر عەبدولوەهاب ئەترووشی و شکاتیان لێکردم. دواتر خۆم لەگەڵیان دانیشتم و مەبەست

**“ لەساڵانی دواتردا زانیمان (مام شەریف ئاشچی) کە لەبەندیخانە بوو باوکی هونەرمەند (فەرهاد شەریف) بوو ”**

> **ئێمە لە ڕێگای ئامادەکردن و وەرگێڕانەکەی مامۆستای خوالێخۆشبوو (عمر شێخ الله) توانیمان ڕۆح و گیانی کەلەپووری کوردایەتی بەدەقی وەرگێڕدراو ببەخشین**

و ناوەڕۆکی بەرهەمەکەم شیکردەوە. دوای ئەوە خەڵکە هۆشیارەکە زیاتر پشتگیریان لە بەرهەمەکە کرد، ئێمەش سڵمان نەکردەوە و بەردەوام بووین لە کارەکانمان.

+ بەپێی نزیکییەک لەتۆ هەر لەگەڵ گەڕانەوەتدا کۆمەڵە گەنجێکی قوتابخانە و چایخانەکانت هێنایە سەر شانۆ، لە دواییدا زۆربەیان بوونە هونەرمەندی دیاری ئەم شارە. چۆن ئەم بیرۆکەیەت هەڵبژارد؟ لەکاتێکدا کەسانێک هەبوون دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بوون؟

– گوتراوە کە ژیان بەگشتی شانۆییەکی گەورەیە و ڕۆژانە بەدەیان نمایش بەڕێوەدەبات. ئاشکراشە کە نواندنی سەر تەختەی شانۆ ئەکتەر بەڕێوەی دەبات، لەسەر شێوەی ئەو کارەکتەرانەی کە لە ژیاندا هەن. ئێمە گروپی نواندنمان لەهەولێر سنووردار بوو هەرچەند هونەرمەندێکی بەهرەمەندی دەرچووی پەیمانگا و کۆلیژمان هەبوو. بۆ هەندێ بەرهەمیش پێویستمان بە ژمارەییەکی زۆر دەبوو ڕۆڵ بگێڕن. زۆرجاریش شێوەی ئەو کارەکتەرانەی کە پێویست بوون، بەپێی وێنای دەقەکە لەڕووی دەنگ و جەستە و تەمەن و ڕوخسار و زۆر ڕەهەندی دیکەی هونەری لەناو گروپ دەست نەدەکەوتن. لەبەر ئەوە لە ژیانی ڕۆژانەمدا بەردەوام چاودێری کەسانی دەوروبەری خۆم دەکردو و بەدوای ئەو کەسانەدا دەگەڕام کە پێویستم پێیان بوو (دەست نیشانکردن) یشیان هاکەزایی نەبوو، ئەو کارە بە دیراسە و پێوەری هونەری و زانستی دەکرا. زۆر لەوانەی هەڵمدەبژاردن بەهرە و حەزی بەردەوامبوونیان هەبوو و دواتر بوون بە ئەکتەر و شەرەفی ناوونیشانی هونەرمەندیان پێدرا. کە پێشتر پیشەی دیکەیان هەبوو وەکوو: نانەوا و عارەبانچی و چایەچی و قوتابی و مامۆستا و بەڕێوەبەر و سەبزەچی و بازرگان و هیدیکەش.

خەڵکانێکیش هەبوون بۆ جارێک تاقیمان کردۆتەوە و گەڕاوەتەوە سەر کاروکاسبی خۆی. بەسوپاسەوە لەو سەردەمدا ئەوەیشمان هەر بە خزمەت زانیوە. زۆرجاریش کەسانێکمان هەبوو دەرچووی پەیمانگە و کۆلێژی هونەرە جوانەکان بوون، خۆیان بەناوونیشانی دەرهێنەر و نووسەر دەناساند و بەشداری نواندیان نەکردووە، کە پێم وایە دەرهێنەری شانۆ و دراما و سینەما بەر لە هەموو پسپۆریەک پێویستە بەهرەی نواندنی هەبێت، ئینجا شارەزایشی لەکارە هونەرییەکانی تەواوکەرە، ئەگینا نابێتە دەرهێنەرێکی سەرکەوتوو.

+ تۆ وەکو دەرهێنەرێک لەقەیرانی هاتنی (کچ) بۆ سەرشانۆ لە هەولێر هانات بۆ ڕەگەزی (کوڕ) برد تا دەوری ژن و کچ ببینن، سەرکەوتنێکی لە رادەبەدەریشیان وەدەستهێنا بەتایبەت لە شانۆگەرییەکانی (فاڵچی و مەسەلەی شارێک و مارەیی) چۆن بیرت لەوە کردەوە؟

– لە ساڵانی حەفتاکان کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی لەنێو هزری دەرەبەگایەتی و عەقلیەتی خێلەکی و باوک سالاری پاشکەوتوودا هاتنی ئافرەت بۆ بەشداریکردن لە نواندن و بەتایبەتیش بۆ تەلەفزیۆن گرفتێکی گەورە بوو، دەبوایە بەجدی بیر لەو جێگرەوانە بکەینەوە کە بەشێوەیەکی کاتی لە بەرهەم هێنان نەوەستین. ئەوە بوو وەک ئەکتەر لەخۆمەوە دەستم پێکرد کە لە شانۆگەری فاڵچی ڕۆلی ئافرەتم بینی، بەڵام لە تەلەفزیۆن هونەرمەند عەبدولڕەزاق شەمسەدین زۆر سەرکەوتووانە ڕۆلی ئافرەتی بینی و بووە یەکەم قوربانی تانەو تەشیری خەڵکانێکی پاشکەوتوو. دوای ئەو (ڕەسمی جەلال و سەلام کۆیی و سوبحی کۆیی و جەلال بەیار) لە زنجیرەکانی مەسەلەی شارێک و مارەیی و چلپا و هەمان ڕێچکەیان گرتەبەر. بەم بوێری و تەحەدایەش توانیمان دوو ئامانج بپێکین یەکەمیان پەیامێک بوو بۆ ئافرەتان تا ئەو کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەی ترس و عەیبەیە بپچڕێنن و بێنە ڕیز برایانی ئەکتەر لەو نمایشانەی کە ڕۆلی ئافرەتی تێدابوو. ببنە پێشڕەو و سەرقافلەی ئەو بوێریە. سەرەتا ئافرەتەکانی ناو خێزانی هونەرمەندان و ئەکتەرەکان هاتنە بوارەکە. لەوانە (نازەنین محەمەد سالح کە خوشکی هونەرمەند مامۆستا فەیسەل محەمەد بوو) هەروەها (ئاواز محمود و ڕۆژهەڵات کە هەردووکیان خوشکی جودت محمودی ئەکتەر بوون) لە هەمان کاتدا (جەلال بەیار جیهانی خوشکی هێنا) (شێرزاد پۆلیس-یش لە هەبوو نەبووی خێزانەکەی هێنا).

ئەوانە ڕێگایان خۆشکرد بۆ ئەوەی ئافرەتانی بوێری نێو ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و قوتابیان و کرێکاران بێنە نێو چالاکی و نواندنی بۆنە نیشتمانییەکان لەوانە (شوقیە شوکت و وەزیرە) و هیدیکەش.



هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان لەگەڵ مامۆستای ماکیاژ (حاجی ناجی الراوی)

ئەو هەنگاوە بە هەرەمەکی نەهاوێژرا، بەڵکو لەئەنجامی بیرکردنەوەیەکی زیرەکی خۆمان بوو، کە دەبوایە لەو بوارەدا خۆمان ڕێخۆشکەر بین. هەر بەوەش نەوەستاین، سوودمان لە زانکۆی (سەلاحەددین) وەرگرت و لە ڕێگەی مامۆستایانی زانکۆ، بەتایبەتی بەشی پەروەردە و ئاداب.

لە ڕێگای دکتۆرە شوکریە ڕەسوڵ و بەهاندانی بەڕێزیان توانیمان دەستنیشانی (موژدە جەلال جۆبار) بکەین بۆبینینی ڕۆڵی خەزاڵ لە شانۆگەری (لاس و خەزاڵ)دا کە لە نووسینی نازم دڵبەند بوو. بە گەواهی ئەو نووسەر و ڕۆژنامەوانانەی کە بەدواداچوونیان بۆ نمایشەکە کرد، ئەو بەرهەمە زۆرترین بینەری هەبوو، بەرادەیێک کە دەنگدانەوەی سەرکەوتنی نمایشەکە گەیشتە تەلەفزیۆنی بەغدا. ئەوانیش لەڕێگای باشترین وێنەگری ئەو کاتی تەلەفزیۆنی بەغداوە خوالێخۆشبوو (جەبار غەریب) و (ناسر حەسەن)یان دەستنیشانکرد بۆ دەرهێنانی تەلەفزیۆنی. منیش سەر لەنوێ سیناریۆو چارەسەری درامیم بۆ تۆماری تەلەفزیۆنی کرد، بەڵام بەهۆی گرفتێکی تایبەت (موژدە جەلال) کە ڕۆڵی خەزاڵی بینی بوو لێمان دابڕا و نەیتوانی ڕۆڵەکە ببینێ. (نازم دڵبەند)ی برا و نووسەر و هاوکاری هەمیشەیی زۆر جوامێرانە پێشنیاری ئەوەی کرد کە (ڕووپاک عبدالقادر)ی خێزانی ڕۆڵەکە ببینێ.

ئەوەی مایەی دڵخۆشی و سەرسوڕمان بوو (ڕووپاک)ی هونەرمەند بێ یەک و دوو ڕازی بوو.

لەڕووی تێکست و چێژی درامی و دەرهێنانی تەلەفزیۆنی بە کامیرای سەرشان و لە دەرەوەی ستۆدیۆ (لاس و خەزاڵ) وەرچەرخانێک بوو لە بواری هونەری.

+ تۆ لە شانۆگەری (هەبوو نەبوو) بەقسەی خودی هونەرمەندی شانۆیی عێراقی (قاسم محمد) کە لەبنەڕەتدا شانۆنامەکە هی ئەو بوو، لە بەغدا و بەعەرەبی وەک شانۆگەری پێشکەشی کرد بوو، بەڵام دەرهێنانەکەی تۆ و نواندنی ئەکتەرە کوردەکان لەو شانۆگەریە سەرکەوتووتر بوون، بۆچونی تۆ لەو بارەیەوە چییە؟

– خاڵی سەرەکی سەرکەوتنی بەرهەمەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەکردنی دەقەکە بە داڕشتنەوەیەکی تازە و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی بیرۆکەی دەقەکە کە مامۆستا (قاسم محەمەد) سوودی لێوەرگرتبوو بێ ئەوەی ئاماژەی پێبکات، ئەویشیان (چیرۆکی ماش)ە کە مامۆستا (محەمەدئەمین عوسمان) لە گۆڤاری (کەلەپووری میللی - التراث الشعبی)ی عێراقی بڵاوی کردبووەوە، ئێمە لە ڕێگای ئامادەکردن و وەرگێڕانەکەی مامۆستای خوالێخۆشبوو (عمر شێخ الله) توانیمان ڕۆح و گیانی کەلەپووری کوردایەتی بەدەقی وەرگێڕدراو ببەخشین. تێری کەین لە پەند و قسەی نەستەقی نێو دیوەخان و کۆڕبەندی کوردی. کەچی مامۆستای گەورە قاسم محمد تەنها سوودی لەپەندی چیرۆکەکە وەرگرتبوو و زەمینەیەکی درامی بۆ داڕشتبوو. لای من وەک دەرهێنەر، ئەکتەر لە قالبی وێنەییەکانی خۆم بەرجەستەم کرد، نەک بە میزاج و هەوەس. ئەکتەر خۆی وەک کارەکتەر دروست ببێت و هارمۆنیەتی شێوە گشتییەکەی نمایش بشێوێنێ. هیچ ئەکتەرێک بەتوانای خۆی ناتوانێ ببێتە ئەستێرەی بەرهەمەکە.



لەگەڵ مامۆستایانم محسن السعدون و فاضل القزاز لە هۆڵی پەیمانگە

> (٦٠ ) فلسم کۆکردبووەوە، بەوپەڕی متمانە بەخۆبوونەوە چوومە (پەرتووکخانەی سەربەستی) و لەبەردەم خاوەنەکەی (مامۆستا رەئووف) وەستام و ڕۆمانی (لا انام)ی (ئیحسان عەبدول قەدوس)م لێکڕی

دەرهێنەری لاواز ناتوانێ مەرجەکانی سەرکەوتن و ئەدای پێویست لای ئەکتەر دروستبکات بەجۆرێک کە داهێنان بخولقێنێ.. هەر بۆیە لەهەموو نمایشێکی نواندن ئەستێرەو ناوبانگ دروست نابێت،

یەک لە نیشانەکانی داهێنان لە نواندندا ئەوەیە، کە ئاسەواری کاراکتەرەکە لە عەقڵی جەمعی بینەردا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەچەسپێ. هەتا بگرە زۆر جار ناوی کاراکتەرەکە دەبێتە جێگرەوەی ناوی حەقیقی ئەکتەرەکە. بۆ نموونە تا ئەمڕۆش هونەرمەند (عەبدولرەزاق شەمسەدین بە (عەیشێ)ی مارەیی ناوزەد دەکرێ. خۆم هەتا عەیامەکی دوورودرێژ بە (شێخ شەمسە)ی فالچی دەناسرام، سەلام کۆیی ڕەحمەتی بە فاتم و حاجی یادگار دەناسرا، جەلال بەیار بە سەبریە قیت و سوبحی کۆیی بە مەنیجی بەربووک و فیصل محەمەد بە بلەی سوڕگم) و زۆرانی دیکە لەو ناوانەی کە بوونە نازناوی ئەکتەرەکان. سعدون یونس لە (هەبوو نەبوو) دا ئەگەر ئەندازە و وێنایی کارەکتەرەکە و ڕێنمایی دەرهێنەری لەپشت نەبوایە. ناوبانگی ڕەجەبی پاقڵە خۆری بۆ نەدەخولقا. بە بەڵگەی ئەوەی کە دوای (هەبوو نەبوو) نەیتوانی ناسنامەیەکی دیکەی داهێنان بەدەست بێنێ. لەماڵەی سەرگردەکە دووبارە بوونەوەی ڕەجەب بوو. هەمان ئەو بۆچوونە بۆ (عەلی ئەحمەد)ی حیکایەت خوان و.. (خەلیل یابە)ی پادشا و ئەکتەری دیکەی ناو (هەبوو نەبوو) ڕاستە. ئەو بۆچوونەشم ئەوە دەگەیەنێ کە وزە و توانا و بەهرە و لێهاتوویی ئەکتەر هەلومەرجێکی پێویستە بۆ سەرکەوتن لە ئەدای ڕۆلی کارەکتەردا، بەڵام لە چوارچێوەی خوێندنەوەی دەرهێنەردا.

+ تۆ وەکو دەرهێنەرێکی شانۆیی یەکەم کەس بووی لە شانۆگەری (لاس و خەزاڵ) دا سینەما و شانۆت تێکەڵی یەکدی کرد. ئەمە لای تۆ چ پەیامێک بوو؟

– دڵنیام کە بەشێکی زۆری سیحر و نهێنییەکانی پشت دەقەکە لای جەنابتان ڕوون و ئاشکرایە وەک نووسەر و دارێژەری دووبارەی ڕووداوەکان. لەو داستانەدا کە بەناوی لاس و خەزاڵ پێشکەشکرا و دواتر بووە بەرهەمێکی تەلەفزیۆنی و بەڕادەیێکی زۆر دڵخۆشی و ڕەزامەندی بینەرانی بەدەست هێنا. خۆشت دەزانی کە ڕووداوی ئەو داستانە پانتاییێکی ئێجگار فراوانی هەیە و توانا و ئیمکانیاتی شانۆیەکی هەژاری هۆلی گەل لە ڕووی تەکنیکی ڕووناکی و دیکۆر و ئەفێکتاتی کەشوهەواو و زۆر لەو پێویستیانە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو هەموو گێڕانەوە و گۆڕانکاریەی کات و شوێنی بەسەرهاتەکان خەیاڵی عەقڵی جەمعی بینەر ئەستەم بوو پڕبکرێتەوە، بۆیە بیرم لە سینەما کردەوە کە تاکە هونەرە دەتوانێ شوێن و کات بگوازێتەوە و هاوتەریب بێ لەگەڵ نمایشی زیندووی شانۆ، ڕێگا نەدات ئەو چێژەی کە نمایش دەیبەخشێتە بینەر بپچڕێت. هەر لەسەرەتاوە ئێمە پلانی ئەوەمان ئامادە کردبوو کە ئەو دەقە پڕاوپڕ مەرجی درامای تەلەفزیۆنی تێدایە بە گەواهی هەموو ئەوانەی لەناو کارەکەدا بوون و ئەوانەشی لە دەرەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ کارەکە کرد. (لاس و خەزاڵ) وەرچەرخانێک بوو لە نووسینی دەقی گونجاو و دەرهێنانی جیاواز، لە بەرهەمەکانی پێشووتر، وەک بەرهەم هێنانێکی زانستیانەی سەرکەوتوو.

+ با بێینەوە سەر خودی (سەباح عەبدولڕەحمان) وەکو ئەکتەر تۆ تا چەند لە ئەدائی خۆت لەو ڕۆڵ و نواندنانەی

بینیوتە ڕازی؟

– نەک بۆ خۆم بۆ ئەوانەی کاریشیان لەگەڵ کردووم پێم وابووە لەڕووی هونەری و مەعریفییەوە دەرهێنەر ئەگەر ئەکتەرێکی بەتوانا و سەرکەوتوو نەبێ ناتوانێ ئەکتەر دروست بکات و پەرە بەتواناکانی بدات. لەهەموو ئەو بەرهەمانەش کە دەرهێنەری بوویمە و ڕۆڵیشم تێدا گێڕاوە ڕکابەرم نەبووە. بە قەناعەتەوە چوومەتە نێو کارەکە. نەچوومەتە بەردەست دەرهێنەرێک بەدواداچوونم بۆ تواناکانی نەکردبێ. لەوانە خوالێخۆشبوو (سەفوەت جەراح، کەریم عوسمان، کاروخ ئیبراهیم، ناصر حەسەن، زوهێر عەبدولمەسیح) ئەزموونی نواندنی سەقەتم نەبووە، بەپێوەری ڕەزامەندی و خۆشەویستی جەماوەر و بینەران هەمیشە لەڕیزبەندی پلەی پێشەوە بوویمە، ئەوەش گەورەترین سەرمایەمە.

بەڕاشکاوی دەیڵێم، مرۆڤ ئەگەر خۆی نەناسی و لەخۆی ڕازی نەبوو، ناتوانێ بە متمانەوە هەڵسوکەوت بکات.

شوکر (سەباح عەبدولڕەحمان) وەک هونەرمەند، دەرهێنەر، ئەکتەر و نووسەر لەخۆی ڕازیە.

+ لەکاری هونەریدا، کامیان لای تۆ خۆشەویستترە. شانۆ، دراما، یان سینەما؟

– بێ یەکوودوو شانۆ، چونکە هونەرێکی ڕووبەڕوو بوونەوەی هۆشیارانەی ڕاستەوخۆیە، بەڵام سینەما و درامای تەلەفزیۆنی سەنعاتە و وەک پێویست نیمانە.

+ بەڕاشکاوی پێم بڵێ ڕەوشی شانۆی کوردی لە ئێستادا توانیوویەتی ژمارەی پێوانەیی بەرامبەر بە شانۆی سەردەمی زێڕین بشکێنێ، ڕاشکاوانەتر لە هەردوو ڕووەوە چۆن تەتەڵەی ڕەوشەکە دەکەی؟

– نەک هەر نەیتوانیوە، بگرە بە ڕێژەیەکی زۆر بەرچاو پاشەکشێشی کردووە. لە پایتەخت، ئەوەی مێژوویەکی بۆ بزاوتی شانۆی کوردی تۆمار کردبوو لەگەڵ هەموو کەموکوڕیەکانی، شانۆی هۆڵی گەل بوو، ئەویش لەسەر دەست و بڕیارە سەقەتەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری خاپوورکرا و کردیان بە ئاسەواری گەندەڵکاری. ئەوەیان بەس نەبوو، بە درێژایی تەمەنی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەسایەی ئەو هۆڵە و خەرجیەکانی نۆژەنکردنەوەی کەسانێک خۆیان تێر پارە کردوو بوونە خاوەنی کۆشک و سەیارە. دۆسیەکانی لێکۆڵینەوەش ئەگەر بنگۆم نەکرابن دەبنە شایەدی ئەو تاوانە قێزەونە، کە بە ئەنقەست چاوپۆشی لێکرا. دەبوایە زۆر زوو حکومەتەکەمان درکی بەو ڕاستییە بکردایە کە شانۆ لەهەر وڵاتێک پشتگوێ خرا، ئەوە دەبێتە نموونەیەکی زەقی دواکەوتن و عەیبەیەکی گەورە بۆ قۆناغی حوکمڕانیەکە. ئەوەتا کۆشکی هونەر کە هەنگاو



بە یادی ئەو (کەر)ـەی کە دەستی شکاندووە

بەهەنگاو ئیشی بۆ کرا تا کردیانە بارو مەیخانەی شەوان کە دەبوایە جوان و فراوان بکرێ و دار ئۆپێرایەکی لەتەک دروستبکرێ.

بەداخەوە کە دەڵێم نەخێری تێدا ماوە و نەخێریشی لێ چاوەڕوان دەکرێ. بەڕاشکاوی دەڵێم ڕەوشی شانۆ و ڕۆشنبیری بەگشتی لە قەیرانێکی گەورەدایە. هەرچەند درۆی زەبەلاحیشی لۆ بکرێ بەهانای نایێت و وێرانەیە!!

شانۆکاران و ڕۆشنبیران بەو هەموو دەستکورتی و نەدارییەی خۆیان قۆناغێکیان دامەزراند بەناوی (سەردەمی زێڕینی شانۆ) کەچی ئەو هەموو کابینەی وەزارەتی ڕۆشنبیری فایلی پرۆژەیەکی لەبەر دەستدا نییە کە تەواو بوویێت و ئەمڕۆ خێر و بێرەکەی بخۆین.

+ بۆ لە سەردەمی ئەمڕۆدا خەڵکی شەقام وەکو سەردەمی زێڕین شانۆ و درامای کوردی دەرهێنەر و ئەکتەرەکانی ئێستا ناناسن، یان دروستر نەبونەتە ئەستێرە؟

– کاک نازمی برام.. ئەستێرە وەک ئەو خواردنەیە کە کابان بە خۆشەویستی و دڵسۆزی و بەرپرسیاریەتی لەسەر ئاگردانێکی پێویست و پوختە دروستی دەکات بەو کەرەستانەی کە پێویستن، کەم و زیاد لەو کەرەستانە دەبنە هۆکاری بێ تام و چێژی ئەو خواردنە.

ئەستێرەی شانۆ و دراما و تەلەفزیۆن و سینەما لەو گۆرەی لەسەر دەستی خەڵکانەکی دەخیل دروست نابێت. هیچ هونەرێکی نمایش بەبێ چوار کۆمەڵەکەی سەرەکی دروست نابێت کە بریتین لە (دەق، دەرهێنەر، ئەکتەر، شانۆ)

**“ لە (١٩٧٠/٢/٣) پێش دەرچوونی بەیاننامەی (١١)ی ئازار بەناوی چوار کەسی دەستەی دامەزرێنەر، کە بریتیبوون لەبەندە و مامۆستا تەحسین تەها و سوڵتان عەبدوڵڵا و جەمال هیدایەت، داواکاریەکمان پێشکەش کرد بۆ کردنەوەی بارەگای تیپی هونەری هەولێر ”**



شەهید جەوهەر باپیر، نازم دلبەند، هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان و جەبار عەبدوڵڵا

کە هەموو دەخرێنە خزمەت حزووری بینەر. ئێ باشە خۆ ئێمە نووسەری باشمان هەیە. دەرهێنەر و ئەکتەر لەخودا بەزیاد بێ ساڵانە بەلێشاو دەردەکەون، بەڵام کوا ئەو شانۆیەی ئەو بەڕێزانەی بخەینە سەر؟

کوا ئەو مەنجەڵەی ئەو کەرەستانەی تێدا بخەینە کار؟ کوا ئەو کابانە زانا و دەست ڕەنگینەی کە سەرپەرشتی ئەو کارە بکا و بەرهەمێکی پڕ تام و چێژ و مەعریفە و پەیام پێشکەش بە بینەر بکات. پێم ناڵێی لەو بێ سەروبەرەیەی بزاوتی شانۆ چۆن ئەستێرە دروست دەبێت. ئەوەی کە دەیبینین تەنها سەرکەفەکەی مەنجەڵەکەیە و زۆر زوو دەکوژێتەوە و دەبێتە بلقی سەر ئاوێکی سارد.

لە کۆتاییدا دەڵێم: پرسیارەکان گەلەک زۆر بوون، بەڵام دەزانم جەنابت چەند بە ئاگاداری و ووردبینیەوە چەندین ساڵە هاوتەریبی ئێش و ئازارەکانی ئەو بوارەی، لەهاوڕێیەتی و نزیکیت لێمان وەک مەعشەری هونەرمەند و ڕۆشنبیران ئەندێشەی جەنابت هیچی کەمتر نەبووە لە ئێمە. بە ڕاشکاوی دەڵێم: چەندین ساڵە بە دەیان ڕۆژنامەنووس و پێشکەشکاری تەلەفزیۆن و ڕادیۆ داوایان لێکردووم چاوپێکەوتن و دیمانە و بەشداری لە کۆڕو سیمینار بکەم، بەڵام بەداوای لێبوردنەوە ڕەتم کردۆتەوە، بەڵام نەمتوانی ئەو داواکارییەی بەڕێزتان ڕەتکەمەوە لەبەر دوو هۆکار.

یەکەمیان ئەو پرسیارانە وروژاندمی و بردمیەوە بۆ قوڵایی کێشەکان کە زەروورە قسەی لەسەر بکرێ، کە بە بەڵگەوە لای خۆم پاراستوومن.

دووەمیشیان وەک وەفادارییەک بۆ نازم دڵبەندی هاوڕێی ئەزموونی هونەریم، خاوەنی دەقی لاس و خەزاڵ، کە بە وێستگە سەرکەوتووەکانی خۆمی دەزانم.....

# هونەری

- **دراما**

حەمەکەریم هەورامی

- **توانستی ئەکتەر لە نواندنی مۆنۆدرامادا.. هەوار فارس بەنموونە**

کامەران حاجی ئەلیاس

# دراما



حەمەکەریم هەورامی

ئێمەی کورد هەرچەند تا ئەمرۆ قەبارەیەکی تەواوی سەربەخۆمان لەم کوردستانە بەرینەدا پێک نەهێناوە، هەتا لەناو ئەو قەبارەیەدا بە ئارەزووی خۆمان کاری هونەری و ئەدەبی و زانستی تێدا ئەنجام بدەین، ئەوەش کە کردوومانە بە دزی داگیرکەر و لەژێر چنگەپرچێی ئەودا ئەنجاممان داوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئێمە بەو گەلانەوە کە وەک ئێمەی کورد گیرۆدەن لەبواری هونەر و درامادا بەراورد بکرێن، بێگومان لەو بوارەدا ئێمە سەر دەفتەری ئەو گەلانەین کە توانیومانە هونەری بەپێز و بەنرخ بۆ پاشەڕۆژی هونەری و ئەدەبیمان پاشەکەوت بکەین.

کورد دەمێکە وەک بەچکە مامزێکی ڕەتێنراو لەهەر چوار لاوە بە گەلە گورگی برسی دەورە دراوە، ترس لەهەموو لایەکەوە چاوی لێ زەقکردووەتەوە، کەچی باکی نەبووە و نەترساوە و ڕێگەی بەرە و پێشەوەچوونی بەرنەداوە و نەبەزیوە. بە زیادە ڕوویی نازانم ئەگەر بڵێم: گەلی کورد لە بواری هونەریدا بە تایبەت لە هونەری درامادا لەهەندێ لەو گەلانەی کە خاوەن قەبارەی سەربەخۆن لە پێشترە. دەقی دراما بڕبڕاگەی هونەری درامییە، دەبێ ئەو دەقە لەگەڵ بابەتەکەیدا هاوسەنگ و هاوتەریب بێ، واتە شێوازی داڕێژتنی دەقەکەی وابێ خوێندنەوەی وەک نواندنەکەی چێژی لێ وەربگیرێ. جگە لەوەش دەبێ شێوازی داڕژتنی بابەتەکەی بە شێوەیەکی وەهابێ دوای نواندنی لەسەر شانۆ فڕێ نەدرێ، بەڵکو بپارێزرێ، وەک دەقێکی بەهادار بە ڕووسووری شاهیدی لەسەر هونەرێکی ڕەسەنی گەل و نەتەوەو سەردەمەکەی خۆی بدات.

شێوازی داڕێشتنی درامای نەمر ئەوەیە لەڕووی دەرەوەی سادە و ڕەوان و بێگەرد بێ، بە دیالۆگی کورتبڕ و سفت و سانا داڕێژرا بێ و لە ئەسڵی بابەتەکەی لای نەدابێ.

لە درامادا گەلێ جار بابەت چارەسەر دەبێ و کاتی خۆی بەجێ دێڵێ، وەلێ شێوازەکەی وەک دەق دەمێنێ و لەناوناچێ، هەمیشە وەک دیکۆمێنتێکی مێژوویی لەبەر دەستە و ڕازی سەردەمەکەی خۆی دەگێڕێتەوە، دەشبێتە ئاوێنەی باڵانمای ڕەسەنایەتی بەرهەمهێنای ئەو زەمینە بەپیتەی کە تیایدا گەشەی کردووە.

دراما لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە لەوڵاتی گریگ بۆ خستنەڕوو و چارەسەری گیروگرفتەکانی ناو کۆمەڵ هاتووەتە ئاراوە، تا ئێستاش لەسەر ئەو کارە سەرەکییەی خۆی لای نەداوە، ئەو گیروگرفتانەی کردوون بە بابەت بۆ هۆشیار کردنەوەی بینەران، لەسەر سەکۆی شانۆ دەیکاتە جووڵە و بەرجەستەیان دەکات.

واپەسەندە درامای کوردی لەهەموو ڕووێکییەوە لە خۆرسکی کوردەواری نەچێتە دەرەوە، بابەتەکانی چارەسەری دۆزە نەتەوایەتییەکان بێ و گرفتە سەختەکانی ناو کۆمەڵ دەست نیشان بکات، نەک گەڕەلاوژە کردنی بێسەروبەر و نمایشکردنێکی ڕووکەشی و خۆنواندن.

دراما لاساکردنەوە و تیروتانە و تەشەر وەشاندنێکی بێ مەست نییە، بەڵکو زنجیرە دیمەنێکی یەک لەدوایەکی ناو ئەو دەقەن کە بە دیالۆگ و وشەی جوان و پڕ مانا بونیات نراون، ئەو دیمەنانە دەبرێنە سەر سەکۆی شانۆ، بەهۆی جووڵەی کاراکتەرەوە بەرجەستە دەبن، هەمووی بەسەریەکەوە پەیکەری گشتیی دراماکە نمایش دەکەن و دەبنە قوتابخانەی هۆشیاری.

ئەرەستۆ (٣٨٤ ـ ٣٢٢) ئەم مەرجانەی خوارەوەی بۆ نمایشکردنی دراما بە پێویست زانیون:

١. یەکەی بابەت: دراما دەبێ لە سەرەوە تا کۆتایی ئەو بابەتە شێ بکاتەوە کە خۆی بۆی تەرخان کردووە نابێ پەل بۆ

شتی لاوەکی بکوتێ و لە جغزی خۆی بچێتە دەرەوە.

٢. یەکەی شوێن: لەسەر سەکۆیەکی دیاریکراو نمایش دەکرێ کە ڕووبەڕووی بینەرانە و کاراکتەرەکان لەسەری تەمسیل دەکەن و لێی ناچنە دەرەوە.

٣. یەکەی سات: بینەرانی شانۆ بەشێکن لە هێنانەئارای پەیکەری شانۆ، نمایشکردنەکەی نابێ لە یەک سات تێپەڕێ، دەنا بینەران ئۆقرەی دانیشتن و سەیرکردنیان نامێنێ و چێژیان بەرەو کزی دەڕوا.

(دراما وشەیەکی کۆنی یۆنانییە و لە مەیدانی زمانەوانی کۆنی گریکدا مانای (کار) یان (کارکردن)ی گەیاندووە، ئێستا وشەی دراما Drama زاراوەیەکی هونەرییە ڕاستەوخۆ ئەو چیرۆکە هونەریانە دەگرێتەوە کە بە شێوەی دیالۆگ دارێژرابن و هەموو مەرجە سەرەکەییەکانی هونەریان تیادا هاتبێتە دی).

ئەو مەرجانە کە لە درامادا هەن بەهەموو جۆرەکانییەوە لەچەندان نەژاد و ڕەگ و ڕیشە پێکدێن، هەر یەکێک لەوانە تەواوکەری ئەوانی دیکەیە.

**نەژادە هەرە گرنگەکانی دراما ئەمانەن:**

١. تەکنیک: واتە چنین، چنینیش شێوازی دارشتنی دەقی درامایە، دیوی دەرەوەی دراماکە دەخاتەڕوو، گشت ڕووەکانی بە یەکەوە گرێ دەدا و دەبێتە تەنافی ڕاگرتنیان.

٢. کەسانی ناو دراما: لەسەر سەکۆی شانۆ دەبنە کاراکتەر و دیمەنەکان بە جووڵە بەرجەستە دەکەن، لەو جووڵەوە ناکۆکی ناو دراماکە دەردەکەوێ، بەو ناکۆکییە ڕووداوەکان بەرەو لوتکە هەڵدەکێشن، کەسەکان هەریەک ڕۆڵی خۆی هەیە دەبێ لێی بووەشێتەوە.

٣. ناکۆک ـ الصراع ـ ناکۆکی دژایەتییە لەنێوان دوو بەرەدا، یان لەنێوان پاڵەوانی سەرەکی دراماکە و کەسانی دیکەدا، یان ناکۆکییە لەسەر چۆنیەتی بابەتی دراماکە، یان بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو دۆزەیە کە دراماکەی لەسەر بیناکراوە، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:-

١. ناکۆکی لە چەند ڕوویکەوە خۆی دەنوێنێ، بۆ نموونە ئەو ناکۆکییەی ناو درامای (ئۆدیپ ـ Oedupus) کە یەکێکە لە دراماکانی (سۆفۆکلیس)ی یۆنانی، ناکۆکییەکە لەنێوان ویستی مرۆڤ و چارەنووسدایە، یان وەک ئەو ناکۆکییەی کە لە درامای (پرۆمیسۆس)دا هەست پێدەکرێ کە بەرەنگاربوونەوەی مرۆڤە دژ بەو هێزانەی کە ڕکێفی ئادەمیزادیان بەدەستە.

٢.ناکۆکی دەروونی: ئەو ناکۆکییە لە دڵەراوکێی ئەو مەگێزانەوە سەر هەڵدەدا کە مرۆڤ تووشی ماخۆلان و سەرگەردانی دەکەن، نموونە وەک لە درامای (ماکبێس) و (هاملێت) و (یولیوس قەیسەر)ی شەکسپیردا هەست پێ دەکرێ، ماکبێس چاوچنۆکی و هاملێت دڵەراوکێ و قەیسەر هەڵپە و خۆبەزل زانین لەناوی بردن.



٣. ناکۆکی دژ بە یاسای کۆمەڵایەتی نموونە: وەک لە درامای (بووکە شووشە) و (دوژمنی گەل)ی (ئیبسەن)ی نەرویجیدا دیارە.

٤. ناکۆکی چینایەتی: وەک لەناو (جغزە گێچینەی قەوقاز)ی بریختی ئاڵمانیدا هەیە.

دراما نواندنی چیرۆکی لاوەکی و حەتحەتۆکە نییە، یان بۆ کات بەسەر بردن و دەمەتەقێ نییە، بەڵکو دراما نواندنی دۆزێکە یەخەی کۆمەڵ یان چاکەخوازی گرتبێ، یان بووبێتە کۆسپ لە ڕێی هاتنەدی ئاواتەکانی گەلدا.

**دراما بە تێکرایی سێ جۆری سەرەکی هەیە کە ئەمانەن:-**

١. تراژیدیا: ئە و چیرۆکە درامایەیە کە کۆتاییەکەی بە کارەساتێکی سامناک و دڵتەزێن تەواو بێ. با دابنێین پاڵەوانی سەرەکی دراماکە کەسێکی دلێر و ڕەفتار پاکە و بۆ بەختیاری گەلەکەی تێدەکۆشێ، بەڵام لە گەرمەی خەباتدا لە دراماکە دەبێتە قۆچی قوربانی ڕێگەی مەبەستە پاکەکانی. یان با وادابنێین: کات مانگی تەمموزی ساڵی (٢٠١٤) یە داعش ئێزیدیانی جینۆساید کردووە، هەندێ لە ئێزیدییەکان لە دەستیان دەرباز دەبن و بە ماڵ و منداڵەوە لەناو دەربەندێکی تەسکدا خۆیان شاردووەتەوە، داعشە خوێنمژەکان ڕوویان لەو دەربەندەیە ئەمە درامایە، کوڕێکی ئێزیدی بە چەکەوە لە زارکی دەرەوەی دەربەندەکەدا بەرگری دەکات و ڕێی لە داعشەکان گرتووە، دوای ئەوەی فیشەک لە چەکەکەیدا نامێنێ، بەدوا فیشەک خۆی شەهید دەکات، ئەمە تراژیدیایە.

ئەم نموونەی سەرەوە ئەگەر بکرێ بە دراما و نمایشبکرێ سەرتاپای ڕووداوەکانی تا

**“ واپەسەندە درامای کوردی لەهەموو ڕووێکییەوە لە خۆرسکی کوردەواری نەچێتە دەرەوە ”**

> **کەرەستەی پێکهێنانی دراما و ڕۆمان، زمان و خەیاڵە، ڕۆمان بە گێڕانەوە، دراما بە دیالۆگ**

دەگاتە شەهیدبوونی پاڵەوانەکەی تراژیدیایە، مێژووی کورد ڕشتەیەکی تۆقێنەرە لە ڕاونان و دەرکردن و ئەنفال و قڕکردن و غەزا هونراوەتەوە.

دراما نووسانی کورد ئەگەر مێژووی نەتەوەکەیان بخوێننەوە، پەکیان بۆ بابەتی تراژیدی ناکەوێ بیکەن بە دراما، هەر شتێ لەم کوردستانە بدوێنی کارەساتی تۆقێنەری وات بۆ دەگێڕێتەوە سەرسامت دەکات، بە قەد داروبەردی کوردستان کارەساتمان بەسەر هاتوون.

٢. کۆمیدیا: کۆمیدیا و تراژیدیا کلکی یەک دارن، تان و پۆی ژیانی مرۆڤن، تراژیدیا لایەکی کوێرەوەریەتی، کۆمیدیا لایەنی خۆش بەختی و گاڵتە و تەنز و خەندەیەتی. (خەنین) کاتییە و زۆر بەردەوام نابێ، بەڵام کوێرەوەری و خەفەت بە کۆڵیدا دراون و لەژێر پێستەکەدان لێی جیانابنەوە. لەناو ئەو بەرهەمانەدا کە بۆ شانۆی کوردی نووسراون کۆمیدیایەکەت بەرچاو ناکەوێ.

لە ڕاستیدا کۆمیدیا نووسین کارێکی ئاسان نییە، جگە لەوەش بۆ تاکی کورد ڕۆژێک لە ڕۆژان ئۆخەی کردووە؟ ڕۆژێک هەستی بە ئارامی کردووە تا کۆمیدیا بنووسێ؟!.

> **ڕێگەی گرتنەبەری نووسین لە درامادا (ڕێگەی شیکردنەوە)یە، کەچی ڕێگەی نووسین لە ڕۆماندا (ڕێگەی بەر ئەنجام)ە**

٣. میلۆدراما: ئەو خەم و ناسۆرانە کە دەبنە هەوێنی تراژیدیا، ئەو کارەساتە دڵ تەزێنانە کە لەناخەوە دەروون هەڵدەتەکێنن لە میلۆدرامادا بە ئاسانی بەلای دەروونندا تێدەپەڕن و ئەوەندە پەردەی دڵ ناڕووشێنن، چەندین ئازار و خەندە لە تراژیدیا و کۆمیدیادا هەن، لە میلۆدراماشدا هەن، چەند فرمێسکی تیایە ئەوەندەش بزەی سمێڵ و خەندەی سەر لێوی تیایە، لەتەک پاڵەوانی سەرەکیدا پاڵەوانی دووەمیش هەیە، بە هەردووکیانەوە ڕووداوەکان بەرەو لوتکە دەبەن، یەکێکیان سەردەکەوێ ئەویدیکەیان بن دەکەوێ، بۆ ئەویان دەخەنین بۆ ئەمیان فرمێسک دەڕێژین. ئەو جۆرە درامایە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا لەسەر دەستی دوو درامانووسدا پەیدابوو، یەکێکیان ئاڵمانی بوو ئەویدیکەیان فەڕەنسی.

لێرەشدا بە باشی دەزانم بە کورتی و بە نموونە جیاوازی نێوانیان دراما و ڕۆمان دەست نیشان بکەم:

کەرەستەی پێکهێنانی دراما و ڕۆمان زمان و خەیاڵە، ڕۆمان بە گێڕانەوە و دراما بە دیالۆگ.

ڕۆمان لە چەندان کورتە چیرۆک و وردە ڕووداو پێکدێت، وردە ڕووداوەکان وەک وردە داوی تۆڕی جاڵجاڵۆکەن چۆن تۆڕەکە لە وردە داوەکان پێکدێت وەهاش ڕۆمان لە وردە ڕووداوەکانییەوە پەیکەرە گشتییەکەی دروست دەبێت، لە کوێدا ڕۆمان تەواو دەبێ، لەوێ دراماکە دەست پێدەکات، بەومانایەی ڕۆمان وردە ڕووداوەکانی دەکات بە پەیژەی سەرکەوتنی بۆ لوتکە، کەچی دراما لە لوتکەوە بەرەو خوار شۆڕ دەبێتەوە.

بۆ زێدە ڕوونکردنەوەی، وادابنێین کەسێک دەبینین پێی دەڵێن: (خولی بێ ماڵ) کەسێکە شێتۆکە و وێڵ و بێ ماڵ، هیچ جێورێیەکی نییە و دەسووڕێتەوە، ئەگەر ڕەوشی ئەم کەسە بکەین بە ڕۆمان، یان دراما لە کوێوە دەست پێ بکەین؟

لەڕۆماندا ژیانی (خول) قۆناخ بە قۆناخ دەهێنین تا دەگەینە ئەو دەمەی کە شێت بووە.

لە درامادا لە کۆتایی ژیانیەوە، لەو حاڵەتەوە کە لە سەریەتی بەرەو قۆناخەکانی ژیانی شۆڕ دەبینەوە، تا دەگەینە قۆناخی منداڵی، بەوە بۆمان دەردەکەوێ کە (خول) بۆ وای لێ هاتووە.

ڕێگەی گرتنەبەری نووسین لە درامادا (ڕێگەی شیکردنەوە) یە کەچی ڕێگەی نووسین لە ڕۆماندا (ڕێگەی بەر ئەنجام)ە.

ئەگەر هێڵێکی ڕاست بکێشین لە ڕاستەوە بۆ چەپ سەرەتای ڕۆمانەکەیە، لە چەپەوە بۆ ڕاست سەرەتای دراماکەیە.

**ئەو سەرچاوانەی کە سوودم لێ وەرگرتوون:**


١. درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا / نووسەر (حەمەکەریم هەورامی).
٢. الحبكه - موسوعه المصگلح النقدی / ألیزابیپ دبل ، د.عبدالواحد لؤلؤه.
٣. فن الكاتب المسرحي: رۆجز.م - و:دريني خشبه ل ٢١٨
٤. توفيق الحكيم - الفنان - دار الكتاب الجديد، ل(١١١ - ١١٢).
٥. نظريه الدراما من أرسگو الى الان - الدكتور رشاد رشدى ل٣
٦. چیرۆکی من و گوندەکەم: بەرگی چوارەم - ل(١٦٤ - ١٦٥) هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ٢٠٢٠

# توانستی ئەکتەر لە نواندنی مۆنۆدرامادا..

## هەوار فارس بەنموونە



کامەران حاجی ئەلیاس

مۆنۆدراما، واتە شانۆگەری تاکە کەسی تائێستا زۆرێک لە شانۆکاران، لە سەرپێناسەی ئەم جۆرە درامایە بۆچوونیان جیاوازە، بەڵام بۆچوونی زۆرێک لە شانۆکاران وایە، کە مۆنۆدراما بریتییە لە یەک دەنگ و یەک ئەکتەر. زۆربەی نووسەرانی شانۆگەری بیرۆکەی سەرەکیان لەسەر چەندین کەسایەتی بونیاد دەنێن کە لەنێوان خۆیاندا دیالۆگ دەکەن، بەڵام لە دەقی مۆنۆدرامادا پشت بە یەک کەسییەت دەبەستێت لەڕێگەی چەندین دیالۆگی ناوەوەی و دەرکی ڕۆڵەکە بەرجەستە دەکرێت. لێرەدا زەحمەتی و ئاستەنگ بۆ نووسەر دوورست دەبێت، بەتایبەتی کاتێ دەکەونە گێڕانەوە بۆئەوەی بیرۆکەکە بگات بە وەرگر.

دەقی مۆنۆدراما پێویستی بە دەرهێنەرێکی بە توانا و لێهاتوو هەیە، بۆ ئەوەی لە دەقی مۆنۆدرامای گێڕانەوە دەرباز بێت، چونکە بینەر تووشی وەڕەس بوون دەبێت. بۆیە دەبێ دەرهێنەر لەڕووی دەرهێنانەوە خاوەن تێڕامانی تایبەت بەخۆی بێت، کاتێ هەڵسوکەوت لەگەڵ یەک ئەکتەر دەکات لەڕێگەی جەستەی ئەکتەر بەهاوکاری ئێکسسوارت و دیکۆر و ڕووناکی لەگەڵ دروستکردنی سینۆگرافیایەکی گونجاو بۆ کارەکە.

ئەکتەر لەنواندنی مۆنۆدرامادا لە کرداری شانۆییدا بەهۆی نەبوونی ئەکتەرێکی دی پێویستی بە سەرجەم کەرستەکانی خۆی دەبێت وەکو دەنگ و جوڵەو سۆز و گرژی، بۆ ئەوەی بوونی خۆی لەسەر تەختەی شانۆ بسەلمێنێت و چێژ و باوەڕ بە بینەر ببخەشێت، بۆ گەیشتن بە لوتکەی داهێنان، لەهەمان کاتدا نابێ ئەزموونی ئەکتەریش لەبیر بکرێت، چونکە فاکتەرێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی نواندنەکەی.

هەمەچەشن و جۆراجۆری نواندن لەنمایشی مۆنۆدرامادا خاڵێکی گرنگی نواندنە، نمایشی مۆنۆدراما لە شانۆگەری (وەک قەقنەس دەسووتێم) کە لەنووسینی نووسەر و هونەرمەند خاتوو (گەزیزە عومەر) و دەرهێنانی (نەژاد نەجم) و نواندنی خاتوو(هەوار فارس) -ە بەرهەمی گروپی شانۆی هەواری شاری کرکووک بوو، ئەم شانۆگەرییە، تائێستا لە تونس، میسر، بەغدا، هەولێر، کەرکووک نمایش کراوە، خاتوو هەوار توانی لە ڕێگەی ئەو وزە نواندنەی لە نمایشەکەی بەکار هێنا، لەماوەی زیاتر لە ٤٠ خوولەک لەڕێگەی جەستە و جووڵە و ڕیتم و هێماکانی تارا ڕادەیەکی باش سەرنجی بینەران بۆ خۆی رابکێشێت، من لەم نمایشەدا توانستی ڕاستەقینەی هەوارم لە نواندنەکەیدا بینی، هەرچەندە لە هەندێک شوێنی نمایش، هەستمان بە ماندووبوونی ئەکرد چونکە دەرهێنەر لە ڕێگەی دیالۆگی بێ دەنگ کە زۆرجار لە هەندێک نمایشدا بینیوومانە، بێ دەنگی شانۆیی زۆر بەهێزتر بووە لە دیالۆگی ئەکتەر بۆیە ئەگەر دەرهێنەر زیاتر کاری لەسەر

> **"من لەم نمایشەدا توانستی ڕاستەقینەی هەوارم لە نواندنەکەیدا بینی"**

کردبا دەکرا هاوکارێکی باش بێت بۆ ئەکتەر، لە هەمان کاتدا زیاتر سەرەنجی بینەرانی بۆخۆی ڕابکێشێت و زیاتر خزمەتی نمایشەکەی دەکرد، بەڵام بە هۆی ئەوەی سەرتاپای نواندنەکە ڕیتمێکی خێرای لە خۆ گرتبوو، ئەم حاڵەتەمان زۆر بەکەمی بەدی دەکرد، زیاتر پشتی بە ڕیتمی خێرا بەست بوو. هەرچۆنێک بێت خاتوو هەوار بەهۆی نواندنەکەی، وای لە بینەر دەکرد بەردەوام چاوەڕێی دیالۆگ و جوولەی نوێی لێبکەن، بۆ ئەوەی بزانێت لە ڕووداوەکان چی ڕوو دەدات، بە واتایەکی دی بینەر لە نمایشەکەدا تووشی وەڕەس بوون نەدەبوون ئەمەش خاڵێکی سەرەکی سەرکەوتنی نمایشەکە بوو لە هەمان کاتدا نابێ ڕۆڵی هەریەک لە دەرهێنەر نژاد نەجم، موزیک سیروان عومەر، دیکۆر بەرهەم یاسین، ئێکسسوارات، جل وبەرگ، ڕووناکی هونەر شەوقی عەلی نەوزاد، سینۆگرافیا بەگشتی بەشێوەیەک لە شێوەکان هاوکارێکی باشی نواندنەکەی هەوار خان بوون.

شانۆگەری (وەک قەقنەس دەسووتێم) تائێستا بەشداری چەندین فیستڤاڵی شانۆیی نێودەوڵەتی کردوە، چەندین خەڵاتی بەدەست هێناوە وەکوو: فستیڤاڵی نێودەوڵەتی مۆنۆدرامای قەرتاج لە وڵاتی تونس، فێستیڤاڵی ڕۆژانی قاهیرەی نێودەوڵەتی بۆ مۆنۆدراما لە میسر، فێستیڤاڵی مۆنۆدرامای (یوسف ئەلعانی) لە بەغداد کە خەڵاتی باشترین ئەکتەری کچ بەخشرابە شانۆکاری کورد (هەوار فارس) و خەڵاتی باشترین نمایشی بەدەست هێنا .

* (وەک قەقنەس دەسووتێم) شانۆیەکی مۆنۆدرامایە، لە نووسینی گەزیزە عومەر نواندنی (هەوار فارس) سیناریۆ و دەرهێنانی نەژاد و سیروان عومەر کارە موزیکییەکانی بۆ کردووە.

**"دەقی مۆنۆدراما پێویستی بە دەرهێنەرێکی بە توانا و لێهاتوو هەیە، بۆ ئەوەی لە دەقی مۆنۆدرامای گێڕانەوە دەرباز بێت"**



**هەوار فارس لە نمایشی وەک قەقنەس دەسووتێم**

# خوێندنەوەی کتێب

- *(میوانی ئازیز ) ی د. وریا عومەر ئەمین لە ئەدەبی منداڵاندا*

حەمەساڵح فەرهادی

- *هەردووکیان لە کۆتاییدا دەمرن*

لە ئینگلیزییەوە: ئیلیانە باهۆز مستەفا

# (میوانی ئازیز)ی د.وریا عومەر ئەمین لە ئەدەبی منداڵاندا

حەمەساڵح فەرهادی

(میوانی ئازیز) نامیلکەییەکی تایبەت بە منداڵانە، لەلایەن پرۆفیسۆر د. (وریا عومەر ئەمین)ەوە دانراوە و ساڵی ٢٠٠٩ لە لایەن دەزگای ئاراسەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە و بریتییە لە (٣) چیرۆک و (٧) شیعر.

د. وریا چ وەکوو پسپۆڕێکی زمانی کوردی و چ وەکوو نووسەرێک و چ وەک باوکێک، توانیوویەتی بچێتە ناو دنیای منداڵان و بەپێی دەرفەت ئەدەبەکەیان بەسەربکاتەوە.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بە (٣) لایەنی گرنگی ئەدەبی منداڵان بدەم، کە بە گشتی بایەخیان پێدراوە و نووسەریش لەو چیرۆک و شیعرانەدا فەرامۆشی نەکردوون.

١- بەهاکان: بەهاکان لایەنێکی زۆر کاریگەری ئەدەبی منداڵانە و بە گشتی پێویستە یەکێک لەو بەها زۆرانە لەبابەتی منداڵاندا ڕەچاوبکرێت، چونکە بێ ڕەچاوکردنی ئەمە، لەوانەیە نەتوانێت پەیامەکەی وەکوو پێویست بگەیێندرێت.

لە هێنانەوەی بەچکە چۆلەکەی دایکم ردوو بۆ ماڵەوە و بەخێوکردنیان هەتا گەورەبوون، لە چیرۆکی (میوانی ئازیز) و ئازادکردنی بولبولی ناو قەفەس و شکاندنی قەفەسەکەش، کە هێمای دیلکردنی باڵندەیە، لە چیرۆکی (جەژنانە) و شکاندنی دارلاستیک و هەلابەهەلاکردنی، لە چیرۆکی (بۆ دارلاستیکەکەی شکاند؟) هەموویان (بەهائاکاری - اخلاقی) یەکانیان تێدا ڕەچاوکراوە.




٢- باڵندە و گیانلەبەران: باڵندە و گیانلەبەران بە گشتی ڕۆڵی بەرچاویان لە ئەدەبی منداڵاندا هەیە. بە تایبەتی ئەوانەی ماڵین و لەگەڵ مرۆڤدا دەژین.

لەم نامیلکەیەدا، بایەخێکی باش بە باڵندە دراوە (چۆلەکە) لە چیرۆکی (میوانی ئازیز) و (ئەڤۆکە) و (بولبول) لە چیرۆکی (جەژنانە) و (کۆتر) لە چیرۆکی (بۆ دارلاستیکەکەی شکاند؟) و شیعری (کۆترۆکە) بەزەقی دیارن و نووسەر توانیویەتی بیانهێنێتە ناو بابەتەکانییەوە.

٣- دیاردە سروشتییەکان: دیاردە سروشتییەکانی وەکوو خۆر و مانگ و ئەستێرە و هەور و برووسک و باران و پەلکەزێڕینە و کانی و ڕووبار، لەئەدەبی منداڵاندا جێی خۆیان کردووەتەوە و زۆر لە نووسەرانیش هەندێک لەو دیاردانەیان خستووەتە ناو بابەتەکانیانەوە.

لە چیرۆکەکانی (میوانی ئازیز) یشدا، نووسەر توانیویەتی ڕۆڵیان بۆ منداڵ بخاتە بەرچاو.

هەریەک لە شیعرەکانی (مانگ و ئەستێرە) و (کە باران دەبارێ) و (گلەیی) و (میوانی ئازیز) بەجوانی باسی مانگ و ئەستێرە و ڕۆڵیان لە ڕووناککردنەوەی شەوانی تارێک لە لایەک و باران و سوودەکانی و چۆنیەتی بارانبارین و بوونی باران بە مایەی خۆشحاڵیی خەڵک، بە تایبەتی منداڵان، بە ئاشکرا دیارە.

# هەردووکیان لە کۆتاییدا دەمرن

هەردووکیان لە کۆتاییدا دەمرن. ڕۆمانێکی گەنجانەی تازە پێگەیشتووە، لەلایەن نووسەری ئەمریکی (ئادەم سیلڤێرە)وە نووسراوە و لە ئەیلولی (٢٠١٧) دا چاپ و بلاوکراوەتەوە، ڕۆمانی سێیەمی ئادەم سیلڤێرە و سەرنج دەخاتە سەر دوو کوڕی هەرزەکار کە ناویان (ماتیۆ و ڕوفوس)ە، بۆیان دەردەکەوێت کە تەنها یەک ڕۆژیان ماوە لە ژیاندا.

ئەم کتێبە لە لیستی(The New York Times Best Seller list)ە کە ئەم لیستە بە شێوەیەکی گشتی بە لیستی پرفرۆشترین کتێبەکان دادەنرێت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لەم کتێبە نووسەر لە ڕوانگەی جیا جیای کارێکتەرەکانەوە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە.

ئەمەش کورتەیەکە لە چیرۆکەکە بەبێی ئاشکراکردنی تەواوی ناوەڕۆکەکە.

لە نیوەشەوی ٥ی ئەیلولدا ماتیۆ تەلەفۆنێکی لە لایەن Death-Cast)ی مەرگەوە پێدەگات، کە کۆمپانیایەکە حەوت ساڵ پێش ئێستا دامەزراوە و توانای پێشبینیکردنی مردنی مرۆڤەکانی هەیە، ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئێستا تەنها بیست و چوار کاتژمێر (یان کەمتر)یان ماوە بۆ ژیان ماتیۆ لە سەرەتادا بەنیازە ڕۆژی کۆتایی خۆی لە ژووری نووستنەکەیدا بەسەر بەرێت، بەڵام بڕیار دەدات بۆ ئەوەی بەڕاستی بژیت، بۆیە بە دوودڵی




بەرنامەی(ئەپ) دوایین هاوڕێ دابەزێنێت، ئەم بەرنامەیە یارمەتیدەدات کە کەسێک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆژی کۆتایی خۆی لەگەڵ بەسەر ببات.

ڕوفوس لە ناوەڕاستی شەڕ لەگەڵ (پێک) کە هاوڕێ نوێیەکەی (ئەیمی) کچە هاوڕێ کۆنەکەی بوو، کاتێک پەیوەندیەکەی خۆی لە Death-Cast- پێدەگات هاوڕێکانی ڕوفوس(مالکۆلم) و(تیاگۆ) ڕوفوس ئارام دەکەنەوە بۆ ئەوەی تەلەفۆنەکە هەڵبگرێت.

ڕوفوس ڕێگە بە پێک دەدات بڕوات، خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی منداڵە بێ دایک و باوکان ئەو شوێنەی خۆی لێ دەژیێ تا ماڵئاواییان لێبکات. ڕوفوس، ئەیمی، مالکۆم و تیاگۆ، بە گروپی (پلوتۆس) ناسراون، لە ماڵی منداڵە بێ سەرپەرشتییەکان ویستیان پرسەیێک بۆ ڕوفوس بگێڕن، بەڵام لەلایەن (پێکە)وە وەستێندران، چونکە ئەو پۆلیسی بانگ کردبوو بۆ ئەوەی ڕوفوس دەستگیر بکرێت بەهۆی شەڕ و ئاژاوە، ڕوفوس لە دەستی پۆلیس ڕادەکات و بەرنامەی دوا هاوڕێ دادەبەزێنێت بۆ ئەوەی بە تەنیا دوا ڕۆژی ژیانی بەڕێ نەکات. ماتیۆ و ڕوفس لە ڕێگای دوایین هاوڕێیەوە بەیەک دەگەن و بڕیار دەدەن ئەو ڕۆژە بە یەکەوە بەسەر بەرن. ڕوفوس ڕازی دەبێت لەگەڵ ماتیۆ بچێتە نەخۆشخانە تا ماتیۆ سەردانی باوکی بکات کە ماوەی دوو هەفتەیە لە ژێر چاودێری چڕدایە. ماتیۆ ماڵئاوایی لە باوکی دەکات و نامەیێکی بۆ بەجێ دێڵێت بۆ ئەوەی کە لە خەو هەستا بخوێنێتەوە. ڕوفوس باسی ڕابردووی دەکات و ڕوونی دەکاتەوە کە دایک و باوکی

لە ئینگلیزییەوە: ئیلانە باهۆز مستەفا

و خوشکەکەی هەموویان لە هەمان ڕۆژ لە لایەن Death-Cast تەلەفۆنیان بۆ کرا، لە ڕوداوی هاتوچۆدا ئۆتۆمبێلەکەیان کەوتە ناو ڕووبارێک و هەموویان خنکان، ڕوفوس تاکە ڕزگاربووی ئەو ڕوداوە بوو. لەگەڵ بەهێزبوونی هاوڕێیەتییان، دەچن بۆ گۆڕستان بۆ ئەوەی ماتیۆ سەردانی گۆڕی دایکی بکات، لەوێدا ماتیۆ لەگەڵ ڕوفوس باسی ژیانی دوای مردن دەکەن کە چییان بەسەر دێ.

پاشان ماتیۆ و ڕوفوس دەگەڕێنەوە بۆ شوقەکەی ماتیۆ چاوەڕێی دواین ساتیان دەکەن.

ژێنەر: خەیاڵی گەنجی پێگەیشتوو، خەیاڵی سەرکێشی

بیرۆکەی خوێندنەوە: کاتێک دەستم دایە ئەم کتێبە، هەستمکرد چیرۆکێکی واتادارە لەبەر ئەوەی ئادەم سیلفێرا توانیویەتی بەچەند ڕستەیەکی کورت لە پشتی کتێبەکەی سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت. ئادەم سیلڤێرا ساتێکی دڵتەزێنی وەرگرت و کردی بە شعرێکی بێگەرد، ئەم کتێبە بەڵگەی ئەوەیە کە دەکرێت جوانی لە بێ پلانیدا دروست بێت و هەندێک جار ئەو پێشبینیە چاوەڕوان نەکراوانەی ژیان بەهای سەرکێشییە لەبیرنەکراوەکانی ژیان ببەخشێت.

هەندێک لە وتەکانی کتێبەکە:

«چیرۆک دەتوانێت کەسێک نەمر بکات تەنها ئەگەر کەسێکی دی ئامادە بێت گوێی لێبگرێت»

«بەڵام گرنگ نییە چی هەڵدەبژێرین (تاک) یان (بەیەکەوە) هێڵی کۆتاییمان وەک خۆی دەمێنێتەوە هەر چۆن ژیان هەڵدەبژێرت، لە کۆتاییدا هەردووکمان دەمرین.»

... دوێنێکانم هەمووی لەدەست چوو، ئێستاش هیچ بەیانێکم نەماوە.

سەرچاوە

Adam Silvera

They both die

At the end



# لەبری پیرەوەری

- ڕابیعە مەلا عەبدوڵا (موفتی پێنجوێنی)
یەکەمین کچە خوێندکار و دوکانداری پێنجوێن

محەمەد گۆران

# ڕابیعە مەلا عەبدوڵڵا (موفتی پێنجوێنی)

## یەکەمین کچە خوێندکار و دوکانداری پێنجوێن



**محەمەد گۆران**

لەپاسێکی ڕەنگ سووری دووقات دێتە خوارەوە و تەلیسێکی بەدەستەوەیە، لەناو تەلیسەکە مەنجەڵێک کوبەی تێدایە و ڕابیعە بەخۆی دروستی کردوون بۆ دوکانداریێکی کوردی ئەو شارەی دەبات. ئەو ڕۆژە وەک هەمیشە، جلێکی کوردی پۆشیوە و چەفییەکی سپی لەسەر کردووە. لەدوکانەکە چەند کوڕە کوردێک لەچاوەڕوانی ڕابیعە دان و ئەویش لەکاتی خۆیدا دەگات. لەساتی گەیشتن دوای گۆڕینەوەی زەردەخەنە و سڵاوێکی کوردانە، یەکێ لەکوڕەکان سەری مەنجەڵەکە هەڵدەداتەوە و دەڵێ «ئەمە کوبەکەیە!».

شاشەیەکی ڕەش لەناوەڕاستەکەی نووسراوە (پرسە و یادکردنەوەی ڕابیعە موفتی پێنجوێنی ١٩٣٧ – ٢٠١٦)، فیلمەکی دۆکیۆمێنتارییە و پێش وەفاتی (ڕابیعە) بەرهەم هێنراوە و ناوی (سوارە مەمی خەلان)ی بەسەرەوەیە. فیلمەکە سەرەتا بەدیمەنێکی سەنتەری شاری لەندەن دەستپێدەکا، ماوەکەی حەوت خولەک و نیوە، لەگرتەیەکی دیکەدا، کۆڕێکی کوردەکانی لەندەن نیشان دەدات و زوومی کامێراکە دەچێتە سەر ڕابیعە و کچەکەی کە لەڕیزی پێشەوە دانیشتوونە. بەدەم ژەنینی مۆسیقایەکی ماتەم و حەزین، چەند وێنەکی ڕابیعە لەخۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات لەسلێمانی، وێنەکی دیکە لەپێش باڵیۆزخانەی تورکیا لە لەندەن، لەگەڵ چەندین وێنەی دیکە لەشاشەکەدا، دەردەکەوێ.

ڕابیعە لەدەشتێکی پڕ سەوزایی دانیشتووە و وەڵامی ئامادەکاری فیلمەکە دەداتەوە. ئەمە دیمەنێکی دیکەی فیلمەکەیە، لەم گفتوگۆ ڕۆژنامەوانییە ڕابیعە باسی ڕۆژانی خوێنکاریی و چوونی بۆ مەکتەبی کوڕان دەکا و دەڵێ: «ڕۆژێکیان کلوکلو بەفر لەپێنجوێن دەبارێ و چاڵە بەفرێکە هەر بۆ خۆی، لەمەکتەبی کوڕان کە لەدەرەوەی شار بوو و هەر ئەوەشی تیابوو، لەمەکتەب بۆ ماڵەوە هاتمەوە، لەتاو بەفر قاچێکم هەڵدەگرت و یەکێکم دادەنا، کە گەیشتمە دوکان زۆرم سەرما بوو، باوکم مەقڵییەکی خەڵووزی لەبەردەما بوو، کوفەکوف خۆم کرد بەدوکان و لەپێش مەقڵییەکە هەڵکوڕمام و خۆم گرمۆڵە کرد. باوکم زانی زۆرم سەرمایە. گوتی: دادەگیان ئەوە زۆپاتان نییە؟. گوتم بەرێوەڵڵا زۆپای دارمان هەیە، بەڵام دارمان بۆ تێ ناکەن. ئەوەندە عاتیفی بوو، ئێوارە بەزمانی خۆمەوە، بەپەلەپەل، دووسێ گلەیی بۆ مامۆستاکە نووسی:

**مامۆستای گەورەم دڵسۆزی خاکم**
**بەڕاستی لە تاو سەرما هیلاکم**
**قوتابخانەمان لە دووری شارە**
**هۆدە ساردوسڕ زۆپا بێ دارە**
**لە نووکی قاچم تا سەر ئەتەزم**
**وەک گونی هەلاج هەڵئەلەرزم**
**بەفر تا پشتوێن زەمین بەستوویە**
**لاشەم وێنەی مار سەرما گەستووە**
**کەی ئەمە حالە، کەی ئەمە ژینە؟**
**کەی ئەمە ڕووحمە، کەی ئەمە دینە؟**

لەزمانی خۆمەوە گوتبووی. بەیانی کە چووم بۆ مەکتەب، گوتی: ئەمە بخوێنەوە بۆ مامۆستاکە، ڕیز کرابووین و گوتم: من ئەو شعرەم هەیە بیخوێنمەوە. گوتیان دەی!. مەکتەبی کوڕە و منداڵیش بووم، بەڵام شەرمم نەدەکرد، لەسێی سەرەتایی بووم. وەڵڵا شعرەکەم خوێندەوە و ئیتر مامۆستاکە دڵی نەرم بوو و بەکارگوزارەکەی گوت:لەمەودوا زۆپاکەیان بۆ گەرم بکە. لەدوای ئەم قسانە، وێنەی قاڵەمەڕە بەدەم ژەنینی شمشاڵەکەی، تەواوی شاشەکەی داگیرکرد. ڕابیعە تا لەژیاندابوو زۆری حەز بەگوێگرتن لەو شمشاڵەی قاڵەمەڕە بوو.

موفتی پێنجوێنی ناوی مەلا (عەبدوڵڵا کەریم)ە، لەساڵی (١٨٨١)ز لەدێی بێستانە لەناوچەی پێنجوێن لەدایکبووە، لەتەمەنی منداڵیدا چووەتە بەر خوێندنی حوجرە، لەسەرەتادا لای باوکی خوێندوویەتی، ئینجا

بەدوای خوێندندا کەوتۆتە گەڕان بەناو شارەکانی کوردستاندا وەک: (پێنجوێن، مەریوان، بانە، سەقز، بۆکان، مەهاباد، سەراو، سەروچاوە، بیارە). لەکاتێکدا کە دوا قۆناغی خوێندنی لەبیارە دەبێت، بەهۆی زیرەکی و قسە ڕەوانییەوە، مەلای گەورەی ئەو کاتەی بیارە مامۆستا (مەلا عەبدولقادر) نازناوی موفتی پێ بەخشیوە، چونکە هەر لەو کاتەدا موفتی شاری سنە ناوی (مەلا عەبدوڵڵای موفتی) بوو، بۆیە ئەمیش بەهەمان یادەوە ئەم نازناوەی پێ دەبەخشرێ.

لەڕووی ڕوخسارەوە هۆنراوەکانی موفتی پێنجوێنی سادە و بێ گرێن، خوێندەوار و نەخوێندەوار تێی دەگەن. لەساڵی ١٩٥٩ز بەشێک لەهۆنراوەکانی بەناوی (سۆزی نیشتمان) چاپکراوە. لەساڵی ١٩٩٠ز سەرچەم هۆنراوەکانی بەناوی (دیوانی موفتی پێنجوێنی) چاپکراوە. لەڕۆژی ١٥ی ٦ی ١٩٥٢ز کۆچی دوایی کردووە و لەگۆڕستانی (حاجی شێخ)دا لەپێنجوێن بەخاک سپێردراوە.

گرتەیەکی دیکەی فیلمەکە، بەکۆڕێکی کوردەکانی لەندەن دەستپێدەکا کە خەڵکیکی زۆر ئامادەی ببوون، ڕابیعە لەسەر ستەیج بەتەنیشت تارا جافی هونەرمەند وەستاوە و وێنەیەکی قاڵەمەڕەی بەدەستەوە گرتووە و قسە بۆ ئامادەبووان دەکات: ئەوەندەم حەز لەم شمشاڵەی قاڵەمەڕەیە، وەسیەتم بۆ منداڵەکانم کردووە، وتوومە کە مردم شمشاڵەکەی قاڵەمەڕەم لەپرسەکەدا بۆ لێدەن! بووە چەپڵەلێدان و بەپێکەنینەوە گوتی: با ئێوەش ئاگادارین.

ڕابیعە وێنەکەی قاڵەمەڕەی توند بەسینگییەوە نووساندبوو و بۆ حەشاماتی خەڵکەکە قسەی دەکرد: باوکم بۆچوونی وابوو فەرقی کچ و کوڕ نییە لەئیشوکارا، دەبێ وەک یەک بەشداربن و ئەمەشی لەخۆیەوە دەستپێکرد. لەسەردەمێکی منداڵی مندا و لەپێنجوێنەکی دواکەوتووە، ئەوە ئازایەتی بوو بۆ ئەو، منی لەسەر دوکان دانا و کاروکاسبی پێ دەکردم. لەسەر ئەمەش خەڵکی قسەیان پێ دەگوت و دەیانگوت: چۆن دەبێ کچەک لەبازاردا کاروکاسبی بکات، چونکە ئەوە عاجباتی بوو شتی وانەبوو لەوێ، باوکیشم وەڵامی خەڵکی بەم شیعرە دایە:

**کچێکم هەیە لە پۆلی سێ یە**
**خوشکی هەنار و لیمۆ و بەهێ یە**
**هەتا نیوەڕۆ خوێندەوارمە**
**لەپاش نیوەڕۆ کاسبکارمە**
**.....**

**ئەڵین بەڕاستی حەیای ئەم شارە**
**ئەو پیاوە بردی بۆ پوول و پارە**
**کێ دی کێ بیستی لەدێهات و شار**
**کچ لە جێگای پیاو ببێ بەدوکاندار**
**دیارە نیشانەی ئاخر زەمانە**
**وەک بەفر حەیا ڕوو لەنەمانە**

باوکم دەڵێ خەڵکی وەهام پێدەڵێن، منیش دەڵێم:

**قەزای ئەو کچەم لە کەسێک کەوێ**
**بێ کەڵک و بێ خێر، ئەخوا و ئەخەوێ**
**ئێوە خواتان بێ، کچی کاسبکار**
**بۆ باشتر نەبێ، لە پیاوی بێکار**

هۆنراوەی موفتی، زادەی بیرێکی خۆماڵی و ئێش و ئازاری تێکرای نەتەوەکەی بووە. چاوی لەئاسۆی ڕزگاری کورد و پێشکەوتنی باری ژیان و دۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان بوو. وەکو نیشتمانپەروەرێک بڕوای بەڕاپەڕین و سەرکەوتنی گەلەکەی بووە. لەهۆنراوەکانیدا هانی ئیشکردنی داوە، جوتیار و ڕەنجبەرانی کوردی لاواندووەتەوە، بەگژ زۆرداراندا چووە، ڕەخنەی لەدەرەبەگایەتی گرتووە. لەبواری بڕوابوون بەسەربەستی و توانای ئافرەت و هێنانە کۆڕی ئیشکردنی سیاسی و پشتبەستن بەتوانای ئافرەت، هەمیشە ئافرەتی بۆ ئیشکردن و باوەڕ بەخۆکردن هانداوە، سەربەستی ئافرەتی بەبەردی بناغەی گۆڕانکاری کۆمەڵ داناوە.



ڕابیعە قسەکانی تەواوکرد، وێنەکەی قاڵەمەڕەی هەر بەدەستەوە بوو، ورد ورد لەسەر ستەیج هاتە خوارەوە، بچێتەوە شوێنەکەی خۆی دانیشێ. تارا جاف کە پێشکەشکار و بەڕێوەبەری کۆڕەکە بوو، گوتی: «ڕەسمەکەی بردین»، لەناو هۆڵەکە بووە پێکەنین، ڕابیعەش بەزەردەخەنەوە گەڕایەوە دواوە، بەڵام تارا جاف باوەشی لەڕابیعە دا و ماچی



رابیعەی موفتی پێنجوێنی و تارا جاف

کرد، وێنەکەی قاڵەمەڕەی پێشکەش کرد.

ڕابیعە مەلا عەبدوڵڵا (موفتی پێنجوێنی) ساڵی ١٩٣٧ هاتۆتە دنیاوە، لەتەمەنی حەوت ساڵیدا چۆتە خوێندنگای سەرەتایی پێنجوێن و لەگەڵ کوڕاندا هەتا پلەی پێنجی سەرەتایی خوێندووە و پاشان وازی هێناوە. لەو سەردەمەدا کچی مودیری ناحیە؛ (ژیان) لەگەڵ ئەودا لەهەمان پۆلدا بووە، ئەو لەخوێندن بەردەوام بووە، دواجار بۆتە مامۆستا. ڕابیعە بەدەم خوێندنەوە، دوکانداریشی لەگەڵ باوکیدا کردووە و بەو بۆنەیەوە خانەوادەکەی توشی تانە و تەشەر و تەنگژە بوونەتەوە لەلایەن کەسانی کۆنەپەرستەوە.

سەردار حەمەڕەش کوڕی ڕابیعەی موفتی پێنجوینی، بۆ (دیوان) قسەی کرد و گوتی «دایکم زۆرجاران باسی خێڵی جافی بۆ دەکردین، زۆر سەرسام بوو پێیان؛ کە چۆن ژنەکانیان گورجوگۆڵ بەتەنیشت پیاوەکانیانەوە دەڕۆشتن و گڤەی سەڵتە و کەواکانیان دەهات، چونکە مێینە لای ئەوان بڕیاردەر بووە وەک پیاوان، بۆیە دایکم وەک ژنەکانی خێڵی جاف ئازاد بوو، وەک ئەوان هەڵسوکەوتی دەکرد، ژنانی جاف نمونەیەکی جوانی مێینە بوون بۆ ئەو. بۆیە کاتێک بەسواری وڵاغ سنووری ئێرانی دەبڕی و ژیانی خۆی دەخستە مەترسیەوە بۆ بینینی کوڕەکانی، یەکێک لەوڵاغدارەکان سەرسام بوو بەدایکم، پێی وتبوو؛ ئەمە یەکەم جارمە لەژیانمدا ژنێک ببینم وەک تۆ سواری ئەسپ ببێت بەبێ نازونوز. کاتێکیش شەو دادێت، لەو شاخە لەگەڵ وڵاغدارەکان و کوڕێکی ناسیاوماندا خەوتبوون، بەتانی و لێفەیان کەم بووە، بەکوڕەی ناسیاومانی وتبوو؛ تۆ وەک کوڕی خۆم وایت ئەمشەو ساردە، پشت ئەکەینە یەکتری بۆ ئەوەی سەرمامان نەبێت، بۆ بەیانی ئەو کوڕە دەستی دایکمی ماچ کردبوو بۆ ئەو هەڵسوکەتە مەردانەی».

> **"خوێندن لەگەڵ کوڕاندا هەروا ئاسان نەبوو؛ کوڕان دەستیان بۆ دەبردین، نەمان دەتوانی هاوار بکەین و دژیان بووەستینەوە، چونکە ئابڕووت دەچوو، ئەگەر بێ دەنگیش بوویتایە، دەیانووت پێی خۆشە و ڕازیە!"**

«دەرگای ماڵمان لەکوردستان هەمیشە کراوە بوو، چەندەها خوێندکاری بێ باوک و دایک دەهاتنە ماڵی ئێمە و دایکم نانی بۆ ئامادە دەکردن، جلەکانی بۆ دەشوشتن، حەمامی بۆ گەرم دەکردن، هەموو جارێک بەخەمباریەوە دەیوت؛ ئەوان دوورن لەدایک و باوکیان، ئەوە ئەرکی سەرشانی منە یارمەتیان بدەم. زۆر لەپێشمەرگە و بەرپرسان و پیاوانی سیاسی، هەندیکیان بۆ ماوەی چەند مانگێک لەماڵی ئێمەدا خۆیان حەشار ئەدا، دایکم خزمەتی دەکردن وەک زۆر لەدایکانی کوردستان، بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارێ نانی بۆ ئامادە دەکردن».

ئەو کوڕەی ڕابیعەی موفتی پێنجوێنی بەردەوامی بەوەسفکردنی ئەتوار و کردەوەکانی دایکی دەدا و دەڵێ: دایکم لەگەڵ ئەو هەموو کارانەشدا فریای ئەوەش دەکەوت جارجارە کتێبێک بگرێت بەدەستیەوە و شەوان لەگەڵیان دابنیشت و بەشداری گفتوگۆی سیاسی بکات، هەندیک جاریش ڕەخنەی لێ دەگرتن. ڕۆژێک پرسیاری لەکوڕێکی ئەندازیار کرد کە ئایا ئەو ڕای چییە لەسەر تیۆری پەرەسەندن؟!.

کابرای خوێندەواریش وەڵامی دایەوە و گوتی؛ ئەو باوەڕی بەو تیۆریە نییە، چونکە هەرگیز نەی بینیوە لەکۆڵانێکدا کرمێک ببێت بەمرۆڤێک، دایکم بەبیستنی ئەو وەڵامە دایە قاقای پێکەنین، هەتا چەند مانگێک بەو ئەندازیارە پێدەکەنی.

دایکم وەک دوکاندار و وەک یەکەم کچی خوێندەوار لەشاری پێنجوێندا دەبینرا، ژنێک بوو بۆ ماڵ نەکرابوو، ژنێک بوو لەتوانایدا هەبوو وڵاتێک بەڕێوە ببات، مامۆستاکەی پێی گوتبوو کە دەتوانێت دوو پۆل بەساڵێک ببڕێت. کاتێک پرسیارم لێکرد ئەی بۆچی بەردەوامی بەخوێندن نەدا، لەوەڵامدا گوتی: ئەو تەنها کچ بوو لەگەڵ کچی مودیری ناحیە، لەخوێندنگەی کوڕاندا بۆ ئەوان هەروا ئاسان نەبوو؛ کوڕان دەستیان بۆ دەبردن، نەیان دەتوانی هاوار بکەن و دژیان بووەستنەوە، وەک خۆی دەیوت؛ وەک کچ ئەگەر دژیان بووەستایتەوە، ئەوا ئابڕووت دەچوو، ئەگەر بێ دەنگیش بوویتایە، دەیانوت وادیارە پێی خۆشە و ڕازیە. بۆیە کاتێک باوکی پرسیاری لێ کردووە ئایا دەیەوێت بەردەوام بێت لەخوێندن، لەوەڵامدا وتبووی؛ نەخێر. موفتی پرسیاری لێ نەکردووە بۆچی نایەوێت بەردەوام بێت لەخوێندن،

لەبەر ئەوەی ئەو هەرگیز بێ دڵی کچەکانی نەکردووە و بە پێچەوانەی بڕیارەکانیانەوە نەوەستاوەتەوە.

دایکم حەزی لەباسی سیاسەت بوو، بەشداری لەکۆبوونەوە و کۆڕەکاندا لە لەندەن دەکرد. لەکۆڕێکدا شێرکۆ بێکەس کاتێک دەبینێت بەجلی کوردیەوە لەو تەمەنەدا بەشدارە، لەبەری هەڵدەستێت و دەستی ماچ دەکات. کاتێکیش بەشداری کرد لە خۆپیشاندانەکانی حەڤدەی شوبات لەسلێمانی، داوای لەگەنجان دەکرد بچن دایک و خوشکیان لەگەڵ خۆیاندا بهێنن.

سەردار حەمەڕەش، لەزاری ڕابیعەی دایکی، نهێنییەک لەسەر ژیانی باپیرەی (موفتی پێنجوێنی) شاعیر و بنەماڵەکەی دەدرکێنی، کەم کەس هەیە تاکو ئێستا ئاگاداری ژیانی بەشمەینەتی موفتی پێنجوێنی بێت کە لەو سەردەمەدا بەهۆی بیروباوەڕەکانی چۆن دژایەتی کراوە و لەشارەکەی خۆی بەچ شێوەیەک سوکایەتی پێکراوە: دایکم؛ کچی مەلا بابای بوو، کچی مەلا کافر، مەلا ئاگرپەرست، کچی موفتی پێنجوێنی بوو، سەدەها جار بەخەم و پەژارەوە باسی ئازار و ئەشکەنجەی خۆیی و خێزانی موفتی بۆ دەگێڕاینەوە. زۆرجاران، زستانان لەدەوری سەماوەر، دوای نانخواردن، جگەرەیەکی دادەگیرساند و قومێکی قوڵی لێ دەدا و نیگای دەفری بۆ بیرەوەرییە تاڵەکانی و بەفرمێسکەوە خەم و ئازارەکانی باوکی بۆ دەگێڕاینەوە:

- بەخوا ڕۆڵە هەر داخ و زووخاو کوشتی، ئەو سەردەمە منداڵ بووم، بەڵام باش بیرم دێت؛ منداڵان پەنجەرەی ماڵەکەیان دەشکاندین، نەمان دەوێرا بچینە دەرەوە، زیڕەمان کردبوو، بەرد بارانیان دەکردین، لەکۆڵانان دوامان دەکەوتن و پێیان دەوتین؛ کچی مەلابابی، کوڕی مەلا کافر. بێگومان منداڵ چوزانێت بابی چییە؟ گەورەکان فێریان دەکردن، لەبەر ئەوەی خۆیان نەیاندەوێرا ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی خۆی ببنەوە، بۆیە منداڵانیان لێ دەهروژاندین؛ ئەو سەردەمەش سەردەمی جیهاد نەبوو، دەنا هەر زوو موفتیان دەکوشت. لەگەڕەکەکەماندا چەند ماڵێکی جوو هەبوون، ئەو خێزانە جووانە زۆر ڕێزیان لەموفتی دەگرت، ئەوانیش وەک موفتی لەهەمان دژواریدا دەژیان، بۆیە لەنەهامەتییەکانی موفتی تێ دەگەشتن، لەجەژنەکانیاندا هەمیشە سینیە خواردنیان بۆ دەهێنان.

قانیعی شاعر و هاوەڵیشی جارجارە لەشارەزوورەوە دەهات بۆ سەردانی، ئیتر شەو تا درەنگانێ پێکەوە دادەنیشتن. قانیع، کەسێکی قسەخۆش بوو، بەکوردییەکی پەتی شارەزووری دەدوا، بیرم دێت ئێوارەیەک چوومە بەردەم سەماوەر بۆ چا لێنان، قانیع گوتی؛ کە کچ هاتە بەر سەماوەر یانی وەختی شووم هاتگە.

قانیع، گوێی نەدەدایێ، جارجارە دەچووە سەر بەردە نوێژەکان، یان دەچووە مزگەوت خۆی پیشانی خەڵکی دەدا و لەگەڵ ئەواندا نوێژی دەکرد، لەبەر ئەوەی نوێژی دەکرد و دەچوو بۆ مزگەوت، خەڵکی ڕێزیان لێ دەگرت، بەڵام باوکم کەلەڕەق و یاخی بوو، نەی دەکرد، بۆیە ژیانمان لێ تاڵ ببوو. خۆ خودا خۆشی دەزانێت کە موفتی چەندە کەسێکی بەزەیی بوو، هێندە ڕێزی لەژیان دەگرت تەنانەت کاتێک بەڕێگادا دەڕۆشت ئاگاداربوو نەوەکا بەسەر مێرولەیەکدا بڕوات و پانی بکاتەوە. کەسێکی دڵسۆزبوو بۆ کۆمەڵگەکەی، هەمیشە یارمەتی خەڵکی دەدا، نیشتمانپەروەر بوو، ڕێزی لەماڵ و منداڵی دەگرت، هەرگیز گوێم لێ نەبووە ڕۆژێک بەدەنگی بەرز لەگەڵ دایکم بدوێت، ڕێزی زۆر لێ دەگرت، بەبێ ئەندازە یەکتریان خۆشدەویست.

موفتی پێنجوێنی لەساڵی ١٩٤٦ز کە کۆماری کوردستان لەمەهاباد دامەزرا، هەر چەندە نەخۆش بوو، بەڵام خۆشەویستی ئەم سەربەخۆییەی کۆماری کوردستان، گەیاندییە ناو جەرگەی سابڵاغ، تا بەچاوی خۆی ئاواتی چەندین ساڵەی ببینێت، لەوێ چەند پارچە هۆنراوەی بۆ کۆماری کوردستان نووسیوە و لەگۆڤاری (هەڵاڵە) بڵاوی

**"ئەوەندەم حەز لەم شمشاڵەی قاڵەمەڕەیە، وەسیەتم بۆ منداڵەکانم کردووە، کە مردم شمشاڵەکەی قاڵەمەڕەم لە پرسەکەدا بۆ لێدەن!"**





رابیعەی موفتی پێنجوێنی و کچەکەی

> «باوکم بۆچوونی وابوو فەرقی کچ و کوڕ نییە لە ئیش و کارا، لە سەردەمێکی منداڵی مندا و لە پێنجوێنەکی دواکەوتوودا، ئەوە ئازایەتی بوو بۆ ئەو، منی لەسەر دوکان دانا و کاروکاسبی پێ دەکردم»

کردۆتەوە. موفتی لەکاتێکدا ئەو دیمەنە جوانانەی کوردستانی دیــوە و بــەنــاو گــوڵ و گوڵستانەکاندا گەڕاوە و ئیلهامی شیعری پێ بەخشیوە.

سەردار حەمەڕەش کە دەکاتە کــوڕی چــوارەمــی ڕابیـعـەی موفتی پێنجوێنی، لەسەر زاری دایکی بەردەوامی بەگێڕانەوەی ژیانی ئەو کاتەی بنەماڵەکەیان و باپیرەی بەتایبەت دەدات و دەڵێ: سەردەمی شۆڕشەکەی شێخ مـەحـمـود بــوو، کاتێک شێخ مـەحـمـود بـەخـۆیـی و لـەشـکـرەکـەیـەوە هـاتـبـووە دەوروبــەری پێنجوێن، موفتی کـەوتـە پــارە کـۆکـردنـەوە و یـارمـەتـی بۆ شێخ مـەحـمـود، حکومەت بەم کارەی زانی بوو، بۆیە بەپەنجا دینار جەزا دراین، خـەمـمـان لـێ هـاتـبـوو چونکە پەنجا دینار سەروەتێک بوو بۆ ئەو سـەردەمـە، ئیتر باش بوو هێندەی نەبرد هەر بەهەڕەشەی شێخ مەحمود خۆی، جەزاکەیان سڕیەوە. ئەو ڕۆژەشم هەرگیز بیر ناچیتەوە، چونکە من یەکەم کەس بووم ئەو هەواڵەم برد بۆ دایکم کە حکومەت لەجەزاکەی خۆشبووە.

بیرم دێ سـەردەمـی ڕوخانی شـــۆڕشـــی مـــهـــابـــاد بـــوو، مـــام هـــەژاریـــش هـەڵـهـاتـبـوو لـەکـوردوسـتـانـی ئـێـران، لە سلێمانی بــەدوای کەسێکدا دەگەڕا شوێنێکی بۆ بکاتەوە بۆ نووستن، هات بۆ لای ئێمە لە سلێمانی، ئێمەش ئەوکاتە بەهۆی بـومـەلـەرزەکـەی پێنجوێنەوە بـۆ مـــاوەیـــەک پـێـنـجـوێـنـمـان جێهێشتبوو لە چاوەڕوانیدا لە سلێمانی دەژیاین، هەموومان لەژوورێکدا ترنجابووینە یەک، جێگەمان نـەبـوو شوێنی ئەو بکـەیـنـەوە، بۆیـە بـاوکـم چوو بەدەمیەوە کەسێکی دڵسۆزی بۆ دۆزییەوە.

بـــــەدەم گـــێـــرانـــەوەی بـیـرەوەریـەکـانـیـیـەوە، دایـکـم، نەفەسێکی تری لە جگەرەکەی دەدا و بە فرمێســـــــکەوە بـەسـەرهـاتـەکـانـی بـۆ تـەواو دەکردین: ئیتر باس باسی موفتی بـوو، سـنـووری پێنجوێنی تێ پەڕاندبوو، لەدێهاتە دوورەکانی پـێـنـجـوێـنـیـشـەوە بـاسـی بێ دینی ئەویان دەکـرد، کە چۆن توانیویەتی، منی نـەک تەنها وەک کچێک خستۆتە خوێندنگە لەگەڵ کوڕاندا، لەهەمان کاتدا وەک کاسبکار لەدوکانەکەیدا، ئەو سەردەمە خەڵکی لەوە تێ نەدەگەشتن، بەکفریان دەزانی، وەک دیاردەیەکی یاخی بوون و جیابوونەوە لەوان دەبینرا.

«ئیتر دەبـوایـە چارەسـەرێک بدۆزینەوە چونکێ نەماندەتوانی بــەو جــۆرە بـــەردەوام بین لەژیان. ئەوەبوو قانیعی هاوەڵی شـەوێـک هـات بۆ پێنجوێن و هەتا نیوە شەو پێکەوە دانیشتن، وەها دیاربوو ئەو شەوە قانیع ڕازی کردبوو کە ئەویش وەک ئەو جارجارە بچێت بۆ مزگەوت نـویـژ بـکـات و خـۆی پیشانی خەڵکی بـدات، هـەتـاوەکـو ماڵ و منداڵەکانی بـێـزار نـەکـەن و بەئاسوودەیی بژین. ئەو ڕۆژەم هەرگیز بیر ناچێتەوە کاتێک بە بەردەم مزگەوتەکەدا تێ پەڕیم، دوانـیـوەڕۆ بـوو، بینیم باوکم لـەگـەڵ قانیع و ئـەو خەڵکەدا نوێژ دەکات، ئیتر ئاسودە بووم و لەدڵی خۆمدا گوتم؛ منداڵان بەردمان تێ ناگرن و گاڵتەمان پێ نـاکـەن. بێگومان دەمزانی کە باوکم لەبەر دڵی ئێمە ئەو کارەی دەکرد».

ڕابـیـعـە لـەسـاڵـی ١٩٥٣ هاوسەرگیری لەگەڵ (محەمەد حـەمـەڕەش مـارف) کـردووە، خاوەنی حەوت کوڕ و کچێکە. کوڕ و کچەکانی لەئێستادا لە لەندەن و پاریس و کوردستان دەژیـــن. لـەسـاڵـی؛ ١٩٩٧دا کـوردسـتـان بـــەرەو لـەنـدەن جێدەهێڵێ و ماوەی بیست ساڵ لەو شارەدا ژیان بەسەر دەبات، هەر لەوێش ساڵی ٢٠١٦ کۆچی دوایی دەکات.

وەک لـەدوایـن گـرتـەی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکەش بینرا، بەئامادەبوونی کەسوکارەکەی و دەیـان کـوردی دانیشتووی لـــەنـــدەن، بـــەدەم ژەنـیـنـی شمشاڵەکەی قاڵەمەڕە، تەرمی ڕابـیـعـەی مـوفـتـی پێنجوێنی لەگۆڕستانی؛ Carpenders park lawn Cemetery بەخاک سپێردرا.

**سەرچاوەکان**


١- فیلمی دۆکیۆمێنتاریی (پرسە و یادکردنەوەی ڕابیعە موفتی پێنجوێنی ١٩٣٧ - ٢٠١٦) ئامادەکردنی (ســوارە مەمی خەلان).

٢- گفتوگۆیەکی نووسەر لەگەڵ (ســەردار حـەمـەڕەش) کوڕی ڕابیعەی موفتی پێنجوێنی

٣- پەرتووکی (زمان و ئەدەبی کـــوردی) پـۆلـی هـەشـتـەمـی بنەڕەتی

# وێستگەی دیوان

- **رۆژنامەی (النور) .. چۆن دەرچوو، چۆن داخرا؟**

ستارمەحەمەدئەمین

- **شەماڵ عەبدوڵلا**

ئا: سەباح شوکر

- **دەریاچەی مامەشێخ (دالامپەر)**

- **ناسنامەی (پشدەری) بۆ؟**

غەریب پشدەری

# ڕۆژنامەی (النور) ..
# چۆن دەرچوو، چۆن داخرا؟

**ستارمەحەمەدئەمین**

ئەگەر ئەوێ ڕۆژی لەسەر دەستی بەدرخانییەکان، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی کوردستان لە دەرەوی وڵات و لە ئاوارەیی چاپ و بڵاوکرایەوە، کە بۆ ئەوکات ئاوەها ئاسان نەبوو، کورد لەو سەردەمدا بتوانێت ببێتە خاوەنی ڕۆژنامەیەک بەزمانی دایک. بەدرخانییەکان سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکانی بەردەمیان لەوسەردەمی داگیرکاری و دوور لە نیشتمانی خۆیان لەقاهیرەی پایتەختی میسر توانیان یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان بەچاپ بگەیێنن، کە دواتر بووە ڕووناکییەک بۆ هەموان، کە تاکو ئێستاش ساڵانە لە هزروهۆشی هەموو ڕوناکبیران و ڕۆژنامەنووسانی کورددا ماوە و یادی دەکرێتەوە.

لە دوای سێ چارگە سەدە لەدوای ڕۆژنامەی کوردستان، دەستەیەک لە نووسەر و ڕۆناکبیرانی کورد کە سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردایەتییان دەکرد و سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون.

١٩٦٨/٩/٢٦ مۆڵەتی دەرچواندنی ڕۆژنامەی (النور) بە زمانی عەرەبی بەناوی پارێزەر کەمال محیەدین و پارێزەر عومەر مستەفا (عومەر دەبابە) و

**"تەمەنی (النور) زۆر درێژ نەبوو، بە زمانی کوردیش نەبوو، بەناو و مێژوو بچووک، بەڵام لە کوردستان و عێراق و جیهانی عەرەبیدا بڵاو دەکرایەوە و خوێنەری زۆر و تایبەتی هەبوو"**



وزارة الثقافه والاعلام
مديرية الصحافه
بغداد
العدد/ ١٨٠٠٠
التاريخ ١٩٦٨/٩/٢٦

بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهوريه العراقيه

السادة
المحامي كمال محي الدين
المحامي عمر مصطفى
الصحفي حلمي علي شريف
السيد خالد عبد الواحد
السيد محمد حسن برزو
م / منح امتياز

اشاره الى طلبكم المؤرخ في ١٩٦٨/٩/٢٦
نوافق على منحكم اجازه اصدار جريده يوميه سياسيه تصدر في بغداد باللغتين العربيه والكرديه باسم (النور) ولكم حق اصدارها بعد ايداع الكفالة المصرفيه حسب احكام قانون المطبوعات رقم ٥٣ لسنه ١٩٦٤ .

موقع / ...
وزير الثقافه والاعلام

صورة منه الى /

مۆڵەتی ڕێگەپێدان

حلمی عەلی شەریف و خالید دلێر و محەمەد حەسەن برزۆ وەردەگرن.

کە دواتر بە ماوەیەکی کورت ئەو ڕوژنامەیە دەبێتە سەکۆی ئازادی ڕۆژنامەگەری بۆ یەکێتیی نیشتمانیی عێراق.

لەم ڕۆژنامەیەدا هەموو قەڵەمێک و کەسێکی ئازادیخوازی دیار لە هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب بابەتیان تێدا بڵاوکردیتەوە لەوانە مام جەلال و برایم ئەحمەد و حەسەن عەلەوی و زۆری دی. (النور) ڕوناکی بەهەموو لایەکی کوردستان و عێراق و تەنانەت بە هەموو وڵاتانی عەرەبی و جیهانیشدا بڵاوبوویەوە، بەداخەوە دوای زیاتر لە سی ساڵ تێپەربوون بەسەر دەسەڵاتی کوردی،



النور
يومية سياسية
العدد ١٧ السنة الاولى — الاربعاء ٣٠ تشرين اول ١٩٦٨ — ٧ شعبان ١٣٨٨ هـ — ١٢ صفحة ب ٢٠ فلسا
طبعت بدار الزمان — بغداد

فاز فريق القوة الجوية العراقية على الايراني ٣-٢
حكومة جديدة في سوريا
...بلاغ الأمم المتحدة: لن نقف مكتوفي الأيدي تجاه التحشدات الاسرائيلية
...بعد الهزيمة
المقاومة الشعبية في الضفة الغربية

تقرير دولي يتوقع
الحرب الرابعة
في الشرق الاوسط

ململانێ سیاسییەکان وایان کرد، زۆر شت کە پەیوەندییان بە دیرۆکی نەتەوەکەمانەوە هەبوو لەبەر کێشە لاوەکییەکان وەکو پێویست یادیان نەکرێتەوە، ئەگینا دەبوایە ساڵانە یادی ئەم ڕۆژنامەیە بکرێتەوە.

ڕاستە تەمەنی (النور) زۆر درێژ نەبوو، بە زمانی کوردیش نەبوو، بەناو و مێژوو بچووک، بەڵام لە کوردستان و عێراق و جیهانی عەرەبیدا بڵاو دەکرایەوە و خوێنەری زۆر و تایبەتی هەبوو، هەربۆیەش بەهۆی پێشهاتە سیاسییەکان و پیلانگێری دوژمنان و (سەدام حوسێن و عەبدوللا سەلوم و مونزر عریم) و (ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر مستەفا و عەبدولڕەحمان زەبێحی و کەمال مەحیەدین) لەو کۆبونەوەیەدا یەکێک لە داواکارییەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی پێدانی ڕێپێدان بوو بە ڕۆژنامەی (النور) ئەو کاتە مەکتەبی سیاسی هەبوونی ئەو ڕۆژنامەیەی لە بەغدا بە پێویست دەزانی.

سەبارەت بە ناوی ڕۆژنامەکەش مامۆستا کەمال گوتی: هەڵبژاردنی ناوی (النور) بۆ ڕۆژنامەکە لەبەر ئەوەبوو


ستار محەمەد لەگەڵ کەمال محیّدین

## بەهۆی بڕوابوونم بە ڕۆژنامەی (النور) و نزیکیمان لەگەڵ مام جەلال تاڵەبانی گوێم بە سزایەکەم نەدا

بەرژەوەندی تەسکی حزبی ڕۆژنامەی (النور) کرایە قوربانی.

بەمەبەستی زانیاری زیاتر لەسەر ڕۆژنامەی( النور) پارێزەر کەمال مەحیدین یەکێک لە دەستەی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە لە دیدارێکدا بۆ گۆڤاری دیوان گوتی:

بەرلەوەی بێنە سەر حوکم و دەسەلاتی سیاسی لە عێراق وەربگرن، باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەرێگای عەبدوڵلا سەلوم و سالح مەهدی عماش پەیوەندی زۆر باشی لەگەڵ (حزبی بەعس)دا هەبوو، هەفتانە یەکتریان دەبینی و کۆبونەوەی دوو قۆڵیان دەکرد.

لە ١٩٦٨/٧/٣٠ دەسەڵاتیان گرتە دەست و دواتریش لە ١٩٦٨/٨/١٣ کۆبونەوەیەک لە نێوان مەکتەبی سیاسی (پارتی دیموکراتی کوردستان) و (حزبی بەعس)دا لە کۆشکی کۆماری کرا، بە ئامادەبوونی ڕوناکی کوردستان و گەلی کورد و داخوازییەکانی بە زمانی عەرەبی بگاتە هەموولایەک لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ گۆڤاری دیوان مامۆستا کەمال باسی ئەو نووسەر و کەسایەتیانەی کرد کە نووسینەکانیان لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکردۆتەوە وەک (برایم ئەحمەد و مام جەلال و عەبدلڕەحمان زەبیحی و محمودی مەلا عزەت و نەوزاد ڕەفعەت و ئیبراهیم میرانی و مستەفا سالح کەریم و دکتۆر کەمال فوئاد و تەحسین هەورامی).

ژمارەیەکی زۆریش لەنوسەرانی عەرەب بابەتی خۆیان لە ڕۆژنامەی (النور) بڵاودەکردەوە.

لە دیمانەیەکمدا کە کاتی خۆی لەگەڵیمدا کردبوو (حەسەن عەلەوی) نووسەری عەرەب، بۆی گێرامەوە و گوتی: ڕۆژنامەی (النور) یەکێک بوو لە ڕۆژنامە هەرە باشەکانی عێراق بە ڕۆژنامەی مامۆستا جەلال تاڵەبانی ناسرا بوو.

هەروەها گوتی: لەبەر ئەوەی جارێکیان بابەتێکم لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوکردەوە لە لایەن حزبەوە سزا درام، چونکە ئێمە ڕۆژنامەی خۆمان هەبوو، بەڵام (النور) خوێنەری زۆری هەبوو، لەهەمان کاتدا زۆرترین ژمارەشی لێدەردەچوو، هەرچەندە بە مەبەست بابەتەکەم لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکردەوە، لەهەمان کاتیشدا بەهۆی بڕوابوونم بە ڕۆژنامەی (النور) و نزیکیمان لەگەڵ مام جەلال تالەبانی گوێم بە سزایەکەم نەدا.

هەروەها سەبارەت بە تیراژی


نهج النور

لنقف صفا واحدا ضد الاستعمار ومؤامراته

الجدير بالملاحظة في هذه الايام هو خفوت الحديث عن
مخططات الامبرياليين وخلو الانباء عن ذكر مؤامراتهم الموجهة
الى مصالح الشعب العراقي والحركة الثورية التحررية للامة
العربية تلك المخططات والمؤامرات التي كان الحديث
حولها يدور بصراحة ووضوح الى وقت قريب ومع هذه الملاحظة
او بالاحرى بسبب هذه الملاحظة نرى اننا نرتكب خطأ كبيرا
ومضرا ابلغ الضرر اذا اهملنا قيد شعرة فيما يتعلق باتخاذ
الاجراءات الوقائية اللازمة لحماية استقلال بلادنا وسيادتها
ومكتسبات شعبنا الثورية . فالامبرياليون لم يحققوا بعد كل
اهدافهم اذ بالرغم مما نالوه من فوز عسكري هين نتيجة حرب
حزيران فانهم لم يحققوا ما كانوا يصبون اليه من الاهداف
السياسية التي هي عبارة عن اسقاط الانظمة التحررية
البلدان العربية وسلب شعوبها مكتسباتها الثورية ، واعـ
حكوماتها الى حظيرة التبعية الامبريالية بالاضافة الى حماي
اسرائيل باحاطتها بضمانات دولية وعربية تضمن لها البقـ
والنمو كسرطان في قلب المنطقة . فحرب حزيران تعتبر وكانه
يحقق قسما هاما من اهدافها ولا يعقل ان يترك الامبرياليـ
ـذه الاهداف دون ان يعيدوا الكرة في سبيلها مثنى وثـ



كتاب النور

كردستان و الحركة القومية الكردية

بقلم جلال الطالباني

الفصل الأول

الاكراد وكردستان

لاسم الشعب الوافد ك ( كاردو ) مثلا فاختلط الشعب الوافد بذلك القوم او تلك الاقوام المحلية واندمج فيها اندماجا كليا وصاروا جميعا امة واحدة على مدى الايام والظروف ) .

مار نظريته هذه على اساس تقاليد الشعب الكردى ومميزاته الاجتماعية ويقول ان عادات الاكراد شبيهة بعادات العناصر السابقة كعادة الزواج من بنات العم مثلا وعادة الغناء المنطلق من

الاهداء

**“**

**زۆر گرنگە ئەو ڕاستییە بزاندرێت ڕۆژنامەی النور کە لە بەغدا دەردەچوو ڕۆژانە (٣٠) هەزار دانەی لێ چاپ دەکرا، بەبێ ئەوەی تەنیا یەک دانەشی بمێنێتەوە، بەڵام ڕۆژنامەی (الثورە) کە هی حوکمەتی بەعس بوو (٤) هەزار دانەی لێ چاپدەکرا، کەچی نیوەی لێدەمایەوە**

**”**

ڕۆژنامەکەش مامۆستا کەمال گوتی: ڕۆژانە (٣٠) هەزار دانەمان لێ چاپ و بڵاودەکردەوە و یەک دانەشی لێ نەدەمایەوە، هەروەها لەدرێژەی بیرەوەرییەکانیدا مامۆستا کەمال دەڵێ: هەرچەندە ئەو ناوانەی لەسەرەتادا ئاماژەم پێکردوون ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لە دەرچوونی ڕۆژنامەکە بە ڕێکوپێکی، بەڵام زۆربەی ئەرکی ڕۆژنامەکە کەوتبووە سەرشانی من و حلمی عەلی شەریف، ڕۆژانە لە بارەگای ڕۆژنامەکە دەواممان دەکرد، حلمی لەبەر ئەوەی کاری دیکەی نەبوو زیاتر پەیوەست بوو بە ڕۆژنامەکە. بەڵام هەرچی من بووم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی ڕێکخستنی بەغدا و پەیوەندییەکانیش بووم، هەربۆیە ئەبوایە ڕۆژانە سەردانی ڕۆژنامەکە بکەم، هەروەها لە درێژەی یادەوەرییەکانیدا مامۆستا کەمال مەحیەدین بۆ گۆڤاری دیوان دەڵێت: من زۆر سەربەرزم کە یەکەمین ناوم لە دەستەی خاوەنەکانی دیارترین و بەناوبانگترین ڕۆژنامەی کوردی بەزمانی عەرەبی لە عێراق کە ڕۆژنامەیەکی سیاسی کۆمەلایەتی و کەلەپوری بوو، کە هەمیشە داکۆکی لە دیموکراسییەت و یەکسانی و مافی مرۆڤ و بەرژەوەندی هەژاران و پێشخستنی ژیانی ڕۆژانەی گەلی عێراق دەکرد، بۆ مسۆگەرکردنی دواڕۆژی پڕ لەئاشتی و کامەرانی. لەسەر بەراوردکرنی ڕۆژنامەی (النور) بەو ڕۆژنامانەی لەو سەردەم دەردەچوون مامۆستا کەمال محیدین گوتی: من زۆر خۆشحالم جیگای خۆشیەتی دڵخۆش بم بەو ڕۆژنامەیە کە ئیمرۆ دوای زیاتر لە پەنجا ساڵ باسی ڕۆژنامەکە و یادەوەرییەکانی خۆم لەگەڵ هەڤاڵانم بۆ گۆڤاری دیوان دەگێڕمەوە، بەڕاستی هێندە سەربەرزم بەوەی کە لە ڕۆژنامەیەک لەگەل ئەو هەڤاڵانەی ناوم بردوون پێکەوە کارمان کردووە و لەو مینبەرەوە توانیمان کێشەی ڕەوای کورد و کوردستان بەهەموو جیهان بگەیێنین و باس لە داخوازییە ڕەواکانی میللەتی کورد بە مافی چارەی خۆنووسینەوە بکەین.

(النور) تاکە ڕۆژنامە بوو بەزمانی عەرەبی، داکۆکی لە ئومێدی کورد و کوردستانی گەورە بکات، لەدرێژەی قسەکانیدا کەمال محێدین گوتی: بۆ مێژووی ڕۆژنامەگەری زۆر گرنگە ئەو ڕاستییە بزاندرێت ڕۆژنامەی (النور) کە لە بەغدا دەردەچوو ڕۆژانە (٣٠) هەزار دانەی لێ چاپدەکرا، بەبێ ئەوەی تەنیا یەک دانەشی بمێنێتەوە، بەڵام ڕۆژنامەی (الثورە) کە هی حوکمەتی بەعس بوو (٤) هەزار دانەی لێ چاپدەکرا، کەچی نیوەی لێدەمایەوە، هەر لەبەر ئەوەش بوو حوکمەتی بەعس کاغەزی لێمان کەم کردەوە، بۆ ئەوەی کەمترین ژمارەی لێ چاپ بکەین، لەو سەردەمەدا کاغەزی چاپکردن لەژێر دەسەلاتی بەعسدا بوو.



وێنەی زەبیحی و مامۆستا کەمال قونسڵی چینە لەبەغدا



ستار محەمەد لەگەڵ حەسەن عەلەوی

مامۆستا کەمال لە درێژەی قسەکانیدا باسی لە بارەگای ڕۆژنامەی (النور) کرد و گوتی: ڕۆژنامەی (النور) بارەگاکەی لە شەقامی ڕەشید بوو لە تەنیشت سینەمای (سمیرامیس) ڕۆژانە ڕۆژنامەی (النور) بۆ هەموو شارەکانی عێراق و کوردستان و هەندێ لە پایتەختی وڵاتانی وەکو قاهیرە و دیمەشق و کوێت و لەندەن و ئەلمانیا دەچوو.

ئەم ڕۆژنامەیە، لەو تەمەنە کورتەیدا کە (٤٠٤) ڕۆژ بوو، توانی زیاتر لە (٣٠٠) ژمارەی لێدەربکات هەروەها لایەنێکی دی ئیجابی ئەم ڕۆژنامەیە ئەوەبوو ڕۆژانە هەڤالانی مەکتەبی سیاسی چەند سەعاتێک لەم ڕۆژنامەیە دەوامیان دەکرد و چاویان کەوتووە بەنوێنەرانی دیبلۆماسی وڵاتانی وەکو ڕووسیا و چین و لیبیا و میسر و ڕێکخراوی مجاهیدنی خەلقی فەلەستینی و تا دوایی ...... لەسەر داخستنی ڕۆژنامەکەش لەو چاوپێکەوتنەمەدا کە کاتی خۆی لەگەڵ (حەسەن عەلەوی) کردوومە، کە ئەو کات ڕاوێژکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق بوو، بۆی گێڕامەوە و گوتی: زۆربەی ڕۆشنبیرانی عێراقی و عەرەبی پیان ناخۆش بوو ئەم ڕۆژنامەیە دابخرێ، بەداخەوە داخستنی لەسەرداوای لایەنێکی کوردی بوو، کە ئەویش باڵەکەی بارزانی بوو، گفتوگو و ڕێکەوتنیان لەگەڵ سەدام حوسێن کردبوو، یەکەم مەرجیان لە ڕێکەوتنی ١١ی ئازار داخستنی ڕۆژنامەی (النور) بوو، لەبیرمە ڕۆژێک بەر لە داخستنی (سەدام حوسێن) وەک ڕاوێژکاری ڕۆشنبیریی بانگی کردم و گوتی: برگەیەک لە بریارەکانی داخستنی ڕۆژنامە بیینەوە و ڕۆژنامەی (النور) ی پێ دابخەن و ڕۆژنامەی (التاخی) لەشوێنی دابنێن. شۆک بوم پێم گوت: ئەم بڕیارە بە پەلەیە چییە؟ لە وەڵامدا گوتی ئەوە داواکاری جەنابی (بارزانی)ە دەبێ هەر ئەم شەو جێبەجێ بکرێت، زۆر هەوڵمدا بەڵام بێ سوود بوو، ئەوبوو بڕیاری داخستنی ڕۆژنامەی (النور) لە ١٩٧٠/٣/١٩ دەرچوو.

عەلەوی هەر لەو دیدارەدا گوتی: داخستنی (النور) کاردانەوەی زۆری لە شەقامی عێراقی و عەرەبی دروست کرد، دەمەوێ بە نموونە باس لە بەشێکی ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەی نێوان سەرۆک عەبدولناسر و ئەحمەد حەسەن بەکر بکەم لەسەر داخستنی ڕۆژنامەی (النور) عەبدولناسر بە سەرۆک بەکر دەڵێت: بەداخەوە ئیمرۆ هەواڵی داخستنی ڕۆژنامەی (النور) م پێگەیشت زۆرم پێ ناخۆش بوو نەدەبوایە ئەم ڕۆژنامەیە هەرگیز دابخرێت چونکە لە عێراق (النور) تاکە ڕۆژنامە بوو داکۆکی لە کێشەکانی وڵاتانی عەرەبی دەکرد ئەویشتان داخست.

هەروەها مامۆستا کەمال محیدین زانیاری ترمان پێدەدا لەسەر داخستنی ئەو ڕۆژنامەیە و دەڵێ: داخستنی ڕۆژنامەی (النور) ئەوەندە ویستی بارزانی نەبووە ئەوەندەی داخوازی بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسییەکەی ئەوان بوو، کە پێداگریان کردووە لەسەر ئەوەی دەبێ ئەو ڕۆژنامەیە هەر دابخرێت، هەر بۆ زانینتان ئەو مەکتەبی سیاسییانە (بارزانی) بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ لێک نزیک بوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی و بارزانی نەبوون حەزیشیان نەدەکرد ئەو لێک نزیک بوونەوەی هەبووە لە ڕێگای ڕۆژنامەی (النور) لەگەڵ خوێندەوارانی عەرەب و حزبە سیاسییەکانی عێراقی وجیهانی عەرەبی و سیاسییەکانی عێراقی هەڵیبوەشێننەوە .

**عەبدولناسر بە سەرۆک بەکر دەڵێت: بەداخەوە ئیمرۆ هەواڵی داخستنی ڕۆژنامەی (النور)م پێگەیشت زۆرم پێ ناخۆش بوو نەدەبوایە ئەم ڕۆژنامەیە هەرگیز دابخرێت**

> **حەسەن عەلەوی:**
> **زۆر هەوڵمدا بەڵام بێ سوود بوو، ئەوبوو بڕیاری داخستنی ڕۆژنامەی (النور) لە ١٩٧٠/٣/١٩ دەرچوو.**

# شەماڵ عەبدوڵڵا

**زرار عەبدوڵڵا (شەماڵ) پێشمەرگە و شاعیرێکی ساڵانی هەشتاکان**

ئا/ سەباح شوکر

بەدەستیکی چەک و بەدەستەکەی دیکەش قەڵەم، قەڵەمەکەشی یەک پارچە شیعر.

شەماڵ کەسایەتییەکی خاکی وهێمن و کەم دوو، بەڵام لەناخەوە دەریایێک لە خۆشەویستی نیشتمان.

وەک بۆخۆی دەڵێ: دوای ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، لەمانگی (١١) ی ساڵی١٩٨٠ بووتە پێشمەرگە، کە ئەودەم خوێندکاری پەیمانگای تەکنەلۆجیا بووە.

لەوبارەیەوە دەڵێ:(لەهەولێر پەیوەندیم بەشەهید (فەقی گۆمەشینی)یەوە کرد و لەدێی سێگرتکان، لە هەرێمی (٨)ی دەشتی هەولێر کە دوایی بووە قوەی دەشتی هەولێر و لەساڵی (١٩٨٢) ش کرایە مەڵبەند و تیپ و کەرت و مەفرەزە، بوومە پێشمەرگە. لەکەرتی دووی شەهید (ئەحمەد قەمبەری) وەک ڕابەر سیاسی کەرت دەست بەکار بووم، ئەوکات شەهید شاخوان سەرتیپی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر بوو.



شەماڵ عەبدوڵڵا

لە بارەی بەهرەی شیعرییەوە دەڵێ: (پێشتر بەهۆی ڕێکخستن و لەتەمەنی حەڤدە ساڵییەوە لەناخمدا هەستم بە هرەی شیعریی کرد و دەستمدایە شیعر نووسین لە ساڵی ١٩٧٦ زۆر بە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت سەرسام بووم، بەتایبەتیش دیوانی (پرچی ئەوکچە ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە).

ئەوە جگە لەو شیعرانەی کە بەدەستنووس بڵاودەکرانەوە و بۆنی شۆڕش وبەرگریان لێوە دەهات.

سەبارەت بە نووسینی یەکەم ئەزموونی شیعریی خۆی دەڵێ: یەکەم جار لەشاخ لەیادی شەهیدان (ئارام و جەمیل رەنجبەر)دا لەساڵی ١٩٨٢ شیعرم نووسی.

کاتێکیش لە چالاکییەکدا هاوڕێم یوسف قەشقەیی شەهید دەبێ لە داستانێکی شعریدا بەم بۆنەیەوە شیعری (دواسەفەر)م نووسی.

- بە درێژایی ژیانی شاخ هەرشیعری بەرگری بوویا تێکەڵ بە ئەشق ورۆمانسی دەبوو.

باسی ئەوەش دەکات کە لەو سەردەمەی خەبات و تێکۆشاندا وێڕای شیعری بەرگری و سیاسی جار جاریش بەشەرمەوە جوانی کچێکی لادێی سەرنجی ڕاکێشاوە و شیعری بۆ نووسیوە. وەک بۆخۆی دەڵێ لەوساوە تا ڕاپەرین خاوەنی ٥٠ شیعر بووە و لە دیوانی (فەرموودەکانی ترس و هێلانەکانی مەرگ) لە ساڵی ٢٠٠٥ چاپ و بڵاویکردونەتەوە.

سەبارەت بە جیاوزییەکانی شیعری سەردەمی شاخ و شاریش دەڵێ: جیاوازیکە زۆرە خەباتی شاخ نووسەر بابەتەکانی بەرگری و لێدانی بەعس و ڕزگارکردنی دێ و شاربوو، ئێستاش خۆت حاکمی، نووسەر دەبێ بە ڕەخنە و پێشنیازەوە کەموکورتییەکان دەست نیشان کات، ئەم هەرێمە بە خوێنی شەهیدان هاتوتە بەرهەم و ناکرێ وەک دوژمن تە ماشابکرێ، ئەگەر وابێ کەواتە ئێمە چیمانکردووە لەو هەموو قوربانیدانە بەداخەوە نووسەران و دەسەڵات لیک ناحاڵین و کێشەی بچوک گەورە دەکرێ و کێشەی گەورەش بچووک دەکرێتەوە.

**بەشێک لەو شیعرەی بۆ شەهید ئارام نووسراوە**

لەم سەفەرەت بەئارامی خەمی گەورەی هەژاران
بڵێ بابخەوێ و بەدڵنیایی چاولێک بنێ
کەژاوەی ئەوهاوارە هەر بەڕێوەیە
کەدەیویست لەکازیوەی بەربەیانێکدا
شنەی شەماڵ هەڵی بگرێ و
لەگەڵ دەنگی چەوساوەکان تێکەڵ بێت و
تا هەتایی کۆشکی ئازادی وسۆسیالیزم
بۆهەژاران، چەوساوەکان دابرێژێ
بۆشەهید جەمیل ڕەنجبەر
تۆش بۆ دواجار
کراسی خوێناوی خۆت لەبناری کێوەڕەشدا
کردە ڕەشماڵی هەژارانی ئەم خاکە بێ بەهارە
تۆش بۆ دواجار خەمە گەورەکانی خۆت
لەهەگبەی دڵە پرلەناسۆرەکەت دا دەرهێنا و
بۆجووتیارە چەوساوەکان هەمووت هەڵرشت
تۆش دواجار
ڕاز و سکاڵای خۆت کردە ملوانکە و
خستە گەردنی هاوڕێکانت
خواحافیزیت لەسەنگەری تۆڵەی مەرگی شەهیدانکرد.



# دەریاچەی مامەشێخ (دالامپەر)



فەرهاد جەمیل

یەکێک لە دەریاچە هەرەگەورە و سروشتی و خۆرسکی کوردستان، زیاتر بە دیوی ڕۆژ هەڵاتدایە، سەرچاوەی ئاوەکەی بەفری کەڵەکە بووی چەندین ساڵەیە، بەرزی و باڵای شاخی دالامپەر هاو کارە بۆ زیاتر بارینی بەفر (٣٤٧٠)م لەڕووی دەریاوە بەرزە بەسە ر هەرسێ دیوی کوردستان سپی دەچێتەوە. بووک ئاسا چارۆگەی سپی لەخۆی پێچاوە. بۆ یەکەمجاریش! وەفدە سێقۆڵیەکەی تورکیا عێراق ئێران لەسەر ئەم شاخە دانیشتن نەخشە دوژمنکاریەکەیان دارشت سێ سنورە دەستکردەکەیان دیاریکرد! دابەش و لەتلەتیان کردین. ئەستووری بارینی بەفر ساڵانە و بەسەریەکدا کەوتنی پشتی چەند بەرزاییەکی لەبەشی پێشەوەی دالامپەر شکاندووە، لەهەمو لایەک چەماوەتەوە، ناڕاستەوخۆ دەڕوانێتە سەر دەشتاییەکانی مەرگەوە تەزی ئاو و ساردادوێکی زۆری لەخۆی گل داوەتەوە، لەبەری خوارەوە تا چاو بڕ بکا لەدەشتی کاکی بە کاکی هەموی مێرگ و چیمەنە. بەفر وەک مۆرانە بە ناخی بەشێک لەو بەرزاییانەی سەرەوە ڕۆچوە و تاسەر ئێسقانی بریوە، خۆر بەدرێژایی ڕۆژ تیشکەکانی شۆڕ دەکاتەوە لەبن و سەری دەریاچەی دەدات، تا جوان خۆیان بشۆرنەوە، شەبەق شەفەق ڕەنگ دەدەنەوە، تیشکەکان سۆنە ئاسا سەراو و بناو لێدەدەن، لەسەما و مەلەوانی ناکەون وەک دوو ماری عاشق لێک دەئاڵێن. هاتوچۆی بەردەوامیان هێندە ماندویان دەکا فریای گەڕانەوە نەکەون، هەرلەوێ کفت دەکەون، تارۆژی دواتر لە ژێر دەریاچە نوقم دەبن. کە خۆر زەردەی لە ئاوابون بوو تیشکی لە کزیدا و ڕۆناکی پەڕی، مانگ هەڵپەیەتی تا خۆی پیا بکا ڕۆناکیەکی کزی عاشقانەتر لەبناری کێو و هەردانی دالامپەر و درەیاچە دەدا، زەنگی ژووانی ژوانداران دەچرپێنێتە گوێی کوڕان و کچانی عاشق، ئاخر لەوێ ژووان لەگەڵ مانگ هەڵدێ، هەر کە شنە بایەکی شەماڵی بەئاو ڕشێنی دەریاچە هەڵی کرد تێکەڵ بەئاوازی شمشاڵی شوانان ڕێچکەی ڕووباران شۆڕەی کانیلان بوو، بۆنرێژ بوو بە گوڵە کێویلەکان بەیبون و شلێر، دۆڵە ترشین خۆبگرە سەر هەوراز هاتم. گوێنی گوێنی فرکە فرکی بارە کەوانە، لە نێرەکە و ماکە و، بەرەو قەدی شاخەکان هەڵدەکشێن، لە بەرزایی و لە سەر قوچە بەردان دەنیشنەوە. کەلە ژووان بوون، نێرە کەو ڕەنگێکی تر قاسپەی مەزەیەکیتر و موژدەی ژوانی شەوێکی تر بەگوێ ی ماکەوێدا دەدەن، ماکەویش! بالووره ئاسا بۆی دەخوێنێتەوە، ئامادەیی دەر دەبڕێ منیش مرکێش مرکێش لەگەڵ خۆما ورێنە دەکەم وەی کە دەگەڕێمەوە ئەوێ ڕۆژێ تەزوێک هەمووگیانم دەهەژێنێ ماندو کەنەفت دەگەمە ژێر کۆتا بەرزاییەکانی دالامپەر ماندوێتی و شۆڕبوونەوە ناو خۆ هەلوێستەیەکم پێ دەکەن ئاوڕێ بۆ دواوە دەدەمەوە دۆڵە ترشین ئەو بەر ئەو بەر ڕەشماڵانی کۆچەران ڕەوەندایەتی شکاک و هەرکیان خۆ جێییەکانی مەرگەوەڕێ لەسەر هەوێزی خۆیان بار و بنەیان هەڵدەدا چاوەکانی منیش لەوکاتەدا خەویان تێ دەزا بەلا تاسێ دیتنا پەریێ دەلال سەرنجی سەر ڕستێ ڕەشماڵێ ڕادەکێشام وەختی هەورێ ڕەش و سپیم دەدیت ڕەشماڵ تارماییەکی ڕەشی بەسەر کەویە بەفرێ جێژووان دادەدا نیشانا هاتنا ماڵا پەریێ و ژوانا بن کەویێ بەفرێ بوو خوایە تۆ و مامە شێخ هاوار ئەوجارە کەویە بەفر ببێتە ڕنی و بەسەرماندا برنێ دەبم بە قوماشێکی ئارموشی لێی دەئاڵێم لەنێو کەپەنێکی شوانان دەمێنینەوە گەرم دادێین تا دەست لەملان بەسپێتی بمێنیەوە، خۆ هەر بەهار و هاوین بەشی من و پەریێ ناکا من دەمەوێ شەختە ئاسا بمانبەستێ ساڵانە بالە بەفری گەورەترمان بەسەردا ببارن کچێ پەریێ دەلال وەرە بمگەڕێنەوە ئەوێ چیم داوە لەگەرمێنێ شەرت بێ ئەوجارە بێمەوە مەشکێت لەگەڵ ڕادەژەنم شیر و ماست و پەنیر و نویشک و شیرێژێت بۆ لەبەر ئاوێ تەزی دەنێم ئەرێ پەری دەڵێی چاوەکانم ڕەشکەیان ون کردوە هەر سپی دەبینم بەفر شیر تۆش لەهەموی سپیتر وای کە گولستانێکی پڕ گوڵبۆیان لێ داخستم زۆزانەکەم مەزارگا و دەریاچەی مامە شێخ، دالامپەر بەفرت هەمووی ببێتە گڕ بۆت دێمەوە بەهەشتەکەم من دەروێش و تەریقەداری ئەوێم لەوێ خۆشخوێنی و ئاوازو شمشاڵ و نەغمەی بولبلانی ئەوێم لا جیاوازەو ستران و لاوکی تازەتر هەر لەوێ دەبیستم.



# ئاسنامەی (پشدەری) بۆ؟

کە ساڵی ١٩٥٦ قوتابخانەی سەرەتاییم تەواو کرد، بۆ خوێندنی ناوەندی و دواتریش، چوومە سلێمانی چونکە ساڵێک پێشتری ناوەندی قەڵادزێ بەهۆی هەندێ ئاڵۆزی خۆپیشاندان و چەند هۆیەکی دیکەوە، لابرا و نەما و دایانخست.

هەرکە لە سلێمانیش جێگیر بووم ئیدی کەش و هەوا و کلتورێکی تازە و دنیایەکی ئازاد و ڕۆشنبیر و گەش و هەرواترم بۆ ڕەخسا، بەتایبەتیش کە هەر لەڕێی چەند ئاواڵ و ناسیاوێکی نزیکی خۆمەوە بە کتێبخانەی گشتی سلێمانی (کە تا مردن پێیان قەرزدارم) ئاشنا بووم. ئیدی هەروەک حەزێکی خۆشم ملم نایە بەر خوێندنەوەی کتێبان، بەوجۆرە تا لە پۆلی سێی ناوەندی دەرچووم، لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی مانەوەم لەشار هەستم بەخۆم دەکرد، وەک چۆن هەرەزەکاریکی زیتەڵە و خورت و بزۆزم شتێکیش لە ناخمدا هەراسانی کرد بووم و ختوکەی هەناوی دەدام و تا دەربڕین و نووسینی لەلا کردمە چارەنووسی ڕۆژانی تەواوی تەمەنی بەرودوام...


ئاسنامەی (پشدەری) بۆ ؟
٢٠٢١/١٠/١٣ هەولێر
کە ساڵی ١٩٥٦ قوتابخانەی سەرەتاییم تەواوکرد بۆ خوێندنی
ناوەندی و دواتریش، چوومە سلێمانی چونکە ساڵێک پێشتری
ناوەندی قەڵادزێ بەهۆی هەندێ ئاڵۆزی خۆپیشاندان و
چەند هۆیەکی دیکەوە، لابرا و نەما و دایانخست.
هەرکە لە سلێمانیش جێگیر بووم ئیدی کەش و هەواو کلتورێکی
تازە و دنیایەکی ئازاد و ڕۆشنبیر و گەش و هەرواترم بۆ ڕەخسا
بەتایبەتیش کە هەر لەڕێی چەند ئاواڵ و ناسیاوێکی نزیکی خۆمەوە
بە کتێبخانەی گشتی سلێمانی (کە تا مردن پێیان قەرزدارم) ئاشنا
بووم، ئیدی هەروەک حەزێکی خۆشم ملم نایە بەر خوێندنەوەی
کتێبان، بەوجۆرە تا لە پۆلی سێی ناوەندی دەرچووم، لە ماوەی
ئەو سێ ساڵەی مانەوەم لەشار هەستم بەخۆم دەکرد، وەک
چۆن هەرەزەکاریکی زیتەڵە و خورت و بزۆزم شتێکیش لە ناخمدا
هەراسانی کرد بووم و ختوکەی هەناوی دەدام و تا دەربڕین و
نووسینی لەلا کردمە چارەنووسی ڕۆژانی تەواوی تەمەنی بەرودوام...
چوومە خانەی مامۆستایان، ڕێکەوت وابوو سێ لەقوتابیان بەمنەوە
ناویان غەریب محەممەد ئەمین بوو، هەر نامەو نووسین و ڕاسپاردەیە بوایە
دەبوو بەهەرسێک غەریبەکاندا تێپەڕیبایە تا بەخاوەن دەبوو. منیش کە
تازە لەڕۆژنامەی (ژین) کە ئەودەم هەر پێنجشەممان دەردەچوو پەخشانم
دەنووسی پێم خۆشبوو خۆم لە غەریبەکانی دی جیاواز خۆم بە خوێنەرانم
ئاشنابکەم و پیشانیشی بدەم کە من لە پشدەرێوە هاتووم و خۆشەویستی خۆشم
بۆ ئەو دەڤەرە بسەلمێنم کە تا ئێستاش لەگەڵ مان و بوونمدا تێکەڵاوە. هەربۆیە
ڕۆژێکیان دوو غەریبەکەی دیکەشم بانگکردن و پێم ڕاگەیاندن کە هەریەکە و
پاش ناوێک بۆ ناسینەوە بۆخۆی دیاری بکا تا لەو گیروگرفتانە و زۆر بابەتی
کۆمەڵایەتی و شتی تریش لە یەکتر جیا بکرێنەوە، ئەوە بوو من بەهۆی نووسینەکانمەوە
(پشدەری) م کردە شوناسی ناسینەوەی غەریب و غەریبایەتییەکەم و ئەوانی
دیش هەریەکەیان ناوی باپیریان خستە سەر ناوی خۆیان و باوکیان و لووتە ناوی سییانی،
غەریب پشدەری

چوومە خانەی مامۆستایان، ڕێکەوت وابوو سێ لە قوتابیان بەمنەوە غەریب محەممەد ئەمین بوو، هەر نامە و نووسین و ڕاسپاردەیە بوایە دەبوو بەهەرسێک غەریبەکاندا تێپەڕیبایە تا بەخاوەن دەبوو. منیش کە تازە لەڕۆژنامەی (ژین) کە ئەودەم هەر پێنجشەممان دەردەچوو پەخشانم دەنووسی، پێم خۆش بوو خۆم لە غەریبەکانی دی جیاواز خۆم بە خوێنەرانم ئاشنا بکەم و پیشانیشی بدەم کە من لە پشدەرێوە هاتووم و خۆشەویستی خۆشم بۆ ئەو دەڤەرە بسەلمێنم کە تا ئێستاش لەگەڵ مان و بوونمدا تێکەڵاوە. هەربۆیە ڕۆژێکیان دوو غەریبەکەی دیکەشم بانگکردن و پێم ڕاگەیاندن کە هەریەکە و پاش ناوێک بۆ ناسینەوە بۆخۆی دیاری بکا تا لەو گیروگرفتانە و زۆر بابەتی کۆمەڵایەتی و شتی تریش لە یەکتر جیا بکرێنەوە، ئەوە بوو من بەهۆی نووسینەکانمەوە (پشدەری) م کردە شوناسی ناسینەوەی غەریب و غەریبایەتییەکەم و ئەوانی دیش هەریەکەیان ناوی باپیریان خستە سەرناوی


**غەریب پشدەری**

# باخچەی دیوان

- **سالۆنی لاپەڕە (٩)**
- **ئەردەلان بەکر (ئەردۆ) لە یادەوەری ئازیزانیدا**

ئا: ڕەوەست نەوزاد

# سالۆنی لاپەڕە (٩١)








**١- کۆڕی ناساندن و بڵاوکردنەوەی کتێبی (خێوەتی خارا) لەنووسینی ڕەهبەر سەید برایم ٢٠٢١/٩/٢٥**







**٢- کۆڕی ناساندنی کتێبی (شادارستان)ی ئاڤا و بڵند، لە نووسینی ڕەهبەر سەید برایم ٢٠٢١/١٠/٦.**



# ئەردەلان بەکر (ئەردۆ)
# لە یادەوەری ئازیزانیدا

**ئا/ ڕەوەست نەوزاد**

دوای نیوەڕۆی ٢٠٢١/١٠/٧ ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان (کەرنەڤاڵی خۆشەویستی بۆ هونەرمەندی جوانەمەرگ ئەردەلان بەکرەکەی هەولێریان) لەسەر مەزارەکەی لەگۆرستانی شێخ ئەحمەد لەشاری هەولێر سازکرد.

دوای ساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی هونەرمەند ئەردەلان بەکر دەرباز کۆسرەت ڕەسول لە پەیڤێکیدا دوانزەمین ساڵیادی کۆچی دوایی ئەو هونەرمەندەی بەرز ڕاگرت و وەک هاوڕێ و خۆشەویستی هەموو هەولێریەکانی ناساند و باسی لەسەرەتای ناسینی ئەردەلان بەکر کرد و گوتی: کاک ئەردەلانی پێشمەرگە و کوردپەروەر و هونەرمەند، سەرەتای ناسینیم بۆ کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ لە سوێد دەگەڕێتەوە، بەڕاستی لەیەکەم ساتەوە کە جیاوازی تەمەنیشمان هەبوو، بەڵام وەکو هاورێیەک تەماشای کردین و خۆشەویستییەک دروستبوو تا ئەو ڕۆژەی کۆچیشی کرد ئەو برایەتی و خۆشەویستییە لەنێوانماندا هەر بەردەوام بوو.

گوتیشی: کاک ئەردەلان لەخانەوادەیەکی کوردپەروەر و تێکۆشەری هەولێر لە گەڕەکی خانەقاوە چاوی بەدونیا هەڵهێنا و هەر لەو گەڕەکەش هەستی کوردایەتی و مەردایەتی و هەستی هەولێریانەی جوولا، کە ئەوەش بووە هۆی ئەوەی هەر لەهەرەتی لاوێتیدا چەکی شەرەف لەشان بکات و شانبەشانی برا پێشمەرگەکانی لەشاخەکانی کوردستان تێکۆشێ بۆ بەدیهێنانی مافی ڕەوای گەلەکەمان، لەدوای ڕاپەڕینیشەوە کە بەرەو هەندەران کۆچی کرد لەوێش هەر بەردەوام بوو.

دەرباز کۆسرەت ڕاشیگەیاند: کاک ئەردەلان بەڕاستی ببووە پەناگەیەک بۆ هەموو کوردەکان پیاوێکی کوردپەروەر و تێکۆشەر لەهەموو بۆنە و مەراسیمەکاندا ئامادەیی هەبوو، قسەی خۆی هەبوو کوردانە بیری دەکردەوە، هەر کوردێک، یان هەولێریەکیش کە تازە دەهاتە سوێد ماڵی کاک ئەردەلان یەکەم شوێنی بوو، لەوێوە ئاشنای غەریبی و هەندەران دەبوو، کاک ئەردەلان بەردەوام دەرگای ماڵەکەی کراوە بوو وەکوو بارەگا وابوو بۆ هەموو هەولێرییەکان و هاوڕێ و دۆستەکانی.

گوتیشی: کۆچت کۆچێکی








ناواده بوو، بەڵام دڵنیام ناو و ناوبانگەکەت بۆ هەموومان شانازیەکی گەورەیە.

هەژار سدیق لە پارچە پەخشانێکیدا گوتی: دوای تۆ دوای ئەم کۆچە پڕ لەئازارەت نە سەدای تۆو، نە دەنگی بولبول، شتێک نەما زامی کۆنەمان ساڕێژ بکات.

هەر لەمەراسیمەکەشدا (سەرکەوت ڕەسوڵ) ی شاعیری گوتی: دیارە یادکردنەوەی ئەردەڵان بەکر بۆ من مایەی ئازارێکی قووڵە، ئەو هونەرمەندانەی وەفایان هەیە، ئەوانەی ئێستا لەترۆپکی ناوبانگیدان، دەبێت ئەو شەوگارەیان بەبیر بێت کە ئەردەڵان بەکر لە کەشوهەوایەکی ساردی پانزە پلە ژێر سفر چوو لەسنووری فینلەندا ئەوانی ڕزگارکرد؟ بەڕاستی ئەو هەڵوێستەی ئەردەڵان بەکر دەبێت لەزێڕ بگیرێت.

حاڵی هونەر منی خستە گێژاوی
سەد بێنە و بەردە

زانیم ئەوەی بێ بەخت بێت
لەخۆشی ژین هونەرمەندە

لەئەتلەسی هەموو دونیا بینیم
تابلۆی ئەهلی هونەر

بێ بەخت تر هونەرمەندم
بینیەوە زانیم کوردە.

سەرکەوت ڕەسول شیعرێکیشی بۆ گیانی پاکی ئەردەڵان بەکر خوێندەوە:

بەخۆم و ئازاری غەریبی
هاتووم

ئارەقەی ماندوێتیم
بەدەستڕۆکەی خەمی دایکم
بسترمەوە

بەخۆ و هەگبەی پڕ برین
هاتوومەوە

تا سەرچۆپی نوێژی ماڵئاوایی
بگرم

هاتوومەوە حەجێک لەقەڵاکەت
بکەم

دوا نیگاشم لەهەمبەر منارەی
دڵم هەڵوەرێنم

زۆر دەترسم لەو بازاڕە بێ
حەیایەی ونبوونەدا نەمناسنەوە

زۆر دەترسم دوا فرسەت بێ
و نەیەڵم بەرامبەر هونەر چاو
هەڵهێنم

تۆنی دەنگم با پەخش بێت
لەکوچەکانی ئەو شارە

کە هەر بستێک شوێنی هەزاران
یادگارە

دونیا وەفای نیە وەها دیارە ئەو
رۆژگارە

دونیای سەرمایەداریە وەک
ئەوسایەو وەها دیارە

بخوێنە بولبول بخوێنە ئێستا
دڵم پڕ لەخوێنە

دوا دیدارە و من رۆیشتم لەجێی
من تۆ دەنگ هەڵێنە

بڵێ باکی بەهیچ نەبوو خەمی
خەڵک و شاری نەبێ

بڵێ هیچی بەجێ نەهێشت
هونەر و یادگاری نەبێ

بخوێنە بولبول بخوێنە ئێستا
دڵم پڕ لەخوێنە

بڵێ ئەوەی باکی هەبێ
لەقەبرستانی هونەردا
پەیکەرێکی پڕ لەهەڵوێستە

دڵی پڕ نوری بەڵێنە

بخوێنە بولبول بخوێنە

(نازم دڵبەند)یش بۆ شادکردنی گیانی جوانەمەرگ ئەردەڵان بەکر لە پەیڤێکی پەخشان ئامێزدا گوتی: ئەگەر گوزەر





بەکۆڵانەکانی گەڕەکی خانەقادا بکەی و لای کۆڵانی بەلوعە هەڵوەستەیەک بکەی، ئەوا بێشک سیمای جوانی گەنجێکی کەشخەی دەنگ خۆشی وەک (ئەردەڵان بەکر)ت دەکەوێتە بەرچاو، ئەگەر سەرێک بکێشیت بەچایخانەکەی ئەتڵەس لای سینەمای حەمرا لەپەنایەکەوە (ئەردەڵان)ە لەگەڵ کوتۆ وایەرمەن و کەمال ئەتڵەس دانیشتوە و باسی ئەوێ ڕۆژێی کوردایەتی و هونەری کوردایەتی دەکەن، ئەگەر لەهەر کۆڵان و مەجلیسێکی هەڵدانی مەقام و بەستەی هەولێریانە بووی ئەوا موحەقەق بێ دەنگە پڕ لەجورئەتەکەی (ئەردەڵان بەکر)ە دەچریکێنێ، ئەگەر گەنجێکی تازە هەڵچووی کورتەک و شەڕواڵ لەبەر و پشدێن و تاخم فیشەک دان و تفەنگ بەشانت لەو شاخ و دۆڵی سمقولی و خۆشناوەتی بینی ئەوەش هەر ئەردەڵان بەکرە، ئەمانە هەمووی ئەردەڵان بوون کە نەعرەتەی ڕاپەڕینیش لێیدا هەر ئەو بوو لەپاڵ تفەنگ بەشانە جوانەکانەوە چڵە نێرگزی سەرفرازی ئەو گەلەی دەبەخشیەوە، لەڕۆژگاری ئازادیشدا ئەردەڵان بوو بەسیمبولی گۆرانی کوردی و لەدوایین قۆناغی تایەر تۆفیق و ڕەسوڵ گەردی و فوئاد ئەحمەد و حەمە جەزا و کەریم کابان و قادر کابان و قادر زیرەک ئەوبوو گۆرانییەکانی بوو بەوێردی سەر زوبانی هەزاران گەنج کە تائێستاش لایان موقەدەساتێکی گەورەیە و لێی دانابڕێن، کە چووە هەندەرانیش هەر بەگەورەیی مایەوە و لەسەر شانۆکانی جیهاندا بەم دەنگەیەوە پێناسەی مێژووی هونەری کوردی دەکرد، لەدوا سەفەریشی بۆ ئەم کۆنە هەولێرە کە پێکەوە بووین گوتی شیعرێکم بۆ بنوسە ، بەڵام بۆنی گریانی لێوەبێت ، چونکە من دەزانم بۆنی گریان لەغوربەتا چەند خۆشە، ئەسەف مەرگ مەودای نەدا ئەم شیعرە بچڕێ و بوو بەملوانکەیەکی فرمێسکاوی و لەشەوی گەڕانەوەی بۆ ئەم شارە بەهێواشی لەگەردەنی کرد هەر ئەوەش بوو ئەسەف جارێکی دی یەکتریمان نەبینیەوە دیسانەوە ئەو گەڕایەوە وڵاتی غوربەت و مەرگ بردی.

دواتر جەلال شاکری هونەرمەند بەسازەکەی پارچە موزیکێکی لەگۆرانیەکەی (دێمەوە دێمەوە) ی هونەرمەند ئەردەڵان بەکر ژەنی.

سۆزان بەکر خوشکی هونەرمەندی کۆچکرد و ئەردەڵان بەکر لە وتەیکی سوپاس گوزاریدا بۆ ڕێکخستنی ئەو یادە گوتی: بەخێربێن بۆ ساڵیادی ماڵئاوایی برای جوانەمەرگمان ئەردەڵان بەکر (ئەردۆ) بەڕوح برای ئێمەیە، بەڵام هەموو شایەدی دەدەن کە موڵکی هەولێر و خەڵکی کوردستان و موڵکی گۆرانی ڕەسەنی کوردیە، موڵکی ئاشقانی وڵات و نیشتمان و نەتەوە بوو ئەمانەش وایان کردووە جوانەمەرگ هەمیشە بەگۆرانییەکانی زیندوو بێت لەنێو ڕوحی ژیانی ڕەسەنی کوردەواری و هەولێرییە خۆشەویستەکان.

گوتیشی: بیرمە تەنها تەمەنی سیانزە ساڵان بوو لە ڕێپێوانێکی بەعسییەکاندا لەسەردەمی ڕژێمی لەناوچوو لەبەردەم چەند ڕەفیق حزبییەک وێنەی سەدامی دیکتاتۆری دڕاند لەوێدا ئەمنێک زۆر بەخراپی ئازاری ئەردەڵان دەدات و هەموو گیانی شەکەت دەکات، ئەو شەوە تا بەیانی لەبەر ئازاری جەستەی نەخەوت، ئەمە وەک دەسپێکی ژیانی سیاسی ئەردەڵان بوو دواتریش هەر لەسەر بیرۆکەی کوردایەتی و نەبەردی بەردەوام بوو تا لەتەمەنێکی زۆر بچووک ویستی ببێت بەپێشمەرگە، بەڵام لەبەر بچووکی تەمەنی لەڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەرنەگیرا، دواتر لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا بوو بەپێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەتیپی 86ی بەڕانەتی.

لە کۆتاییشدا تاجەگوڵینەی کۆسرەت ڕەسول لەسەر گڵکۆی ئەردەڵان بەکری جوانەمەرگ دانرا.



# کوشتنی ئینتیما

زۆرجار هەندێ دروشم و بانگەشە دەبنە هۆی دروستکردنی جۆرێک لەباوەڕپێکردن، بەڵام لای بەشێکی زۆری هاووڵاتیانیش بەو شێوەیە نییە ببێتە هۆی ڕەواندنەوەی ئەو گومانەی بەردەوام لە گەڵیدا دەژین.

تۆ واز لەو ڕێژە بچووک و کەمە بێنە کە هەر لەسروشتدا خاوەنی ئەو باوەڕ و ئیرادەیەن، واز لەو کەسە درۆزنانەش بێنن کە بەدرۆی دروشمبازانە و سۆزی نیشتمان پەروەرییەکی لەجەوهەردا خاڵی دەیانەوێ بڵێن ئێمەش ئەو ئیرادە و باوەڕەمان هەیە، چونکە هەردوو حاڵەتەکە لەڕۆژە سەخت و ناسکەکاندا بەدیار دەکەون، ئەو دەمەش سوودێکی ئەوتۆی نابێ.

هەروەک ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام لە کتێبی (الاخلاق و السیاسە)دا دەڵێ:

(ئەوانە لە دوّل کوتین و زورنا لێدان و دروشمی بریقەداردا شارەزایی باشیان هەیە و ئاسمانت بۆ دەهەژێنن و بەسەروماڵ خۆیان بە قوربانی فەرمانڕەوا دەکەن، دوایش لە کاتە ناسک و پێویستەکاندا وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن و تێیدەتەقێنن).

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەهۆی ئەوەی کورد بە درێژایی مێژوو خاوەنی سیاسەتێکی بێخەوش نەبووە، بۆیە نەتوانراوە میللەتێکی بێخەوشیش بەرهەم بهێنرێ. میللەت هەمیشە بەچاوی گومانەوە لەهەر هەڵوێست و جوولەیەکی سەرکردەکانی دەڕوانێ، بەئاسانی ناتوانێ باوەڕ بەوەبکات کە ڕوودەدات، چونکە لەڕابردوودا هەڵوێست و حاڵەتی وای نەبینیوە.

پێویستە لەم گۆشە نیگایەوە لەم مەسەلەیە بڕوانرێ، بەر لەوەی پەنا ببرێتە بەر تێگەیشتنی وەهمی و دوور لە لۆژیک، یان لانی کەم هەوڵبدەن حاڵەتەکان لەیەکتری جیا بکەنەوە.

بۆ ئەوەی بە ئەنجامێکی باش بگەن، پێویستە بەهەر شێوەیەک بێت ئینتیما و ئیرادە و متمانەی ڕاستەقینە بگەڕێنرێتەوە، چونکە سەرەنجام هەر ئەو ئینتیما و ئیرادە و متمانەیە پارێزگاری لەو دەستکەوتانە دەکات کە بەدی دەهێنرێن، یان بەدی هێنراون، ناشکرێ ئەوە لەسەر وەهمێکی وەهمی بونیاد بنرێ و لەکاتی ڕووداوە ناخوازراوەکاندا کەس نەبێ بە برای ئەوی دی. لێرەوەیە مرۆڤ ناتوانێ باوەڕ بەوە بکات کە خەریکە ڕوودەدات، چونکە ئەگەر واقیعێکیش لەئارادا بێ، ئەوە لە لایەکی دیکەوە تێگەیشتنێکی دیکەی ئێمە هەیە بۆ ئەو واقیعە، ئەویش لاوازی ئینتیما و ئیرادە و باوەڕە، لەکاتێکدا لەم سەردەمە نوێیەدا ئەمریکا هەرگیز ئامادە نییە پشتیوانی لەوەها نەتەوەیەک، یان گرووپێک بکات، ئەگەر خاوەنی ئیرادەیەکی بەرگری بەهێز نەبێت، وەک ئەوەی لە خۆراوای کوردستان بینیمان. من کە ئەو ئیرادەیە نابینم چۆن بتوانم باوەڕ بەوە بکەم کە ڕوودەدات.

ئەوکاتەی ڕووداوەکەی ١١–ی سپتێمبەر لە ئەمریکا ڕوویدا، هاووڵاتیانی ئەم وڵاتە بە هەموو ڕەگەز و چین و توێژێکییەوە، ئاڵای ئەمریکایان لەسەر باڵەخانە و ماڵەکانیان هەڵدا، ئەوانەشی کە لەوپەڕی بێزاریدا بوون و دەیانویست بە یەکجاری وڵاتەکەیان بە جێبێڵن، بڕیاری مانەوە و بەرگریکردنیان دا و جارێکی دیکە ئینتمیا و باوەڕیان بۆ نیشتمانەکەیان تازە کردەوە).

بەڵام لێرە لە دۆخێکی ئەوهادا هاووڵاتیان زیاتر بیر لە کۆچ و بەجێهێشتنی وڵات دەکەنەوە، ڕێک لەم کاتەدا کە کورد ڕیفراندۆم دەکات ژمارەیەک هاووڵاتی کورد لە دەریای ئیجەدا دەخنکێن. کێ دەتوانێ لەناخی هەموو ئەوانەش تێبگات کە بەم بۆنەیەوە شەوانە هەڵدەپەڕین؟ باوەڕتان بێ لایەکی بیریان هەمیشە بەلای ئەوەوە بووە، چۆن بتوانن لە دەرفەتێکدا ئەو خاکەی هێندە لەسەری هەڵپەریوون بەجێی بێڵن.

## لاپەڕە ١٤٤



سمکۆ عەبدولکەریم